# دیوانی وەفایی

## میرزا عەبدوڕڕەحیمی وەفایی سابڵاغی

کرد و کۆ و بەراوردکاری

سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی ((بڕڕەك))

## ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی:

## د. عوسمان دەشتی

٢٧١١ کوردی

٢٠١١ زایینی

- ناوی کتێب: دیوانی وەفایی
- ئامادەکردنی: د. عوسمان دەشتی
- بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (   )
- پیتچنین: عبدالحمید عزیز و ظاهر عمر
- نەخشەسازی:
- بەرگ:
- تیراژ:
- چاپخانە:
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی ٢٠١١()ی پێدراوە

# سەرەتا

دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی، لە سۆنگەی هەل و مەرجی سیاسی و مێژوویی گەلی کورد لەبار و دۆخێکی باشدا نەبووە و نییە. تا ئێستاشی لەگەڵدابێ دیوانی شیعر و شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەتەواوی و بە دروستی چاپ و بڵاو نەکراونەوە. ئەوانەش کە بڵاو کراونەتەوە، یا بە تەواوی و بەڕاستی ساغ نەکراونەتەوە، یا بە شێوەیەکی ورد و زانستی توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە، بە کورتی کەم وا هەیە دیوانی شاعیرێکی کۆن و کلاسیکی کوردیمان لەبەردەستدابێ کە لە هەڵە و پەڵە و کەم و کورتی بە دوور بێ. ئەنجا با بزانین هۆکارە بابەتییەکانی ئەم حاڵەتە لەچیدایە:

١- کەم وا هەیە زانا و ئەدیب و شاعیرانی کورد، ژیاننامە و شیعر و بەرهەمی خۆیان لە ڕۆژگاری خۆیاندا بە شێوەیەکی ڕێك و ڕەوان بە دەستوخەتی خۆیان نووسیبێتەوە و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێ هێشتبێ. یا ئەوەتا لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خۆیاندا کەسێك ئەم کارەی ئەنجام دابێ، خۆ دەشێ کارێکی لەو بابەتەش لە کاتی خۆیدا ئەنجام درابێ و کرابێ، کە ئەمەیان بە لای منەوە ئەگەرێکی لاوازە، ئەوا ئەم کارانە لە ناوچوون و فەوتاون، ئەمڕۆ شتێکی لەم جۆرە لەبەردەستی ئێمەدا نییە، تا لە کاتی ساغکردنەوەی ژیان و بەسەرهاتی هەر کام لەمانە و کۆکردنەوەی شیعر و دیوان و بەرهەمەکانیان وەکو چاوگ و سەرچاوەی بنەڕەتی بۆی بگەڕێینەوە.

٢- کەم وا هەبووە نووسەر و یاداشت نووسێك، یا شاگرد و فوتابییەکی زرنگ و وریای زانا و دانا و شاعیرێکی کورد، چاکی مەردایەتی لێ هەڵکردبێ و دەستوبردی لێ کردبێ، هەر لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا کە مامۆستاکەی تێدا ژیاوە، یا لە ڕۆژگارێکی نزیك لەو سەردەمەدا ژیان و سەربوردەی مامۆستاکەی خۆی بەوردی تۆمار کردبێ، تا ببن بە سەرچاوەی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینە بۆ ژیان و بەرهەمی هەر یەکێك لەوانە.

٣- هەروەها ئەو بارودۆخە سیاسی و مێژووییەی گەلی کورد کە لە ڕابردوودا پێیدا تێپەڕیوە، دەرفەتێکی وەهای بۆ نەهێشتووینەتەوە کە لە زەمان و زەمینی خۆیدا بپرژێینە سەر کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و تۆمارکردنی بەرهەم و داهێنانی ئەو زانا و دانا و شاعیر و ئەدیبانەمان، ئەنجا پاراستنیان لە کتێبخانە و ئەرشیفخانەی تایبەتیدا یان چاپوبڵاوکردنەوەیان لە کاتی خۆیدا، تا لەبەردەستی خوێندەواران و ڕۆڵەکانی میللەتدا بێ. یا لانی کەم تا لە فەوتان و لەناوچوون و بەڵای ناگەهانی ڕۆژگاردا بە دوور بێ. دیارە ئەم کارانە یا هەر نەکراون یا زۆر وەدوا کەوتوون، لە گەل دوا کەوتنیشیاندا چەندین کۆسپ و تەگەرە و ئاڵۆزی لەبەردەمیاندا قوت بوونەتەوە.

ئەمڕۆ لەکاتی ساغکردنەوەی ژیان و بەسەرهاتی هەر شاعیرێکی کلاسیکی کورد، بەوردیش لە مەسەلەی دەست نیشان کردنی ساڵنامەی بوون و پێگەیشتن و کۆچ کردنی، ڕووبەڕووی ئارێشە و ئاڵۆزی زۆر دەبینەوە؛ ئایا کەی و لە چ ساڵێکدا هاتۆتە دنیاوە؟، چۆن پەروەردە بووە و پێگەیشتووە؟، لە کوێی خوێندووە و لە کام مەدرەسە و مزگەوت و فوتابخانە دەرچووە؟ کام زانا و مامۆستای کورد دەرسی

داداوە، کەی مردووە؟ چۆن و لە کوێ نێژراوە؟ ئایا شیعر و بەرهەم و دانراوەکانی بە تەواوی نووسراونەتەوە و کۆکراونەتەوە؟ ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئێمە و ئەوانی دیکەدا هەن یاخود نا؟ هەروەها چەندین و چەندین پرسیاری دیکە. لە ناو ئەمانەدا (وەفایی) شاعیر و مەلا و سۆفی و زانای ناوچەی موکریان، لەم باس و یاسا و ڕێسایە بەدەرنییە، مێژووی لە دایك بوون و مردنی دیار نییە! شیعر و بەرهەم و دیوان و داهێنانی بەتەواوی و بە دروستی ساغ نەبۆتەوە.

### سەرچاوەکانی دیوانی وەفایی

وەفایی شاعیری هەڵکەتوو و خۆشخوانی سابڵاغ و ناوچەی موکریان، هەر لە سەردەمی ژیانی خۆی و لەدوای کۆچ کردنیشیدا شیعرە تەڕ و پاراوەکانی سنووری ئەو ناوچەیەی تێپەڕاندووە کە لێی ژیاوە و پەروەردە بووە و بە ناوچەکانی ئەردەلان و بابان و سۆران دا بڵاو بوونەتەوە. لەناو چینی خوێندەواری حوجرە و مەدرەسە و مزگەوتەکاندا هەروەها لەناو کۆمەڵی سۆفی و مورید و مەنسوبی تەریقەتەکانی کوردستان، غەزەل و قەسیدە و شیعرە بەسۆزەکانی بە ئاهەنگ و ئاوازی سۆفییانەوە لە زۆربەی مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەخوێندرانەوە. ئەنجا زۆرێك لە فەقێ و مەلا و خوێندەوارانی کورد، بەتایبەتیش لە دەڤەری موکریان، شیعر و هۆنراوەکانی وەفاییان لە کەشکۆڵ و بەیاز و دەفتەر و دەستنووسەکانیاندا تۆمار کردووە. هەر لە ناوچەی موکریاندا تاکو ئێستاش گەلێ شیعر و بەرهەم و دیوانی دەستنووسی وەفایی لەلای نەوەکانی بنەماڵەی سۆفی و ئایینی و خوێندەوارەکانی ئەو ناوچەیە ماون و پارێزراون.

خۆشبەختانە ئەمەیان بە قازانجی ڕاستکردنەوە و سوورکردنەوەی شیعر و بەرهەمی وەفاییە، بەڵام لە ڕوونکردنەوەی ساڵنامە و سەربردەی ژیانیدا سوودێکی کەمتری دەبێت.



عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی –(ع. بێژەن)

#### أ- نوسخە چاپییەکانی دیوانی وەفایی

بارودوخەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژگارێکی زوودا یارمەتیدەر نەبووە بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەی شیعر و بەرهەمەکانی وەفایی لە دیوانێکدا، لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا هەوڵێکی دڵسۆزانە لە ئارادا هەبووە بۆ لەچاپدانی شیعر و هۆنراوەکانی، ئەمە لەو ڕاگەیەندراوەدا بەدیار دەکەوێت کە (ع. بێژەن) لە گۆڤاری (نیشتمان)دا بڵاوی کردۆتەوە. ناوبراو تیایدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە نیازی وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا دیوانی وەفایی لە چاپخانەی (ژ. ك)دا چاپ و بڵاو بکاتەوە[١]

---

[١] گۆڤاری نیشتمان، ژ (١)، ساڵی یەکەم، پوشپەڕی ١٩٤٣: ل ١٤.

- (ع. بێژەن) نازناوی (عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی – مامۆستا عولەما/ ١٩٢٠ – ١٩٨٠؟)یە. ئەندامی ژمارە یەکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ك) و سەرپەرشت و دەرهێنەری گۆڤاری (نیشتمان) بووە، کە ئۆرگان و زمانحاڵی ڕێکخراوەکە بووە. لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە: "لە ساڵی ١٣٥٥ هـ (١٩٣٦ ز) کە چووبوومە موکریان کۆمەڵە شیعرێکی

١- ئەو دەستپێشخەرییە بۆ بەچاپ گەیاندنی دیوانی وەفایی بۆ ماملۆستا گیوی موکریانی (١٩٠٣ — ١٩٧٧) مایەوە. موکریانی لە ساڵی (١٩٥١ز) لەسەر ئەرکی چاپخانەی کوردستان لە هەولێر بۆ یەکەم جار دیوانی وەفایی لە (١٣٠) لاپەڕەی قەوارەی مام ناوەنجی بەچاپ گەیاندووە. ئەم چاپە لە سەرەتایێك و کورتەیەکی ژیان و بەسەرهاتی وەفایی و کۆی (٨٧) پارچە و غەزەل و قەسیدەی کوردی پێکهاتووە، لەگەڵ نموونەیەك لە شیعرە فارسییەکانی لە کەمتر لە یەك لاپەڕەدا. لەناوشیعرە کوردییەکاندا پارچەیەکی (کوردی) و یەکێکی (نالی) هەیە پەڕیونەتە نێو دیوانەکەوە. شیعرەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵە و ناتەواوی و تێکەڵ و پێکەڵی زۆریان تێدایە، بەگوێرەی دەنگە سەروا و بەپێی پیتەکانی ئەلفوبێی عەرەبی ڕیزبەندی کراون، لە کۆتایی دیوانەکەدا لیستەیەکی سەرناوی بەستە و گۆرانی و بەیتە کوردییەکانی ناوچەی موکریان لەچوار لاپەڕەدا تۆمار کراون. قەوارەی پەڕەکانی دیوانەکە (١٣،٥ × ٢٠ سنتم)یەو لەسەر کاغەزی بۆری زەردباو چاپکراوە و هەر لاپەڕەیەکی (١٠) دێرە شیعری تیادا جێ کراوەتەوە. ئەم چاپە لەگەڵ کەم و کورتی و ئیمکاناتی کەم و دەگمەنی چاپخانە و چاپەمەنی کوردی و هەڵە و پەڵەی شیعرەکان و ناتەواوی دیوانەکەش، بەپێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە، بە کارێکی گرینگ و دەستکەوتێکی گەورە دەژمێردرێت. لانی کەم لەباری کۆکردنەوە و چاپ کردن و بلاو کردنەوەی بەشێك لە بەرهەمە شیعرییەکانی وەفایی و ڕزگارکردنی لە فەوتان و لەناوچوون.




دیوانی وەفایی گیوی موکریانی/ چاپی یەکەم



گیوی موکریانی

---

وەفاییم بەرچاو کەوت، هێندە تەڕ و ئاودار و شیرین و جوان بوون، بڕیارم دا دیوانی ئەم شاعیرە بەناوبانگە کۆ بکەمەوە و کە هەلم بۆ هەڵکەوت لە چاپی بدەم، خوا یارمەتی کرد گەنجینەیەکی باشم لە لای کوردێکی سۆفی، نەك سۆفییێکی کوردا، وە دەس کەوت و ڕێکم خست کە بۆ چاپ حازر بێت، بەڵام گرێ و قۆرتی زەمانە تا ئیمڕۆ نەیهێشتووە ئەم ئارەزووەم پێك بێنم، هیوام وایە بەم زووانە بیدەم بە چاپخانەی (ژ. ك) بۆ چاپکردن. لە هەموو لاوێکی کورد تکا ئەکەم بۆ تەواوکردنی بەسەرهاتی وەفایی لە نووسینی زانیاری خۆیان درێغ نەکەن".

وەکو سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانیش لە سەرنج و تێبینییە پرش‌وبڵاوەکانیدا بە دیاری خستووە، کە ئەو (کوردە سۆفییەی ع. بێژەن مەبەستێتی)، سەید عەبدوڵڵای تەها زادەی ئەیوبییانی مەرکەزی باوکی بووە، کە دیوانی دەستخەتی وەفایی لە لا هەبووە و داویە بە زەبیحی تا وەکو چاپی بکات. بەڵام دیارە کە ئەم نیازەی زەبیحی هەروا بە ناکامی ماوەتەوە و لە کاتی خۆیدا نەهاتۆتە دی، بەبۆچوونی سەید عەبدوڵڵای سەمەدی ئەم سۆفییە کوردەی زەبیحی دیاردی بۆ کردووە دەبێ (سۆفی محەممەدی ڕیحانی) بووبێ کە لەو ساڵەدا نووسخەیەکی دیوانی وەفایی نووسیوەتەوە.

- گۆڤاری نیشتمان، جەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

دوای ئەوە هەر ئەم چاپە بە کەمێك دەستکاری لە تێکستی هەندێك لە هۆنراوەکاندا، هەر لەو چاپخانەیە دوو جاری دیکە لەچاپ دراوەتەوە، کە چاپی سێیەمینی لەساڵی (١٩٧١ز) بووە. ئەنجا ئەو چاپە یەکەمەی دیوانی وەفایی ساڵی ١٩٥١، یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە ئەیوبییان لە بەراورد کردنی شیعرەکان و ساغکردنەوەی ئەم دیوانەدا پشتی پێ بەستووە و لە پەراوێزەکاندا نیشانەی بۆ جیاوازییەکان کردووە[1].


زنجیرەی چاپی پێشووی : ١٠

دیوانی وەفایی

یادگاری
حاجی میرزا عبدالرحیمی وەفایی

لە سەر ئەرکی چاپخانەی کوردستان چاپکراوە

غەزەلێ پارچەیێ ئاوریشمی یە بەو ناسکی یە
بۆ لە بەر کردنێ زانایێ قەدر زانێ دەوێ

چاپی سێیەمین

چاپخانەی کوردستان

هەولێر

٢٥٨٣ ی کوردی (١٩٧١) ی یوونی

دیوانی وەفایی گیوی موکریانی/ چاپی سێیەم

٢- سەید محەمەد ئەمینی میسری (سەیدیان)، بەڕێوەبەری کتێب فرۆشی سەیدیان لە مەهاباد، بۆ جاری دووەم دیوانی وەفایی لە مەهاباد لە ساڵی (١٣٤٤/ ١٩٦٥) چاپ کردۆتەوە. لەم چاپە تازەیەدا لەگەڵ ئەوەی پێشەکییەکی (٦٠) لاپەڕەیی بۆ نووسراوە، زانیارییەکی تازە و بایەخداری ئەوتۆی سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی شاعیر، یا شیعر و بەرهەم و هۆنراوەکانی تێدا نییە. ئەنجا وەکو مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە پێشەکی دیوانی وەفاییەکەی خۆیدا دەستنیشانی کردووە. ئەم چاپەی سەیدیان دووبارە کردنەوە و لەبەرچاپ کردنەوەیەکی دیکەیە بۆ چاپەکەی هەولێر. جیا لەوەش بە خەت و ڕێنووسێکی ئاڵۆز و نیمچە فارسی خراپ چاپکراوە، لەهەندێ شوێن و جێگادا دەستی لە تێکستی شیعرەکانیش وەرداوە، بەو حیسابەی کەوا کەم و کورتی ناتەواویەکانی چاپەکەی هەولێری ڕاست کردۆتەوە!، بەم کارەشی زیانی بە بەرهەمەکە گەیاندووە[1].

---

[1] دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٥١.

- مامۆستا گیوی موکریانی، ناوی عەبدوڕڕەحمان کوڕی سەید لەتیفی کوڕی شێخ ئیسماعیلە و لە بنەماڵەی خەزایی موکریان بووە. لە ساڵی (١٩٠٣ز) لەدایك بووە. تەمەنی مناڵی لە زێدی خۆی بەسەر بردووە. ساڵی (١٩١٣) لە تەك (سەید حوسێن حوزنی موکریانی) برای دەچنە وڵاتی شام و تا ساڵی (١٩٢٥) لە (حەڵەب) نیشتەجێ بوون، هەر لەو ساڵەدا دێن بۆ بەغدا و دواتر لەسەر داوای (سەید تەهای شەمزینی/ ١٨٩٢ – ١٩٣٦) کە ئەوسا قایمقامی ڕواندز بووە، بەخۆیان و چاپخانەکەیانەوە کە لە حەڵەب دایانمەزراندبوو، دەگوێزنەوە بۆ ڕواندز و لەوێ نیشتەجێ دەبن. لە ساڵانی ١٩٢٦ – ١٩٣٢ هاوکاری حوزنی برای بووە لە دەرهێنانی گۆڤاری (زاری کرمانجی) و (هەتاو). لە ساڵی ١٩٣٥ دێتە هەولێر و چاپخانەکەی لێ دادەمەزرێنێت، تاوەکو لە (١٩٧٧/٧/٢٤) و لە تەمەنی (٧٤) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەم جووتە برایە کانگای زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری بوون بۆ گەلی کورد. هەموو ژیان و تەمەنی خۆیان لەڕێگەی خزمەتکردنی ڕۆژنامەوانی و ئەدەب و مێژووی کلتوور و ڕووناکبیری کوردی پێشکەش کردووە. بە هەوڵ و کۆششی ئەوان زیاتر لە (١٥٠) کتێب و گۆڤار و چاپکراوی جۆراوجۆر بە زمانی کوردی لە بوارەکانی زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و مێژوو و ڕۆژنامەوانی لەو ڕۆژگارە ئەستەمانەی ڕابردوودا هاتۆتە بەرهەم، گیوی موکریانی و سەید حوسین حوزنی دایك برا بوون، باوکی حوزنی سەید لەتیفە، بەڵام باوکی گیو ناوی (ئەحمەد)و سەیدیش نەبووە.

- لەیادی گیوی موکریانی دا، ئامادەکردنی: کەریم شارەزا، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٨.

[1] دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

ئەیوبییان لەو سۆنگەیەوە کە درکی بەو ڕاستییە کردووە، لەگەڵ ئەوەی کە (سەید عەبدوڵڵای تەهازادە)ی باوکی وەکو وەفایی ناسێك، یەکێك لەو شایەدحاڵانە بووە کە سەیدیان بۆ سۆراغ کردنی ژیننامەی وەفایی بیر و ڕای وەرگرتووە و پرس و ڕای دەگەڵدا کردووە، بۆیە کەمتر پشتی بەم نوسخە چاپە بەستووە و لە پەراوێزەکانیدا تاك و تەرا نەبێت پەنجەی بۆ ڕانەکیشاوە. ئەم چاپەی سەیدیان لە بەرگێکی ڕەنگی و کاغەزی باش و قەوارەیەکی بچووکی (١٨٤) لاپەڕەیی دایە. پەڕەکانی (١١،٥ × ١٦ سنتم)ین، لە هەر لاپەڕەیەکیدا جێگای (٧) دێرە شیعری لێ کراوەتەوە.



سەید محەمەد ئەمینی میسری (سەیدیان)

هەر ئەم چاپە چەند جاری دیکەش بە هەمان چۆنایەتی، بەڵکو لەباری چاپیەوە خراپتریش، تاکو ئەمڕۆ چەند بارە لەچاپ دراوەتەوە، بەجۆرێك ئێمەئێستا سێ نوسخەی جیاوازی سێ نۆرە چاپی دیوانی سەیدیانمان لەبەر دەستدایە[٢].

٣- دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی[٣]، لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە بەغدا بۆ جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٧٨ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

---

[٢] سەیدیان ناوی سەید محەمەد ئەمینی کوڕی مام یوسفە، لە ئەسڵدا خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەری بۆکان بوون، لە سەرەتادا دەرسی مەلایەتی خوێندوە و لەلای زانای بەنێوبانگی موکریان (مەلا حوسنی مەجدی)ئیجازەی وەرگرتووە، نیشانەی زیرەکی و بلیمەتی لە فەقێیەتییەوە پێوە دیار بووە، سەردەمانێکی زوو دانیشتووی شاری بۆکان و دوکانی (ئەمانەت فرۆشی) هەبووە، هەر لەو کاتەوە خەریکی مامەڵەت و سەودای کتێب و دەسخەتە کۆنەکان بووە، لەپاشان ماڵی دەچێتە مەهاباد و لەساڵەکانی پەنجای زاینیدا بەهاوکاری (سەید ئیسماعیل)ی برای (کتاب فروشی سەیدیان) دەکەنەوە. کە زانیبای کتێبێك لە بازاڕ ڕەواجی دەبێت لەچاپی دەدا. لەم ڕێگەیەوە ژمارەیەکی زۆری کتێبی کوردی لە پاکستان و تاران و تەورێز لەچاپ داون و بە کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە. لە ڕاگرتنی ئەمانەتی زانستی و دەستتێوەردانی شیعر و بەرهەمی نووسەران قسەوباسێکی لەسەر دەکرێ، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەگەر کار و زەحمەتی برایانی سەیدییان نەبوایە، ڕەنگبێ لە ئێران کەم کەس چاوی بە دیوان و شیعر و بەرهەمی مەولەوی و گۆران و پیرەمێرد و ئەحمەدی کۆڕ و مەلا مارف و نالی و وەفایی و چەندانی تر بکەوتایە. دیارە لایەنی خزمەتکردنی بە ئەدەب و زمان و کەلتووری کوردی قورسترە. سەیدیان خۆی خەلیفەی بنەماڵەی (شێخانی زەنبیل) بووە و سەری زۆر لە مەسەلەکانی تایبەت بە عیرفان و زیکر و تەهلیلە و خەون و خەیاڵات دەرچووە، بۆیە بە (خەلیفە سەیدیان)یش ناوبانگی ڕۆیشتبوو. لە ساڵی ١٣٨٠/ ٢٠٠١ خۆی و سەید سمایلی براشی لە ١٣٨١/ ٢٠٠٢ دا لە مەهاباد کۆچی دواییان کردووە.

[٣] **محەمەد عەلی قەرەداغی**

ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی (تەکیە)ی ناوچەی قەرەداغ لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی دەست پێکردووە و ساڵی ١٩٦٩ خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا و لە مەدرەسەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی تەواو کردووە. هەر لە بەغدا بە ناونیشانی وتاربێژ و پێشنوێژ دامەزراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ خوێندنی زانکۆی لە کۆلیجی ئیمام ئەعزەم تەواو کردووە، بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دوچاری ڕاونان و گرتن و زیندان بۆتەوە. لە ساڵی ١٩٧٢ بە دواوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەستی بە نووسین کردووە لە بوارەکانی ئاین و ئەدەب و مێژوودا، ژمارەیەکی زۆر وتاری بە عەرەبی و بە کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەدا بڵاو کردۆتەوە. زیاتر لە (٤٠) دانراوی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەیە کە ناودارترینیان بە کوردی ئەمانەن:

ئەم چاپە دەشێ تا ئەندازەیەکی باش وەکو چاپێکی پوخت و هەوڵێکی زانستی لە چەند لایەنێکەوە سەیر بکرێت. مامۆستا قەرەداغی لە سەرەتادا و لە نزیکەی (٦٠) لاپەڕەدا لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلی لەبارەی ژیان و بەسەرهاتی وەفایی و بەرهەمە شیعرییەکانی خستۆتە ڕوو. ساڵی مردنەکەی بۆ ساغ کردووینەتەوە، ئەگەرچی لە مەسەلەی ساڵی لەدایك بوونی نەگەیوەتە بڕیارێك. باسێکی چاپەکانی پێشووی دیوانی وەفایی کردووە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵی سەنگاندوون بە مەبەستی ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوەی تێکستی



دیوانی وەفایی چاپی قەرەداغی


محەمەد عەلی قەرەداغی

شیعر و غەزەل و قەسیدەکانی وەفایی لە ڕێگەی بەراورد کردن لەنێوان ئەو کەشکۆڵ و دەستخەتانەی کە لەبەر دستیدابوون لەگەڵ نوسخە چاپییەکان دا ڕەنج و زەحمەتی زۆری کێشاوە. ئەنجا هەر لەم چاپەدا بۆ یەکەمجار شیعرە فارسییەکانی وەفایی لە بەشێکی سەربەخۆدا ڕێکخراون و بڵاو کراونەتەوە. مامۆستا شەرح و پەراوێزی بۆ زۆر لە تێکستەکان کردوون، مانا و دەلالەتی بەشێك لەوشە و زاراوەکانی لێکداوەتەوە و جیاوازی لەنێوان شیعرەکان لە نوسخە جیاوازەکانی بەردەستیدا ڕوون کردۆتەوە. نموونەی لە دەستخەت و دەستنووسەکانیش

---

١- اقتران النيرين في مجمع البحرين ٩ بەرگ
٢- بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورد ٩ بەرگ
٣- کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ٧ بەرگ
٤- دیوانی وەفایی
٥- دیوانی ڕەنجووری
٦- دەقنامە
٧- ئەلبوومی کەشکۆڵ
٨- بەرکوڵێك لە خەرمانی شیعری سالم

بە زمانی عەرەبیش

١- شهرزور السليمانية
٢- اربيل في مختلف العصور
٣- هوية كركوك الثقافية والادارية
٤- محمد فيضي الزهاوي
٥- ورود الكرد في حديقة الورود
٦- مقامات البرزنجي.

- بەشداری چەندین کۆڕ و کۆنفرانس و فیستیڤاڵی کردووە لە بەغداو لە کوردستان و دەرەوەدا.
- لە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا ئەندامە و لە ئێستاشدا ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردییە.

لەبەرایی دیوانەکەدا نیشان داوە. چاپەکە لە بەرگ و قەوارەیەکی ستاندارد و شایستەدا لە زیاتر لە (٤٠٠) لاپەڕەدایە. بەشە کوردییەکەی لە (٢١٣) لاپەڕەدایە و (١٣٢) تێکستی شیعری گرتۆتە خۆی کە بەپێی پیتەکانی ئەلفوبێ ڕێکخراون و هەر لاپەڕەیەکی تێکڕا (١٠) دێرە شیعری تیادا هاتووە. بەشی فارسی دیوانەکە لە لاپەڕە (٢١٥) تاوەکو لاپەڕەی (٣٢٠)ی گرتۆتەوە. لە کۆتاییدا پێرستی بۆ نیوەدێری یەکەمی شیعرەکان بەگوێرەی پیتە سەرواکان بۆ هەردوو بەشی کوردی و فارسی دیوانەکە ڕێک خستووە. ئەم کارەی قەرەداغی تاوەکو ئەمڕۆ وەکو چاپێکی موعتەبەری دیوانی وەفایی تەماشا دەکرێت. کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا نەیتوانیوە بەسەر تەواوی تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ بێت، هەم لەبارەی ژیان و پێگەیشتنی وەفایی و هەم لەبارەی ڕاستی و دروستی تەواوی شیعر و تێکستەکاندا. ناوبراو خۆیشی درکی بەم کەم و کورتی و کێشە و گرفتانە کردووە و بەڕاشکاویش لە پێشەکی و پەراوێزی شیعرەکاندا پەنجەی بۆ ڕاکێشاون.



دیوانی وەفایی چاپی
انتشاراتی صلاح الدینی ایوبی

ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو سەرچاوە و دەستنووسی هەمەجۆر و جیاوازی لە بەر دەست دا نەبوون. هەر بۆ نموونە کتێبێکی وەکو (تحفة المریدین)، کە بیرەوەریەکانی وەفاییە سەبارەت بەو سەردەم و ڕۆژگارانەی لە خانەقای (شێخی نەهری) گوزەراندوویەتی، بۆ ئەمڕۆ یارمەتی دەرێکی بەسوودە و تیشك دەخاتە سەر چمکێکی ژیان و بەسەرهات و پایەی وەفایی، وەك چۆن بەشێکیش لە شیعرە چوارینە فارسییەکانی تێدا هاتووە[1]، تا ئەو ڕۆژە چاپ و بلاو نەکرابوویەوە و لەبەر دەستدا نەبووە. لەوەش زیاتر قەرەداغی لەزۆر شوێن دا پەی بە ڕێژە و بێژەی ڕاستو دروستی زۆر لەوشە و زاراوە و دەستەواژە فارسییەکانی ناو تێکستە شیعرەکان نەبردووە. دیارە ئەوەش لە ڕوویەکەوە بۆ کۆنی و پەرپووتی ئەو دەستنووس و دەستخەتانە دەگەڕێنەوە کە لەبەر دەستی دا بوون قەرەداغی لە ساڵی ١٩٨٤دا ئەم چاپەی دووبارە کردۆتەوە، ئەنجا هەر ئەم چاپەی دوایی جارێك لە ورمێ لە (انتشاراتی صلاح الدینی ایوبی) لە ساڵی (١٣٦٤/١٩٨٥) کە مامۆستا هێمن ئەوکات سەرپەرشتیاری بووە، لەژێر چاودێری ئەویشدا بە هەندێ دەستکاری و وردە سەرنج و کورتە پیشەکییەکەوە، بەشە کوردییەکەی بەهەمان قەبارە و بەشێوەی چاپکردنەوەی ئۆفسێت (٣٠٠٠) دانەی لێ چاپ و بلاو کراوەتەوە[2]. دواتر لە سنەی کوردستانیش لە ساڵی ١٣٨١/ ٢٠٠٢دا جارێکی دیکە چاپ کراوەتەوە. دواتر چاپی دیکەی لە ئێران بەدواداهاتوون، کە بەردەوام لە کتێبخانەکاندا دەبیندرێن وبە دروستیش ڕوون نییە کێ چاپی کردۆتەوە و لە کوێ چاپ کراوەتەوە[3].

---

[1] بیرەوەریەکانی وەفایی (تحفە المریدین)، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

[2] دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە، ١٣٦٤.

[3] ئێمە لەکاتی نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییەدا بووین، چاپێکی تازەی دیوانی وەفایی - مان کەوتە دەست، کە برای شاعیرمان کاك سەعیدی نەجاری (ئاسۆ) لەسەر بنەمای چاپەکەی قەرەداغیدا ئامادەی کردووە و لەلایەن (انتشارات

**نوسخه دەستخەتەکانی دیوانی وەفایی/**

**سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان بە مەبەستی ساغکردنەوەی شیعرەکانی وەفایی و گەیشتن بە دەق و تێکستی ڕاست و دروستی ئەم شیعرانە، پەنای بۆ چەند دەستنووس و دەستخەتی کۆنینە و دێرینی دیوانی وەفایی بردووە. کە لە ماوەی دوور و درێژی خۆی گوتەنی بیست و ئەوەندە ساڵەی کارکردنیدا لە سەر ساغکردنەوەی شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی، پەیدای کردوون و لە بەر دەستیدا بوون، ئەم دەستخەت و دەستنووسانە لەلایەن وەفایی ناسان و خەڵکانی ڕووناکبیر و زانا و خوێندەوارانی ناوچەی موکریانەوە، لە کات و سەردەمی جیاجیادا، لە کۆنە دەفتەر و کەشکۆڵ و بەیازاندا نووسراونەتەوە هەندێ لە مانە بە کەشکۆڵ ناودەبرێن، چونکێ لەپاڵ شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی شتی دیکە شیان تێدایە، لەوانە شیعر و بەرهەمی شاعیرانی دیکەی کورد و فارس، هی وایان تێدا هەیە کە لە شێوەیەی پەڕاو و دەفتەرێکی چکۆڵە (بەیاز)ێك دایە و تەنها برێکی کەمی لەشیعری کوردی و فارسی وەفایی تێدا نووسراوەتەوە، هی واش هەیە بەشێکی زۆری شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی تێدا تۆمار کراوە، یا ئەوەتا**

---

کردستان)ەوە لە سنە، ١٣٨٩/ ٢٠١٠ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، شتێکی تازە و سەرنج ڕاکێش کە لەم چاپەدا وەبەرچاو دەکەون ئەمانەن:

- سەرجەم شیعرەکانی دیوانەکە لەسێ بەشدا پۆلێن کراوون بۆ: (غەزەلەکان، پێنج خشتەکییەکان، پرژ و بڵاو).

- بۆ هەموو تێکستە شیعرییەکانی بەشی یەکەم و دووەم دیاردی بۆ کێش و ڕەدیف و وشە سەرواکانیان کردووە.

- بۆ هەر دێرێك لە غەزەلەکان واتای وشە و زاراوە گرانەکانی لێکداوەتەوە و بۆ پێنج خشتەکییەکان!، مانای وشەکانی لێکداوەتەوە و شەرحەکەی بۆ خوێنەر جێ هێڵاوە.

- هەوڵی داوە ئەو لەنگ و لۆری و هەڵە و پەڵانەی لە تێکستە شیعرییەکانی چاپە ڕەسەنەکەدا هاتوون لەلای خۆیەوە ڕێك و ڕاستیان بکاتەوە.

- بەشە فارسییەکەشی پۆلین کراوە بۆ (غزلیات، مخمس ها، مثنوی، ...). دیارە ئەو شەرح و لێکدانەوانەی کاك ئاسۆ بۆ دێر بەدێری شیعرەکانی کردوون و ئەو ڕەنج و ماندوو بوونەی لەگەڵ دەرهێنانی کێش و ڕەدیف و وشە و سەرواکانەوە کێشاویەتی لەڕووی زانستییەوە کارێکی بایەخدارە و مایەی دەستخۆشییە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە کۆمەڵێ سەرنج و تێبینیمان لەسەر ئەم چاپە و کارەکەی کاك ئاسۆ هەیە:

- نزیك بە (٥٠) لاپەڕەی یەکەمی چاپەکەی قەرەداغی کە لە شێوەی پێشەکی و لێکۆڵینەوە دایە لەم چاپەدا فەرامۆش کراوە و لابراوە!.

- مامۆستا هەموو قالبە شیعرییەکانی (پێنجین و موسەممەت و پێنج خشتەکی) بە (پێنج خشتەکی) داوەتە قەڵەم پەی بە جیاوازییەکانی نێوان ئەم فۆڕمە شیعریانە نەبردووە!.

- هەموو غەزەلەکانی وەفایی بە شیعری عەرووزی داوەتە قەڵەم، لەکاتێکدا لێکۆڵەرانی کورد لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەشێك لە غەزەلەکانی وەفایی لەسەر کێشی بڕگەیی هۆنراونەتەوە.

- واتێدەگەم لە دەستنیشانکردنی کێشی شیعرەکاندا لە هەندێ شوێن زۆر ورد نەبووبێت و بەتەواوی مەبەستی نەپێکابێ.

- ئەو شوێنانەی لە شیعرەکاندا بە بەتاڵی ماونەتەوە، یا ئەو وشە و زاراوانەی کە قەرەداغی بۆی ساغ نەبۆتەوە و لەنێوان دوو کەوانەدا وەکو خۆی ڕەنووسی کردوونەتەوە، کاك ئاسۆ هەستاوە شوێنە بەتاڵەکانی پڕ کردۆتەوە و وشە و زاراوە ئاڵۆزەکانیشی بەبۆچوونی خۆی ڕاست کردۆتەوە بەڵام بێ ئەوەی پشتی بە دەستنووس و سەرچاوەیەك بەستبێت، بۆیە دووچاری ئەوە هاتووە وەك دەڵێن کە هەڵەی بە هەڵە چاك کردۆتەوە، یاخود عارەب گوتەنی ویستوویەتی کلی لەچاوان کا کەچی کوێری کردووە!.

دەفتەر و دەستنووسەکە تایبەت و تەرخان کراوە بۆ شیعرەکانی وەفایی و ناوی (دیوان وەفایی – کلیات وفایی – غزلیات وفایی – کلام وفایی) لێندراوە، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەبەردەم ئەوەی هەرکات شیعر و بەرهەمەکانی وەفایی لە دەفتەرەکەدا کۆتایی هاتبێت، ئەوا شیعر و هۆنراوەی شاعیرانی دیکەی لێ تۆمار کرابێت ئەنجا چ شاعیرانی کورد بووبن یا غەیری کورد، کە دڵخوازی نوسەرەوەکەی بووبن.

ئەم دەفتەر و دەستنووس و دەستخەتانەی لەبەردەستی ئەیوبییاندا بوون (١٠) دانە زیاتر بوون. بەڵام وەکو تێبینی دەکرێت هەموویان وەکو یەك نین، وەکو گوترا هی وایە شیعر و بەرهەمی وەفاییان زۆر تێدا نووسراوەتەوە، هی وا هەیە کەم. هی وایان تێدا هەیە تا ڕادەیەك جوان و ڕێك و پوخت نووسراونەتەوە و باش هەڵگیراوە و ماوەتەوە، هی وا شی تێدایە کۆن و پەرپوت و شۆڕاوەیە، هیچ کام لەو دەفتەر و دەستنووسانە دیوانێکی تەواوی وەفایی نین، بەواتا تەواوی بەرهەمی شیعری وەفایی (بە کوردی و فارسی)ی نەگرتۆتە خۆ، بەڵام بە هەموویان وێکڕا خام و کەرەستە گەلێکی باش و دەوڵەمەندیان پێکهێناوە، کە ئەیوبییان لە ساغکردنەوەی تێکستی ڕاستی غەزەل و قەسیدەکان و ئامادەکردنی دیوانەکەی وەفاییدا پشتی پێ بەستوون و لەپاڵ نووسخە چاپییەکانی دیوانی شاعیردا سوود و بەهرە و کەڵکی زۆری لێ وەرگرتوون.

کەم و کورتی و کەلێنی هەرە بەرچاو لە هەموو ئەو دەستنووس و دەستخەتانەدا ئەوەیە، کە تەنها بە نووسینەوە و تۆمارکردنی تێکستە شیعرییەکان وازیان هێناوە و بەس، شتێکیان وەکو تێبینی و سەرنج یاخود شەرح و پەراوێزێك لەمەڕ هیچ کام لەو تێکستانەی شاعیر نەخستۆتە ڕوو، جگە لەوەی کە نە لەدوور و نە لە نزیك بەلای هیچ لایەنێکی سەربوردە و ژیان و بەسەرهاتی شاعیردا نەچوون!. تەنانەت هەموویان لەئاست کورتە بیۆگرافیایەکی شاعیردا بێدەنگی و قڕ و قەپیان هەڵبژاردووە. وەك ئەوەی لە پەراوێزێکدا بنووسن وەفایی ناو و ناتۆرە و باب و باپیر و ڕەچەلەکی ئەمەیە و لەفلانە ساڵ و شوێن لەدایك بووە و لە فلانە ساڵ و شوێنیش چۆتەوە بەر دلۆڤانی خودا. بۆیە هەموو ئەم دەستخەتانە تەنیا لە بواری ساغکردنەوەی تێکستی شیعرەکاندا سوودیان لێ وەرگیراوە، کە دەبێ دانی پێدا بنێین ئەم لایەنەش خۆی لە خۆیدا شتێکی کەم نییە!.

**پێرستی وەسفیی دەستنووسەکان/**

لەو ماوەیەدا هەوڵ دەدەین وەسف و ناساندنێکی کورت بۆ هەر یەکێك لەو دەستخەتانە بکەین و بایەخ و گرینگی هەر یەکێکیشیان بخەینەڕوو، لەگەڵ کورتە ناساندنێکی خاوەن و نووسەرەوەکانیشیان، بەپێی ئەو بەڵگە و زانیاریانەی کە لەبەر دەستماندا هەن:

١- **دەستنووسی میرزا عیسای گەورك:**

ئەوەی لەبەر دەستدایە نوسخەی بنەڕەتی دەستنووسەکە نییە، بەڵکو وێنەیەکی (فۆتۆکۆپی) ئەو کەشکۆڵەیە کە میرزا عیسای گەورك شیعرە فارسی و کوردییەکانی وەفایی تێدا نووسیوەتەوە. ئەیوبییان لە بەرگ و جزوبەندێکی سووردا هەڵیبەستووە و بەقەڵەمی سوور زنجیرە بەندی بۆ لاپەڕەکانی نووسیوە. لە پیشەوەدا پێرستێکی بۆ ناوەخنی کەشکۆڵەکە لە دوو بەشدا ڕێك خستووە.

له سەردێری بەشی یەکەمی پێرستەکەدا نووسراوە: (فهرست مندرجات اشعار فارسی وفایی)، ئـەنجا بـە زنجیرە نیوەدێری یەکەمی (٩٧) پارچە شیعری فارسی تۆمار کراوە.
لەکۆتایی ئەم بەشەی پێرستەکەدا ئەیوبییان نووسیویەتی:
(در اینجا قطعات منظومه غزلیات، قصاید، ترجیع بند، مخمس و رباعیات فارسی، همچنین مفردات دیوان وفایی نسخه دستنویس مندرس وناخوانا یادگار مرحوم میرزا عیسا گورك بـەپایان رسید). ئـەم بەشە، واتە شیعرە فارسییەکان لە (٧٣) لاپەڕەی دەستنووسەکەدا تۆمار کراون.
بەشی دووەمی پێرستەکە تایبەتە بە شیعرە کوردییـەکان و ئـەیوبییان زنجیرە بەنـدی بـۆ (١١٧) پارچـە کردووە و نیوە دێری یەکەمی هەر پارچەیەکی هێناوەتەوە لەژێر سـەردێری (هەڵاتـەی بەنـدان)[*]. کـە ئەمەش لە لاپەڕە (٧٣) دەستنووسەکەدا دەست پێدەکات و لەلاپەڕە (١٧٤)دا کۆتایی دێت.
ئەنجا لـە پێرستـەکەدا نووسـراوە (دووبـارە فارسـیاتی وەفـایی) و تیـادا تێکستێکی دیکـەی فارسـی نـاوی هاتووە کە لاپەڕە (١٧٤)ی دەستنووسەکەدایە. ئەنجا پێرستەکە دێتە سەر (رباعیات وفایی) و دەڵێ: "لـە پەڕی ١٧٥ی ڕێکەوەندی وەفایی میرزا عیسا گەورك کە وادیـارە دەستنووسـی خۆیـەتی و بـە ڕێنووسـێکی لەبار و خۆش نووسراوەتەوە و لە بەشەکانی دیکەی ڕێکەوەندەکەی چاکتر ماوەتەوە، هەتا دەگاتە پەڕی (٢٢٤) ئەو پەڕۆکە (کتێبەی) تەواوی چارینەی فارسی وەفایی تێدا کۆ کراوەتەوە"
کەواتە سەرجەم ئەو لاپەڕانـەی لـە دەستنووسـەکەدا بـۆ شـیعر و هۆنراوەکـانی وەفـایی تـەرخان کـراون (٢٢٤) لاپەڕەیە. ئەنجا لە داوێنی ئەو لاپەڕەی دواییدا بەڕوونی ئەمە تۆمار کراوە: "بتاریخ ٢٦ ذوالقعدة ١٣٢٢ از هجرت نبوی علیـه التحیـه وآلـه از دسـت بنـده پرگنـاه عیسـی ولـد مرحـوم حـاجی عبـدالرحمن اوجاق الاصلی ساكنی الپاراسـت مـن گـورك قلمـی شـده، آه، آ آه مـن المـوت وحالاتـه". ئەمـە وا دەگەیـەنێ کەمیرزا عیسا کوڕی حـاجی عەبـدوڕڕەحمان بـووە، ئـەوان وەچـاغ زادە دانیشـتووی ئـاوایی (پاراسـتان)ی ناوچەی (گەورك) بوون. دیوانەکەشی لە ساڵی ١٣٢٢ کۆچی ١٩٠٤ زایینی نووسیوەتەوە.
لەدوای ئەوە لە دەستنووسەکەدا کۆمەڵێك شیعری شاعیرانی لە وێنەی؛ شێخ ئەحمەدی کۆڕی موکریانی و مصباح الدیوانی ئەدەب و حەریق...ی تیادا نووسراوەتەوە. ئەنجا بەشی کۆتایی دەستنووسەکە شتێکی جیاوازە و بەم جۆرەیە.

- کتێبی (کفایە الاسلام)ی مەولانا عەبدوڕڕەحمانی تێدا تۆمار کراوە.
- ئەم بەشە بە دەست و خەتی (میرزا عەبدوڵڵای گەورك)، کە ئامۆزای میرزا عیسایە نووسراوەتەوە.
- لەوە دەچێت ئەم کەشکۆڵە دەستخەتە لەدوای مەرگی میرزا عیسادا کەوتبێتە لای میرزا عەبدوڵڵای ئامۆزایەوە کە ئەویش ئەو نووسراوەی جامی خستبێتە پاڵی.

ئەم دەستخەتەی مـیرزا عیسـا (٢٣٢) لاپەڕەیـە، لـە بنەڕەتـدا لاپـەڕەکانی لـە قـەوارەی (١٤ × ٢٠ سـنتم)ی بوون، لەبەر کۆنی ئەیوبییانیش لێی بە گلەییە کەوا شۆڕاوەیە، یاخود کوژاوەیە و ناخوێندرێتەوە.

---

[*] لێرەدا و لە پەراوێزی نووسینەکانی ئەیوبییاندا ڕووبەڕووی چەندین وشە و زاراوە و ڕاوێژی تایبـەتی ئـەو نووسـەرە دەبینەوە لە نموونەی: هەڵاتە، ڕێکەوند، پەڕۆکە... تاد، و زۆری تـریش، لێرەدا نووسـراوەکان وەکو خـۆی دێنینـەوە و (تەنها لەبارەی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە نـەبێ) و لـە شـوێنێکی دیکـەدا بەتایبـەتی هەڵوەسـتە لـەبارەی ئـەم مەسـەلەیە دەکەین و تیشکی زیاتری دەخەینە سەر.

بەڵام نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو ون بێت کە ئەمەیان کۆنترین و بە متمانەترین دیوانی دەستخەتی وەفاییە کە تا ئێستا ناسرابێت!. چونکێ نووسەرەوەکەی، واتە میرزا عیسا هەم خۆی و هەم برایەکی بەنێوی میرزا موحەممەد، هەم میرزا عەبدوڵڵای ئامۆزاشی، لەڕێزی پیاوانی زانای موکریان بوون و هەر سێکیشیان لە شاگردانی وەفایی بوون. ئەنجا دیوانەکەشی بە ماوەیەکی کەم لەدوای کۆچی دوایی مامۆستاکەیدا نووسیوەتەوە. وەکو چۆن نووسەرەوەکەشی (میرزا عیسا)، پیاوێکی زانا و هۆشیار و وەفایی ناسێکی باش بووە.

ئەمە سەرچاوەیەکی هەرە گرینگ بووە کە سەید عوبەیدوڵڵا لە نووسینەوە و ڕاستکرنەوە و بەراوردکردنی شیعرەکانی دیوانی وەفاییدا، لە هەردوو بەشی کوردی و فارسییەکەی پشتی پێ بەستووە و کەڵکی زۆری لێ وەرگرتووە، بەجۆرێك کە لە پەراوێزەکانیدا لەبەرایی هەموو نوسخە دەستخەت و چاپییەکاندا ناوی ئەم دێنێ، دێر بەدێری شیعرەکان لەئاستیدا بەروارد دەکات، خۆیشی دانی بەو ڕاستییەدا ناوە کاتێ دەڵێ: "ما در تصحیح و پاکنویسی کلیات وفایی قدیمترین نسخه خطی دیوان وفایی میرزا عیسا گەورك را ماخذ اصلی قرار دادیم"

ماکی دەستخەتەکە بە خەتی نەستەعلیق و بەشێوەیەکی چڕ و پڕ و لەسەر کاغەزی کۆنی فەرەنگی نووسراوەتەوە. دواتریش چواردەوری زۆربەی لاپەڕە و تێکستەکان، بە کۆبە و پەراوێزی فارسی وردوپڕ نەخشێندراون. ئەم پەراوێزانە بابەت گەلێکی زۆر دەوڵەمەند و بەسەر و سامانن، لەنامە و نامەی شیعری، بابەتی ئاینی و مێژوویی و ڕووداوەکانی سەردەم، غەزەل و قەسیدە و چوارینەی شاعیرانی وەکو سەعدی و حافز و جامی، شیعری کوردی شاعیرانی ناسراو و نەناسراوی کوردی، بڕێکی زۆر لە مادە تاریخ و ڕووداوەکان و مێژووی ژیان و کۆچکردنی زانایان و ناودارانی تێدایە. بەجۆرێکی ئەوتۆ کە ئەیوبییان لە شوێنێکدا و لە ڕەشنووسە دەفتەرێکی بەرایی دیوانی وەفاییدا، نزیکەی (١٠) لاپەڕەی قەوارە گەورەی تەنها وەکو ناونیشان و سەردێری بابەتەکانی ئەو پەراوێزانە بەناوی (فهرست مندرجات حواشی دیوان وفایی میرزا عیسا) تۆمار کردووە. کە ئەمەیان کارێکی سەرنج ڕاکێشە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و تایبەتی هەیە.

ئەوەی سەبارەت بە ژیاننامەی میرزا عیسا لەبەر دەستدایە ئەوەیە، کە خۆی لە پەراوێزی لاپەڕە (٥٢)ی دەستنووسەکەیدا نووسیویەتی: "تاریخ تولد خودم آنکه مرحوم مبرور پدرم غفرالله له از حج باز آمده حمزه آقای منگور سردشت را سوزانید". ئەنجا لەژێرەوەی مێژووی (١٢٨٤) نووسراوە و خەتێکی بەژێردا کیشراوە، کە ئەمە بەرابەری ساڵی (١٨٦٧)ی زایینییە. ئەنجا هەر لەو لاپەڕەیە و لەتەك ئەم پەراوێزە بە دەستوخەتێکی دیکە نووسراوە: "تاریخ وفات مرحوم میرزا عیسی غفرالله لە بحق محمد ١٣٣٧". ئەمەش ڕێکەوتی ساڵی (١٩١٨) زایینییە. لەنێوان هەردوو دێری مێژووی لەدایك بوون و مردنیدا دێرە شیعرێکی فارسی هەیە بەم شێوەیە.

نەمردانند کە دنیا دوست دارند

اگر دارند برای دوست دارند

لە پەراوێزێکی دیکەدا هاتووە: "تاریخ وفات مرحوم مبرور جنت جاه حاجی عبدالرحمن پدرم عفی الله عنه ١٣١٠". کە بەرانبەر (١٨٩٢) زایینییە.

بەم شێوەیە میرزا عیسی تەمەنێکی زۆری نەکردووە و تەنها (٥٣) ساڵ ژیاوە و لە (٢٦)ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە. چوارده ساڵ بەر لە مردنی خۆیشی دیوانی وەفاییەکەی نووسیویەتەوە. ئەیوبییان پێی وایە کە ئەم دیوانەی وەفایی میرزا عیسا کۆکردنەوەیە، چونکە تێکستەکان بە قەڵەم و شێوە نووسینی نەختێك جیاوازیانەوە دیارە کە لە کاتی جیاجیادا نووسرابێتنەوە. واتە وا نییە لەسەر دەستخەت و دیوانێکی لە پیشووتری وەفایی نووسرابێتەوە یا ڕوونووس کرابێتەوە.

وا دیارە میرزا عیسا لە سەرەتادا دەستی بە هەموو شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی ڕانەگەیشتووە، چونکێ دوا بەدوای شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی، شیعر و بەرهەمی شاعیرانی دیکەشی نووسیوەتەوە، ئەنجا کە شیعرێکی تازەی وەفایی دەست کەوتبێت لە ناواخندا نووسیویەتیەوە. هەر ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی بگوترێت کە ئەم دیوانە کۆکردنەوەیە. لە لاپەڕە (٢٢٧) بەدواوە دەست و خەتەکە دەگۆڕێ و دەبێتە هی میرزا عەبدوڵڵای گەورك.

لە پەراوێزە نووسراوە پەرش و بڵاوەکانی ئەیوبییاندا زانیاری دیکەشمان سەبارەت بەم زاتە دەست دەکەوێت، وەکو ئەوەی کە لە شوێنێکدا نووسیویەتی: (میرزا عیسی کتێبێکی بەناوی (سیرت النبوه) بە فارسی بە هۆنراوە نووسیوەتەوە کە سەرەتاکەی ئاوا دەست پێ دەکات:

**بسم الله الرحمن الرحیم**

برگشت ایدل که معبود کیست          بجز بندگی از تو مقصود نیست

تا لە کۆتاییەکەیدا هاتووە: تمت شد کتاب سیرت نبوت از دوشنبه هشتم جمادی الثانی ١٢٩٩ ه. ق از ید حقیر سرپا تقصیر عیسی ولد حاجی عبدالرحمن مبارك باد یالله). ئەم مێژووەی سەرەوە بەرابەری (١٨٨١) زایینییە.

هەروەها وەکو ئەیوبییان دەڵێ، لەکۆتایی ئەو کتێبەوە کە لە دەفتەرێکی (١٤ × ١٩,٥سنتم)ی تۆمار کراوە، میرزا عیسی دەستی داوەتە نووسینی کتێبێکی دیکە بە ناونیشانی (هذا کتاب سؤال وجواب...) کە دیارە بە زمانی عەرەبی بووە. ئەنجا ئەیوبییان لە کۆتایی ئەو تێبینیانەدا گوتوویەتی، لە ڕۆژی ١٣٦٥/٩/٨ (١٩٨٦) کا خدری کوڕی میرزا ڕەسوولی کوڕی میرزا عیسا ئەو کتێبەی هێنایە کن من و چاوم پێی کەوت، ئەنجا کتێبەکەی خۆی هەڵگرت و بردییەوە.

ئەو بابەتانەی کە ئەیوبییان بە دانراوی میرزا عیسایان دادەنێ، بەگوێرەی مێژووی تۆمار کردن و نووسینەوەیان مرۆڤ دەخاتە گومانەوە. من وای بۆ دەچم کە ئەمانە بابەت گەلێکی ئاینین و میرزا عیسا لە ڕۆژگاری خوێندنی مزگەوت و فەقێیەتیدا لە دەفتەرێکی لای خۆی نووسیونەتییەوە، تاوەکو فێریان ببێ و سوودیان لێ ببینێت. ئەنجا دانەرەکانیان خەڵکانێکی دیکەن و نەوەك میرزا خۆی، چونکێ بەگوێرەی ئەو مێژووە (١٢٩٩)، میرزا تەنها تەمەنی (١٥) ساڵ بووە. واتە لە تەمەنێکی ئەوتۆدا نەبووە کە نووسراوە و دانراوی هەبووبێت.

ئەوەی دەربارەی میرزا عیسا مایەوە بگوترێت ئەوەیە کەوا هەم خۆی و هەم بەماڵەکەیان بەشێکی ژیانیان لە شاری سابڵاغدا بردۆتەوە سەر، واش پێ دەچێت ڕۆڵە و نەوە و نەوەزایان تاوەکو ئێستاش لەو شارەدا مابن.



**دیوانی وەفایی دەستخەتی میرزا عیسای گەورك: ل ٢٥**



**دیوانی وەفایی دەستخەتی میرزا عیسای گەورك: ل ٨٠**


دار و برد وک من دسوتا در نما ایوان نما   ظاهر و باطن چراغ بود در چراغ ایوان چراغ
زلف تو رخسار تو یه یا شور روژ وصال   روی تو بالای تو یه یا سروستان چراغ
من او ابست و نزان بوم بوچ لداغ عروت   گل و کو بلبل دسوتا طرز پروانان چراغ
[illegible]
شعشعه خورشید نهان بو لال و کر بو سلو فر
مات و خاموش بو وفائی وک سحر کاتان چراغ
[illegible]

**دیوانی وەفایی دەستخەتی میرزا عیسای گەورك: ل ١٤٨**



**دیوانی وەفایی دەستخەتی میرزا عیسای گەورك: ل ٢٣٢**

**٢- دیوانی کوردیی وەفایی – دەستنووسی سەید محەمەدی ئەیوبییانی مەرکەزی (تەها زادە)/**
یەکێکە لە دەستخەتە پوخت و چاك و متمانەبەخشەکانی دیوانی وەفایی، کە تەنیا شیعرە کوردییەکانی گرتۆتە خۆی. دەفتەرێکی دەستنووسە لە شێوەی کەشکۆڵ، لەسەر کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی زەردباو و شین پات و پەمەیی بێ خەت، بە دەستوخەتێکی شکستە و نەستەعلیقی خۆش و جوان و بە نەخش و ئەندازیارییەکی ڕازاوە بە مەرەکەبی ڕەش و مۆر نووسراوەتەوە. ئەندازەی پەڕەکانی (١٢ × ١٩ سنتم)یە و جوتێك هێڵی باریك بە چواردەوری لاپەڕەکانیدا کێشراون بە بڕی (١،٥سنتم) لە سەرووی هەر لاپەڕەیەك بەشێوەی لاکێشەیەکی باریك بۆ ناونیشانی ژمارەی تێکستەکان هێڵراوەتەوە، بەشەکەی دیکەی هەر لاپەڕەیەك دوو هێڵی بە ناوەڕاستیدا کێشراوە و لەشێوەی دوو ستوون دابەش کراوە. ئەنجا دێرە شیعرەکان لە هەردوو ستوونەکەدا بە نەخش و نیگارێکی هاوتا نووسراونەتەوە. کەشکۆڵەکە بەر لەوەی بەرگێکی چەرمی قاوەیی تێ بگیرێت و چەند لاپەڕەی سەرەتای لێ زیاد بکرێت، هەمووی (٢٦٧) لاپەڕەیە، لەمە (١٦٠) لاپەڕەی غەزەل و قەسیدەکانی وەفایی بە خەتێکی یەك دەست تێدا نووسراوەتەوە. هەر لە دەستپێکدا و لەلایەن نووسەرەکەیەوە، پێرستێك لەسەر شێوەی خشتەیەکی ئەندازەیی بەناونیشانی (فهرست غزليات وفايى) ڕێکخراوە. سەرجەم تێکستەکان غەزەل و قەسیدەی کوردیی وەفایین و ژمارەیان (١٣٣) پارچەیە بەو هۆیەوە کە دێرە شیعرەکان بە نەخش و نیگاری لار و خوار یا شکل و شێوەی ئەندازەیی ڕێکوپێك و جۆراوجۆر لە نموونەی (سێ گۆشە و لاتەریب و بازنە و چوارگۆشە....)ەوە نووسراوەتەوە، ژمارەی دێرەکان لە لاپەڕەکاندا چۆن یەك نین. لاپەڕەی وا هەیە لە هەردوو ستووندا (٥، ٦، ١٠) دێر هۆنراوەی لێ نووسراوەتەوە و لاپەڕەی واش هەیە بەشێوەیەکی عادەتی نیوەدێرەکان بەرامبەر بە یەکدی نووسراون و بەم ڕەنگە تا خوارەوە (٢٠ تا ٢٣) دێری لێ تۆمار کراوە.
ئەم دەستخەتە لە هەموو نوسخە دەستنووسەکانی دیکەی دیوانی وەفایی، کە لەبەر دەستی ئێمەدان، ڕوون و جوان و ڕازاوەتر نووسراوەتەوە، نەخش و نیگاری هەر غەزەل و قەسیدەیەکیش لە لاپەڕەکاندا بەجۆرێکە، ئەوەندە هەیە هەر هەموویان بە (غەزەل)دراونەتە قەلەم و هەر غەزەلێکیش لە سەرووی لاپەڕەکەدا ژمارەیەکی پێ دراوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی لە سەرووی لاپەڕە (١٤٩)دا نووسراوە (غزل صدو بيست و پنج)، ئەنجا لە سەرووی لاپەڕەی بەرانبەریدا کە ژمارە (١٥٠)یە، نووسراوە (بقيه غزل صد و بيست و پنج)، لەکاتێکدا ئەمەیان قەسیدەیەکی (٤٥) دێرییە و دوو لاپەڕە و نیوێکی گرتۆتەوە.
سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان لە سەرنج و تێبینییەکانیدا بە شێوەیەکی لابەلا و لە چەندین شوێن نووسیویەتی کەوا کاکم (مەبەستی سەید محەمەدی ئەیوبییانی نووسەرەرەوەی دەستخەتەکەیە) بە دەستووری بابم و لەسەر داوای مامۆم[1] (سەید عەبدوڕڕەحمانی ئەیوبی)، کە موریدی سەید عەبدولقادری گەیلانی (غەوسی سانی) بووە، ئەو ڕێکەوەندەی دیوانی کوردی وەفایی کۆ کردۆتەوە. لە ساڵی ١٣١١/ ١٩٣٢ دا دەستی پێ کردووە لە بەهاری ١٣١٤/ ١٩٣٥ دا تەواو بووە. هەروەها دەڵێ: پێشتریش لەنێوان ساڵانی ١٣٠٧ – ١٣٠٩ی هەتاوی ١٩٢٨ – ١٩٣٠ لەگەڵ کاك قادری مودەڕیسی خەریکی کۆکردنەوەی ڕێکەوەندی کوردی وەفایی بوون.

---

[1] لەشوێن و جێگەی دیکەدا دەڵێ ئامۆزای باوکم بووە!.

له دوو لاپەڕەی بەرایی دەستخەتەکە و لەپێشەوەی پێرستەکەدا، بابەتێك لەژێر ناونیشانی (شرح حال وفایی – علیە الرحمە) بە قەلەمی (ئیسماعیلی ئەیوبییان) نووسراوەتەوە، لەژێرەوەی ناوەکەشی نووسراوە (تەورێز ١٣ فروردین ١٣٤٢)، دواتر تێ دەگەین کە ئەمە لاپەڕەی یەکەمی هەمان ئەو ژیننامەیەیە، کە مامۆستا گیوی موکریانی لە چاپی یەکەمی دیوانی وەفاییدا لەژێر سەردێری (بەسەرهاتی وەفایی) هێناویەتییەوە.

دوا پارچەی وەفایی لە دەستخەتەکەدا غەزەلێکی (٦) بەیتییە و بەناوی (غزل یکصد و سی و سە) لە لاپەڕە (١٦٠)دا تۆمار کراوە. ئەنجا لە گۆشەی لای ڕاستی داوێنی لاپەڕەکە نووسراوە "پایان".

دوای ئەو نزیکەی (٥٥) لاپەڕەی دەستخەتەکە (لاپەڕە ١٦١ تا ٢١٦)، شیعر و هۆنراوەی نیشتمانی شاعیرانی دیکەی تیادا تۆمار کراوە. لە وێنەی مەلا مارفی کۆکەیی (٢) پارچە، شێخ ئەحمەدی سریلاوە (١) پارچە، خاڵەمین؛ تەرجیع بەندێکی درێژ، دواتر هەندێك لەم تێکستانە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا، لە وێنەی (دیاری کۆمەڵەی (ژ. ك) و (گۆڤاری نیشتمان)دا بڵاو کراونەتەوە، وەلێ جیاوازی لەنێوان دەقەکانی ناو دەستخەتەکە و دەقە بڵاو کراوەکاندا بەدی دەکرێت و پێویستییان بە بەراورد و ساغکردنەوە هەیە[1].

پارچەیەکی فارسی شێخ عەبدوڕڕەحمانی خالیسی تاڵەبانی، پارچەیەکی کوردی شێخ بابا سەعید ناسراو بە (گول بابا)، لەدوایە دیسان شیعرێکی وەفایی هەیە کە لە دەستنووسەکەدا نییە و لەچاپی گیوی موکریانی وەرگیراوە و لێرەدا نووسراوەتەوە. لەنێو ئەمانەدا چوار پارچەی شاعیرێك بەناوی (م. ش – والە) تۆمار کراون. لەدوای کەمێك ڕامان و لێ ورد بوونەوە و چاو گێڕان بە چەند سەرنج و تێبینییەك کە لەچەند لاپەڕەی دواترەوە نووسراون، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (والە) نازناوی بەرایی شاعیری ناسراوی موکریان (سید محەمەد ئەمینی شێخەلئیسلامی – هێمن)ە[2].

لە لاپەڕەکانی دواتردا چەندین شیعر و چوارینە و پارچەی کوردی و فارسی و تێکستی فۆلکلۆری هەیە، لەپاڵ کۆمەڵێك بیرەوەری و سەرنج و تێبینییەکانی سەید عوبەیدوڵڵا، کە بە پەرش و بڵاوی وەکو سەرە قەڵەمی کورت و ناتەواو و پچڕپچڕ تۆمار کراون. لە لاپەڕە (٢١٦ تا ٢٦٠) دەفتەرەکە بە بەتاڵی ماوەتەوە و ئینجا دووبارە تا کۆتایی و لاپەڕە (٢٦٧) بە قەڵەمی ئەیوبییان[3] دەست پێ دەکاتەوە. لەلاپەڕە (٢٦٢)دا بابەتێك هەیە لە لاپەڕەیەکدایە بە ناونیشانی (عریضە مرحوم وفایی بحضور مبارك حضرت ضیاءالدین). دیارە مەبەست نامەی وەفاییە بۆ حەزرەتی شێخ عومەری ضیاءالدینی نەقشبەندی بیارە (١٢٥٥ – ١٣١٨ك)، کە لە بەرایدا وەفایی مورید و مەنسووبی ئەوان بووە.

---

[1] بڕوانە:

- دیاری کۆمەڵەی (ژ. ك)، ژمارە (٣)، ساڵی ١٣٢٢. لە کتێبی/ ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، عەلی کەریمی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ:

- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (١٣١)، ساڵی یازدەیەم، خاکەلێوەی ١٣٩٠.

[3] ئەمە نازناوی برایان سەید عوبەیدوڵڵا و سەید محەمەد و کەسانی دیکەشە، نازناوەکە لەمەودوا بە تەنهایی بۆ سەید عوبەیدوڵڵا بەکار دەبەین و بۆ کەسانی دیکە ناوەکانیشیان لەپاڵدا دەگوترێت.

لەلاپەڕە (٢٦٣)دا ناوی یازدە بنەماڵە و کەسایەتی هاتوون، کە بەپێی بیر و ڕا و زانیاری ئەیوبییان، دیوانی دەستخەت و دەستنووسی وەفاییان لەلا هەیە، لە لاپەڕەی دواتر ناوی چەند سەرچاوەیەك دەبات کە تا ئەو کاتە شیعرەکانی وەفاییان تیادا چاپ کراوە[٣].

ئەیوبییان لە ساغکردنەوە و ڕاستکردنەوەی شیعر و تێکستەکانی وەفایی و لە ڕۆژگاری ئامادەکردنی ئەم دیوانەدا، زۆر متمانەی بەم دەستخەتە کردووە و پشتی پێ بەستووە، لەدوای دیوانە دەستخەتەکەی میرزا عیسای گەورك بە پلەی دووەم بڕوای بەم دەستنووسە هەبووە. لە زۆربەی پەراوێزەکانی تێکستەکاندا ناوی هاتووە و جیاوازییەکانی لەتەك دەقە بنەڕەتییەکانی دیوانەکەدا نیشان دراون. ئەنجا خۆیشی دانی بەم ڕاستییەدا ناوە و گوتویەتی: لە ڕێکوپێك کردنی ڕێکەوەندی گەورە و تەواوی وەفایی بەڕاستی بەهرە و کەڵکم لەو دەستنووسەی کاکم وەرگرتووە.

ئەنجا هەر لەبارەی دەستخەتەکەوە نووسیویەتی: خوالێخۆشبوو (سەید محەمەدی ئەیوبییان)ی برا گەورەمان هێشتا لەژیاندابوو کە ئەم دیوانە دەستخەتەی بە یادگاری بەمن پێشکەش کردبوو، ئەوە بوو لەدوای کۆچی دوایی ئەو و گەڕانەوەی من بۆ سابلاغ لە ڕێگەی نەشمیل خانی کچییەوە بەدەستم گەیشت.

---

[٣] هەوڵ دەدەین چەندی بکرێت خۆمان لە درێژدادڕی وتە فسیل بە دوور بگرین، لەگەڵ ئەوەدا ئەو زانیاریانە بۆ ناساندنی هەر دەستنووس و دەستخەتێکی دێرین پێویستن. ئەگەر خوا یار بێت و عومر باقی بێت لە دەرفەتێکدا ئەو باس و بابەت و زانیارییانەی لەمەڕ ئەم دەستخەتە و دەستخەتەکانی دیکەشدا هەیە، لە باس و لێکۆڵینەوەی تایبەتیدا دەخەینە ڕوو.



٣ ﺣ

فهرست غزلیات وفای

| غزل شماره | اسامی غزلیات | صفحه | غزل شماره | اسامی غزلیات | صفحه |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بچاوان غمزه‌ی ایما مغرور ٩ - ش | ٩ | ١٦ | روحم بغداد ... گلزار مدینه ١١ - ش | ٣٤ |
| ٢ | تا غنچه‌ی گل کاشف اسرار نهان ١٠ - ش | ١٠ | ١٧ | ای ... ١٦ - ش | ٣٥ |
| ٣ | [illegible] ٩ - ش | ١١ | ١٨ | [illegible] ١٤ - ش | ٣٦ |
| ٤ | ای سر تو جنت ... گلکه باغان ٩ - ش | ١٢ | ١٩ | [illegible] | ٣٧ |
| ٥ | تا بهار خزان دایه ... | ١٣ | ٢٠ | [illegible] | ٣٨ |
| ٦ | مشاطه که شانه‌ی سر زلف صنم دا ٨ - ش | ١٤ | ٢١ | [illegible] ٦ - ش | ٣٩ |
| ٧ | [illegible] ١٥ - ش | ١٥ | ٢٢ | [illegible] ٩ - ش | ٣٠ |
| ٨ | ای حسن ازل ... ١٥ - ش | ١٦ | ٢٣ | [illegible] | ٣١ |
| ٩ | [illegible] ١٣ - ش | ١٧ | ٢٤ | [illegible] ٩ - ش | ٣٢ |
| ١٠ | یار ... تبسم ... ٦ - ش | ١٨ | ٢٥ | [illegible] | ٣٣ |
| ١١ | [illegible] ١٤ - ش | ١٩ | ٢٦ | [illegible] | ٣٤ / ٣٩ |
| ١٢ | مطرب ... ١٤ - ش | ٢٠ | ٢٧ | [illegible] | ٤٠ |
| ١٣ | [illegible] ١٠ - ش | ٢٣ | ٢٨ | دل دنیا ... ١٩ - ش | ٤١ / ٤٢ |
| ١٤ | سحر ... ٢٠ - ش | ٢١ | ٢٩ | عمر ... ١٢ - م | ٤٣ |
| ١٥ | [illegible] ١٩ - ش | ٢٤ | ٣٠ | تو سرو زلف ... ١١ - ش | ٤٤ |

**دیوانی وەفایی — دەستنووسی سەید محەمەدی ئەیوبییان: ل ٣**



دەستنووسی سەید محەمەدی ئەیوبیان ل: ٩٧، ٩٨

۱۵۳

## بقیه غزل یکصد بیت و شش

بحر جمی که وادی روناک ایمنه — جیگای ظهور مرحمت نور داوره

ازوی محبت اوه محراب خانقا — حر مودت اوه شعار منبره

کعبکه خاندان همو خلق طایفه — قبلگه آسمان همو اهل ظاهره

بیت اوی چه بیت ملی پاکی خنبه — خاکی دری چه خاک له ملی چاکه عنبره

گر سر تخته خاک مقدم اوه روحه پاکه — گر چلی نه تو زرنگه ام شخصه ظاهره

سرخالیه له معرفت یا ملی له اهل بیت — بالمه نه جردل وتنه حاش سهر سره

ای یک شاره زا با دب روله عضرتی — پرلعم عروسی آشنه لا بره

دستی بکه له دامن گیره بزاری من — توشه بکه له تقدم پاکی له انوره

جاوم له دور نور جمال بجمال تو — خالی له نور بینیه دایم مکدره

سینم له شوق مهر کمال کمال تو — سینه چه سینه تا وکو سینا پر آذره

یا خو گلی له خاک دری بیت به باده — یا خو گلی له تو توتون خوت بلیخه ام بره

بو دیدا او سوخته هر عای شکر میه — بو سینه او سوخته آرام دل دره

او تو تشه که سیری وکو تشوتشه — او تو تشه که رنگ وکو عاشق احمره

او تو تشه که ریزه بروکان غزنیه — او تو تشه که خوشه لطیفه معطره

تا تو تنی لطیف دگاتن له ما تنی — دو چاوی پر له خوین وفا لبر دره

تا شو وکو رواق دلم تنگ وتیره یه — تا روژ وکو وصال گلم بر منوره

ذره بکه له مهر و طالع تو بی له سروری — نقطیک له نکبت دشمن تو بی له بد فره

**دەستنووسی سەید محەمەدی ئەیوبییان ل: ١٥٣**

سەبارەت بە ژیاننامەی سەید محەمەدی ئەیوبییان جگە لەچەند برگە و زانیاری کەم و پچڕپچڕ شتێکی وای تۆمار نەکردووە، لەدوایە ئێمە لە ڕێگەی هاوکاریی دڵسۆزانەی برای نووسەرمان (سەید عەبدوڵڵای سەمەدی)[1]، هەندێ زانیاریمان پێ گەیشت، کە ئەویش بە سووپاسەوە لەڕێگەی بنەماڵەکەیانەوە پێی گەیشتبوو، لێرەدا پوختەیەکی دێنینەوە.

ناوی تەواوی سەید محەمەدی ئەیوبییانی مەرکەزی (تەها زادەیە)، کوڕی سەید عەبدوڵڵای کوڕی سەید تەهایە. لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەی ١٢٩٤ی هەتاوی ٢١ی شوباتی ١٩١٦ لە شاری مەهاباد هاتۆتە دنیا.

لە شارەکەی خۆیدا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. بەو هۆیەی کە کوڕی گەورەی سەید عەبدوڵڵا بووە، بۆتە جێنشینی ئەو و لەکاروباری بەڕێوەبردنی دەرمانخانە گەورەکەیان (دەرمانخانەی ئەیوبییانی مەرکەزی)، کە یەکێك لە سێ دەرمانخانە گەورەکانی مەهاباد بووە، درێژەی بەکاری باوکی داوە. سەید محەمەد بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و شارەزایی لە زمانی فەرەنسیدا، ئەرکی تەبابەت و پزیشکیشی ئەنجام داوە.



سەید محەمەدی ئەیوبییانی مەرکەزی (تەها زادە)

گیوی موکریانی کاتێك لەساڵی ١٩٣٢دا دەگەڕێتەوە مەهاباد و ماوەی شەش ساڵ لەوێ دەگیرسێتەوە، فێرگەیەکی زمانی فەرەنسی دەکاتەوە و کۆمەڵێك لاوی مەهابادی لە فێرگەکەی ئەودا پێدەگەن، کە لەدوایە کەسانی ناوداری ناوچەکەیان لێ هەڵدەکەوێ، لەوێنەی (محەمەدی قازی، عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، سوڵتان ئوتەمیشی و...)، سەید محەمەد کە ئەو دەم لاوێکی ١٦ ساڵەی بووە، دوور نییە زمانی فەرەنسی لە فێرگەکەی گیودا خوێندبێ.

بەهۆی خوێندنەوەی سەرچاوەی هەمەجۆری فارسی و فەڕەنسی و لەڕێگەی دۆستایەتی و تێکەڵاوی لەگەڵ پزیشکە مسیۆنێرە کریستیانەکانی وەکو دکتۆر (شالك و وێنەتان)ەوە، کە لەو سەردەمە لە مەهاباد بوون، دەبێت بە دەرمانساز و پزیشکێکی گەورە و لێزانی خۆڕسك. پیاوێکی بەڕواڵەت ئارام و لەسەرخۆ بەڵام لە دەروونڕدا پڕ هەست و پڕ جۆش بووە، لەنێو خەڵکی شارەکەیدا ماقول و ڕێز لێگیراو بووە، لایێکی دەرمانخانەکەی وەکو کتێبخانە و کتێب فرۆشی لێ کردووە، هەمیشە مەکۆی پیاوانی ئاینی و زانا و نیشتمان پەروەر و ئەدیب و شاعیران بووە، بەهۆی دۆستایەتییەکی نزیکی ئەو و بنەماڵەکەیان لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، ئەنجا بەگوێرەی ڕەمز و هێمایەك کە ئەیوبییان لەژێر وێنەیەکی سەید محەمەددا نووسیویەتی کە بە پەڕەیەکی دەستخەتەکەوە چەسپ کراوە و ئەمە

---

[1] ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە شتێکی ئەوتۆمان لە زانیاری سەبارەت بە ژیاننامەی خاوەن دەستنووسەکانی دیکەش لە وێنەی (مام کەریمی یاهوو، قادری ڕێحانی، مەلا ئەحمەدی ئاکۆیی و....) لەبەر دەستدا نەبووە. تاوەکو هەوڵ و هیممەتی مەردانەی هاوڕێی بەڕێز کاك سەید عەبدوڵڵا فریامان کەوت و بەهۆی هەوڵی دڵسۆزانە و لەخۆ بوردەیی ئەوەوە، توانیمان کورتەیەکی بیۆگرافیا و وێنەی هەر یەکێك لەمانەمان چنگ بکەوێت. تەمەنی درێژ بێت و قەڵەمی بە بڕشت و پایەدار بێت لە ڕێگەی خزمەتکردن بە ئەدەب و ڕووناکبیری کوردی.

دەقەکەیەتی: "آ. ل. ب — حەریق — ئاگریك/ ١٦، (ژ. ك)، مهاباد ١٣١٨ هەتاوی" دیارە سەید محەمەد لە ماوەیەکی کورتدا پەیوەندی بە کۆمەڵەی (ژ. ك)ەوە کردووە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو ڕێکخراوە. بەگوێرەی ئەو هەواڵ و ئاگادارییە فەرمیانەش کە لە ژمارەکانی بەرایی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاو بوونەتەوە، سەید محەمەد پلەی پاریدەدەری سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان — پێشەوا قازی محەمەدی پێ سپێردراوە[1]. هەروەها لە کابینەی کۆماری کوردستاندا وەزیری تەندروستی بووە. لەو بارەیەوە ئیگلتن لە کتێبەکەیدا دەڵێ: بۆ وەزیری بیهداری قازی، سەید محەمەدی ئەیوبییانی هەڵبژارد. لاوێکی ٣٠ ساڵە و لەڕوانگەی ماڵ و دارییشەوە پلەی یەکەم بوو، سەید محەمەد خوێندنی ڕەسمی کەم بوو، بەڵام مرۆڤێکی لێهاتوو بوو کە خۆی خۆی پێگەیاندبوو[2].

دوا بەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان سەید محەمەد تووشی ڕاونان و گیران بووە و ماوەیەکی ژیانی لە زیندانەکانی مەهاباد و ورمێ و تاران بەسەر بردووە. ئەنجا ئەو مرۆڤێکی بەهرەمەندی هونەرمەند و خەتخۆش و خاوەن زەوق و سەلیقەیەکی ئەدەبیش بووە کتێبخانەیەکی باشی هەبووە کە لە دوای خۆی تێکەڵ بە کتێبخانەی سەید عوبەیدوڵڵای برایەوە کراوە، بەو هۆیەی کە سەید عەبدوڵڵای تەها زادەی باوکیان لە شاگردانی وەفایی و لەکاتی خۆیدا لەلای ئەویش دەرسی خوێندووە، ئەنجا بە بۆنەی ئەو عیشق و عەلاقەیەی لەنێوان بنەماڵەکانی سابڵاغ و بەتایبەتیش بنەماڵەی تەهازادە و، خانەوادەی شەمزینانەوە هەبووە، هەر لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی ڕووحی و خۆشەویستی لەنێوان بنەماڵەی ئەیوبییان و شیعر و بەرهەمی وەفاییدا هەبووە. بۆیە سەید محەمەد دیوانی وەفایی بە دەستخەتی خۆی نووسیوەتەوە. وەك چۆن ئەیوبییانیش باس لە دیوانێکی دەسخەتی کۆنی وەفایی دەکات کە لە سەردەمی باوکیاندا لە کتێبخانەکەیاندا هەبووە. بەڵام گوایا لە کارەساتی سێڵاوی بەناوبانگی شاری مەهاباد، لەساڵی ١٩٣٩دا لەناو چووە.

سەید محەمەدی ئەیوبییان ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خەجیج خانی شێخەلئیسلامی موکری ئامۆزای هێمنی شاعیر پێك هێناوە. چوار کچ و کوڕێکیشی بەناوی (ئەمینی ئەیوبییان) هەیە، لە ڕێکەوتی ٢٤ بەفرانباری ١٣٥٨/ ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠، لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بداغ سوڵتانی مهاباد ناسراو بە (گومبەزان) نێژراوە. ڕەوانی شاد بێت.

### ٣- دیوانی وەفایی دەستخەتی مەلا قادری مودەڕیسی/

ئەم زاتە دیوانێکی دەستخەتی شیعرە کوردییەکانی وەفایی هەیە، لەنێوان ساڵانی ١٣٠٩ — ١٣١١/ ١٩٣٠ تا ١٩٣٢ بە دەست و خەتێکی جوان و خۆشی نەستەعلیق، لە دەفتەرێکی ئاسایی خەتداردا نوسیویەتەوە. دەفتەرەکە لە قەبارەدا مام ناوەندییە و پانی و درێژی پەڕەکانی (١٣ × ٢٠ سنتم) دەبێت. هەمووی بە

---

[1] ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەکانی (١، ٤)، ساڵی یەکەم، ١١ و ١٧ی ژانویە ١٩٤٦.

- سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، پرۆژەی هاوبەش (ئاراس — بنکەی ژین)، هەولێر، ٢٠٠٧.

[2] کۆماری کورد لەساڵی ١٩٤٦، ویلیام ئیگلتون جونیر، وەرگێراوی: سەید محەمەدی صمدی، لە چاپەمەنییەکانی کتێبخانەی سەیدیان، مهاباد، ١٣٥٨: ل ٢٥ — ٢٦.

سەریەکە لە (١٢٦) لاپەڕەدایە، لەو دەفتەرانەیە کە لەلای ئێمە لەکاتی خۆیدا شەست پەڕیان پێ دەگوت.

ئەیوبییان لە پێشەوەی دەفتەرەکە پێرستێکی (١٢) لاپەڕەیی بۆ ڕێك خستووە، کە سێ چوار لاپەڕەی بریتییە لە نووسینی ناونیشان و هەندێك بەڵگە و نموونەی دەستوخەتی مەلا قادر، کە لەپێشدا دەفتەرەکەی پێشکەش بەو کردووە. ئەنجا هەمووی لە بەرگ و جزوبەندێکی چەرمی قاوەییدا کۆکراوەتەوە.

سەرجەم ئەو غەزەل و قەسیدانەی وەفایی کە لە دەستخەتەکەدا هاتوون و لە پێرستەکەدا بە زنجیرە دەستنیشان کراوە (١١٣) پارچەیە. (٨٥) لاپەڕەی بەرایی بە مەرەکەبی ڕەش و بە خەتێکی خۆش نووسراوەتەوە، کەوا ئێستاش وەزعی باشە و بەچاکی دەخوێندرێتەوە، لەوە بەدواوە دەبێتە مەرەکەبی مۆر و هەتا لاپەڕە (١١٣)، داوێنیان تەڕ بووە و نووسینەکانیان شۆراوەتەوە و بەچاکی ناخوێندرێنەوە. لە داوێنی دوا لاپەڕەی دەفتەرەکەدا دیسان بە خەتێکی ڕەش و جوان نووسراوە: "پایان – ١٣١١/١١/١ هجری قمری"، دیارە هەڵەیەك لێرەدا ڕووی داوە، ئەم مێژووە دەبێت (هجری شەمسی) بێت و نەوەك (هیجری قەمەری)کە بەرانبەر بە ساڵی ١٩٣٢ی زاینی دەوەستێت.

مەلا قادر لە ڕۆژگارێکی دواتردا دەستخەتەکەی خۆی پیشکەش بە ئەیوبییان کردووە بەم شێوەیە کە لێرەدا بێ دەستکاری دەیخەینە ڕوو: "برای زۆر عەزیز و خۆشەویستم کاك عبیدالله ایوبیان ئەم دیوانە لەساڵی ١٣٠٩ ه. ش جمع آوریم کردوە پیش کەش بەتوی کە کردی کی پاك و بێ غل و غەشی دەکەم بەهیوای وەی کە تحقیقی لەسر بکەن تا دیوان وەفایی او جورەی پێویستی هەیە چاپ بکری سر برزیت لە خدای دخوازم رجا ئەوەیە لە بد خطي وعیب دیکە بم بخشی کەنیروو چاو حواسم نماوە کە خدمت بکم قادر مدرسی ١٣٦٢/١/٧".

ئەم دەستخەتە یەکێکە لەو دەستنووسە بنەڕەتیانەی ئەیوبییان کە لە ساغکردنەوەی دیوانی وەفاییدا پشتی پێ بەستووە، لە پەراوێزی زۆربەی تێکستەکانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە و جیاوازیەکانیشی لەگەڵ تێکستە بنەڕەتییەکاندا نیشان دراون.

سەید عوبەیدوڵڵا لە پەڕۆکەیەکی بچووکدا کە لەناو دەستنووسەکەی مودەڕیسیدا هەڵگیرابوو نووسیویە و دەڵێ: "کاك قادری مودەڕیسی زۆر جاران بۆی گێڕاومەوە و دەیگوت چاترین کۆمەڵە شیعری وەفایی لە بەیازێکی (صدر العلما)ی دابوو". دیارە ئەم (صدر العلما)یە مامی دایکی مامۆستا گیوی موکریانی و مەلایێکی ناودار و زانای موکریان بووە، مامۆستا گیو لە پێشەکی هەندێك لە دیوانە کوردییە چاپکراوەکانی چاپخانەی کوردستاندا چەند جاران ناوی هێناوە و باسی لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکانی ئەم زاتە کردووە، بەڕای من دیوانی وەفایی چاپخانەی کوردستان و دیوانەکانی وەکو، ئەدەب و ئەدیب و هی دیکەش لە بەر و بەرهەمی ئەو کەشکۆڵ و دەستنووسانەی ئەو زانایە بوون.



بسم الله الرحمن الرحيم ١

بچاوان غمزه و ایما مفرموو　　بقتلی عاشقی شیدا مفرموو
ئەمن کشتەی جمالی تۆم عزیزم　　لباغ جنت المأوی مفرموو
ئەلو موو سنبل و رو آفتابی
لە حسن طلعت لیلا مفرموو
دلی فرموو تە بگری نەحق　　کتو سلطانی حسنی وا مفرموو
لەچاوم درلتو طوفانی خوێنە　　لموج و خوشش دریا مفرموو
دمت وا بێنە قلبم توی طبیبم
بە تشریف دم عیسی مفرموو
من و یک لحظە شو ارام و طاقت　　لە دوری ماه شو ارا مفرموو
بو خوت بگوزه ئەنک بوچاوە مستە　　بجلد دان بی پروا مفرموو
وفای عاشق اندام تو نیه
بشهید قامت طوبی مفرموو
تا خندە گلی کاشف اسرار نهانه　　زارت لە تبسم توی قطعە زنانه ٢
زلفت چیه داتا بری حلقه بحلقه　　یا نه شو هجرانه کە زندان دلانه
توی پیدا کی ذوق دلە نی بهنانه
یا عطرە دباری اثری باغ گلانه
قلاب ثرت گرتم روی کردمه ابروت　　یعنی که اوه [illegible] دلانه
تو روژو درخشان و اهی شو تو زلفت
سرگشته لە دوی تو دگریم [illegible] نه

**دەستنووسی مەلا قادری مودەڕیسی: ل ٢**



٦٩

٦٧

لە باغان ئاهو نالین دڕ دلین شینو گلدا رون — لە میتی نانی صدان شین دگلر پیر مغان رودی

دلین دڕ فلک سیر قمر میزان کوراوە — کواگر زرد بو سنبت تیک چو رنگ ازغوان رودی

لە بر چاو جهان بێهم جهان تاریک بو بمزاخ

تە نوری — نە روی چاو کانم چو نە خورشید جهان رودی

لە دوری تو یە سوریە چاو کم بو گریە معلومە — شفق بو کوکبیش بلدی کە مهری خاوران رودی

لە دوری تو یە — دەمیک هات بچاو سرمە سا یعنی وفادارم

جار بگری

کە جرکی سرمە کردم بە سحری جادوان رودی

سحر مشانە هات بلبل شار بو طواف گل — کە دی باغ بو کلە داغ بو صد آهو فغان رودی

ملین بلبل منا لینە کوا گل گلشن چول کرد

دلی آرام نا چیگا کە آرام دلان رودی

قیامت بو دلان هستا کە چاومت ورگیرا — مگر آزادە بو ساقی لە بزم میگشان رودی

چە شێنیکە چە هاوارە لە نیو حلقە مریداندا

مگر خواجە سمرقندی لە نیو صاحب دلان رودی

چە آفت کوتە پر چاوم گوا چونور بینایم — مگر شەو بخارایە لە قهری عارفان رودی

خرابو خانقاە بو شیخ و شوق طالبان صد حیف — چمن ویران بو نغمەی بلبلان چو باغوان رودی

بنالە دل شفام نایە دریغ بو مرهم جرگم

لە زنگ کاروان چبکم دلیش کاروان رودی

بنالە بلبل و قمری قطاری بو یە هر دوگری — کە کلیک سرو بالام بو بتاراج خزان رودی

تمت

٢٤ مهر بابە ١٣٠٩، ١٢٠٩٥

چهارشنبە

٢٤ مهر ١٣٠٩

دەستنووسی مەلا قادری مودەڕیسی: ل ٦٩




**دەستنووسی مەلا قادری مودەڕیسی: لاپەڕەی کۆتایی**

مەلا قادر کوڕی مەلا حوسێنی مودەڕیسییە، لە تیرەی (تیلەکۆ)ی (کانی کەوەیی)یە. لەساڵی ١٣٨٢ هەتاوی/١٩٠٣، لە سابلاغ هاتۆتە دنیا. لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و زانا و ئاین پەروەر بووە. سەرەتا خوێندنی ئاینی و زمانی فارسی و عەرەبی لە خزمەت باوکیدا دەست پێ کردووە. دواتر لە مەدرەسە و مزگەوتەکانی مەهاباد و بەتایبەت لەسەر دەستی مامۆستا حاجی بایزی سابلاغی خوێندنی زانستەکانی ئاینی درێژە پێداوە، تاوەکو لە ساڵی ١٩٢٧دا خوێندنی تەواو دەکا و لەپێشدا لە ئیدارەی فەرهەنگ دەبێت بە مامۆستا و دواتر لە بەڕێوەبەرێتی دانەوێڵەیدا دەبێت بە کارمەند. لەگەڵ هەریەك لە سەید حوسێن حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی هاوڕێ خوێندکار بوون، هەر لەو ڕۆژگارەدا بیری نیشتمان پەروەری و کوردایەتی لەلا پەروەردە بووە. لەڕێگەی گۆڤارەکانی (هەتاوی کورد) و (زاری کرمانجی) فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووە. لە ئەندامانی کۆمەڵەی



مەلا قادری مودەڕیسی

(ژ. ك) و لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا بەڕێوەبەری چاپخانەی کوردستان بووە. سەر نووسەری گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) بووە کە (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، وەکو چۆن لەو ڕۆژگارەدا ڕۆژ ژمێرێکی باغەڵی بە کوردی وەدەر خستووە.

مرۆڤێکی هۆشمەند و زانا و دانا بووە و چەند بەرهەمی سەبارەت بە مێژووی کورد نووسیوە کە هێشتا چاپ نەکراون، هەروەها بە کۆششی ئەو مەولودنامەیەکی کوردیش لەساڵی ١٣٣٢/١٩٥٣ لە تەورێز چاپ و بڵاو کراوەتەوە. بنەماڵەکەیان لە سابلاغ و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا ناسراون و ناوبراو لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٣/٢٢دا ماڵ ئاوایی لە ژیان کردووە و هەر لە سابلاغیش نێژراوە(١).

### ٤- دەستخەتی میرزا کەریمی یاهوو (کاکە مەمی خاکی)

ئەم دەستنووسە دەفتەرێکی ئاسایی خەتداری کاغەزی نۆك ڕەنگی (٤٦) لاپەڕەییە. ئەندازەی پەڕەکانی (١٤,٥ × ١٩,٥سنتم)یە. هەر لاپەڕەیەکی بە جووتە هێڵێکی پانی مەرەکەبی شین لە سەرەوە بۆ خوارەوە کراوەتە دوو بەشی نا یەکسانەوە، واتە وەکو بەیازی لێ کراوە و شیعر و هۆنراوەکان لە هەر لاپەڕەیەکدا بە دوو ستوون لەم لاکێشەیەدا نووسراوەتەوە، لە هەر لاپەڕەیەکی بە هەردوو بەش (١٠ تا ١٣) دێر هۆنراوەی بە مەرەکەبی شین لێ نووسراوەتەوە، خەتەکانی نەستەعلیقی جوانن بەڵام ڕەنگیان پەڕیوە و کاڵ بوونەتەوە، زۆر وشە و نیوە دێری مەرەکەبەکەیان بەسەردا پەرت بووە وەك ئەوەی پروشکە ئاوی پێ کەوتبێ. ئەمە خۆی لە بنەڕەتدا کەشکۆڵە و شیعر و بەرهەمی کوردی و فارسی

---

(١) بۆ زانیاری سەبارەت بە ژیننامەی مودەڕیسی سوود لەم سەرچاوانەوە گیراوە.

- تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرو، مهاباد، ١٣٧٣.

- تاریخ فرهنگ وادب مکریان، ابراهیم افخمی، جلد دوم، انتشارات محمدی سقز، سال؟، ص ١٩٥.



دەستخەتی میرزا کەریمی یاهوو: ل ١



**دەستخەتی میرزا کەریمی یاهوو: ل ٣**



دەستخەتی میرزا کەریمی یاهوو: ل ٣٢

چەند شاعرێکی تیادا تۆمار کراوە. لەوانە دەستە شیعرێکی خاوەنی دەستنووسەکەیە، کە بە (خاکی) یاخود (کاکە مەمی خاکی) ناسراوە. بۆیە ئەیوبییان لە ڕووپەڕێکی پێشەوەدا ناونیشانی (دیوانی خاکی – اشعار کاکە مم خاکی) بەسەردا بڕیوە. لەپاڵ ئەوەدا شیعر و هۆنراوەی شاعیرانی وەکو: شێخ ئەحمەدی کوڕی موکریانی، شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی، شێخ حەسەنی گلە زەردەیی.... ئەنجا کۆمەڵێك تێکستی شیعری شاعیرانی فارسی لە وێنەی، جامی، شەمسی تەبریزی، غیاثی و محمدی و... گرتۆتە خۆی لەناو ئەمانەدا لەو دەستنووسە تەنیا چەند پارچەیەکی وەفایی دەبیندرێ کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن و لەڕێزی بەرهەمی ئەو شاعیرانەدا تۆمار کراوە.



میرزا کەریمی یاهوو (کاکە مەمی خاکی)

بۆیە ئەیوبییان لە پەراوێزەکانیدا ئەم دەستخەتە بە (پەڕاویلکەی گوڵبژێرێك لە بەند و تەرانەکانی وەفایی) ناو دەبات.

شیعرەکانی بە قەڵەمی مەرەکەب و خەتی پان نووسراونەتەوە. ئەنجا ئەیوبییان بە هەمان دەستووری دەستخەتەکانی دیکە پێرستێکی لە شێوەی پاشکۆ بۆ سەرجەم ناوی تێکستەکانی ناو دەفتەرەکە ڕێك خستووە و بەرگێکی نایلۆنی قاوەیی تێ گرتووە. وەکو لەو تێبینیانەڕا بەدیار دەکەوێت کە ئەیوبییان لە بەرایی و کۆتایی دەستخەتەکەدا نووسیویەتی، ئەو دەفتەرە دەستنووسە لەلایەن دەروێش کەریمی یاهووەوە پیشکەش بەو کراوە. ئەویش لە ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنی دیوانی وەفاییدا کەڵکی لێ وەرگرتووە.

بنەماڵەی یاهوو لە هۆزی (شێخ شەریفی)ن و مام کەریم خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی بەرز و بەتین بووە، بڕیاری وابووە تا دوایی تەمەنی و لە هیچ بار و دۆخێکدا جل و بەرگی کوردی خۆی نەگۆڕێ، یەکەمجار فەرمانبەری دایەرەی دوخانیات (جگەرە) بووە، پاشان گوێزراوەتەوە دایەرەی بیهداری (تەندروستی)، بە ئیش و کاری دایەرەکەی نێردراوەتە تاران و جارێکیش نێردراوەتە لای وەزیری بیهداری و هەر بە جلوبەرگی کوردییەوە چووە لەم ڕووەوە تووشی گرفتیش هاتووە.

مام کەریم بەر لەوەی خانەنشین بکرێ، لە کارەساتی ئۆتۆمبێلدا تووشی فەلەجی (شەپڕە) بووە و هەر لەسەر جێی و بالینگانی نەخۆشیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەم دەستخەتە لە بنەڕەتدا لەلایەن (کاك محەمەدی یاهوو) نووسراوەتەوە کە ئامۆزای میرزا کەریم بووە. لەو بارەیەوە ئەیوبییان دەڵێ: ئەو دەستنووسە دیاری کاك کەریمی یاهوو (کاکە مەمی خاکی)یە، کە بە دەروێش کەریمی یاهوو نێوبانگیان دەرکردبوو، مام کەریم پیاوێکی چاك و کوردێکی پاك و نەتەوە پەرست بوو. یەکێ بووە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی ئازادی کوردستان) کە لە ساڵی ١٩٣٨دا، لە پیاوانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرانی مەهاباد و ناوچەی موکریان بەر لە کۆمەڵەی (ژ. ك)، پێکهاتبوو. ئەنجا دەڵێ: لە پایزی ساڵی ١٩٨٤دا ئەو دەستنووسەم بردە تارانێ و بەرگم تێ گرت. چەند ڕۆژ دواتر ئێوارەیەکیان چوومە کن کاك محەمەدی یاهووی و ئەو پەڕاوییە دەستنووسەم نیشاندا، فەرمووویان ڕاستە ئەوە دەستنووسی خۆیەتی و لەنێوان ساڵانی ١٣٠٧ – ١٣١٤/ ١٩٢٨ – ١٩٣٥دا لە مەهاباد

نووسیویانەتەوە. سەبارەت بە ژیننامەی کەریمی یاهوو شتێکی کەم لەبەردەستدایە. ناوی کەریم بووە و کوڕی کاکەمەمی یاهوو، ساڵی ١٢٧٧ی هەتاوی بەرامبەری ١٨٩٨ زایینی لەشاری مەهاباد لەدایك بووە. بەناوی نهێنی (کاکە مەمی کورد) ئەندامی ژمارە (٢١)ی کۆمەڵەی (ژ. ك) بووە و لەنێوان دۆستانی دا (مامۆی پیر)یشیان پێ گوتووە. مام کەریم لە ١٨ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٨ی مایسی ١٩٦٧ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان نێژراوە. سەبارەت بە محەمەدی یاهووش ئەوەندە دەزانین کە لە ساڵی ١٢٨٦/ ١٩٠٧ لە مەهاباد هاتۆتە دنیا، بەڵام لە دوایە ناسنامەیان لە (مەراغە)ی بۆ وەرگرتووە. لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ك) و ئەندامێکی دیاری ئەو ڕێکخراوە بووە[1]. ساڵانی دوایی ژیانی لە تاران بەسەر بردووە و لە هاوینی ١٣٦٥/١٩٨٦دا لە ماڵەکەی خۆیدا لە تاران بە وەستانی دڵ کۆچی دوایی کردووە. وەکو ئەیوبییان دەڵێ: (کاك محەمەدی یاهوو دوو پەڕەنگەی کوردی و چەند نامەیەکی بە فارسی بۆ یادگاری لەلای من ماوە، ڕەوانی شاد بێ).

**٥- (تەواوی وەفایی – یا – ڕێکەوەندی وەفایی):**

دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی/ دەستنووسێکی قەبە و ئەستووری گەورەیە، لەدوای ئەوەی ئێمە ژمارە بەندیمان بۆ ڕێکخست، دەرکەوت لە (٧٦٧) لاپەڕەی قەبارە گەورەی (١٩ × ٢٨ سنتم)ی دایە. لە دوو لاپەڕەی بەراییدا بە خەتی گەورە دوو ناونیشانی بۆ داندراوە، لە یەکەم دا نووسراوە (تەواوی وەفایی)، ئەم ناونیشانە لە زاراوەی (کلیات)ی فارسی وەرگیراوە. (کلیات) لە پێشدا بۆ تەواوی شیعر و بەرهەمی شاعیرانی کۆنی ئێرانی بەکار هاتووە، لە وێنەی (کلیات سعدی، کلیات جامی، کلیات نظامی، کلیات شهریار...) لە ئەمڕۆدا زیاتر واتای (کۆ بەرهەم) دەبەخشێت، هی هەر شاعیر و ئەدیب و نووسەرێك، جا چ شیعربێت یا پەخشان، یا شیعر و پەخشانی نووسەرێك بێت بە تەنیا. لە لاپەڕەی دواتردا ناونیشانی (ڕێکەوەندی وەفایی) لە بڕی (دیوانی وەفایی) هاتووە.

(ڕێکەوەند) وەکو زاراوە ناوێکی لێکدراوە، لە ئاوەڵناوێك و پاشگرێك بە یاریدەی نێوبەند پێکهاتووە (ڕێك + ە + وەند)، لەوەدەچێ سازکراوی خودی ئەیوبییان بێت، کە لە زاراوەسازییدا دەستی هەبووە و لە شوێنێکی دیکەدا زیاتر ئاوڕ لەو مەسەلەیە دەدەینەوە.

ئەو دەستنووسە ڕەشنووسی یەکەم و بەرایی نووسەرە، کاتێ پەڕژاوەتە سەر کۆکردنەوە و بژارکردنی شیعر و هۆنراوەی کوردی و فارسییەکانی وەفایی بە پشت بەستن بە سێ چوار نووسخەی دەستنووس و نوسخە چاپییەکەی گیوی موکریانی، واتە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەر لەوەی دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

[1] کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤: ل ١٣٤.



٥   لەو شارە   پاکنووس کراوە

لەو شارە خودەنگی سەرنەمێنێ لە جگەر دا    شۆخێکە غەمی کۆتێنە داری بە قەمەر دا

غونچەلیوە وەکو گوڵ بەسەر و بەرگی بەهاری    خوێی گوڵ دەمی، گوڵ ئیچە بلرێ گوڵناری لەبەر دا (١)

بۆ زەوقی تەکەلوم کە دەمی هاتە تەبەسوم    خەندەی لە دەمی غونچە و وتە عنە لە شەکەر دا

شەرمایە لە سەر سوڵکی دڵم غەمزە و نازی    بۆیە کە بە جووت دێن وەکو نەشتەری بە جگەر دا

گەنجینەتە لەسمی هەیە بوو چاوە لە سەر ریشی    دەجەهی چینە ئاشوفتەیە زولفت بە کەمەر دا

تیرت کە قەراری جگەرم بو، وەدڵم کەوت    تا ڕۆژی حەشر داخی خەدەنگت لە جگەر دا

ماڵێکە هەبوو دەقفە لە شوقی سەری کوڵزت    عومرێکە هەموو سەرفە لە ناڵینی سەحەر دا

هەر لەحزە وەفایی وەکو بولبول کە دەناڵێ
کەس وەنیە نە کا عیشقی گوڵندامی لە سەر دا (٢)

عسا گەورەک
گیو و گربانی

---

(١) - گم: خوێ گوڵ، دەمی گوڵ، چەپکی گوڵناری لەبەر دا.

(٢) - گوڵندام ژنێکی زۆر جوانی سابلاغ بووە دایکی میرزا ئەحمەدی بەگلەر بەگی کە یابۆنیکی بەرزە و زۆر زاڵ
وقسە خۆشی سابلاغی بووە، جا وەفایی بەگیتی تەنزی لەوی کراوە. [signature]

١٣٢

ڕەشنووسی بەرایی (ڕێکەوندی وەفایی)

دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان: ل ١٣٣



ڕەشنووسی بەرایی (ڕێکەوتی وەفایی)

دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان: ل ٥١٠


پەرلانی ئەیوبیان
PERLANI AYYUBIYAN

وفایی جهانگیر عالم سخن است

قلم به دست من اندر سواد خط نظم — سکندری است جهانگیر عالم سخن است

از آن کشم که زداغ تراشه قلم — عطاردا زمه نو حلقه ای به گوش من است

نه هرکه سنگ تراشید نقش شیرین است — به تیشه هنر این بیستون ختم کوهکن است

در انجمن که رکود نوای بلبل مست — به جای نغمه گوش جغد و شیون زاغ و زغن است

دلم به بوسه در آن زلف پر شکن — چرا که طوطی هندوستان شکرشکن است

همیشه در نظر مردمان زمان خوار است — اگر ز نادره حسن یا اویس از قرن است

سحر بلند بگویم که شیخ و ملت شیخ — حباب این همه تنها چراغ انجمن است ؟

چه مردی است وفایی در این خراب آباد
که کسی شهرت مردم به اعتبار زنان است

۱- قج : خط و سواد نظم ؟! [illegible]

۲- عگ : عطاردا زمه نو حلقه گوش دست من است [illegible]

۳- قج : بوسه زان زلف .

۴- قج : که اگر شهرت مردم باختیار ؟

۲۵۹۷/۵/۹

۵۹۸

**ڕەشنووسی بەرایی (ڕێکەوندی وەفایی)**

**دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان: ٥٩٨**

ئەم دەستنووسە لە دوو بەشی سەرەکی دایە، بەشی یەکەمی لە (٣٣٠) لاپەڕەی زەردباوی ئەستووری بێ خەت پێکهاتووە. لەمەدا (٣٥)لاپەڕەی بۆ چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە ژیان و سەردەم و بەسەرهاتی وەفایی تەرخانکراوە لەژێر سەردێڕی (ژینەوەری مامۆستا وەفایی موکری)، کە گێڕانەوە و گفتوگۆ کردنە لەسەر هەموو ئەو بیر و ڕایانەی لە پیشەکی دیوانە چاپییەکانی (گیوی موکریانی و سەیدیان)، لە دواییدا هی قەرەداغیشی بۆ زیاد کردووە. لەپاڵ کۆمەڵێك بیروڕا و بۆچوونەکانی نووسەر سەبارەت بە کەسایەتی و خەسڵەت و خوڕەوشتی وەفایی، ڕادەی باڵا دەستبوونی لە زانست و زانیارییەکان، ژیانی خێزانی وەفایی و ئەو کچانەی لەپیشدا خۆشی ویستوون و پێیدا هەڵگوتوون، ئەنجا کۆمەڵێك نەقل و نەزیلە سەبارەت بە زۆر لایەنی سەربوردەی وەفایی لەوانە پێکگەیشتنی و ئاشنابوونی لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، پەیوەندی و عیشق و عەلاقەی وەفایی لەتەك بارەگا و خانەقای نەهری و بنەماڵەی شێخانی شەمزینان... هەموو ئەمانە و زۆر شتی دیکەش لەچوارچێوەی قسە و باسێکی داستانی و پەخشان ئامێزی دوور و درێژدا خراونەتەڕوو، کە زیاتر لە وەسف و پیاهەڵنان دەچێ لەوەی پشتی بە زانیاری دروست و ورد و زانستی بەستابێت. هەر بۆ نموونە پەرەگرافێك لەم باس و خواسانە لە لاپەڕە (٢٩)دا وەردەگرین کە بەم جۆرەیە:



سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی لە تاڤی لاوێتی دا

(مامۆستا وەفایی پیاوێکی هەتا بڵێی ڕاست و دروست و چاك و پاك بوو، ئەو بەڕاستی موسوڵمان و پیاوی پڕ نازەوەند و بەرزەوەند حەزرەتی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان بوو. لە بارەگای پیری گەورەی ڕا بگرە تا دەگاتە ماڵ و زانکۆی خۆماڵی، دەگەڵ هەموو کەس و لەهەر جێیەکی، پیاوێکی دەروێش و ڕویل و ئازاد و هەڵوەدا و بوو. وەدوای دراو و زێڕ و دارایی نەدەکەوت، خۆی لەکن زۆرزان نەبوو، هەتا بڵێی زۆرزان و هونەروەربوو....).

لە هەموو دەستنووسەکەدا شیعر و نووسینەکان لە ڕوویەکی لاپەڕەکاندا تۆمار کراون، لاپەڕی بەرامبەریان بە سەرنج و تێبینی و بیرەوەری و نووسینی جیاجیای کوردی و فارسی پڕ کراونەتەوە یا بە سپێتی ماونەتەوە.

ئەنجا لە لاپەڕە (٤٠) بەدواوە تێکستە شیعرییە کوردییەکانی وەفایی دەست پێ دەکات و تاکو لاپەڕە (٣٣٠) درێژەی دەبێت. تێکستەکان بە دەست و قەڵەم و خەتی جیاجیا و ڕێنووسی فارسی ئامێز نووسراونەتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکان بە دەست و خەتێکی جوان و خۆشی نەستەعلیق و بە مەرەکەبی ڕەش تۆمار کراون، بێ ئەوەی ڕەچاوی زنجیرە بەندی سەروا، یان ئەلفوبێ کرابێ، لە پەراوێزی تێکستەکاندا بەراورد و جیاوازی وشە و زاراوە لەنێوان نوسخە چاپی و دەستخەتەکان نیشان دراوە، بەڵام بە کورتی و بەشێوەیەکی ڕاگوزاری، چونکێ وەکو گوترا ئەمە ڕەشنووسێکی سەرەتاییە، هەربۆیە زۆر ڕێك و تەواو و پوختەکراو نییە. ئەیوبییان دوای ئەوەی کاری لەسەر تێکستەکان کردووە و خۆی گوتەنی هەلاوێژ و سووری کردوونەتەوە لە دوایی بۆ دەستنووسێکی دیکەی ڕاگواستون. ئەوجار

له داوێنی لاپەڕەکاندا نووسیویەتی (بەرامبەری و چاك و پاکنووس کراوە)، ئەوجا مێژوویە کێشی بە حیسابە تایبەتییەکەی خۆی لە پاڵدا نووسیوە. جار جارە هەندێ سەرنج و وردە ڕووداوی جیاجیاشی لەداوێنی لاپەڕەی تێکستەکان گێڕاوەتەوە. بۆ وێنە لە لاپەڕەی (٥٦)دا تێکستێکی (٧) دێری وەفایی بەناونیشانی (وەفایی مەجلیسی گەرمە هەر مەست و سەرمەستە) تۆمار کردووە.لە گۆشەیێکی ژێرەوەی تێکستەدا نووسیویەتی: (بەرامبەر کرا، ٢٥٩٦/٧/٢٦؟، دیسان بەرامبەر بکرێتەوە)، لە دوایە لە بەشی ژێرەوەی لاپەڕەکەدا نووسیویەتی: (بەرەبەرەی مانگی بەندانە، ڕێکەی وەفایی ڕێکوپێك بوو، بەڵا دوێنێ لە شاری ئیسفەهانی بۆ سێیەمین جار دەرمانداویان کردم، ئەورۆ زۆر بێ ڕەجل و بێ هێز و دژ و غەمبارم، ئایا چ هێزێك تۆڵەی من دەکاتەوە، خودا دەزانێ، عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان، ڕێکەوتی ١٦ی بەندانی ١٣٤٦). - ڕێنووسە تازەکە لە ئێمەوەیە.

له داوێنی لاپەڕەی تێکستی (سەرابستان خەرابستانە ئیمڕۆ)دا بە مەرەکەبێکی سوور نووسیویە:

**هەموو دنیا بەهارستانە ئیمـڕۆ      لەلای من وەك چڵوی زستانە بێ تۆ**

**ئەگەر هاتووی بزانی من چڵۆنم      بەکەیفی تۆ سەراپا غەرقی خوێنم**

ئەنجا دەڵێ: ئایا ئەو بەندە ئی وەفاییە یان نا؟ کە ئی وەفایی نییە ئی چ باوێژێکی دیکەیە؟ هەلاوێژی و ڕاگەیی بکرێ.... لە خوارەوە نووسیویە: ئەو بەندانەم لە ماملێکان بیستووە، جار جارەش بابم بە دەنگێکی نەرم و ئارام ئەو بەندانەی سەرەوەی دەکوتن، لە منداڵیەوە ڕا لەبەرمە و لەبیرمە، لێ بکۆڵرێتەوە. لەدوای ئەوەش بە خەت و قەڵەمێکی ڕەش و ڕێنووسێکی ورد نووسراوە: لە پەڕاوییەکی ئامانە خاتوونی خێزانی کاك عەزیزوڵڵای زەندی ئەو بەندە بەنێوی وەفایی هاتووە، تەواو بنووسرێتەوە:

**عەجایب ماوم یاران دەڵێن ڕۆژی مەحشەرە ئیمڕۆ**

**قیامەت ڕابووە، یاخۆ جیهان بێ کیشوەرە ئیمڕۆ**

ئیتر ناشێ و ناکرێ جڵە و بۆ خامە شل کەین و بەدوای ئەم هەموو وردە تێبینی و نووسین و نەقل و نەزیلانەدا بڕۆین! چونکێ زۆر زۆرن و تەواو نابن، کورد واتەنێ مشتێ نموونەی خەروارێکە و لێرەدا لەکورتی دەیبڕینەوە.

بەشی فارسی دەستنووسەکە لە لاپەڕە (٣٣٤)ەوە دەست پێ دەکات، لە سەرەتاوە پێڕستێکی بۆ لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکە کردووە، کە بە زمانی فارسییە و لەناوەخندا هەمان پیشەکییە کوردییەکەیە و دووبارە کراوەتەوە، ئەمە چەند بڕگەیەکی پێڕستەکەیەتی:

وەفایی رابهتر بشناسیم، یادی از وفایی، شرح حال وفایی، حضرت شێخ عبیداللە شمزینان و وفایی، وفایی و شێخ رضا تالبانی، همسر و معشوقهای وفایی،... تاد).

ئەنجا باسێك دادەمەزرێنێ سەبارەت بە نوسخە چاپی و دەستخەتەکانی وەفایی، لەنێو دەستخەتەکاندا باس لە کۆبە و پەراوێزەکانی نوسخەی میرزا عیسای گەورك دەکات، لەسەر دێری لاپەڕەکەدا نووسراوە: (یاداشتهای تاریخی نقل از حاشیە دیوان وفایی بقلم میرزا عیسا گەورك)، دواتر دێتە سەر: (فهرست مندرجات حواشی نسخە خطی دیوان وفایی مکری بخط میرزا عیسا گورك)، ئەمە لاپەڕە (٤٦٦ تا ٥٣٨) دەخایەنێ، هەڵبەتە لەم نێوەدا لاپەڕەی سپی و بەتاڵ و نووسینی لابەلا و بیرەوەری و یاداشتی بە

کوردی و فارسی نووسراو کەم نین، لەدوای ئەمانە دێتە سەر تێکستی هۆنراوە فارسییەکان و بە قەسیدە ئاینییە پێنج خشتەکییەکەی وەفایی لەسەر شیعرە ناودارەکەی حافزی شیرازی، (عبیدالله رئیس مرشدان وقطب کاملها) دەست پێدەکات. تێکستە فارسییەکان بە گوێرەی ئەلفوبێی سەروا ڕیزبەندی کراون، لە پەراوێزیشدا جیاوازی نێوان نوسخەکان لە هەندێ وشە و زاراوەدا بەدیار خراون، ئەوسا بە دەستووری شیعرە کوردییەکان لە داوێنیاندا نووسراوە، (مقابلە وتصحیح و پاکنوس شدە)، بەم جۆرە تا دەستنووسەکە لە لاپەڕە (٧٦٦)دا بەکۆتا دێت.

سەبارەت بەوەش کە ئەیوبییان کەی و چۆن هەڵوەدای شیعر و هۆنراوەی وەفایی بووە و لەدوایەش دەستی کردووە بە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەیان، بەو ئومێدەی ڕۆژێك لەڕۆژان دیوانێکی ڕاستوەری وەفایی بچێتە نێو کتێبخانەی کوردی و بگاتە دەستی خوێندەوارانی کورد. دیسان پەنا بۆ چەند وردە سەرنج و تێبینی و بیر و ڕایەکی خۆی دەبەین، کەوا لابەلا لە چەندین شوێنی پەرش و بڵاوی دەستنووسەکەیدا بە کوردی و فارسی تۆماری کردوون، لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین وە سەریەکیان بخەینەوە و بە یەکەوەیان گرێ بدەین. لە شوێنێکدا دەڵێ: ئەوەی لەبیرمە هەر لە منداڵییەوەڕا بۆ خۆم لەگەڵ کاکم و.... خەریکی کوردی خوێندنەوە و نووسین و هەروەها کۆکردنەوەی ڕێکەوندی وەفایی بووم. لە شوێنێکی دیکەدا نووسیویە: هەتا ئەوڕۆ نیزیکەی چوار هەزار و یەك سەت بەندم لە هەڵبەستە شیرینەکانی مامۆستا وەفایی دەست کەوتووە و هەڵاوێژم کردووە و لەگەڵ چەند تات و دەکانەی کۆن و نوێ بەرامبەریم کردوون و ڕەنووسم لێ هەڵگرتوون. لە نزیکەی چوار هەزار و یەك سەد بەندان، هەزار و حەوسەت و سی و حەوت بەندی کوردییە، ئەوەی دەمێنێتەوە هەموو فارسییە، چەند بەندێکی عەرەبی لەنێودایە. ئەنجا لە ژێرەوەی نووسراوە: یەکی نەوسانی دوو هەزار و پێنج سەد و حەفتا و چوار، ٢٥٧٤/١/١، ڕێکەوتی ١٣٤١/١/١ ئەم ڕێکەوتە بەرامبەری ١٩٦٢/٣/٢١ی زایینییە. ئەیوبییان لە سەرەتای بەشی فارسی دەستنووسەکەیدا نزیك بە لاپەڕەیەکی بە فارسی بە ناونیشانی (روش مصحیح) نووسیوە، لێرەدا پوختەیەکی بە کوردی دەخەینە ڕوو: لە کاری کۆکردنەوە و ڕاستکردنەوەی دیوانی وەفایی، نووسەر دووچاری کێشە و گرفتی زۆر هاتووە. لە ماوەی (٢٢) ساڵدا، کۆمەڵێك کەشکۆڵ و دەستنووس و بەیاز و دەفتەرە شیعری کۆن و پەڕپووت و پرش بڵاو، کە شیعر و هۆنراوەکانی وەفاییان تیادا تۆمار کراون، خستوومنەتە ژێر لێکۆڵینەوە و بەراورد کردن، بەو هۆیەوەش وەفایی لە ناوچەیەکدا ژیاوە، کە لە ڕۆژگارێکدا سەتی نەوەدی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون، بۆیە شیعر و هۆنراوەکانی لە شێوەی گۆرانی و بەند و بەیتی کوردەواری سینە بە سینە لەنێو خەڵکیدا گوێزراوەتەوە. بە جۆرێك تێبینی دەکرێت کە جاری وا هەیە پارچە غەلێك بە (٢٠ — ٣٠) شێوەی جیاواز دەگوترێتەوە. بۆیە ناچار بووم کە چەند دەقی جیاواز لەپاڵ یەکتریدا ڕابگرم، سەرەتا هەڵە باوەکانی لێ دەرباوێژم و ڕاستەکەی بدۆزمەوە. کەهات شتێکی گرینگم لە ڕووی نوسخەیەکەوە ڕاست کردبێتەوە لە پەراوێزدا نیشانم پێداوە. ڕەنگە لەو کارەیدا ئەوەندە کێشە و گرفت و ئاڵۆزیم هاتبێتە ڕێگا کە لە ژماردن نایەن، تا کەسێك ئەم دیوانە لەبەر یەك دوو نوسخە و دەستنووسان ڕانەگرێت و بەراوردیان نەکات، پەی بەسەختی و زەحمەتی و ڕادەی ماندووبوونی نووسەرەکەی نابات. ئێمە سوودمان لە هەموو نوسخە چاپ و دەستنووسەکانی بەردەستمان وەرگرتووە، هەتا بە کەسانێك

ڕادەگـات کـە سـەرزارەکی یـەك دوو پارچـەی وەفاییـان لەبـەر بوو‌بێـت، تەقـەلامان کـردووە لـە ڕاستکردنەوەی هەر هەڵە و گەیشتن بە ڕاستی سەبارەت بەهەر تێکستێکی شیعری وەفایی کەڵکی لێ وەربگرین. دوای ئەوەش هەر هەڵە و ئیشکالێك مابێت کە تا ئێستا پێمان چارەسەر نەکرابێت، ئەوا بەناچاری وەك خۆی ڕوونووسمان کردووە و بەڕاشکاوی پەنجەمان بۆ ڕاکیشاوە. هەندێ لە پارچەکانی وەفایی لەگەڵ ئەوەیدا کەوا کاڵ و ساکار دێنە بەرچاو، خەڵکانێکیش لەو ڕایەدان کەوا چێترە ئەو پارچانە لەو دیوانەدا دەرباوێژرێن، بەڵام نووسەرەوە ئەم مافەی بەخۆی نەداوە و بە نیشانەی ئەمانەتداری، هەموو شیعرەکانی وەفایی وەك چۆن هەن، بێ کەم و کوڕی و هیچ دەستێوەردانێك، بەوردی لێرەدا کۆکراونەتەوە.

وەکو لەسەرتاشدا نووسرا ئەمە ڕەشنووسی یەکەم و بەرایی ئەیوبییان بووە کە شیعرەکانی وەفایی تیایدا نووسیوەتەوە، لەپاشان ئەمە بۆتە بناغە و بنچینە بۆ کارەکەی و لەڕۆژگارێکی دواتردا بۆ دەستنووسێکی ڕێکتر و پوختەتری ڕاگواستووە. ئەنجا ئەم دەستنووسەی دووەم بۆتە بنچینەی کاری ئێمە و ئەم چاپەی دیوانی وەفایی لەژێر ڕۆشنایی ئەودا ئامادە و ڕێکخراوە کە لە شوێنێکی دیکەدا لەسەری دەدوێین.

**دەستنووسەکانی بەشی فارسی/**

بەر لەوەی بێینە سەر وەسف و تاریفی نوسخە و دەستخەتە فارسییەکانی دیوانی وەفایی کە لەبەر دەستی ئەیوبییاندا بوون و بە ئەندازەی پێویست کەڵکی لێ وەرگرتوون، بەباشی دەزانم، ئەگەر بە کورتیش بێت، ئاوڕێك لە بەشی فارسی نوسخە چاپەکانی دیوانی وەفایی بدەینەوە.

لە چاپی یەکەم و چاپەکانی دیکەی وەفایی گیوی موکریانی دا، تەنها (٥) چوارینی فارسی وەفایی هاتوون، وەکو (نموونەی هەڵبەستی وەفایی لە زمای فارسیدا). گیو نووسیویەتی: "هەرچەند هەڵبەستەکانی فارسی (وەفایی) لە ئەژمار بەدەرن بەلان ئێمە لێرەدا لەو (٥) چوار خشتەکیانە پتر ناتوانین بەچاپ بگەیەنین، چونکە ئێمە بەخۆمان و چاپخانەکەمانەوە تەنها بۆ خزمەتی زمانی کوردی ڕەخساوین، بێجگە لەوەش بۆ نموونە تاکێك بەسە"[١]. لە چاپەکەی (سەیدیان)یشدا هەمان شت دووپاتە کراوتەوە، بێ ئەوەی وشەیەکی لێ زیاد و کەم بکرێت[٢].

لە چاپی محەمەد عەلی قەرەداغیدا بۆ یەکەمجار بەگوێرەی ئەو زنجیرە بەندییەی ئەو بۆ تێکستەکانی کردووە (٩٢) پارچەی فارسی وەفایی بڵاو کراوەتەوە. ئەیوبییان لەکاتی هەڵاوێژ و بەراوردکردنی شیعرە فارسیەکاندا زۆری ئاماژە بۆ تێکستەکانی ئەم چاپە کردووە کە لە شوێنی خۆیان لە پەراوێزەکاندا تێبینی دەکرێن. ئەو چاپەشی کە لەژێر چاودێری مامۆستا (هێمن) و لە ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەیوبی لە ورمێ، لە ڕووی چاپەکەی قەرەداغیدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەشە فارسییەکەیان لێ وەلاناوە و تەنیا بەشە کوردییەکەیان لێ چاپ کردۆتەوە. بۆ ئەوەش لە سەرنجێکدا

[١] دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٥١: ل ١٢٤.

[٢] دیوانی وەفائی مهابادی، کتابفرۆشی سیدیان، مهاباد، ١٣٤٤، ل ١٧٥.

که له بەرایی دیوانەکە و بەناوی ئینتیشاراتەکەوە خراوەتە ڕوو، بەڕاشکاوی دەڵێن: (بەشی فارسی دیوانەکە چاپ نەکراوە، چونکە جگە لەوەی شتێکی تازەی تێدا نابیندرێ کە لە بەشە کوردییەکەیدا نەهاتبێ و هونەری شاعیر لە شیعرە کوردیەکانیدا خۆی دەنوێنێ، قورستربوونی کتێبەکە دەبێتە هۆی گرانتربوونی نرخەکەی)[٣]. لەگەڵ ئەوەی ئەم قسەیە بەبیر و ڕایەکی دروست و زانستی وەرناگیرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا لە مەسەلەی چەندوچۆن کردن لەو بارەوە نابین.

ئەنجا کە باس بێتە سەر ئەو دەستخەت و دەستنووسانەی کە شیعرە فارسییەکانی وەفاییان تیادا تۆمار کراون و ئەیوبییان لە ئامادەکردنی دیوانی تەواوی وەفاییدا کەڵکی لێ وەرگرتوون، دەتوانین لە دوو بەشدا ناوی چەندین دەستخەت و دەستنووس و دەفتەرە شیعری جیاجیا بەرین. بەشێکیان ئەوانەن کە زانیاری تەواو و دروستمان لەبارەیانەوە هەیە و سەرچاوەی گرینگ و بایەخدار پێك دەهێنن، بەشێکیشیان ئەوانەن کە زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەی خۆیان و خاوەنەکانیشیانەوە نییە، ئەمانە سەرچاوەی دەستی دووەم پێك دەهێنن و ئەیوبییان بە کەم و کورتێك لە گۆشە و پەراوێزەکاندا ناوی بردوون.لێرەوە لە دەستنووسە گرینگەکانەوە دەست پێ دەکەین:

١- **دیوانی وەفایی دەستخەتی میرزا عیسای گەورك:** وەکو لەشوێنی خۆیدا باسمان کرد ئەم دەستنووسە لە پێشەوەی هەموو دیوانە دەسخەتەکانەوە دێت. ئەنجا خۆی بە شیعرە فارسییەکانی وەفایی دەست پێ دەکات و بەگوێرەی پێڕستەکەی ئەیوبییان (٩٧) پارچەی فارسی گرتۆتە خۆی، وا تێدەگەم تاکو ئێستاش سەرچاوەی هەرە گرینگ و بایەخدار بێت بۆ پشت ڕاستکردنەوەی سەرجەم شیعر و بەرهەمی وەفایی بەتایبتیش بەشە فارسییەکەی. ئەیوبییان زۆر کەڵکی لە بەشی فارسی ئەم دەستخەتە وەرگرتووە و تێکستەکانی لەگەڵ شیعرە فارسییەکانی چاپی قەرەداغیدا لەبەر یەك ڕاناون و لەئاکامدا گەیشتۆتە زۆر ئەنجام و ئاکامی ڕاستودروست سەبارەت بە شیعرە فارسییەکان.

٢- **دیوانی وەفایی قسمت فارسی نسخە خطی قادر ریحانی:** بەگوێرەی زانیارییەکان ئەمە ئەو دەستنووسەی دیوانی وەفاییە کە لە کتێبخانەی قادری ڕیحانیدا هەیە. دەستنووسەکە لە (٨٨) لاپەڕە دایە و (٩٠) پارچەی فارسییە کە سەرجەمی لە (٩٥٥) دێر دایە.لە بنەڕەتدا بە خەتی سێ کەس نووسراوەتەوە؛ بەشی یەکەمی لە لاپەڕە (١ تا ٥٥)، بە خەتی (مەلا ئەحمەدی ئاکۆیی)یەو بریتییە لە (٤٠) پارچە و (٥٤٣) دێر. لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی/ ١٩٣٩ بە خەتی نەستەعلیقی شکستە و بە مەرەکەبی ڕەش و لاپەڕەی قەوارە (٢٠ × ١٦ سنتم)یدا نووسراوەتەوە.

---

[٣] دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە، ١٣٦٤: ص ٥.



گفتند که بر چشمه کند سرو سهی جان / باور نکنم تا نشود چشمه نیائی

چون روی بگردانم از ابروی تو جانا / کار باب وفا را بخدا قبله نمائی

بی نام تو هرچند بود فتح جهان خام / بی خامهٔ من هم نه بود نامه گشائی

گفتم که بگیسو دمکی ساعد شاهم / تا مردم اگر باز نگردم چو وفائی

السلام ای باغ رویت جنت المأوی من / السلام ای سنبل مویت شب یلدای من

السلام ای گوشهٔ محراب طاق ابروت / در حرم عالم قبلهٔ من مسجد الاقصای من

السلام ای گشته در هر خط و خال لبت / در سه بارا سودای من غوغای من

السلام ای برگل رویت غزل خوان روز و شب / بلبل خونین دل شکین دل شیدائی من

السلام ای دیدن و خندیدن رنجینت / مرهم من داغ من روح و فرح بخشای من

السلام ای سرو نورین سایه جا نهاده / سایهٔ سروی بلندت ملجأ و مأوای من

السلام ای آنکه در جنت سرای لطف و ناز / قامت جان پرورت هم سرو هم طوبای من

- ٢٠ -

لاپەڕە ٢٠ی دەستنووسەکە. بە خەتی میرزا ئەحمەدی ئاکۆیی.

**دیوانی وەفایی نوسخەی قادری ڕیحانی**

**دەستنووسی میرزا ئەحمەدی ئاکۆیی**

ئەم زاتە (مەلا ئەحمەدی ئاکۆیی موحەسسیل)، خەتخۆشی بەناوبانگی مەهاباد بووە، کوڕی مەلا عەبدوڵڵایە لە ١٢٧٩/٩/٩ بەرامبەر بە ١٩٠٠/١١/١ لەدایك بووە و لە ١٣٦١/١٢/١٦ بەرامبەر ١٩٨٣/٣/٦ کۆچی دوایی کردووە. خوێندنی حوجرەی لەلای باوکی تەواو کردووە و هەر لای ئەویش لە ١٣٠٦/ ١٩٢٧ ئیجازەی وەرگرتووە. لەنێوان ساڵانی ١٣١١ تا ١٣٤٢ — ١٩٣٢ تا ١٩٦٣ لە خوێندنگاکانی شاری مەهاباد مامۆستای خۆشنووسی بووە. نموونەی دەستخەتی زۆر ماون و بەشێکی لای بنەماڵەکەیان و بەشێکی لای دۆستانی پارێزراون.


مەلا ئەحمەدی ئاکۆیی

بەشی دووەمی دەستخەتەکە (٤) لاپەڕەیە و بە خەتی (سۆفی محەمەدی ڕیحانی) مامی قادری ڕیحانییە. سۆفی محەمەد باوکی ناوی ڕەحمان و دایکی ناوی (ڕیحان) بوە و شورەتی بنەماڵەکەیان لەم ناوەوە هاتووە. ساڵی ١٨٩٤ لە مەهاباد لە دایك بووە و لە سەفەرێکی گەرمێندا بێ سەروشوێن بووە، بۆیە ساڵ و شوێنی مردنی نەزانراوە. ئەم بەشە (٨) پارچەیە و (٨٣) دێرە، پارچەی یەکەمی تەواوکەری دوایین پارچەی بەشەکەی پێشووە.

بەشی سێیەم و دوایی دەسخەتەکە بەخەتی (قادری ڕیحانی) خۆیەتی، لە (٢٩) لاپەڕە و (٤٣) پارچە و (٣٢٩) دێر دایە.




**نوسخەی قادری ڕیحانی دەستنووسی سۆڤی محەمەدی ڕیحانی**




**نوسخەی قادری ڕیحانی بە دەستخەتی خۆی**



قادری ڕیحانی

قادری ڕیحانی کوڕی عەلی ڕیحانی، لە ١٣٠٥/٧/١٠ ڕێکەوتی ١٠/٣/ ١٩٢٦ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە و لە ١٣٧٦/٨/٢٨، ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/١٨ لە تەمەنی (٧١)ساڵیدا هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ١٩٤٧لە ئیدارەی فێرکردن و پەروەردەی مەهاباد دامەزراوە و ساڵی ١٩٧٩ خانەنشین کراوە. لە خوێندنگاکانی مەهاباددا خزمەتی زۆری کردووە. لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا بەناوی نهێنی (لاو) ئەندامی دەستەی لاوان بووە. عەلی ڕێحانی باوکی، کوڕی ڕەحمان و یەکێك بووە لە تێکۆشەرانی دڵسۆزی کۆمەڵەی (ژ. ك) و لەو ڕێیەدا گیانی خۆی بەخت کردووە. بنەماڵەی ڕێحانی لە ئەسڵدا خەڵکی مەهابادن و بە کەسانێکی خزمەتگوزار و دڵسۆز ناوبانگیان هەیە.

یەکێك لەو دەستخەتە بەنرخانەی ئەیوبییان لە هەلاوێژ و ساغکردنەوەی شیعرە فارسییەکانی وەفایی پشتی پێ بەستووە ئەم دەستخەتەی بنەماڵەی (ڕێحانی) بووە.

٣- **نوسخەی مام کەریمی یاهوو** ئەمەیان نوسخەیەکی دیکە و جیاوازی مام کەریم بووە. لە دەفتەرێکی (١٢) لاپەڕەیی خەتدار پێکهاتووە، قەوارەی لاپەڕەکانی (١٣ × ٢٠،٥ سنتم)ین. بە مەرەکەبێکی شین و دەستوخەتێکی خۆشی یەکدەست نووسراوەتەوە، ئەیوبییان لەبارەیەوە نووسیویە: دیوانی وەفایی، بەسعی و اهتمام و دستنویس آقای کاك میرزا محمدی یاهوو، دوست فاضل و هنرمندم که در تهیهٔ این دەستنویس از نسخه اصلی یا نسخه بدیل دەستنویسهای ملا محمد امین کانی هەرمەنیان (ارمنی بلاغی) و میرزا عیسای گەورك استفادە کردە است).

سەرجەم (١٧) تێکستی تێدایە کە بەشی زۆریان فارسین و لەشێوەی دەستنووسە کۆنەکان و لە سەرەتای هەر تێکستێکدا نووسراوە (وله). ئەیوبییان پەڕاوەکەی جزوبەند کردووە چەند پەڕی سپی لەمبەر و ئەوبەری زیاد کردووە، ئەنجا لە جزوبەندێکی قاوەییدا هەڵبەستراوە.

ئەو ڕێزبەندی بۆ لاپەڕەکانی داناوە بەڵام پێرستی بۆ تێکستەکان نەنووسیوە. لە پەراوێزەکانی دیوانی وەفایی و لە بەشی فارسییەکەیدا، بە دەگمەن نەبێ ناوی نایەت سەبارەت بە خاوەنەکەی و نووسەرەکەشی لە بەشی یەکەمدا باسمان لێوە کردووە.

جگە لەمانە ئەیوبییان چەند پەڕاو و کۆنە دەستخەت و دەفتەرە شیعری دیکەشی لەبەردەستدابوون کە بە پلەی دووهەم دێن هەندێکیان زۆر بایەخدار نەبوون و بەکەمیش سوودیان لێ وەرگیراوە. ئەمانە لەنێو پەڕاو و شوێنەوارەکانی ئەیوبییاندا نابیندرێن، هەر ئەوەندەی کە لە ڕەشنووسەکەی یەکەم و بەرایی خۆیدا کە لە پێشەوە باسمان کرد، چەند وردە تێبینی و سەرنجی لە بارەوە داونەتە دەست بەم شێوەیە:

فارسی     وفایی     ١ کوردی

در غبار آستانت کحل چشم رهروان    ای کلاه پاسبانت فخر تاج خسروان
ای دل و دین را بیان لطف زبان خسروان    ای امید ناامیدان ای پناه عاصیان

ناامید و بیکسم دست من و دامان تو

ذکر نام تست جان خسته جانان را شفا    لطف عام تست قلب خاکیان را کیمیا
سایه دیوارت از فرط شرف بال هما    ای امید ناامیدان ای پناه عاصیان

ناامید و بیکسم دست من و دامان تو

خانه‌ات رهن عالم را پناه شاهان جبین    بارگاهت کبریا نه آیینه از روح الامین
بنده حجابت عدن خاده خلدها خالدین    ای امید ناامیدان ای پناه بیکسان

ناامید و بیکسم دست من و دامان تو

بنده با طاعتم کفران نعمت کرده‌ام    در ره کذب و هوا ترک بروت کرده‌ام
خویش را رسوای هفتاد و دو ملت کرده‌ام    ای امید ناامیدان ای پناه بیکسان

ناامید و بیکسم دست من و دامان تو

صد امیدم که بگویم که قربان توام    گر بگویم گو بیت قربان دربان توام
خسته لب تشنه دریای احسان توام    ای امید ناامیدان ای پناه بیکسان

ناامید و بیکسم دست من و دامان تو

روز و شب از ناکسی با ناکسان در ساختم    خویش را در ورطه عصیان هلاک انداختم
در قمار نفس نافرمان دل و دین باختم    ای امید ناامیدان ای پناه بیکسان

ناامید و بیکسم دست من و دامان تو

چون سواد نامه خود روسیاهم راستی    عاصیم شرمنده‌ام غرق گناهم راستی
در همه عالم تویی پشت و پناهم راستی    ای امید ناامیدان ای پناه بیکسان

ناامید و بیکسم دست من و دامان تو

ولە

شنیده‌ام چه اثری می‌چکد ز خون فغان هستی
همانا داغ دارد هجر یار مهمان هستی

تو ای ابر بهاری از چه گریان و خروشانی
مگر در آرزوی صحن باغ و بوستان هستی

تو ای باد سحرگاهی مگر جویای گلزاری
که در کوه و بیابان با نهان در تکاپوی جهان هستی

تو ای قمری که می‌نالی بطوف جوی در باغ و راغ
پریشان دائم با شور و پر جوش گویا زبان هستی

تو ای نرگس مگر در خواب دیدی چشم دلدارم
که چون من عاشق و شیدا و ناتوان هستی

تو ای سنبل مگر بوی ز زلف یار بگرفتی
که چون من بیقرار و درهم و آشفته حال هستی

تو ای گل وصف این یار مگر از یار شنیدی
که چون من پاره دل دردیده خونین فغان هستی

تو ای نیلوفر بنفشه از کی دیدی خط و خالش
که محزون هم چو من در گوشهٔ ماتم نهان هستی

تو ای سوسن مگر عاشق شدی چون من بروی یار
که در شرح غم هجران جانان صد زبان هستی

تو خود ای لاله زلف و روی جانان از کی دیدی
که چون من خود داغدار اما هم از بستان نهان هستی

تو ای آتش بجان افتاده بلبل از کجا آیدی
چو من تا کی بعشق از هر زبانها داستان هستی

تو ای مرغ شب آویزی چو من در زلف جانانه
بگو تا کی برای جمع آن کردن پریشانی هستی

تو ای بلبل که در توحید گل خوش نغمه گویا
برید خانهٔ حضرت قطب زمان هستی

وفای از پی گلزار می‌نالی عجب نبود
که خوش خوان گل و بلبل آن گلستان هستی

ولە

حریق آور بریم داغ از زلف جانانه
اگر بانگ لەلای قبلم نی عالم پریشانه

نسیم صبحدم قربانت شم تو ز ریگ تم
غریبم بکشم روح و دلم سوتاو هجرانه

ئەمن دا ایره کە و روحم لە خاک پاک بطحی دا
حیاتم بی تو ه را ببره بو باغ گلشنه

اگر دریا بی آوری اگر طوفان خون هستی
بسوزد و گریه رازم بلا لو ماپیه تا بانه

بغمزهٔ چاوکی مستت هموجی نشتره جرکم
بشرگاه شیات قبلم سرابر هیکه پیکانه

قیاری زلف گلناری جمال تو بە روزه تو
شرم در بنه تو دایه دلم شر گرم تو تانه

٤- **نوسخەی دەستخەتی سەید عەبدولقادری جەعفەری کوڕی سەید جامی**، (گۆیا لە نەوەی باپیرەی دایکی ئەیوبییان خۆی بووە). بە گوتەی ئەیوبییان ئەمەیان: دەفتەرێکە لە کاغەزی گەورەی خەتدار و لە (٩٢) لاپەڕاندایە. کۆمەڵێك مەسنەوی و ڕوباعیات و غەزەل و قەسیدەی کوردی و فارسی وەفایی تێدایە، ئەو نوسخەیە هەڵە و پەڵەی زۆری تێ کەوتووە، هەندێ شوێنی ناخوێندرێتەوە و هەندێ نیوە دێری بە تەنها ماوەتەوە، تا ئەوەی لە هەندێ لە غەزەلەکانی دوو یا سێ بەیتی لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن، بۆ ڕاستکردنەوەیان پیاو دەبێ پەنا بۆ نووسخەکانی دیکە بەرێت. نووسەرەوەی دەستخەتەکە ئەو سەرچاوەیەی دەستنیشان نەکردووە کە شیعرەکانی لەبەر ڕوونووس کردوونەتەوە. ئەیوبییان دەڵێ لە لاپەڕەی (٩٢)ی کۆتایی دەستخەتەکەدا ئەمە هاتووە: (تمام شد، مختصری از اشعار حاج عبدالرحیم وفایی، این جزوه از روی نوسخه خطی کە تاریخ نداشت استنساخ و، ولی بگفته صاحب نسخه بتاریخ ١٣١٧/١٠/٣٠ مطابق ذی القعده ١٣٥٧ هجری قمری تحریر یافته است).

٥- **دیوانێکی دەستخەتی وەفایی**، کەوا وێ دەچێ ئەیوبییان لە سەردەمێکی زوودا نووسیبێتییەوە، ئەنجا لەپەراوێزەکاندا بەم جۆرە ناوی بردووە:

- **کلیات وفایی، به اهتمام سید عبیدالله ایوبیان مرکزی، ١٣٢٥ – ١٣٣٣.**

٦- نووسخەی دەستنووسی میرزا محەمەدی سەقەتی (دڵپاك/ کە ئێستا شوهرەتیان – کاویان - ٥) کە لە سابلاغی موکریانێ و لە ساڵی ١٣٠٧دا نووسراوەتەوە.

٧- لەمانەش بەولاوە ئەیوبییان ناوی چەند چاوگەیەکی تریش دێنێت، بێ ئەوەی خۆیشی زانیارییەکی وای لەبارەیانەوە هەبوو بێت، بەڵام بە کورتی ناویان دەبات وەکو:

أ- **نوسخەی حەسەن باقری گەرمیانی**، ئەیوبییان دەڵێ: (ئەو نوسخەیە لەماڵی ئێمەبوو، کاکە محەمەدم لە کۆکردنەوەی دیوانی وەفایی سودی لێ وەرگرتووە، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم لە ساڵانی ١٣١٩ – ١٣٢١ لەماڵی ئێمە بووە.

ب- **نووسخەی سابلاغی**، ئەمە کەشکۆڵێکە و لە کاك هاشمی نانەوا زادەگانم وەرگرتبوو، بە خەتی میرزا فەتاحی حەبیبی سابلاغی (شوهرەتی ئێستایان – حەبیب پەنا – یە) بوو کە لە موریدانی خانەدانی شەمزینان بوو، هەندێ غەزەلی وەفایی تێدابوو، بەڵام زۆر پڕ لە هەڵەبوو.

ج - **نووسخەی خەتی کاك یوسفی نانەوازادە (یوسف ژیان)**، هەندێ غەزەلی وەفایی تێدابوو کە لەسەر نوسخەی میرزا عیسای گەورك ڕوونووس کرابوو.

د- ئەنجا لە پەراوێزەکاندا ناوی دەستنووسی دیکەش دێنێ لە بابەتی:

- یك دەستنویس ناخواناه!
- یك نسخه خطی ناشناس!
- یك دستخط نسبتاً قدیمی!

ئەیوبییان لە شوێنێکی دیکەدا باس لە هەندێ لە دەستنووس و دەستخەتەکانی دیوانی وەفایی دەکات کە گوایا لە پێشدا هەبوون بەڵام فریای ئەو نەکەوتوون، یا ئەوەتا بە بیروڕای ئەو هەن و بەڵام ئەو

چنگی نەکەوتوون، دیارە ئەمانـە هـەر لـە چوارچێوەی ئـەو بیروبۆچوونانەی نـاوبراودا دەمێننـەوە تـا ڕۆژگار پەردە لەڕووی حەقیقەتی بوونیان هەڵدەداتەوە.

لێـرەدا لـە زمـانی ئەیوبییانـەوە مەسـەلەکان بـە هەنـدێ وردە دەسـتکاری ڕێنـووس و داڕشـتنەوە، بـە وەرگێڕانی ئەوانەش کە بە فارسی تۆماری کردوون، دەخەینە ڕوو:

١- دیوانی وەفایی بە دەستخەتی وەفایی خۆی پێشکەش بە باپیرەم کرابوو، من لە هەڕەتی لاوەتیـدا لـە کتێبخانـەی بـاوکم، حـاجی سـەید عەبـدوڵڵای مەرگـەزی، چاوم پـێ کـەوتبوو، وە دوایـی لـە کتێبخانە و کتێبفرۆشـی براگـەورەمان ........... لـە سـاڵی ١٣١٥/ ١٩٣٩ بـوو بـە خـۆراکی سـێلاوی مەهاباد و لەبەین چوو.

هەر ئەم مەسەلەیە ئەیوبییان لە شوێنێکی تر گێڕانەوەیەکی دیکـەی بـۆ دەکـا و دەڵـێ: بـاوکم دەیگـوت کتێبێکی دەستخەتمان هەبوو، کە بریتی بوو لە شیعر و نووسراو و بیرەوەرییەکانی وەفـایی بـە دەسـت و خەتی خۆی، باشم لـەبیر نـەماوە یـا لـەکاتی سـێلاوی مـەهابادێ بـووە، یـا لـەکاتی ڕووداوەکـانی سمکۆدا لەبەین چووە!.

٢- دۆسـتی عـەزیزم ئاغـای عەبـدوڕڕەحمانی ڕەسـوولی (ڕەوانبـەخش) بـۆی گێڕامـەوە کـە لـەنێوان ساڵانی (١٣٢٢ — ١٣٢٤) و لەسەر پێشنیاری دلشادی محەممەدی ڕەسووڵی براگەورەیان، بەهاوکاری و بەدەستوخەتی کاك محەممەدی شاپەسەندی، یەك دانە دیوانی دسەتخەتی بـاش و نەخشـێندراوی وەفاییان ئامادە کردبوو، ئەو نوسـخەیە بـە ئەمانـەت لای مـەرحومی یوسـفی شـافعی دانـدرابوو، بەڵام ئێستا نازاندرێت کەوتۆتە دەستی کێ؟

٣- دیوانی وەفایی تایبەت بە قازی محەممەد: لە حاجی قاسمی ئۆتەمیشی و دوو سێ کەسی دیکەشـم گوێ لێ بـووە، کـە قـازی محەمـەدی خوالێخۆشـبوو نوسـخەیەکی پـاك و تـا ئەندازەیـەك تـەواوی دیوانی وەفایی هەبووە. ئەنجا ئایا هی یەکێکی دیکـە بـووە پێشکەشـی ئـەوی کـردووە، یـا ئـەوەتا خۆی کۆی کردۆتەوە و نووسیویەتییەوە، یا بە هەر شێوەیەك بێ دەستی خستووە. گوایا نوسخە دیوانێکی نایاب و سـەرنج ڕاکێش بـووە، مـن لەسـاڵی ١٣٢١ و ١٣٣٧دا لـە ڕێگـای حەسـەنی قـازی و حەسەنی حیسامی و یەك دوو دۆستی دیکەوە هەوڵی دیتن و خواستنی ئـەو نوسـخەیەم داوە، تـا لە ئامادەکاری ئـەم ڕێکەوەنـدە سـوودی لـێ وەربگـرم، بـەڵام بەداخـەوە چـنگم نەکـەوت و وەکـو پێیان ڕاگەیاندم گوایا بێ سەر و شوێنە و ناشزانرێ گەیشتۆتە دەستی کێ؟.

٤- دیوانی وەفایی، نووسخەی مەعرووف زادە (ناسـراو بـە مـارف قـەزەر)، گوایـا تـەواوترین نوسـخە بووە، لەسەر خواستی شـێخی گـەیلانی، (مەبەسـت شـێخ عەبـدوڵڵا ئەفەنـدی گـەیلانی زادەیـە)، نووسراوەتەوە، ئەم نووسخەیە یا ئەوەتا لە کتێبخانەی ئەو حەزرەتە ماوەتەوە، یـا بـە قـەولێکی دیکە کەوتۆتە دەسـتی محەمـەدی کـەیوانپووری مـوکری (د. محەمـەد مـوکری)و بـۆ خاوەنەکـەی نەگەڕێنراوەتەوە.

**دەستخەتی ڕەسەن و دەستخەتی لاوەکی/**

دەسخەت و دەستنووسـەکان لـە هـەر زانسـت و بوارێکـدابن بەشـێوەیەکی گشـتی لـەڕووی چۆنایەتی و بـەهای مێـژوویی و زانسـتییەوە هـەموویان لـە یـەك پایـە و پلـەدا نـین. سـەبارەت بـەم دوو کۆمەڵـە

دەستنووسەش کە تایبەتن بە شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی هەروایە. ئەنجا لەژێر ڕۆشنایی زانیاری دەستخەتناسییەوە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین:

١- هیچ کام لەو دوو کۆمەڵە دەستخەتانەی لە پێشەوە ناومان هێناون و باسمان لێوەکردوون، بە دەستخەتی (ڕەسەن) و (نایاب) نادرێنە قەڵەم. چونکێ نە لەلایەن خودی خاوەن بەرهەمەوە، نە لە سەردەم و نە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەودانووسراونەتەوە، نە مۆر و نیشانەی ئەویشیان پێوەیە.

٢- لەنێو هەردوو کۆمەڵەدا، دەشێ دیوانە دەستخەتەکەی میرزا عیسای گەورك بە نوسخەی (تاك) و (دەگمەن) بناسرێت، بەو هۆیەوە نووسەرەوەکەی:

أ- شاگرد و قوتابی وەفایی خاوەنی بەرهەمەکان بووە.

ب- لە هەموو نوسخە دەستخەتەکانی دیکە کۆنتر و بە متمانەترە.

جـ - بە ماوەیەکی کەم لەدوای کۆچی دوایی خاوەن بەرهەمەکە نووسراوەتەوە.

٣- نووسخەی دیوانە دەستخەتەکانی (سەید محەمەدی ئەیوبییان) بۆ شیعرە کوردییەکان و، (قادری ڕیحانی) بۆ شیعرە فارسییەکان، بە نووسخەی (بەهادار و باش) دەدرێنە قەڵەم، لە شوێنی خۆیاندا باس لە بایەخ و ناواخن و ناوەرۆکەکانیان کراون. بەڵام وێڕای ئەوەش بە نووسخەی ناتەواو دێنە ناسین، بەو هۆیەی یەکەمیان شیعرە فارسییەکان و دووەمیان شیعرە کوردییەکانیان نەگرتۆتە خۆ.

٤- لەمانە بەولاوە نووسخەکانی دیکە لە هەردوو کۆمەڵەدا بە نووسخەی لاوەکی و پلەی دووەم دەژمێردرێن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کەم بایەخ و بێ سوود بن، بەڵکو هەر یەکێکیان بەگوێرەی بارستی ناوەرۆك و ڕادەی متمانە و بارودۆخی دەستنووسەکەوە هەڵدەسەنگێندرێت.

٥- نووسخە دەستنووسەکان بە سەرچاوەی ڕاستەوخۆ و وەکو گێڕانەوەی یەکەم دەناسرێن، لە بەرامبەردا نووسخە چاپییەکان بەسەرچاوەی ناڕاستەوخۆ و گێڕانەوەی دووەم حیسابیان بۆ دەکرێت، چونکێ نووسخەی چاپی بە عادەت لەبەر ڕۆشنایی نوسخە دەستخەتەکانەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

ئەنجا ئەمانە هەموو بە هەر پێنج دەستەیانەوە، بە ئەندازەی پێویست هاوکاریان کردووە و بەشدار بوون لە وەبەرهێنانی نووسخەیەکی تازە و نوێ، تا ڕادەیەکی باش دروست و ساغکراوە و بە سامان، کە بە نوسخەی (دایك) یا نوسخەی (بنەڕەتی) ناوی دەبەین، کە لە ئەنجامی کۆڵینەوە و کار لەسەر کردن و مشتوماڵ کردنیدا، ئەم چاپە تازەیەی دیوانی وەفایی لێ وەبەرهەم هاتووە.

**دەستنووسی نوسخەی بنەڕەتی/**

کاری سەرەکی ئێمە پێداچوونەوە و ڕێکخستن و ساز و ئامادە کردن و لەچاپدانی ئەم دەستنووسە بنەڕەتییە بووە، لەولاشەوە دەستنووسەکە خۆی بێ کەم و کورتی نەبوو:

١- ئەوەی وەگیر ئێمە کەوتووە و لەژێر دەستمان دایە، نووسخەی یەکەم و دەستخەتەکە نەبوو، بەڵکو وێنەیەکی کۆپی کراوی ئەو دەستنووسەیە. ئێمە لە سەفەرێکماندا بۆ مەهاباد بۆلای

بنەماڵەی ئەیوبییان لەسەر داوای ئەوان، بە مەبەستی وەرگرتنی ئەو کۆنە پەڕاو و دەستخەت و دەستنووسانەی کە تایبەت بەم کارە بوون و ڕەحمەتی ئەیوبییان بەر لە کۆچکردنی وەلای نابوون، سۆراغی نوسخە ئەسڵیەکەمان کرد، بەڵام مخابن شوێنەوارێکی لێ دیار نەبوو.

٢- تەمەنی ئەم نوسخە کۆپیکراوە، کە ئەیوبییان پیش چەند ساڵێك بە ئەکادیمیای کوردی (کۆڕی زانیاری کوردستانی ئەوکاتە)ی سپاردبوو بۆ لەچاپدانی، بۆ زیاتر لە (٢٥)ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، کاتێك لەساڵی (١٩٨٦)دا لەتاران ئەم وێنە کۆپیکراوەی لێ هەڵگیراوەتەوە. خۆ دیارە لەو سەردەم و ڕۆژگارەشدا ئامرازەکانی سکان و فۆتۆکۆپی و وێنەگرتنەوە، وەکو ئەمڕۆ ورد و پێشکەوتوو نەبوون. بۆیە لاپەڕەکانی بەردەوای دەستنووسەکە ئەوەندە ڕوون و پاگژ و بێ خەوش نین.

٣- ئەمە و جگە لە گرفتەکانی ئیملا و ڕێنووسی دەستنووسەکە، کێشە و بێشەی وشە و زاراوەسازی نامۆ و نا ئاشنای نووسەر، مەسەلە ئاڵۆزەکانی تایبەت بەکێش و سەرواى شیعری کۆن و کلاسیکی کوردی، سەرباری ئیشکالیەتی خوێندنەوە بۆ دەستخەتی شکستە و نەستەعلیقی فارسی ئامێزی کۆنە دەستنووسی شیعری کلاسیکی، لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ سەرچاوە و نوسخە خەتییە کۆنەکان کەوا نێزیك بە (٧٠ تا ١٠٠) ساڵ لەمەوبەر نووسراون، بۆ منێکیش کە لافی ئەوەم نییە ئەوەندە لەشێوەی دەستوخەت و ئیملای فارسی نووسین و فارسی خوێندنەوەدا لەبلەبان و شارەزابم، کارێکی وا سووك و ئاسان نەبوو. ئەنجا بە گەڕانەوە بۆ ئەم نوسخە بنەڕەتییەی بەردەستمان، دەتوانین بەم شێوەیە وەسف و تاریفی بکەین:

- دەستنووسێکی قەبارە گەورەیە و لە (٤٣٥) پەڕە پێکهاتووە، لە ئەندازەی کاغەزی (A٤)ی ئاسایی (٢١ × ٢٩,٥سنتم)یدایە.
- پەڕەکانی کاغەزی ئەستووری زەردباوی بێ خەتن، بە مەرەکەبی ڕەش و دەستوخەتێکی نەستەعلیقی شکستەی تارادەیەك ماقوول و جوان نووسراوەتەوە.
- یەك دیوی لاپەڕەکانی ژمارەبەندی کراون و تێکستەکانیش هەر لەو لاپەڕەیەدا نووسراونەتەوە لاپەڕەکانی بەرامبەر بە سپێتی ماونەتەوە.لەو شوێنە نەبێ کە ئەیوبییان هەندێ جار سەرنج و تێبینی و ڕوونکردەوەی سەبارەت بە هەندێ دێر و نیوە دێر، یا وشە و زاراوەکانی تێکستەکان داوە، دەستنووسەکە بە شێوەیەکی گشتی لە سێ بەشی سەرەکی دایە:

١- بەشی یەکەمی (٥٠) لاپەڕەی گرتۆتەوە، ئێمە ژمارە بەندیمان بۆ پەڕەکانی کردووە. ئەم بەشە لە وێنەی سەرەتا و پێشەکی دایە و کۆمەڵێ باس و بابەتی تێدا هاتووە:

- لاپەڕە ١ بۆ ٤: بۆ ناونیشانی دەستنووسەکە تەرخان کراوە و بە خەتی گەورە (کلیات وفایی — تەواوی وەفایی)یان لێ نووسراوەتەوە.
- لاپەڕە ٥: چەند بڕگەی سەرنج و تێبینی نووسەرە سەبارەت بەو کارانەی پێویستن لەپێناوی تەواو و ڕێکوپێك کردنی دەستنووسەکەدا ئەنجام بدرێت.
- لاپەڕە ٦ بۆ ١٥ لەبارەی ژینەوەری یاخو ژیاننامەی وەفایی دەدوێ.
- لاپەڕە ١٦ بۆ ١٩: باسێکە بەناوی وەفایی ناسی

- لاپەڕە ٢٠ بۆ ٤٩: بۆ بەڵگە و وێنەی چەند نموونەیەکی دەستوخەتی وەفایی و وێنەی چەند لاپەڕەی هەر یەکێك لەو دەستخەت و دیوانە دەستنووسانەی لەبەر دەستی ئەیوبییان دا بوون تەرخان کراوە، لە تەك چەند وێنەیەکی تایبەت بە سەید عەبدوڵڵای باوکی نووسەر و کە لە ژێرەوەیدا نووسراوە: (پاکۆ — کابابۆی گەورە و گرانمان سەید عەبدوڵڵا ئەیوبییان — قارەمانی سادەیی و ئازادەوەری) ئەنجا وێنەی: (بازالله — پیشوای شهید کرد حضرت سید عبدالقادر گیلانی — غوث ثاني). ئەنجا وێنەی: (قلعه وکاخ آل گیلانی در "نهری").
- ٢- بەشی دووەم: ژمارە بەندی لاپەڕەکان لە (١)ەوە دەست پێدەکات و لە (١٩٩)دا کۆتایی دێت. بەشی کوردیی دیوانەکەیە و سەرجەم (١٤٧) تێکستی شیعری کوردیی وەفایی تێدایە، بە دوور خستنەوەی دوو تێکست، کە یەکێکیان هی (نالی)یە و پەڕیوەتە ناو شیعرەکانی وەفایی، ئەیوبییان خۆیشی تێبینی ئەوەی کردووە و لە سەرووی لاپەڕەی تێکستەکەدا نووسیویەتی کەوا ساغ بکرێتەوە و هەڵاوێر بکرێت.

دووەمیان شیعرێکی (غەریقی)یە، کە لەناو دیوانەکەمان لاداوە و لە پێشەکیدا جێگامان بۆ کردۆتەوە. دیارە بەشی زۆری تێکستی شیعرەکانی وەفایی پارچەی کورتی لەنێوان (٧ تا ١٥) دێرین، بۆیە لە نیوە یا دوو بەشی سەرووی لاپەڕەکان جێیان بۆتەوە، ئەنجا بەشی ژێرەوەی لاپەڕەکان بۆ پەراوێزەکانی بەراورد و جیاوازی لەنێوان نووسخەکان تەرخان کراوە، هات و تێکستی شیعرێك درێژ بێت و لە لاپەڕەیەك زیاتر بخایەنێت، ئەوا سەر لەبەری پەراوێزەکان بەپێی زنجیرەیان لە کۆتایی تێکستەکەدا هاتوون.

نیوە دێرەکان لە بەرامبەری یەکتریدا لەوێنەی باڵی ڕاست و باڵی چەپی هەر دێرێك نووسراونەتەوە. لە تێکستە درێژەکاندا هەر لاپەڕەیەك سەرجەم (١٥ تا ١٨) دێرە شیعری لێ تۆمار کراوە، لە پێنجین و تەرجیع بەندەکاندا هەر لاپەڕەیەك (٥ تا ٦) بەندی تیادا نووسراوەتەوە.

- لە پەراوێزەکاندا جگە لە جیاوازی نێوان نوسخەکان، جاری وا دەبێ ئەیوبییان ڕوونکردنەوەی دیکەشی داوە، ئەوەی بەکەڵك بێن و پەیوەندیدار بن بە تێکستەکانەوە لە شوێنی خۆیان هێڵراونەتەوە.
- لە بەراوردکردن و نیشاندانی جیاوازی لە نێوان نوسخەکان، لە پەراوێزەکاندا درێژدادڕییەکی بێ پاساو کراوە، وەنەبێ بە وشە و زاراوەی کورت بڕ بە هێمای ئاماژە بە سەرچاوەکان، لە وێنەی (گەورك)، (ئەیوبییان)، (گیو)، (قەرەداغی)،... وەك پێڕەویمان لێ کردووە، دەستبەردار بووبێت، بەڵکو هەموو جارەکان و واش هەیە لە یەك لاپەڕەدا چەندبار، بە درێژی ئاماژەی بۆ سەرچاوەکان پاتە کردۆتەوە:
- بڕوانە: دیوانی وەفایی گیوی موکریانی چاپی یەکەم ١٩٥١ پەری ٦٩ و ٧٠.....
- بڕوانە: دیوانی وەفایی دەستنووسی کاك سەید محەمەد ئەیوبییان مەرکەزی ١٤/ ١٣٠٩ هەتاوی پەڕی ١٠٨ (یا تەرانەی...):.....
- دیوانی وەفایی دەستنووسی میرزا عیسای گەورك پاراستان ١٣٢٢ باری مانگی پەری ٩٦:...
- بروانە: دیوانی وەفایی چاپی محەمەد عەلی قەرەداغی بەغدا ١٩٧٨ پەڕی ١١٨:....
- دەستوخەتەکانی دەستنووسەکە لە ڕووی چۆنایەتییەوە یەك دەست نین، دیارە لەکات و شوێنی جیاوازدا نووسراوەتەوە.خەتو ڕێنووسی هەندێ لە تێکستەکان ڕوون و خۆش و جوانن.

هەندێکیان کەمتر بایەخی پێدراوە، فتۆکۆپی هەندێ لاپەڕەکانی دەستنووسەکە خراپە، بۆیە ڕەش و بۆر و چڵکن بوون، ئەوەندەش خاڵ و پنتی ڕەش و وردیان تێ کەوتووە، وا هەیە لەگەڵ خاڵ و پیتی ڕێنووسەکان تێکەڵ بوون بەزەحمەت لێك جیا دەکرێنەوە.

- لە ئەنجامی پێداچوونەوە، وا هەیە برگە لە پەراوێزەکان کوژێندراونەتەوە، یا شتی تازەی بە خەت و قەڵەمی جیاواز لێ ئیزافە کراوە. لە ڕووپەڕە سپییەکانی بەرامبەر بە تێکستەکاندا ئەیوبییان شتی جیاجیا و هەمەڕەنگی تۆمار کردوون، هەندێ کەڕەت بۆ دێڕ و نیوە دێڕەکانی شیعرەکە، شێوە جیاوازەکانی ئەو دێڕەی هێناوەتەوە، یا نیشانەی بە دێڕە شیعری کوردی و فارسی هاوشێوە و هاو واتای کردووە کە ڕەنگبێ هی شاعیرانی تر بووبن. هەندێ جاریش واتای وشە و زاراوەیەکی لێك داوەتەوە. بە نموونە بۆ وشەی (غەمزە) لە تێکستی (شیرین تەشی دەڕێسێ) لە بەرامبەردا ئاوای نووسیوە:

غەمزە: غمزە عین، اشارە با چشم و ابرو، ناز و کرشمە، چاو داگرتن، بەلار و لەنجە ڕوانین. لە ژێرەوەیدا هاتووە:

- هەروا بە هەڵە محەمەدی ماملێ بە هەوا کوتوویە و دەنگی بە (نەوار – کاسیتی) ڕاگیراوە. لە پەرلانی ئەیوبییان هەڵگیراوە و هەمە (مجرە بوو؟!)؟!؟.

٣- بەشی سێیەم: لە لاپەڕە (٢٠٠)ەوە دەستپێدەکات و لە لاپەڕە (٣٨٣)دا تەواو دەبێت، ئەم بەشەی تایبەتە بە شیعرە فارسییەکان. لە یەکەم لاپەڕەیدا وەکو ناونیشان بە خەتی گەورە نووسراوە: "کلیات وفایی – شامل قصاید، غزلیات، رباعیات، مخمسات و ملمعات – کردی و فارسی – بە اهتمام سید عبیدالله ایوبیان مرکزی، بخش فارسی".

ئەم بەشە سەرجەم (١٠٨) تێکستی شیعری فارسی بە قەوارە جیاواز گرتۆتە خۆی. بە نموونە تێکستی ژمارە (١٧) لەپیتی (د) کە بەناونیشانی (مراد)ە، تەنیا سێ دێرە. لە بەرامبەردا (کتاب شهدو شکر وفایی) کە تێکستێکی مەسنەوییە، لە (٦) بەند و (١٣٠) دێر پێك دێ. ئەم بەشە فارسییە لەگەڵ ئەوەی هەمان دەست و خەتی ئەیوبییانە بەڵام خەت و ئیملاکەی وەکو بەشە کوردییەکە خۆش نییە و کەمتر بایەخی پێ دراوە، لە پەراوێزەکاندا هەمان دەستووری پێشووی پێڕەو کردووە، وەلێ دەستکاری کەمتر بەدی دەکرێن. هەر سەبارەت بە شیعرە درێژەکانی کۆتایی دەستنووسەکە تێکستێك هەیە بەناونیشانی (بلبل و گل)، کە شیعرێکی درێژی داستانییە و لە قالبی مەسنەوی دایە، (لە (٣) بەند و کۆی (١٣٥) دێر پێکهاتووە، لە دامێنی لاپەڕە (٣٨٢) کە ئەم شیعرەی لێ بەکۆتا هاتووە نووسراوە: "پایان" مهاباد ٢٥٩٧/٧/١ کە بەرامبەر ١٩٨٥ی زایینییە.

پەڕی کۆتایی دەستنووسەکە بۆ ڕوباعیاتە و تەنیا چوار چوارینەی فارسی تیادا نووسراوەتەوە، ئەنجا لە داوێنی لاپەڕەکەدا هاتووە: یك مجموعە نسبتاً کاملی از رباعیات مولانا وفایی در دفتر جداگانەای تالیف وتدوین کردەام کە در بالا چهار رباعی بە عنوان نمونە در اینجا آوردەام ملاحظە شود، بە همین جا دیوان کامل وفایی کردی و فارسی وفایی بە "پایان" میرسد. ٢٥٩٧/٧/١، ئەمەیان ڕێکەوتی ١٩٨٥/١٠/٢١ی زایینییە.

دەمێک ساقی دەمەت بینە دەخیلی چاوەکانت بم
بەجامێک دەستی من بگرە فیدای پیری موغانت بم

لە دووڵا مەست و حەیرانم بەقووەی جەزبە نازانم!
نە سەرگەردی سەروگەردن نە قوربانی لەبانت بم

چ خۆشە وەجدی سەروو گوڵ بە دینی قومری و بولبول
دەمێک شەیدای قەد و بالات دەمێک شێتی دەهانت بم

نشانەی[1] پەرەی جەرگم نەوەستا تانە گرتی دڵ
بەقوربانی خەدەنگی دەست و بازووی چاوەکانت بم

بەبێ ئیمدادی خاڵی گەردنت دەردم شیفای نایا
مەگەر بیم دەست و دامانی گوڵاوێزی بەیانت بم

شیفای دام غەمزەکەی چاوت کە واخوێنی دڵی گرتم
بەقوربانی موداوایی حەکیمی حاڵزانت بم

لە وەسڵی رووی تۆی کردم حیجابی پێچی زوڵفت
لەتاڵەی دڵ شکستەی دەرد و تەعنەی باغەبانت بم

موقیمی خاکی دەرگای تۆ حەریمی جەننەتە جێگای!
لە لوتفی تۆ چ کەم نابێ نشێنی ریزەی سەگانت بم

بەزوڵفی پڕ لە هاواری دڵان کەوتوم دەسا رەحمێ!
ئەمان سەرقافلەچی قوربانی زەنگی کاروانت بم

لەوی رۆژێ کە رووت واکرد و لێت پرسیم هەتا دەمرم
بەبۆی جەننەت دەبێ هەر من لەسەر رازی نیهانت بم

برووت تێک نا دەمێت و بکیا لە دەریای لوتفی تۆ دوورە
لە قوربی قابی قەوسێن و مەقامی لامەکانت بم

ئەمن کورد و دڵ ئەفتادە ئەگەر تۆ شاهی[2] عەرەب زادە (ئەتۆ شاهی)
مەگەر بمرم بە بەختی خۆم دەمێکی هاوزبانت بم

ئەتۆ شاهی عەرەب زادە ئەمن کوردێکی ئەفتادە
مەگەر بمرم بە بەختی (یارەبا) خۆم دەمێکی هاوزبانت بم
میرزا عەبدوڵڵا

بەیادی زوڵف و رووی تۆ وەک وەفایی هەر دەناڵێنم
دەبێ تا رۆژی مەحشەر تازیەدار و رەوزەخانت بم

---

1 - بڕوانە: دیوانی وەفایی دەستنووسی کاک میرزا عەلی ئاگە، وەرگ بارانستان ١٣٢٢ باری مانگی پەڕەی ١٤١: لە نیشانەی پەرەی

2 - بڕوانە: دیوانی وەفایی ~~دەستنووس~~ چاپی بازرگانی گۆرانی کوردستان ١٩٥١ زاینی پەڕەی ٥٦: ئەگەر تۆ شۆخ و عەرەب زادە

-(٤٤)-

**دیوانی وەفایی دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان (نوسخەی بنەڕەتی): ل ٤٤**



دل دەنالی دەم بەدەم لەسوتاوی تاوی فیرقەتە
چاو پرآو و دل پرآورە دل بەدلبەر چاو دەری
روح لەسەر لیو چاوەڕیتم ئەی تەجەللای نوری حەق
رەمز و غەمزەیکی نیگاهت جەرگی کون کون کردوم (٣)
داغداری ئەلفی بالات با لەرووت مەحروم نەبی (٤)
زولفی لەرزاند کەوتە سەر رووی شادمان فەوجی دلان
چاوی بازی (٥) کوژتمی خەندەی بەناز هینامیەوە
قەت چ دەرگای والفیە عالی بەشەرتی بچمەوە
با جیجا بیکم نەمینی لادە تاری زولفەکان
گول بەدەم بادی سەبادە پیکەنی خوش بو جیهان
چاوەکەت با آنکی (٦) خەت هاتو بەمن رەحمی نەکرد
من پەریشانم لەبەر زولفت بەرو داکەوتوم
ئەو بوتە سەودا سەری کردوم بەزولفی چی میسال
ئەو گولە شەیدالی کردوم بە لیوی شەکەرین
بو روحی تو رو بەئەبرو وەک مژەت دەبستە و دوعام
بوجەمالی تو نیش وەک زولفی سەرگەردانی توم
ماوە لەپژت پەرنیە

بولبولە بی رووی (١) گول دل پرلە داخ و حەسرەتە
هەی خودا دەردی جودایی چەند گرانە و زەحمەتە
هیندی (٢) جاریک خوت بەمن بنوینی مەرگم حەسرەتە
بوچی جیی دەسریژی ترکان بوچی جەرگم لەت لەتە
من کە فیلی وەسلی جەننەت هەرچی ئەهلی وەحدەتە
قەت لە دوزەخ دا نەبەد نابن جەننەتیان ئەو ئومەتە
ئەت کە بیمار و نەخوش بی بەیکە نبینم شەربەتە
با هەزار جورم و خەتا باز یار لەسەر رووی رەحمەتە
تا بەکەی دل نامورادی وەحدەتە لەو کەسرەتە
یا لە ئەسیری هەناسەم عەتری بەرقی خەندەتە
ئەگری آری مشتەری دومی نەوکی هەر دوت هیمەتە
زولف و رووی تو سونبول و گول یا لە نور و زولمەتە
چاو غەزال بالا نیهال ئەبرو هیلال گول (٧) وەجنەتە
عەنبەرین مو نەستەرەن بو لالەرو مەه جەبهەتە
ئەی چرای میحرابی ئەهلی قیبلە روژی رەحمەتە
ئەی چرای ئیسلام و کافر وەقتی مەردی و مروەتە

-(١٠٣)-

**دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان (نوسخەی بنەڕەتی): ل ١٠٣**


ای غبار آستانت کحل چشم راستان
راستی
ای کلاه پاسبانت فخر تاج خسروان
ای دل ودین رایکی نطق زبان خیردان
(۱) ←
ای امید ناامیدان ای پناه بی کسان
ناامید و بی کسم دست من و دامان تو
خاندانت اهل عالم را پناه شد(۱) این چنین(۲)
هر زمان گوش ندا خوانند از رج(۲) الامین
هٰذِهِ جَنّاتُ عدنٍ فادخلوها خالدین
ای امید ناامیدان ای پناه بی کسان
ناامید و بی کسم دست من و دامان تو
ذکر نام تست جان خسته جانان را شفا
لطف عام تست قلب خاکیان را کیمیا
سایهٔ دیوارت از فرط شرف بال هما
ای امید ناامیدان ای پناه بی کسان
ناامید و بی کسم دست من و دامان تو
-(۱)-
-(۳۲۸)-

**دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان (نوسخەی بنەڕەتی): ل ٣٢٨**



رباعیات

ای بنده . وفایی عده آزار خدا — باری به خود آی در ره یار خدا
خواهی که زباده خدامست شوی — خود را برسان بکوی ابرار خدا

گفتم که دلا بانجه این پنج کتاب — بگذر زجهان یک دل مردانه بیاب
شیرین مثلی است کز وفایی مانده — یک ملک درست به ز صد ملک خراب

درکیش مسیح مرشمون راهبر است — یعنی که خلیفه مسیح و پیغامبر است
خاک قدمش را به تبرک ببرند — هر ذره به این خویشتن شاد گراست

روزی نظرم به پیر میخانه فتاد
زان باده که پر بود ز اسرار الست
[illegible]
[illegible]

باقی رباعیات در مجموعه رباعیات نیست ... دیوان وفایی است

یک مجموعه نسبتاً کاملی از رباعیات مولانا وفایی
در دفتر جداگانه ای تألیف و تدوین کرده ام که در بالا
چهار رباعی به عنوان نمونه در اینجا آورده ام ملاحظه شود
و به همین جا دیوان کامل وفایی کردی و فارسی وفایی

به «پایان» رسید — -(٣٨٤)-
٢٥٩٧/٧/١
١٩٨٥

دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان (نوسخەی بنەڕەتی): ل ٣٨٣

**لەبارەی زمان و نووسین/**

ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە زمان و نووسین و ڕێنووسەوە هەیە لە دەستنووسەکەدا، پێویستە لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێن، یەکەمیان ئەوەی کە پەیوەستە بە زمان و زاراوە و ڕێنووسی ئەیوبییانەوە لە نوسینی باس و بابەتەکانی پیشەکی و سەرنج و تێبینی و شەرح و پەراوێزەکانەوە.

دووەمیان ئەوەی پەیوەندی بە چۆنیەتی نووسین و ڕێنووس و زمان و شێوەزاری تێکستەکانەوە هەیە؛ سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ئەوانەی لە دوور و نزیکەوە ئەیوبییانیان ناسیبێ و سەروکاریان لەگەڵ وتار و نووسین و نامیلکەکانیدا هەبووبێت، دەزانن ئەم پیاوە بەتایبەتیش لە ساڵانی قۆناغی دوایی تەمەنیدا، خۆی بەخاوەنی بیر و ئیجتیهاد زانیوە و لەشێوەی زمان و ئیملا و زاراوەسازیدا ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی هەبووە و لە نووسینەکانیدا پێڕەوی لێ کردووە. خوێنەری ئاسایی لە خوێندنەوەی سەرەتا و تێبینی و پەراوێزەکانی دەستنووسەکەدا هەر زوو پەی بەم ڕاستییە دەبات.

ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانەی کە خۆی سازی کردوون و دایهێناون لەکاری ئەم توێژینەوە و ساغکردنەوە ئەدەبییەی دیوانی وەفاییدا بەکاریهێناون و هەر خۆیشی لەزۆر شوێن و لەناو پێرستی دەستنووس و دەستخەتەکاندا ئاماژەی بۆ کردوون و واژە نامە و نیمچە فەرهەنگۆکی بۆ ڕێکخستوون، ئەوە بێجگە لە ڕێنووسە تایبەتییەکەی کە لە دوای ئەمەدا دێینە سەری، لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران و ئەوەندەی کە پێوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەبێت لیستێك بەو وشە و زاراوانە دێنینەوە، بێ ئەوەی لەباری زانستی و زاراوەسازییەوە خۆمان لە قەرەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان بدەین، یا بیر و ڕایەکی یەکلایی دەربڕین سەبارەت بەوەی کە تا چەند ئەم وشە و زاراوەسازییانەی ئەیوبییان دروست و لەجێگای خۆیان دان، چونکێ ئەم کارە پێویستی بە توێژینەوەی زمانەوانی و زاراوە پێوانی پسپۆڕی و دامەزراوەی فەرهەنگی و زانستی تایبەت بەخۆیەوە هەیە. سەرەڕای ئەوە ئێمە لەپێناوی پێڕەوکردنی ئەمانەتی زانستی لە گواستنەوەی شتەکان وەك خۆی، هەوڵمان داوە ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوە نەبووبێت، تا دەکرێ خۆمان لە دەستکاری و داڕشتنەوەی زمان و زاراوە و شێوازی نووسینەکانی ئەیوبییان بپارێزین، تەنیا لەمەسەلەی ڕێنووسی تازە و یەکگرتووی کوردییەوە نەبێت کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی باش لە هەموو لایەکی کوردستانەوە پێڕەوی لێ دەکرێت. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو وشە و زاراوانەی ئەیوبییان کە لە کاری ساغکردنەوەی دیوانی وەفاییدا بەکاری بردوون:

بەند: بەیت، دێری شیعر

چلە بەند: نیوەدێری شیعر، میصراع

یەکینە: تاك، تاك بەیت، فەرد

تەرانە: غەزەل، پارچە شیعری لیریکی کورت.

ستران: قەسیدە

پێکەلانە: مولەمەع

پاوەند (پاوانەبەند): سەروا، قافیە

ڕەژەکی: ڕەشنووس، یان: خەڵکی ڕەشۆکی

تات: نوسخە

تاتە چاپییەکان: نوسخە چاپکراوەکان

هەسوێن: چاپ

هەسوێنی قەرەداغی: چاپی قەرەداغی

بەڵگە: سەرچاوە

ڕێك (ڕێکەوەند): دیوان

گەڕینە بەند: نیوە دێری کۆتایی بەندی تەرجیع بەند

نووسینگ: قەڵەم، ڕێکەوەندی وەفایی بە نووسینگی نووسەر: دیوانی وەفایی بە قەڵەمی نووسەر.

واژە: وشە، بێژە

پارسی: فارسی

بیرەوەند: بیرمەند

کاو: تاف، کات، سەردەم

پەڕاویلکە: دەفتەری بچووك.

پەڕلان (پەڕەنگە): کتێبخانە، ئەرشیف

کۆبە: پەراوێز

پایانە بەند: دێری کۆتایی شیعر (خیتام).

هەڵاوێژ: لێکۆڵینەوە.

سوورکردنەوە: ساغکردنەوە.

ڕاوەت: خوێندنەوە، گێڕانەوە.

ڕاوێژ: زمان و ئاخافتن، شێواز

بەڵێن: قسە، گوتە

سرینگ: سەرنج

واژەنامە: وشەنامە، فەرهەنگۆك

وێژاوەر: ئەدیب

باوێژ: شاعیر

ڕاوێژە: تایبەتی، خسووسی.

هەتا لەسەری دانێی: هەتا بڵێی

ڕاگرینگ: تەسجیل، موسەجیلە (ضبط صوت).

هەڵاتە: دێری یەکەمی شیعر (مەتلەع)

پێزان: شارەزا

گەڕێنەر: بەڕێوەبەر – گەڕێنگەر: ئیدارە

ڕووپەڕ: لاپەڕە

ئاوبێ: ئەلفوبێ

نوێنە: نموونە

ڕێنوێن: پێرست، فەهرەست

وێژاوەری: ئەدەبی

پارە: بەش

پەڕاوی: دەفتەر

ڕاستێنەی زانینی: ڕاستی زانستی

باری مانگی: کۆچی، هیجری قەمەری

وارەستە: پێگەیشتوو.

نوکتە: مەسەلە

دڵ واز: دڵ فراوان، دڵ کراوە

هۆرسك: زگماك، خۆڕسك

ڕوویل: ماقوول

وێنە لێ هەلگرتن: فۆتۆکۆپی، ئیستینساخ

پەڕیوەی پەڕپوت: لاپەڕەی پەرش و بلاو، اوراق پرا کندە

داستان (بەیتی کوردەواری): چریکە.

دیارە ئەیوبییان بۆ ڕۆژەکانی هەفتە و مانگەکانی ساڵیش ناو و زاراوەی پیشنیازکراوی خۆی هەبووە. بۆ نموونە: (وچانە، یەکینە، دووینە، سێینە، چارینە، پێنجینە، هەینوو) بۆ ڕۆژەکانی هەفتە و، (نەوسان، گولان، زەردان، پەڕان، گەڕان، سووران، بەران، وەران، ساران، بەفران، بەندان، پۆلان)ی بۆ ناوی (١٢) مانگەی ساڵ بەکار دەهێنا.

ئەنجا ئەو ساڵنامە و مێژوویەکی کوردی تایبەت بە خۆیشی هەبوو، کە ساڵی کوردی بەپێی لێکدانەوەی ئەو بریتی بوو لە (ساڵی زانینی + ٦١٢)، یاخود (ساڵی هەتاوی + ١٢٣٣)، ئەنجا بەو حیسابە بێت ساڵی ٢٠١١ی زاینی بەرامبەر (٢٦٢٣) ساڵە کوردییەکەی ئەو رادەوەستێت.

بۆ مەسەلەی ئیملاو ڕێنووسیش ئەیوبییان لەو دەستخەتە بنەڕەتییەی دیوانی وەفایی و وەکو دیارە لە نووسینەکانی دیکەشی پێڕەوی لە ڕێنووسی باوی کوردی نەکردووە، چونکێ ڕێنووسێکی تایبەت بەخۆی هەبووە کە تێکەڵەیەکە لە ڕێنووسێکی نیوە کوردی نیوە فارسی. دیارترین سیماکانی ئەمانەن:

أ- سەروژێری بۆ پیتەکان نەکردووە، واتە نیشانەی چوکلەی بۆ پیتەکانی (و، ر، ی، ل) نەکردووە تا لە شوێنی خۆیاندا وەکو (ۆ، ڕ، ێ، ڵ) بخوێندرێنەوە، وەکو لەم نموونانەدا دیار دەبن:

- نووسراوە (بو، بویە، دو) کەدەبێ لەو شوێنەدا بە (بۆ، بۆیە، دۆ) بخوێندرێنەوە.
- نووسیویە (روح، بازاری، خورایی، زەرەیی نور) کەدەبێ بە (ڕووح، بازاڕی، خۆڕایی، زەڕڕەیێ نوور) بخوێندرێتەوە.
- نووسیویە (ناوی، نیرگس، نیو، تیر، ریی) کە پێویستە لەو شوێنانەدا بە (ناوێ، نێرگس، نێو، تێر، ڕێی) بخوێندرێتەوە.

- نووسـراوه (دەلى، گـول، مـال، نـالين، دەلـيم) کـه پێویسـته (دەڵـێ، گـوڵ، مـاڵ، نـاڵین، دەڵـێم) بخوێندرێتەوه.

ب- واوی کورت و درێژ و کراوەی وەکو یەك (و) نووسیوه: (بو، دو، دوکەل، بو) که دەشێن بـه (بـوو، دوو، دوکەڵ، بۆ) بخوێندرێنەوه.

- یـای کـورت و درێـژ و کـراوەی بەیـەك (ی) نووسـیوه: (تـیر، چارەی، بـی خوینـه) کـه دەبـێ لـەو شوێنانەدا به (تیپر، چارەی، بێ خوێنه) بنووسرێن و بخوێندرێنەوه.

جـ - هەردوو پیته قالبی (ئه، ئا)ی به شێوەی فارسی (ا، آ) نووسیوه:

(امن، ایمرو، آخر، ایدی، اومید) له بری (ئەمن، ئیمڕۆ، ئاخر، ئیدی، ئومێد) نووسراوه.

ئەوەی له تایبەتمەندییه دیارەکانی ڕێنووسی کوردی جێ بـەجێی کردبێت، تـەنیا نووسـینی (ه) کورتـه له نووسینەکانیدا: وەك ئەوەی **(زەوقی خەنده و شەوقی جیلوه بویه حەیرانم دەکەن)**.

ئەنجا ئەو مەسەلەی ڕێنووسه لەزۆر شـوێندا کێشـه و گـرفتی بـۆ ئێمـه ناوەتـەوه، بـەرەو ڕووی ڕسـته و فرێز و دەستەواژەی ئاڵۆز و ناڕوون و نافامراوی کردووینەتەوه، که ناچاربووین له ڕێگەی واتا کـردن و و (سیاق)ەوه کیشەکان بەبیروبۆچوونی خۆمان چارەسەر بکەین، به نموونه لەم شوێنانەدا:

- نووسراوه (مەیی نابی)، ئایا بکرێت به (مەیی نابێ) یـا (مـەیێ نـابێ)؟ (دنیـا بـەدنیابی) ڕاسـته یان (دنیا بەدنیابێ)، (دەباری) یا (دەبارێ)...

سەبارەت به دەنگەسەروای (ی) لەگەڵ (ێ)دا جاری وا هەیه تێکسـتەکه هـەردووباریان هەڵـدەگرێت، بـۆ وێنه له تێکستی (بەهاران)دا هاتووه:

**وەفایی بوت پەرستی تۆبه سەت جار کوفری ئەزهەربی**

**بەدینی بولبولان سوجده حەلاله گول که مەزهەبی**

**دەمێ با دەست و گەردن بم دەمێ با هەمدەمت من بم**

**نەخوشی چاوی توم بەلکو شیفای من شیر و شەککەربی**

وشه سەرواکانی کۆتایی دێرەکان بەم پێیه ڕێز دەبن (ئاوی کەوسـەربی، پـڕ لـه نەشـتەربی، وەك بـەیان بەربی، دڵ که شاوەربی، ڕۆژی مەحشەربی، هەتاسەربی... تاد).

من وای بۆ دەچم کـه دێرەکـانی ئـەم تێکسـته هـەردوو دەنگـه سـەروای (ی) و (ێ) هەڵـدەگرێ، چـونکێ تاوەکو ئەمڕۆ له دیهاته دوور و چەپکەکانی موکریان، بەتایبەت له ناوچەی مەنگوڕایـەتی تەنانـەت لـه دەشتی هەولێریش دەگوترێ (کارەکه دەبی وابی) نەوەکو (دەبێ وابێ)!، لـه گـۆرانی و بـەیتی فۆلکلـۆری ئەم ناوچانه ئێسـتاش مەسـەلەکه عەیانـه، بۆیـه پـێم وایـه کرانـەوه و گـۆڕانی دەنگـی (ی) بـۆ (ێ) لـه ئێسـتادا و لەنووسـین و ئاخـاوتنی شـار و باژێڕەکـانی کوردسـتاندا، لـەژێر تـاوی زار و ئاخـاوتنی شـاری سلێمانیدا ڕووی داوه، دەنا له پیشانا له شێوەزاری موکریانیدا (له مەهابادەوه هـەتا هـەولێر)، وانـەبووه و لەسـەر شـێوه کۆنەکـه بـووه، بـەدووری نـازانم لـه شـاره دێیـەکی وەکـو مـەهابادی سـەدەی نـۆزده و سەردەمی وەفایی هەروا بووبێت، بەڵام بەگوێرەی پێویستی پێڕەو کردن له قسه و ئاخـاوتنی ئـەمرۆژه، ئێمه هەموو سەرواکانمان به (ێ) نووسیوەتەوه و له زۆر جێگەی دیکەشدا ئەو کارەمان وا کردووه.

هەر بۆ مەسەلەی کیشەکانی ڕێنووسی دەستنووسه بنەڕەتییەکه چەند نموونەی دیکه نیشان دەدەین:

له تێکستی (چرا)دا له دەستنووسەکەدا ئەم دێرە بەم شێوەیە نووسراوە:

**روی له تاتای زولفی درەخست هاتە سەر روی مەرحەمەت**

**نەوبەهار بو شەوبەهار بو وا کە دایسان چراغ**

بۆ چارەسەری نیوەدێری دووەم بە گەڕانەوە بۆ نوسخەی چاپەکان دەبینین لە (گیو)دا بەم شێوەیە هاتووە:

**رووی له تاتا زولفی درەخست هاتە سەر روی مەرحەمەت**

**نەوبەهار و شەوبەهار بوو وا کە دایسان چراغ**

لە (قەرەداغی)دا بەم شێوەیە هاتووە:

**رووی له تاتا زولفی درەخست هاتە سەر رووی مەرحەمەت**

**نەوبەهار بوو، شەوبەهار بوو، وا کە دایسان چراغ**

خوێندنەوەی ئێمە بۆ ڕاستی دێرەکە ئەم شێوەی وەرگرتووە:

**ڕووی لە تاتای زوڵفی دەرخست، هاتە سەر ڕووی مەرحەمەت**

**نەوبەهار بۆ شەو بەهاربوو، وا کە دایسان چراغ**

جاری واشە وشە و ڕێنووسەکان دەبن بە گرێ کوێرە و چارەسەرکردنیان ئاستەم دەبێت:

لە دەستنووسەکەی لای ئێمەدا هاتووە:

**له من وا رستە گەردن دی؟ کە چون بی رستە و رستم**

**قەلادە و رستە بو من پەرچەمی ام سەروە نەو رەستە**

لە قەرەداغیدا دێرەکە شێواوە:

**بەڵێنی راستە گەردەن کە چم بێ رستی دەستی وی**

**قەلادە و رستە بۆ من پەرچەمی ئەم سەروە نەو ڕەستە**

ئێمە راستییەکەیمان بەم جۆرە زانیوە:

**له من وا ڕستە گەردن دێ! کە چۆن بێ ڕستەو و ڕەستم**

**قەلادە و ڕستە بۆ من، پەرچەمی ئەو سەروە نەو ڕەستە**

لە دەستنووسەکەدا ئەم دێرە واهاتووە:

**لەبەر توقی فراق و اشتیاقت**

**فیراقی کرد دلم توقی بەزاری**

لە (قەرەداغی)دا بەم شێوەیە هاتۆتەوە:

**لەبەر طەوقی فیراقی و ئیشتیاقت**

**فیراقی کرد دلم طـوْقی بەزاری**

کەچی ڕاستییەکەی وایە:

**لەبەر تووقی فیراق و ئیشتیاقت**

**فیراقی کرد، دڵم تۆقی بەزاری**

- ئەیوبییان هەموو وشە و زاراوە عەرەبییەکانی بە شێوە ڕێنووسی کوردی نووسیونەتەوە، وەك (کیذب: کیزب، نثار: نیسار، اثبات: اسبات،......

- لەگەڵ ئەوەی لە نوسخە دەستخەتەکانی بەردەستی، ڕێنووسی وشەکان بە عەرەبی هاتوون!، ئێمە لایەنگری ئەو کارەی ئەیوبییانین و تەنها لە ڕووی یەکێتی ڕێنووسەوە وشەکانمان هێناوەتە سەر ڕێنووسیی نوێی کوردی، ئەگەر وشە و دەستەواژەیەکی عەرەبیش لەناو دێڕەکاندا مابن ئەوا لەناو جووت کەوانەیەکدا داندراون، وەك (بسم الله)، (لا یلتقیان)، (لن ترانی)، (او ادنی)....

ئەنجا دەربارەی مەسەلەی دووەم، واتە ئەوەی پەیوەندی بە چۆنییەتی نووسین و زمان و شێوەزاری شیعرەکانەوە هەیە ئەوا:

أ- ئەیوبییان سەبارەت بە بڕێك واژە و بێژە و دەربڕینەکان کە لە تێکستی شیعرەکاندا هاتوون، پێڕەوی لە شێوەزاری موکریاندا کردووە و بەو جۆرەش وشەکانی ڕوونووس کردوونەتەوە، بە نموونە لە هەموو شوێنەکان:

- کوتم، کوتە، بە کوتەی، پێم کوت لە بری، گوتم، گوتە، بەگوتەی، پێم گوت بەکاربراوە.
- هەی، هەرێ هەی لەبری، ئەی، ئەرێ ئەی بەکاربراوە.
- کوژتەی، دەپژکوت، ناژتویانە، چێژتم، لەبری، کوشتەی، دەپشکووت، ناشتوویانە، چێشتم، بەکار هاتووە.
- هەموو ئەم وشانەی وەك (نەرگس، گێسوو، غەزال، میهرەبان،....) لە زۆر شوێن بوون بە (نێرگس، گەیسوو، غیزال، میهرەوان،...).

ب- هەر لە مەسەلەی بە کوردی نووسینی وشە و زاراوەکاندا وەکو دیاردەیەك تێبینی دەکرێت ئەیوبییان هەندێ وشە و داڕشتنی کوردی هەندێك جار و لە هەندێ شیعردا لە بری وشە و داڕشتنە فارسی و عەرەبییەکان بەکارهێناوە، واتە وشە و زاراوەکانی دەستکاری کردووە و کورداندوویەتی بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| - من تەشنەی | بووە بە | من تینووی |
| دڵ خەستەی | بووە بە | دڵگیری |
| ئابی حەیات | بووە بە | ئاوی حەیات |
| ئاب و تابی | بووە بە | ئاو و تاوی |
| یارەب | بووە بە | یاخوا |
| من خەرموهرەم | بووە بە | من کوژەکەم |
| سەدای | بووە بە | دەنگی |
| سەحرای دلان | بووە بە | دەشتی دلان |
| دوو حەرفی نەمرە | بووە بە | دوو پیتی نەمرە |
| وێلی ولاتی | بووە بە | وێڵی روێڵی |
| ئاور | بووە بە | ئاگر |

| | | |
|---|---|---|
| غەزاله چاو | بووه بە | کەژاڵە چاو |
| شوعاعی | بووه بە | هەسپێنەی...... تاد. |

ئەم کارانە بەدەستکاری دەدرێنە قەڵەم و بیر و بۆچوون و ئیجتیهادی ئەیوبییان خۆیەتی و هیچ پاساو و بناوانێکی زانستییان نییە، بەڵکو زۆرجار بوونەتە خەوش و مایەی عەیبدارکردنی بڕێك لە تێکستەکان.

## سەربوردەی ژیان و بەسەرهاتی وەفایی[*]/

١- ناو و نازناوی وەفایی: ناوی تەواوی عەبدوڕڕەحیم کوڕی مەلا غەفور کوڕی میرزا نەسروڵڵایە، لە تایەفەی ئەوڕەحمان بەگی و لە کرمانجی موکریانێ بووە[١].

بەو هۆیەوە کە شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی بە (میرزا) ناوی هێناوە و بانگی کردووە، بۆیە بە (میرزا عەبدوڕڕەحیم) ناسراوە. هەر ئەمەش گومان دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە وەفایی خوێندنی مەلایەتی تەواو کردبێ.

سەبارەت بە نازناوی (وەفایی)ش، کە میرزا عەبدوڕڕەحیم وەکو تەخەللوسی شاعیرانە لە سەرەتادا هەڵی بژاردووە، ڕایەکی ئەیوبییان هەیە لەو بارەوە دەڵێ: بە بڕوای من وەفایی ئەو نازناوەی خۆی بە بەهرە وەرگرتن لە نازناوی زانای ناودار (ابو الوفاء الكُردي) خاوەنی دانراوی (تاج العارفين)ەوە وەرگرتووە[٢].

---

[*] لە تاوتوێ کردنی ئەم بەشەدا لەو ڕێچکەیە لامانداوە کە ئەیوبییان لە سەرەتای دەستنووسەکەیدا لەمەڕ ژیان و بەسەرهاتی وەفایی و لەژێر سەردێری (ژینەوەری وەفایی)دا نووسیویەتی، بەو هۆیەی:

أ- هەموو ئەو بیر و ڕایانەی لەمەڕ ژیننامەی وەفایی کە لە پێشەکبی چاپەکانی (گیو موکریانی، سەیدیان، قەرەداغی) و، (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلائەدین سەجادی و هەندێ سەرچاوەی تردا هاتوون، لەلایەن ئەیوبییانەوە بە دوور و درێژی دووبارە کراونەتەوە، کە هەندێکیان بیر و بۆچوونی کۆن و نا زانستین و لەسایەی نووسین و لێکۆڵینەوە و سەرچاوە تازەکاندا هەڵە و ناڕاستی و دروستیان ئاشکرا بووە، بۆیە ناشێ دووبارە بەو مەسەلانەدا بچینەوە و لاپەڕەیان پێ ڕەش بکەینەوە!.

ب- لەکاتی توێژینەوە و تەتەڵە کردنی ئەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوە تازەکاندا هاتوون، کورتە ئاماژەیەك بۆ بەلاڕێداچوونی ئەو سەرچاوە کۆنانەش دەکەین.

جـ - ئەیوبییان پشتی بە هەندێ شایەتحاڵ و سەرچاوەی زارەکیش بەستووە، کە بریتین لەو قسانەی لە هەندێ پیرەپیاو و بەساڵاچووانی سابڵاغێی بیستوون، ئێمە قسە و بیروڕای ئەو شایەتحاڵانە دەخەینە ڕو، قسەی خۆشمانی لەسەر دەکەین.

د- ئەنجا بە سوود وەرگرتن لە هەر بیر و ڕاو زانیارییەکی بە سوود کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا هەن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەش کە لە نووسراو و چاپکراوە تازەکانا هاتوون، دوا بەدوای لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیان ئەم بەشەمان نووسیوەتەوە.

[١] ئەیوبییان دەڵێ: گیو موکریانی لە بەسەرهاتی وەفاییدا دەنووسێ، وەفایی لە بەرەی مەلا جامییە!، ئەمە ڕاست نییە، چونکێ ئێمە لەدایك ڕا لە بەرەو بنەماڵەی مەلا جامیانین و کۆڵکەی (شەجرەتولنەسەب)مان هەیە.

[٢] ناوی شێخ عەبدوڕڕەحمانی ئەبولوەفای کوڕی دووەمی شێخ عوسمانی سیراجەددینە (١٢٥٣ — ١٢٨٥ك). لە سەرەتادا بۆتە جێ نشینی باوکی و لە ئیرشاد و ڕێ نموونی موسوڵمانان بۆ ڕێگای شەریعەت و تەریقەت، پاشان دەچێتە بەغدا لە بارەگای حەزرەتی غەوس جێگیر دەبێت، هەر لەوێش دەمرێ و دەنێژرێ. جگە لە ڕابەری تەریقەت و ئایینداری

سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی هەموو بەڵگەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە (ساباڵاغ)دا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، وەلێ لە دەستنیشانکردنی ساڵی لەدایك بوونی هەموو ناکۆك و ناتەباو سەروبنی باسەکانیان تێك ناکاتەوە. هەر لە ئیستادا گەیشتن بە ئامانجێکی ڕاست و باوەڕپێکراو سەبارەت بەو ساڵەی کە وەفایی تیایدا هاتۆتە دنیا هەروا کارێکی ئاسان نییە!. بەو هۆیەوەش کە ساڵی کۆچ و ماڵئاوایی کردنی تا ڕادەیەك بەڵگەدار و ڕۆشنترە، بۆیە لێرەدا دەچینە سۆراغی ئەو مەبەستە و دواتر ئاوڕێك لە ساڵی لەدایك بوونی دەدەینەوە.

وەفایی لە (١٠ — ١٥) ساڵی کۆتایی تەمەنی سێ جاران چۆتە حەج و زیارەتی ماڵی خودا. سەفەری یەکەم و دووەمی بە وردی لە کتێبی (تحفه المريدين)دا گێڕاوەتەوە. لە سەفەری سێیەم و کۆتاییدا بۆ وڵاتی حیجاز کۆچی دوایی کردووە.

لەو سەفەرەدا وەفایی لەگەڵ ئەو دەستەیەدا یەکی گرتۆتەوە کە لە کوردانی سلێمانی بوون و لە ئەستەمبۆڵەوە بە مەبەستی حەج و زیارەت هاتبوون، ئەو دەستەیە بریتی بوون لە شێخ سەعیدی حەفید و سەید مستەفای نەقیبی برای و حاجی تۆفیق بەگی (پیرەمێرد) و هاوڕێکانیان.

سەبارەت بە مێژووی ئەو سەفەرەی شێخی حەفید و یاوەرانی بۆ حەج دو بیر و ڕا هەیە:

١- عەلائەدین سەجادی و محەمەد ڕەسووڵ هاوار و ئامادەکارانی دیوانی پیرەمێرد ڕایان وایە، کە ئەو وەفدەی ناودارانی سلێمانی کە شێخ مەحموودی حەفیدزادە و زیوەری شاعیر و چەند کەسی دیکەشیان لەگەڵدا بووە، لە ساڵی ١٨٩٨دا لە سلێمانی بەڕێ کەوتوون و هەر لەو ساڵەدا دەگەنە ئەستەنبۆڵ و دەبن بە میوانی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم. ئەنجا لەساڵی دواتر واتە لە (١٨٩٩)دا دەبن بە دوو بڕ؛ بەشێکیان بەرەو سلێمانی دەگەڕێنەوە کەوا شێخ مەحموودی نەمر و شێخ عومەری مامی و زیوەری شاعیر لە ڕیزی ئەواندا دەبن. بەشی دووەمیان کە شێخ سەعید و سەید مستەفا و پیرەمێرد سەردەستەیان دەبن ڕووە و حیجاز بە مەبەستی حەج و زیارەت بەڕێ دەکەون و هەر لەو ساڵەدا مەراسیمی حەج جێبەجێ دەکەن و دەگەڕێنەوە، وەکو پیرەمێرد دەگێڕێتەوە لەکاتی بەجێ گەیاندنی ئەو مەراسیمەدا لەگەڵ هەر یەك لە وەفایی و سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکوکییدا یەك دەگرنەوە، کە یەکەمیان لەگەڵ کاروانی خەڵکی ساباڵاغ و موکریاندا هاتبوو بۆ حەج، ئەوەی دووەمیش لەگەڵ کاروانی خەڵکی کەرکوك. ئەنجا لەدوای بەجێ گەیاندنی ئەو مەراسیمە هەم وەفایی کۆچی دوایی دەکات[1] هەم سەید مستەفای نەقیب[2].

---

شاعیرێکی باڵادەست و پایە بڵندی سەردەمەکەی بووە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (٦٠) پارچە شیعری فارسی ئەبولوەفای هێناوەتەوە. بەو پێیەی وەفایی لە سەرەتادا مورید و مەنسووبی خانەقای نەقشبەندی بیارە بووە، دوور نییە نازناوەکەشی بۆ تەبەڕووك لە نازناوی کوڕی شێخەوە وەرگرتبێ. بەڵام مامۆستا مودەڕیسی باس لەوە ناکات کە ناوبراو کتێب و دانراوێکی بەناوی (تاج العارفين)ەوە هەبووبێ. بڕوانە:

- یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەرگی دووهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٩٩.

[1] بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

- یادی پیرەمێرد، بەئەرکی: علاء الدين سجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥١،ل ١١.

پیرەمێرد لەم بارەیەوە نووسیویە: (وەفایی کە لە پێشدا مەفتوونی شیعرە جوانەکانی بووم، وا ڕێکەوت لەماڵی خوایشا هاوناڵە و ئەفغانی بووم و لەپاش حەج لەڕێی حیجازدا مرد و سەید ئەحمەدی خانەقا لەسەری بەند بوو تا ناشتی، ڕەفیقی گریانی بووم)[1].

ئەم دەستەیە لە سەرچاوەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەم ساڵەی ئەم حەج و زیارەتەی تیادا ئەنجام دراوە و وەفاییش بارگە و بنەی بەیەکجاری پێچاوەتەوە، ساڵی (١٨٩٩) زاینی بووە.

٢- دەستەی دووەمی سەرچاوەکان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەم حەج و زیارەتەی وەفدی سلێمانی لەساڵی (١٩٠٢)دا ئەنجام دراوە و هەر لەم ساڵەشدایە کە وەفایی کۆچی دوایی کردووە.

یەکێك لەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا چاپ و بڵاو کراونەتەوە، (گەنجینەی مەردان)ی مەلا عەبدوڵڵای زێوەرە، زێوەری شاعیر یەکێك بووە لە ئەندامانی ئەو وەفدەی کە بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید و لەسەر بانگهێشتی سوڵتان عەبدولحەمید چوونەتە ئەستەمبوڵ، ئەنجا لەو یاداشتانەدا ڕوونی کردۆتەوە کە ئەوان لە ساڵی (١٣١٩ی کۆچی/ ١٩٠١ی زاینی) لە کۆشکی (مابەین) لە ئەستەمبوڵ میوانی سوڵتانی عوسمانی بوون و لەدوای سێ مانگ مانەوە لەوێ دەبن بە

---

- پیرەمێردی نەمر، نووسینی: محمد ڕسول (هاوار)، چاپخانەی العانی، بەغدا، ١٩٧٠، ل ١٣.

دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی: فائق هۆشیار و نووسەرانی تر، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٠، ل ١٠ — ١٣٥.

[2] شێخ سەعیدی حەفید ماتەمنامەیەکی بەسۆز و بەکوڵی بۆ مەرگی سەید مستەفای نەقیبی برای هۆنیوەتەوە، کە لە پاشاندا هونەرمەند ڕەفیق چالاك بە دەنگ و ئاوازێکی خەمبار و پڕ لە سۆزەوە خوێندوویەتی و بەم جۆرەیە:

مردنە بێ تۆ ژیانم، زیللەبێ تۆ عیززەتم
دەردە خۆراکم لەدوای تۆ، زەهرە بێ تۆ شەربەتم
تویش وەکو من قوڕ ئەپێوی گەر بزانی عیللەتم
وێڵی سەحراکەی نەهاتی غوربەتی پڕ میحنەتم
ئیرسی مەجنوونە خەڵاتم لەیلەکەم ون کردووە
غەم دوامی زۆرە، زوو ئەڕوا لەدڵ سەبر و سەفا
ئولفەتم گرتووە بە عیللەت، قەت نییە چارە و شیفا
بەرد دەبارێنی بەسەرما چەرخی بێ ڕەحم و وەفا
نەونیهاڵی ئەحمەدی بوو، سەرووی قەدی مستەفا
زوو بەسەرچوو چی بکەم حوکمی قەدەر وەی کردووە
چیم لە جاهو حورمەت و ئیقباڵە بۆ چیمە حەشەم!
وەك جەهەننەم وایە جەننەت، وەی لە گوڵزاری ئیرەم
قەت نییە و نابێ فەرەح بێ تۆ هەتا ڕۆژی عەدەم
دڵ لەناری فیرقەتت وەك غونچە تەنگ و پڕ لە غەم
کوا نەسیمی وەسڵەکەت خۆی بۆ حەشر هەڵگرتووە

[1] ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (١٠٠٦)، ١٣/٤/١٩٥٠.

دوو بەش، بەشێکیان بۆ سلێمانی دەگەڕێنەوە و دەستەیەکیشیان دەچن بۆ حەج، ئەو حەجە دەکەوێتە ساڵی (١٩٠٢)و وەفاییش لەو سەر و بەندەدا کۆچی دوایی کردووە[٢].

سەرچاوەی دیکەش هەن کە پشتگیری ئەو ڕایە دەکەن، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا هاتووە کە وەفایی: (ساڵی ١٣٢٠ھ/ ١٩٠٢م لە چۆلی شامدا کۆچی دوایی کردووە، هاوڕێکانی لەو دەشتە دێمە ناشتوویانە)[٣].

لە کەشکۆڵی (سۆزی نیشتیمان)ی مامۆستا (نەجمەدین مەلا)شدا هەروەها هاتووە: "لە ساڵی ١٣٢٠ی هیجری چووە بۆ حیجاز بۆ ئەدای فەریضەی حەج، لە ڕێگا وەفاتی کردووەخاوەنی ڕۆژنامەی (ژین) شاعیری بەناوبانگ حاجی تۆفیق بەگ – پیرەمێرد – هاوڕێی بووە، پیرەمێرد دەڵێ بە دەستی خۆم وەفاییم لە لمی عەرەبستاندا ناشتووە"[١].

مامۆستا قەرەداغیش ساڵی (١٩٠٢)ی بۆ کۆچی دوایی وەفایی بەڕاست زانیوە، بەڵام ئەو لە سۆنگەی ئەوەوە گەیوەتە ئەو بڕوایە کە شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینانی لە ساڵی (١٩٠٠؟) زاینیدا کۆچی دوایی کردووە، وەفاییش شیعرێکی لە شین و ماتەمینی کۆچی شێخ دا هۆنیوەتەوە، هەر بۆیە کۆچی وەفایی لەدوای کۆچی شێخ دا بووە. بەڵام نازانرێ مامۆستا قەرەداغی ئەم مێژووی (١٩٠٠ز)یەی بۆ کۆچی شێخ لەکوێ هێناوە. لەکاتێکدا ڕێکەوتی وەفاتی شێخی شەمزینان هەر ساڵێك لەدوای نەفی کردنییەتی، واتە (١٨٨٣)یە. بۆ شوێنی ناشتنەکەشی هەر دەبێ ئەو قسەیەی پیرەمێرد بکەینە سەنگی محەك کە دەڵێ: لە ڕێگای گەڕانەوەمانا بوو، ئەنجا ئەوە داوێنی چیای (ئوحود) بووە، یا چۆڵی حیجاز، یا سەحرا عەرەبستان لە نێوان لە شام و حیجاز... وەکو لە سەرچاوەکاندا باس کراوە، ئەوە شتێکی ڕوون نییە.

لە (ژینەوەری وەفایی)، ئەیوبییان چەند بیرەوەری کەسانێکی بە ساڵاچووی ناسراوی سابلاغی هێناوەتەوە، کە زیاتر لە خەملاندن و مەزەندە دەچن، هێنانەوەی هەندێکیان لێرەدا بێ سوود نابینین، لەو بارەوە دەڵێ:

- بابم (پاکۆ) دەیگێڕاوە، تازە لاوێکی باوخۆش بووم ژنم نەهێنابوو، لە نێوان ساڵانی ١٩ و ١٣٢٠ی باری مانگی دا مامۆستا وەفایی وەکو بیستوومە لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا لە شاری سابلاغێ بەڕێی سولەیمانیدا بەرەو ماڵە خولای بەڕێ کەوت ئیدی نەگەڕاوە، وەکی دەیانگێڕاوە هەر ئەوێ ساڵێ لە چۆلی شامێ لەگەڵ چەند کوردی خۆ وڵاتی بووە نەخۆش کەوتووە و مردووە، هەر لەوێ ناژتوویانە.
- جەنابی مەلا عەبدوڵڵای مودەڕیسی، مامۆستای زانای بەڕێز و گەورە و گران، کە لە تەمەنی (٩٠) ساڵان بەرەو ژوور دەڕوا دیفەرموو: وەفاییم نەدیوە، بەڵام بێ دوو دڵی دەزانم کە ساڵی

---

[٢] گەنجینەی مەردان، مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، محەممەدی مەلا کەریم ئامادەی کردووە؛ چاپخانەی ئەدیب، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٥٩ – ٦٠.

[٣] ڕۆژ نامەی (ژین)، ژمارە (١٣٠٣)،

[١] دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی: محەممەد عەلی قەرەداغی: ل چل و شەش.

- نەجمەدین مەلا لەوەدا ورد نەبووە کە دەڵێ لەتەك خاوەندی ڕۆژنامەی (ژین) حاجی تۆفیق بەگا و، شێخ مستەفای کوڕی شێخ عەبدول صەمەدی قاضی و سەید ئەحمەدی خانەقادا چووە بۆ حەج...

وەفـاتی لـە ١٣٢٠ی بـاری مـانگی تـێ نەپـەڕیوە. زۆر چـاکم لـەبیرە لـەناو مـەلا و فـەقێیان دا دەیـانگێڕاوە بەڕاسـتی مامۆسـتا وفـایی ئـەهلی حـاڵ بـووە، کـە مـەلای گـەورە (مامۆسـتا مـەلا عەبدوڵلای پیرەباب) لە سابلاغێ لە (١٣٠٨/١٨٩٠ز) وەفاتی کـردووە مامۆسـتا وەفـایی تـابووتی وی هـەڵگرتووە و فەرموویـە، ئـەمنیش بـەدوای ویـدا دەڕۆم. لـەو سـەردەمی دا لـەو نێـوەی دا کـە چەندین ساڵ بووە هیچ زانایەکی بەنێوبانگ لە وڵاتی نەمرد تاوەفـایی بـاری مـاڵاوایی تێـك نـاو مرد.

- ڕەوانشاد سـەید عەبـدورڕەحمانی ئـەیوبی و مـەلا عەبـدوڵلای داودی و مامەغـەنی خوسـرەوی و میرزا عەبدولخالەقی حەسەن زادە، کەلە یاران و هەوادارانی دڵسووتاو و شـاگردانی بـە ئەمـەکی وەفایی بوون، هەتا بڵێـی پـیر بـوون و سـاڵیان تـێ شـۆرابوەوە و بـاوەڕ پێکـراو بـوون، بـارکردن و مردنی وەفاییان لە نێوان ساڵانی ١٩ — ١٣٢٠ی باری مانگی دەزانی.

ئـەنجا بـیروڕای چـەند نووسەرێکیشـی هێناوەتـەوە سـەبارەت بـە سـاڵی بـوون و مردنـی وەفـایی، کـە هەموویان لە دەوری ئەو ڕێکەوت و ساڵانەدا دەخولێنەوە کە مامۆستا گیو هێناویەتەوە، کە بەپێویستی نازانین لەسەریان بڕۆین.

مایەوە بیروڕای ئەیوبییان خۆی کە لە دوا لاپەڕەی ئەو ژینەوەریەدا هاتووە کـە بـۆ وەفـایی نووسـیوە و تیـادا دەڵـێ: بـە بـیر و بـڕوای مـن، بەڕاسـتی و بەڕاوێـژ ئـاوای بـۆ چـووم و بـۆم ڕوون بۆتـەوە، بـە لێکۆڵینەوەیەکی سی و سێ ساڵە و هەڵاوێژێکی زانینی و پرس و لێکۆڵینەوە تەواوی تات و بەڵگەی کۆن و نوێ، پێوان لەگەڵ بابۆم و مامۆم، چەند زانا و ژیری پـیری ڕووناکـبیر کـە ناویـان لـەو ڕێکەوەنـدی دا هاتووە و وەفاییان دیوە و چاکیان ناسیوە ئەوەیە:

وەفایی لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا بەرەو ژوورتر ژیـاوە، لـە سـاڵی ١٣١٩ی بـاری مـانگی (١٩٠١ز)، نێزیکـەی دە ساڵێك پاش مەرگی مەلای گەورە (مەلای پیرەباب)، لە شـاری سـابلاغێ بـەڕێی سولەیمانیدا بـەرەو ماڵـە خۆلای ڕۆیوە و نەگەڕاوەتەوە. وەکی بابم لەبابی (سەید تەهای کـوڕی سـەید ئـەیوبی گـەورە) و لـە زۆر کەسانی بیستووە و بەچاکی لـەبیری مـاوە، مامـە وەفـایی لـە سـاڵی ١٣٢٠ی بـاری مـانگی لـە چـۆڵی شـامێ مردووە وهەر لەوێ ناژتوویانە. ئەوە کاکلی بەهرەو ئاکامی هەڵاوێژی ئێمەیە و پێم وایە ئـەو ڕاسـتییە هەرچی زۆرتری لە سەر بڕۆین چاتر ڕوون دەبێتەوە و بەپێی گرنگترین بەڵگەی دەستنووسی مامۆستا وەفایی کە لە پایانەی دیوانی مەسنەوی (حـەزرەتی شـێخ عوبەیـدوڵلای غازی الکوردی) کـە لـە سـاڵی ١٣١٩ی باری مـانگی نووسـیویەتییەوە و لـەکن جـەنابی قازی محەمـەدی خـزری مامۆسـتای ڕێـزان مـاوە، ئیفاداتی کابابۆی گەورە و گرانم سەید عەبدوڵلا دەبێ دروست بێ.

لێرەدا دوو خاڵ بۆ ئێمە گرینگ و جێگای هەڵوەسـتە لەسـەر کـردنن: یەکـەمیان هـات و ئـەو قسـەیەی دوایی ئەیوبییان ورد و بەڵگەدار بێت، کە وەفـایی لـە (١٣١٩)دا دیـوانی مەسـنەویاتی شـێخی شـەمزینانی نووسـیوەتەوە ئـەنجا لـە دوایـە سـەفەری حـەجی دەسـت پێکـردووە. ئـەوە بەڵگـەکانی بـەرەودوا ڕاسـت دەکاتـەوە سـەبارەت بـە سـاڵی کۆچـی دوایـی وەفـایی. دووەمیـان تەمـەنی وەفاییـە لـە ئـان و سـاتی ئـەو سـەفەرەیدا، ئـەم دەسـتەیە لـە پیرەپیـاوانی سابلاغ لـە پـاڵ دەسـتەیەکی دیکـەش لـە پیـاوانی ناسـراو و

بەسەلاچووی مەهاباد، کە سەیدییان لە پێشەکی دیوانەکەیدا ناوی بردوون[1]، هەموو لەسەر ئەو ڕایەن کە وەفایی لە تەمەنی (٧٠) ساڵ بەرەو ژوورتر بووە کە ئەم سەفەرەی دوایی بۆ حەج دەست پێکردووە، کەوابێت دەتواندرێت بە مەزەندە و بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە ساڵی لەدایك بوونی لە دەوروبەری (١٨٣٠) زاینی دا بووبێت. بەندە کە ئەم بۆچوونە دەردەبڕم و ئەو ڕایە بۆ ساڵی لەدایکبوونی وەفایی دەسەلێنم، زۆریش بە پارێزەوەم، چونکێ دەستنیشانکردنی ساڵ و مێژوویەکی تایبەت بۆ لەدایکبوون و مردنی زۆرێك لە شاعیران و ناودارانی کۆنمان، لەوانەش وەفایی، لەم تاریکستانەی لەبەر دەست نەبوونی بەڵگە و دەستاوێژی زانستیی و باوەڕپێکراو، بەڕاستی کارێکی ئاڵۆز و ئەستەمە[1]!.

## ژیان و پەروەردە و پێگەیشتنی/

بۆ سەربوردە و ژیان و بەسەرهات و پێگەیشتنی وەفایی دەشێ سێ قۆناغی سەرەکی دەستنیشان بکرێت، بۆ هەر قۆناغێکیش بەپێی ئەو بەڵگە و زانیارییە کەمەی لەبەر دەستدان قسەی لەبارەوە بکرێت، بەم شێوەیە:

**یەکەم**: قۆناغی سەرەتایی خوێندن و پێگەیشتنی: ئەمە لە ڕۆژگاری مێرد منداڵییەوە دەست پێدەکات تا ئەو کاتەی لەساڵی (١٨٦٦)دا دەچێتە خانەقای نەهری و لە خزمەت شێخی شەمزیناندا دەمێنێتەوە. لەو بارەوە ئەیوبییان دەڵێ وەفایی لە تەمەنی شەش ساڵیدا چۆتە بەر خوێندن، وا زانراوە کە لەلای باوکی دەستی بە خوێندن کردبێ و سەرەتا کتێب و نامیلکەکانی تایبەت بە زانستە ئایینیەکان و سەرف و نەحوی عەرەبی و ئەدەبیاتی فارسی خوێندبێ، تا لەتەمەندا بەرەو ژوورتر ڕۆیشتووە خوێندن و خوێندەوارییەکەشی چۆتە قۆناغێکی بالاتر. زۆرتر لە لەمزگەوتی هەباس ئاغا و مزگەوتی سوور لە سابلاغ دەرس و وانەکانی فیقهو شەرعیات و لوغەتی عەرەب و عەجەم و ریازیات و ئەستێرەناسی و مێژوو و ئەدەبیاتی خوێندووە.

بە وتەی ئەیوبییان لەدوایە دەچێتە ناوچەی سلێمانی و لە حەوزەی عیلمی شارەزوور و سلێمانی و ماوەیەك خەریکی خوێندن و زانست وەرگرتن بووە، لەوێڕا دەچێتە موسڵ، ئەنجا سەری بەغداش دەدا و ماوەیەك لە بارەگای حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەمێنێتەوە، تا ئەوەی بە تەواوەتی کەسبی زانین و هونەر دەکات ئەوجا دەگەڕێتەوە بۆ سابلاغ. وا باوە لە سابلاغ لەلای مەلا ناودارەکانی ئەو دەمە، وەکو مەلا عبدوڵلای پیرەباب و مەلا ئەحمەدی (صدر العلما) خوێندبێتی، بەڵام ئەوەی کە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە یا نا، ئەنجا کەی و لەکوێ و لەسەر دەستی کام لە مەلا ناودارەکانی ئەوکاتە ئیجازەی پێدراوە؟ ئەوە دیار نییە. ئەنجا ئایا لەم قۆناغەدا بۆتە مەلا و مەلایەتی کردووە یانا ئەوەش ڕوون نییە.

---

[1] دیوانی وەفایی مهابادی، محمد امین میصری (سیدیان)، مهاباد، ١٣٤٤، ل ١٨.

[1] دەستنیشانکردنی دەوروبەری ١٨٣٠ی زاینی بۆ هاتنە دنیای وەفایی لەگەڵ ئەو بیروڕاو لێکدانەوەدا یەك دەگرێتەوە، کە ماموٚستا مستەفا سەید مینە بۆ ئەو مەبەستە پێی گەیشتووە. بڕوانە:

- پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووداد، مستەفا سەید مینە مستەفا، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢١٠.

هەر لەم قۆناغەدا زمانەکانی فارسی و عەرەبی بە چاکی زانیوە و لەگەڵ زانست و ئەدەبیاتی ئەو زەمانانەشدا ئاشنایی و شارەزایی هەبووە. سەری لە زانیارییەکانی ماددی و مەعنەوی دەرچووە. لەو سەردەمەدا ژنی خواستووە و ماڵ و خێزانی لەگەڵ (زارا خاتوون) پێکەوەناوە. چونکێ کاتێك چۆتە خانەقای نەهری ئەو خاوەنی ماڵ و خێزان بووە.

**دووەم:** قۆناغی چوون و گیرسانەوەی لە خانەقای نەهری: سەردەمێکی درەوشاوە و گرنگە لە ژیان و پێگەیشتنی وەفایی، تیادا کەسایەتی ئەو هەم لە باری کۆمەڵایەتیی و ئاینییەوە هەم لە ڕووی فیکری و ئەدەبیشەوە بە تەواوی پێگەیشتووە. ئەنجا لە ڕێگەی ئەو بەڵگە گرنگەوە کە لە نووسینی خۆیەتی و لە شێوەی یاداشت و بیرەوەری ساڵانێك کە لە خانەقای نەهری و لە خزمەتی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینییدا (١٨٣١ — ١٨٨٣) گوزەراندوویەتی و لەم ساڵانەی دواییدا کەوتۆتە ناوەوە، زانیاری و شارەزاییەکی باش سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی وەفایی لەم قۆناغەدا لەبەردەستدا هەیە[١].

وەفایی لەو بارەوە دەڵێ: (نزیکەی ساڵێك لە ڕابەرایەتی پیرۆزی ئەو زاتە بەسەر چووبوو، کە بچووکتان بە نزیکایەتی و خزمەتی پیرۆزی سەربەرز بووم)[٢].

بە گوێرەی سەرچاوەکان شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی (١٨٣١ز) هاتۆتە دنیا و لە (١٨٦٥)داو لە تەمەنی (٣٤) ساڵی لە جێگەی مامی دانیشتووە و بووە بە شێخ و ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی، پێگەی خانەقاکەیان لە گوندی (نەهری) ناوچەی (شەمدینان)ی سەر بە ویلایەتی (حەکاری) بووە. لە مەدا بە دیار دەکەوێ کە وەفایی لە ساڵی (١٨٦٦) داو، لە کاتێکدا کە گەنجێکی کامیل و لە تەمەنێکی نزیك بە چل ساڵی بووە ماڵ و خێزانی لە سابڵاغدا جێ هێڵاوە و لەگەڵ کاروانی ئەو خەلیفە و مورید و مەنسووبانە چۆتە نەهری کە ساڵانە بە مەبەستی زیارەت و چلەکێشان ڕوویان کردۆتە خانەقای شێخی نەهری. لێرەدا پرسیارێك هەیە کە ئاخۆ وەفایی کاتێك لە سابڵاغ دەرچووە، تەنها مەبەستی زیارەت و سەردانی خانەقا و گەیشتن بە ئاستانەی شێخی شەمزینان بووە یاخود مەبەستێکی دیکە لەپشت ئەو سەردانەوە هەبووە و لە پاشاندا هەڵکەوت و چارەنووس وای کردووە کە لە نەهریدا بگیرسێتەوە و مانەوەکەشی چواردەساڵ بخایەنێ؟بە قەولێك کەوا سەیدیان لە زاری پیرەپیاوانی سابڵاغی گواستۆتەوە، گۆیا وەفایی لە ڕۆژگارێکدا لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، کەلکەلەی سەفەری ئەستەمبوڵی دەکەوێتە سەر و نیاز و نییەتی ئەو سەفەری دەبێت، بەڵام لەلایێ خەرجی و دەرامەتی ئەو سەفەرەی لەدەست نابێت

---

[١] ئەم زانیارییە زیاتر پشت بەستوو بە یاداشتەکانی وەفایی خۆیەتی کە لە (تحفه المردین) دا هاتووە، ئەم کتێبە لەم ساڵانەی دوایی دوو جاران لە لایەن محەممەدی حەمە باقی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، هەر بۆیە ئێمە بە قەڵەمی درشت بەسەر ئەم قۆناغەدا ڕادەبوورین، خوێنەری هێژا بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر دەتوانی بۆ ماکی سەرچاوەکە بگەڕێتەوە. شایانی گوتنە کە ئەیوبییان دوو نوسخەی لە (تحفە المریدین) نووسیوەتەوە، کە یەکێیان بە دەست و خەتێکی خۆش و جوانە و لەسەر کاغەزی سووررباوی بێ خەت زۆر بە ڕێکی نزیکەی (٢٠ — ٣٠) ساڵێك بەر لە ئێستا نووسراوەتەوە و بە نیازی لە چاپدانی ئامادەکراوە، بەڵام وا دیارە لە کاتی خۆیدا هەڵی بۆ هەڵنەکەوتووە، بۆیە کارەکە وەکو خۆی تاوەکو ئێستەش ماوەتەوە.

[٢] بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفة المریدین)، لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٩.

و لەلایێکی دیکە لەلای ئاستەم دەبێت بێ ئەوەی کەس بناسێت، یا ئاشنایی و شارەزاییەکی ئەوتۆی هەبێت، ڕاستەوخۆ سەر هەڵبگرێت و ڕوو لە ڕێگایەکی پڕ زەحمەت و شارێکی گەورە و ئاپۆرە و ئاوەدانی وەکو ئەستەمبۆڵ بکات، تا ئەوەی بحاوێتەوە و کاروبارێکی وەدەست بکەوێت، بۆیە خەلیفە و موریدەکانی سابلاغ لە ڕێگادا ئامۆژگاری دەکەن کە نامەیێك بۆ شێخ بنووسێ و هەر کاتێك گەیشتنە نەهری بیداتە دەستی و داوای کۆمەك و یارمەتی لێ بکات بەو هۆیەی کە شێخ خاوەنی پایە و نفووز و دەسەڵاتێکی زۆر بووە لە ئەستەمبۆڵ.

وەفایی لە ڕێگادا قەسیدەیەك بە زمانی حاڵ و بەم مەعنایە بە فارسی دەهۆنێتەوە و داوا لەشێخ دەکات کە لە بەدیهێنانی ئەو ئاواتەی دا کۆمەکی بکات و کارئاسانی بۆ بکات، بەڵام کاتێك شێخ دەست و خەتی وەفایی دەبینێ و قەسیدەکە دەخوێنێتەوە و لەمەبەستەکەی حاڵی دەبێ، وەفایی دەکەوێتە بەر دڵ و داوای لێ دەکات کە دەست بەر داری ئەو سەفەرەی بێت و لەلای ئەو بمێنێتەوە، هەم چاوی لێی دەبێت و هەمیش یارمەتی دەدات. ئیتر وا دەبێت وەفایی لە نەهری دەگیرسێتەوە، دەبێت بە میرزا و نووسەر و ڕازگری تایبەتی شێخ، هەروەها دەبێت بە مامۆستای تایبەتی هەردوو کوڕەکەی (شێخ محەمەد و شێخ عەبدولقادر)، کە فێری زمانی فارسی کردوون و دەرسی خەتخۆشی پێداون. لەو بیرەوەریانە وەفایی باس لەوە دەکات کە چەند جار ئیجازەی لە شێخ وەرگرتووە و بۆ سەردانی خزم و کەس و کار و ماڵ و خێزان گەڕاوەتەوە سابلاغ. باس لەوەش دەکات کە ماوەیەك ماڵ و خێزانەکەشی هێناوەتە نەهری و بەینێك لەوێ ماونەتەوە، هەروەها باس لە برایەکی خۆی دەکات بەناوی (حەدەمین)کە ساڵێکیان بۆ چلەکێشان ماوەیەکی لەتەك وەفاییدا لە خانەقای نەهریدا بەسەر بردووە، وەکو چۆن لە سەفەرێکدا بۆ سابلاغ باوکی بە سواری لەگەڵ خۆیدا دەباتە نەهری بۆ خزمەتی شێخ کە لە تەمەنی (١٠٣) ساڵیدا بووە.

وەفایی لە درێژەی نووسینەوەی ئەو بیرەوەریانەیدا لە (تحفه المریدین) بە دەستووری زانایانی پێشەخۆی، ناوە ناوە چوارینێکی فارسی نووسیوە کە خۆی لە (٢٣٥) چوارین دەدات، لەگەڵ چەند قەسیدەیەکی فارسی و کوردی کە لە شوێنی خۆیاندا باسی لە بۆنەی گوتنی ئەو قەسیدانەی کردووە. دیارە هۆگری و ڕادەی پەیوەستبوونی وەفایی بە بنەماڵەی شێخ و بەتایبەت حەزرەتی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادری کوڕیەوە کە بەشێکی گرینگی ئەم قۆناغەی ژیانی داگرتووە، ئەوە باس و بابەتێکی دوور و درێژە و ئەوەی بە وردی بیرەوەرییەکان بخوێنێتەوە پەی بەوردو درشتی ئەم پەیوەندی و پەیوەستبوونەوە دەبات. ئەنجا وەفایی لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك تێکستی شیعری ناوداری لە وێنەی قەسیدەی وەسف و ستایش، یاوەکو شینگێڕی و ماتەمنامە بە کوردی و فارسی هۆنیوەتەوە، کە نەك هەر لە دیوانی شیعری وەفاییدا جێگە و پایەیەکی گرنگیان هەیە، بەڵکو لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیشدا، هەم لە ڕووی پاراوی زمان و شێواز و هەم لەباری ئاواز و مۆسیقای شیعری و هەم لە لایەنی سەرڕێژبوون و ماکی سۆز و سووتانی شاعیرانەوە بە شاکاری شیعری دەژمێردرێن.

**سێیەم: قۆناغی گەڕانەوە بۆ سابلاغ و مانەوەی لەوێ تا کۆتایی تەمەن:**

لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی شەمزینان لە ساڵی (١٨٨٠ز)دا، وەفایی لە سەردانێکی بۆلای خانەوادە و خزم و کەس و کاری لە سابلاغ دەبێ، لەدوای ئەوە ئیدی فریای ئەوە ناکەوێ جارێکی دیکە

چاوی به شێخ بکەوێتەوە، ئەنجا چ لە درێژەی ئەو شەڕ و شۆڕ و جەنگ و پێکدادانەدا بووبێ لەکاتی شۆڕشەکەدا، یا لەدوای شکست و پەرتەوازە بوونی لەشکری شۆڕشگێڕان و پاشەکشە کردنەوەی شێخیش بۆ ناوچەی شەمدینان، دواتریش دەست بەسەرکردنی لە ئەستەمبۆل و لە ئاکامدا نەفی کردن و دوور خستنەوەی بۆ حیجاز لە ساڵی (١٨٨٢ز)دا. وەفایی هەر لە سابڵاغدا ماوەتەوە و نەچۆتەوە خزمەتی شێخ بەڵام نامە و نووسراویان لە نێواندا هەبووە. تەنانەت لەکاتی دەستبەسەری و دوورە وڵاتی شێخ لە حیجاز و تائیف، وەفایی نامە و شیعر و قەسیدە بە سۆزەکانی، بە کاروانی زیارەتکەر و حاجیانی سابلاغ دا هەناردۆتە خزمەتی، تا ئەوەی شێخ لە ١٢/ ئۆکتۆبەری (١٨٨٣) دا کۆچی دوایی دەکا[1].

دوای ئەوە وەفایی لە سابلاغ لەلایێ خەریکی سەیر و سلووکی دەروێشانەی خۆی دەبێ، لەلایێکی دیکە بۆ بژێوی ژیانی لە ماڵەکەی خۆیدا قوتابخانەیەك بۆ فێرکردنی منداڵان دەکاتەوە، لەو لاشەوە هەست و سۆزی دەروونی لە دنیای شیعر و ئەدەبیات و جوانی ناسیدا گڕ و گڵپە و بڵێسەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دادەیسێ. گۆیا ماڵ و مەدرەسەکەی بەر و باخچە و باغ و گوڵشەنێکی ڕازاوە بووە، مێردمنداڵەکانی شارستانی سابلاغ و کوڕ و کاڵی بەگزادە و ئاغاواتی دەور و بەری سابڵاغیش لەوێدا دەبن بەشاگرد. وەفایی لەپاڵ فێرکردنی خەت و نووسین و خوێندنەوە و زانست و زانیاری بە شاگردەکانی، فێری دەستوورەکانی شیعر و ئەدەب و هونەر و هەوا و ئاوازی شیعر و غەزەلە ناسك و پاراوەکانی خۆی کردوون.

لەو بوێژ و شاعیرانەی کە لە ڕیزی شاگردانی وەفایی بوون و لە قوتابخانەکەی ئەودا دەرچوون، دەتوانین ناوی هەر یەك لە میسباح و ددیوانی ئەدەب و مەلا ڕەسوولی ئەدیب و غەریقی بهێنین. وەکو چۆن لەو هونەرمەند و دەنگ خۆش و ئاواز خوێنە ناودارانەی موکریانی هەریەکە لە قادری حەمەلاوی سابلاغی و، سەید حەسەنی کابان و سەعیدی ماملێ و کاك مەتەلیبی عابید لە شاگردان و فێرخوازانی بن دەستی ئەو بوون. وەفایی لەم دە ساڵەی دوایی ژیان و تەمەنیدا سێ جاران بۆ سەفەری زیارەت و حەج چۆتە حیجاز، کە ڕەنگبێ پەرۆشی و حەزرەتی زیارەت و دیداری مەرقەدی پیر و شێخەکەی (شێخ عوبەیدوڵڵا) و پیرزادەکەی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) هۆکاری گرینگ و ڕاکێشەر بووبن لەپشت ئەم سەفەر و زیارەتانەوە، دانپێنانەکانیشی لە (تحفه المریدین) بۆ هۆکار و چۆنێتی ئەنجامدانی ئەو سەفەرانە بەڵگە و نیشانەی ئەو ڕاستییە بە دیار دەخەن.

سەفەری یەکەمی لە (٨ی مانگی شەعبانی ١٣٠٨ی کۆچی)دا دەست پێکردووە کە ڕێکەوتە لەگەڵ (١٩ ئاداری ١٨٩١ی زاینی) لە ڕێگەی ڕواندوز و حەلەبەوە ئەنجا بەهۆی دەریاوە بۆ، پوور سەعید و یەنبوع، لەوێشەوە بە سواری وشتر بۆ مەدینە چووە[2].

دوای گەڕانەوەی بۆ سابلاغ لەسەر ڕێ و ڕەوشتی جارانی بەردەوام دەبێ، پێنج ساڵی پێ دەچێ لەو ماوەیەدا چەند جاران سەری خانەقا و یادگاری شێخ دەدات لە نەهری، ساڵی (١٨٩٥) سوڵتانی عوسمانی ڕێگە دەدا شێخ عەبدولقادر بە ماڵ کۆچ و خێزانەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبۆڵ، نامە بۆ وەفایی

---

[1] بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفه المریدین): ل ٢١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل (٨٨ — ٨٩).

دەنووسیٚ کە یاداشت و بیرەوەرییەکانی ساڵانی نزیکی لە شێخ و مانەوەی لە خانەقادا بنووسێتەوە و بۆی ڕەوانە بکا، تا لە ئەستەمبۆل چاپی بکا لێرەوە وەفایی کتێبی (تحفه المريدين) دەنووسێتەوە[1].
دواتر دەکەوێتە تەدارەکی سەفەر بۆ ئەستەمبۆل بۆ زیارەت و دیداری شێخ و کتێبەکەشی لەگەڵ خۆی دەبات. لە زستانی (١٨٩٦)دا بەڕێ دەکەویٚ و لەشاری (ئورفە) گویٚ بیستی ئەو هەواڵە دەبێت کە شێخ بە ماڵ و کۆچەوە بۆ حیجاز گەڕێندراوەتەوە. ناچار ڕێگای سەفەری دەگۆڕیٚ و ڕوو دەکاتە (حەلەب) لەوێش بە ڕێگای دەریادا خۆی دەگەیەنێتە حیجاز و بەدیداری حەزرەتی (غەوسی سانی) شاددەبێتەوە. دوای تەواوکردنی ڕێوڕەسمی حەج و زیارەت لەگەڵ هاوشارییەکانی لە ڕێگای حیجاز، حەڵەب، دیاربەکر، موسڵ و ڕواندزەوە دەگەڕێتەوە بۆ خاکی پاکی نیشتیمان و بە دیداری یار و خۆشەویستانی دەگاتەوە. دیارە باس و خواسی ژیننامەی وەفایی لە بیرەوەرییەکانی (تحفه المريدين)دا تا ئێرەیە، واتە تاوەکو گەڕانەوەیەتی لە سەفەری دووەمی حەجدا لە ساڵی ١٨٩٧.
سەفەر و حەجی سێیەمی کە لە ساڵی (١٩٠١ — ١٩٠٢) ئەنجامی داوە، شێخ عەبدولقادری گەیلانی هێشتا هەر نیشتەجێی وڵاتی حیجاز بووە، دیارە وەفایی دیسان جڵەوی سۆز و هەستی خۆشەویستی ئەو پیر و شێخ زادەیەی هەڵی دەگریٚ و ئارام و ئۆقرەی لەبەر ناهێڵیٚ، ناچار لەگەڵ دەستەیەك لە هاوشاریانی ڕوو لە مەککە و مەدینەی پیرۆز دەکاتەوە. لەویٚ لەکاتی بەجیٚ گەیاندنی مەراسیمی حەج و زیارەت لەگەڵ سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکوکی و حاجی تۆفیق بەگی — پیرەمێرد —دا یەك دەگرێتەوە و ماوەیەك پێکەوە دەبن، پیرەمێرد لە یاداشتەکانیدا کە ساڵانێکی دواتر تۆماری کردوون، بەم جۆرە باس لەو دیدارە دەکات: (چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر لە ئەستەمبۆڵەوە چووبوومە کەعبەی حیجاز، لەویٚ کەوتمە ناو دەستە مریدێکی مەرد، سەرقافڵە چییان سەید ئەحمەدی خانەقا بوو، نازانم تەئسیری هاونەفسی ئەو خاکەبوو یا یاد و دووری وەتەن بوو، ئەمەندەم پەسەند کرد چل شەو لە بیابانی حیجاز و شاما بەیەکەوە بووین، ئەو جازیبە و ڕەفاقەتی حەجە تەئسیرێکی وای لیٚ کردم کە لە ئەستەمبۆل هاتمەوە کردبووم بە عادەت ساڵیٚ سیٚ ڕۆژ بە تایبەتی ئەچوومە خزمەتی)[2]. ئەنجا هەر لە درێژەی ئەو قسانەیەتی کە دەڵیٚ: (ئەمجاری دوا جارەم کە چوومە خزمەت سەید بە نەخۆشی کە ڕامکێشا!، لە خانەقا خۆمان ئاسایی دەستمان کرد بە لەقلەقیات، تێفکریم ئەو لەمن بە گوڕترە و پیرترە! باوەڕم کرد لەپێش مندا نامریٚ!، هەر وەکو بەخۆیم وتووە وەك لە ڕێگای حیجازدا (وەفایی)مان ناشت و بۆی گریاین و گرینۆکە!، بەو یادەوە پێنج خشتەکییەکی وەفایی خوێندەوە، ئەوەندە جوان و بە زەمزەمە بوو، هەر چەند زۆر جار خۆم خوێندوومەتەوە، لە تافەتی شیعرەکان و

[1] لەمەدا وەفایی چاوی لە مەلا حامیدی کاتب (١٨١٠ — ١٨٩٢ز)ی شێخ عوسمانی سیراجەدین کردووە. کە کتێبێکی بەناوی (رياض المشتاقين)ەوە لە بارەی مەناقیبی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩ — ١٨٢٧ز) و شێخ عوسمان و کوڕەکانی نووسیوە. بڕوانە:
- یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەرگی دووەم: ل ٣٤٣ — ٣٤٥.
- بیرەوەرییەکانی وەفایی، محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، ل ٧ — ٨.
[2] پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نویٚی ژیان و بەرهەمەکانی، لێکۆڵینەوەی: ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم: ل ٤٠.

شـێوەی خوێندنەوەکـەی ئـەو هێنـدە تەئسـیری تێکـردم، تـازەم کـردەوە ئـەهلی زەوق تێروپـڕ بیخوێننەوە)[٣]:

**سوڵتانی هەموو سەروقەدان ماهی حەساری**

**ئـەوچاوە غـەزالـەی دەگـرێ شـێری شکاری**

وەفایی لەم سەفەرەی دواییدا هەرگیز ناگەڕێتەوە، کۆچ و باری بە یەکجاری تێك دەنێ و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، شاعیری ناو بەدەرەوە و ئاڵا هەڵگری قوتابخانە شیعرییەکەی کرمانجی خواروو لە موکریان کە نالی سەرقافلەکەی بووە، لە خاکی غەریبیدا سەردەنێتەوە.

**پایەی شیعری وەفایی/**

دەکرێ بڵێین وەفایی نوێنەر و شاگردی قوتابخانە شیعرییەکەی نالی بووە لـە موکریـان، هـەر بـەو پێیـە دەبێتە سەردەستەی نەوەی یەکەمی شاعیرانی کلاسیکی لەو ناوچەیە، لـە وێنـە شـێخ ئەحمـەدی کۆڕی موکریانی و مەلا ساڵحی حەریق و میسباح و دیوانی ئەدەب و عەلی بـەگی سـالار سـەعیدی حەیـدەری و مەلا ڕەسووڵی ئەدیب و سەید ڕەشیدی (چاوەش)و... کەسانێکی دیکە، کە (ئـەدەب) و (ئـەدیب) لەمانـە هەر لە شاگردانی وەفایی و دەرچووی قوتابخانەکەی ئەوبوون.

وەکو دەگێڕنەوە وەفایی لە تەمەنی (١٥ — ٢٠) ساڵیدا هەواو زەمزەمـەی شـیعر گـوتنی کەوتۆتـە سـەری، ئـەنجا هـەر دەبێـت بـەهرەی شـیعر و هونەرەکـەی لـەو سـەردەمەدا ڕەنگدانـەوەی تـاق لاوێـتی و تـازە پێگەیشتنی بووبێت، بۆیە ئەوانەی شیعر و دیوانی وەفاییان لەچاپ داوە و لەسەر شیعر و هۆنراوەکانی دواون، لەوانەش ئەیوبییانی ئامادەکاری ئـەو دیوانـەی بـەر دەسـتی ئێمـە، لـە ئاست بڕێـك لـە شـیعر و هۆنراوەکـانی دڕدۆنـگ و بەگلـەیین، لـەو سـۆنگەیەی کـە تـا ئەندازەیـەك سـادە و سـاکارن و بـەهرە و هونەری شاعیرانەی بەرزیان تێدا بەدی ناکرێت، بەبـەراورد لەگـەڵ تێکسـتی غـەزەل و قەسـیدە پـاراو و ڕازاوەکانی دیکەیدا!. بەڵام ئەوە شتێکی ئاساییە کـە بەرهەمـە سـەرەتاییەکانی هـەر شـاعیرێك، لەچاو ڕۆژگارەکـانی ڕسـکان و بوژانـەوەی بـەهرەی شـاعیرێتی، تـا ئەندازەیـەك لـە خـوارەوەتربن، ئەگـەر بـە دیوانەکەی وەفاییشدا بگەڕێین زۆر نموونەی لەو جۆرەمان بەرچاو دەکەوێ.

بەڵام لەدوایە بەهرە و داهێنانی شیعری وەفایی بە ئەندازەیەك پێدەگات کە دەبێت بە یەکێك لە شۆڕە سوارانی ئەو مەیدانە و کۆمـەڵێك هونـەری شـیعری تـازە لـە ئـەدەبی کوردیـدا دەخـوڵقێنێ و لـە چـەند مەیدانی دیکەشدا وەکو شاعیرێکی بلیمەت و داهێنەر خۆ دەنوێنێ[١].

---

[٣] سەرچاوەی پێشوو: ل ٤٠.

[١] لە کتێبی (پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمـانجی خـوارووا)، نووسـراوی کـاك مستەفای سـەید مینـە، بـە دوور و درێـژی و بـە میتـۆدێکی زانسـتی و ئـەکادیمی تیشـك خراوەتـە سـەر بـەهرە و هونـەرەکانی شـیعر و هۆنراوەکانی وەفایی، بۆیـە بـە پێویسـتی نـازانین دووبـارە بـەو مەسـەلانەدا بچینەوە. تـەنها چـەند ئادگـار و سیمایەکی بەرچاو لە هونەری شیعری وەفایی دەخەینەڕوو.

**پێنجین و پێنج خشتەکی لە شیعری وەفایی/**

**پێنجین (المخمس): پارچە شیعرێکی عەرووزی درێژە و بەسەر چەند بەند و کۆپلەدا دابەش دەبێت، کە هەر بەندێکی لە پێنج نیوە دێری شیعر پێك دێت. سەروای پێنج نیوە دێری بەندی یەکەم و وەکو یەك دەبن، لە بەندی دووەم و بەندەکانی دیکەدا سەروای چوار نیوە دێرەکانی هەوەل جیاوازن و دەگۆڕێن، بەڵام سەروای نیوە دێری پێنجەم لە هەموو بەندەکان وەکو هی بەندی یەکەم دەبێت و ناگۆڕێت، بەم شێوەیە[1]:**

........................ آ

........................ آ

........................ آ

........................ آ

........................ آ

........................ ب

........................ ب

........................ ب

........................ ب

........................ آ

........................ ج

........................ ج

........................ ج

........................ ج

........................ آ

**پێنجین بەرهەمی یەك شاعیرە و لەشێوەی قەسیدەدا دەبێت، قەسیدەی پێنجین لەگەڵ جۆرێکی دیکە (موسەممەتی پێنجین) لێکەوە نزیکن، جیاوازی موسەممەت تەنها لەوەدایە کە نیوەدێری پێنجەم هەر لە سەرەتاوە و لە هەموو بەندەکاندا هاو سەودا دەبن بەم شێوەیە: (ێ ێ ێ ێ س، ب ب ب ب س، ج ج ج ج س، ...)[1] وەفایی لە هونەری شیعری پێنجین دا ڕۆڵی پێشەنگ و ڕچەشکێنی هەیە، لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی کەسێك بەر لە ئەو لە دەرگای ئەم هونەرەی نەداوە، دوور نییە وەفایی ئەم هونەرەی لە شاعیرانی فارس وەرگرتبێ. ئەنجا وەکو کەسێکی بە ئەزموون و هونەرمەند کۆمەڵێك دەقی شیعری ڕەنگاوڕەنگی هۆنیوەتەوە کە لەگەڵ هونەرەکانی (تەرجیع و تەلمیع و تەسمیت)دا موتوربەی کردوون و دەستەیێك شیعری پێنجینی ڕازاوە و جوانیان لێ وەبەرهەم هاتووە، لێرەدا نموونەیان دەخەینە بەرچاو:**

---

[1] لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، د. مارف خەزنەدار: ل ١٨٥.

[1] - فنون الشعر الفارسي، د. اسعاد عبدالهادي قنديل: ص ٣٢٩.

- واژه نامه هنر شاعرى، ميمنت مير صادقى (ذوالقدر)؛ ص: ٢٤٢ — ٢٤٤.

(١) پێنجینی تەواو:

سوڵتانی هەموو سەروقەدان ماهی حەساری
چاوی کە غەزالن دەگرن شێری شکاری
بۆ هەتکی ریازی چەمەن و بادی بەهاری
زوڵفی لە هەوا خستییە سەر خونچەی زاری
هەر لەحزە لە خەندەی کە گوڵ و نافە دەباری

گوڵ هاتە دەرێ لافی لە حوسنی بوتی مادا
لەرزی قەدی بەرزی لە ڕقان زوڵفی کە بادا
عەترێکی لەدەم پەرچەم و ئەگریجە بەبادا
چین و خوتەن و هیندی بە شاباشی سەبادا
یەکسەر هەموو عالەم کە بووە میسکی تەتاری

(٢) پێنجینی موسەممەتی تەرجیع بەند:

گوڵێکم بوو لە دنیادا شکۆفەی باغی ڕەعنایی
لە داغی پەرچەمی شێوام لەنێو بازاڕی ڕیسوایی
وەکو بولبول بە ڕووح و دڵ شەو و ڕۆژ بوومە سەودایی
هەموو عومری عەزیزم چوو لەسەر خەندێکی خۆڕایی
بەجارێ ماڵی وێرانم، ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

ئەمن وەك پەرچەمی جانان، ئەمن وەك نێرگسی یارم
لەلایێ خاو و سەرگەردان، لەلایێ مەست و بیمارم
بلا بگریم بناڵێنم، کەوا تێکچوو سەر و کارم
دڵم دانا لەڕێی دڵبەر، نەدڵ بۆم بوو نە دڵدارم
بەجارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

(٣) پێنجینی موسەممەتی مولەمەع:

غەمزە و نیگەه و ڕوو لە خەمی زوڵفی دووتادا
وەك نەشئە لە مەی زوهرە لەنێو شامی سیادا
تۆی جیلوە دەکەی یانە مەلایك لە سەمادا
خەندەی گوڵە وا عەتری لە شەونم بە سەبادا
یاخود ز شکر خندە عرق کردە لبانت

ساقی بەسەری نێرگسی ئاهویی تەتاری
لەو چاوە خومارەت بدە جامێکی بەیاری
تۆ خەندە ببارێنە، ئەمن گریە بەزاری
جامی مەی و خەندەی گوڵ و بارانی بەهاری
زین هرسە توان گشت من پیر جوانت

**(٤) پێنجینی موسەممەتی نیوە تەرجیع:**

تاپێکی ڕیشەیی دڵ بە نووکی غەمزە دادا
دەستێکی بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا
نافەی کوڵی عەیان بوو عەتری بەدەم سەبادا
باریك و لووس و ناسك ئەو زوڵفی خاوی لادا
وەك لاسکی گوڵ بەلادا، شیرین تەشی دەڕێسێ
نووکی تەشی بە گەردیش قوتبێکە چەرخی پێوە
موجەڕە بوو بەتاوی کە چەرخی کەوتە تێوە
وەك زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زێوە
ئەستێرە ماهی ڕاگرت سابت کرا بەپێوە
ئارەق بە ڕوو بە ڕێوە، شیرین تەشی دەڕێسێ

لەمەوە دەمێکە تێکستی شیعرە کراوە و ڕوو هەڵماڵراوەکەی میسباح و ددیوان؛ (دوێ شەو شەوێ شەممە...) بە یەکێك لە پێنجینە ناودارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی ناسراوە، دوور نییە لە پێڕەوکردنی ئەو قاڵبە شیعرییەدا بەهرەی لە مامۆستاکەی وەرگرتبێ!.

ئەوەی پەیوەندی بە (**پێنج خشتەکی**)یەوە هەیە ئەوەیە کەوا هەر بەندێکی لە پێنج نیوە دێر پێکهاتووە، بەڵام جیاوازی جەوهەری لەتەك (پێنجین)دا لەوەدایە، کە لە هۆنینەوەی بەندی پێنج خشتەکیدا دوو شاعیر بەشداری دەکەن لە کاتێکدا پێنجین خۆی هی یەك شاعیرە[1].

زۆر دەمێکە شاعیرانی کورد بۆ ئەوەی هونەر و دەسەڵاتی خۆیان نیشان بدەن، چوون تێکستی غەزەل و قەسیدەی بەرز و ناوداری شاعیرانی تریان هێناوە و لە شێوەی پێنج خشتەکیدا دایان ڕشتۆتەوە، بەوەی هەر دێرێك (دوو نیوە دێر) لە تێکستەکەی ئەوان وەردەگرن و سێ نیوە دێری خۆیان دەخەنە پاڵ و بەم کارە بەندی پێنج خشتەکی لەسەر دادەمەزرێنن، وا هەیە ئەو تێکستە هی شاعیرێکی غەیرە کوردیش بێت. نموونەی هەرە دیار لە ئەدەبی کوردی ئەو غەزەلە ناودارەی حافزی شیرازییە؛ (الا یا ایها الساقی ادر کاساً و ناولها...) کە هەریەك لە مەلای جزیری و سالم و ئەحمەدی کۆر و وەفایی و شاعیرانی دیکەش وەریان گرتووە و شیعر و هۆنراوەی خۆیان لە شێوەی چوار یا پێنج خشتەکی لەسەر هۆنیوەتەوە. لەم مەیدانەدا نالی نموونەی بەرزی چاولێکەرەوەی شاعیرانی کورد بووە، کە هەوڵیانداوە غەزەلە ناسك و بەرز و پاراوەکانی وەربگرن و دەسەڵاتی شاعیرانەی خۆیان لە ئاستیدا تاقی بکەنەوە و شیعر و هۆنراوەی خۆیان لە شێوەی پێنج خشتەکییدا لەسەر دابمەزرێنن. لە نەوەی یەکەمی شاعیرانی

---

[1] تاکو ئێستا بەشێکی زۆری نووسەران و لێکۆڵەرانمان، چ لەم دیوە و چ لەو دیوی کوردستان بەتەواوی و بە دروستی پەی بە سنوور و بە جیاوازی نێوان ئەم دوو هونەرە شیعرییە دێرینە نابەن!. هەر کاتێ بەندێکی شیعری پێنج نیوە، دێرییان بەرچاو بکەوێ خێرا ناوی پێنج خشتەکی بەباڵادا دەبڕن، بێ ئەوەی سنووری نێوان ئەم دوو هونەرە شیعرییە بە وردی لە یەکتر جیا بکەنەوە!.

قوتابخانەی کرمانجی خواروو، هەر یەك لە سالم و مەلا وەسمان... پێنج خشتەکییان لەسەر شیعری نالی هۆنیوەتەوە.

لەناو ئەمانەشدا وەفایی هەوەل شاعیرێکی موکریانە کە غەزەلێکی ناسك و پاراوی نالی وەرگرتووە و کردوویەتی بە پێنج خشتەکی، دیارە ئەمەش کارێکی وا سووك و ئاسان نییە و بۆ کەسێك کە بیەوێ شان شکۆی لە هی نالی بسوێ!، لەوەش بەولاوەتر ئەم غەزەلەی نالی هەموو نیوەدێرەکانی هاوسەروان و بەمەش مەیدانی هەڵبژاردنی وشە سەروای جۆراوجۆرلەبەردەم وەفاییدا تەنگتر بۆتەوە، بەڵام هەر دەبێ ئەو شایەدییەی بۆ بدەین ئۆباڵی بۆ بکێشین و بڵێین بەڕاستی وەفایی لەچاو مامۆستاکەیدا هونەری نواندووە:

باغەوانی خولد پەروەردەی مەنیجەی کردووە
فێری سەت ناز و نیاز و شەرم و عیشوەی کردووە
هەر بە شیرەی جان شیرین پەروەریدەی کردووە
(گوڵبونی قەدت لە قوبەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە، قەت نەیشەکەر نەیکردووە)

⋆ ⋆ ⋆

زوڵفی تۆ دوو ڕۆژە پەنجەی با بە شانەی کردووە
چاوی تۆ ئاهووی پەڕە، شەرمی لە سورمەی کردووە
پستەکت ئەمڕۆکە هەروەك غونچە خەندەی کردووە
(نەخلی بالات نەوبەرە تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆی شیرت لەدەم دێ ئەم مەمەت کەی کردووە)

وەفایی لە هونەری پێنج خشتەکییدا جۆرێکی دیکەی داهێناوە کە لە پێشی ئەودا لای شاعیرانی کورد نەبیندراوە، ئەویش ئەوەیە غەزەلێکی خۆی وەرگرتووە و دووبارە لە شێوەی پێنج خشتەکییدا دای ڕشتۆتەوە، ئەمە پێنجین نییە چونکێ لە تێکەڵاوکردنی دوو تێکست پێکهاتووە، پێنج خشتەکیش نییە چونکێ هەر خۆی بەتەنیا لە هۆنینەوەیدا بەشداری کردووە، بۆیە دەبێت بەشتێکی نیوە پێنجین و نیوە پێنج خشتەکی!.

تێکستەکانی (نوون و قەڵەم) و (ڕەسەن) کە لەسەر کێشی عەرووزی دامەزراون بەم شێوەیە هۆنراونەتەوە. نموونەیەکی دیکەشی هەیە کە لەسەر پارچە شیعرێکی لیریکی خۆماڵی دا هۆنیویەتەوە، پارچە لیریکە بنەڕەتییەکە ئەمەیە:

پێم بڵێ گوڵەکەی بەهاریم، لە تۆ تابەکەی جودابم
وەرەوە بە شەرتی جاران ڕۆژی سەت جار فیدابم
چاوی مەست و گۆشەی ئەبرۆت دوو دینیان کردم لەسەر تۆ
یابمکە پیری مەیخانە یا موریدی خانەقابم

ئەنجا بەم جۆرە لە شێوەی پێنج خشتەکی دووبارە داڕشتۆتەوە:

**ئەریٚ ئەی بە زوڵف و ڕوخسار سەنەمی چین ماهتابم**
**دەمەکە و خەندەکەی نیگاهت نمەك و مەزەی شەرابم**
**من لەبەر نیگاهت بمرم تۆ و سەری غەمزەکەی جەللابم**
**(پێم بڵێ گوڵەکەی بەهاری لە تۆ تابەکەی جودابم**
**وەرەوە بە شەرتی جاران ڕۆژی سەت جارت فیدابم)**

★ ★ ★

**لە وێرانەی دڵی شێواوم شین و واوەیلایە و ڕۆڕۆ**
**ئاورێك بەربۆتە هەناوم دێتەدەر لە هەناسەم بۆ سۆ**
**بوومە ئەفسانەی وڵاتان شاربەشار ماڵ بەماڵ کۆبەکۆ**
**(چاوی مەست و گۆشەی ئەبرۆت دوو دنییان کردم لەسەرتۆ**
**یا بمکە پیری مەیخانە یا موریدی خانەقابم)**

وەفایی یەکەمین شیعری بەشی فارسی دیوانەکەشی تێکستێکی پێنج خشتەکییە کە لەسەر ئەو غەزەلە ناسراوەی حافز دامەزراوە کە لە پێشەوە ناومان برد.

**وەفایی و شیعری ئاینی/**

مەبەستی ناوەرۆکی ئاینی و ئایندارى لە شیعری کلاسیکیدا بە شێوەیەکی گشتی لە سێ چەشنی سەرەکیدا بەدیار دەکەوێت:

(١) پاڕانەوە لە خواو پێغەمبەر کە بە (موناجات) ناودەبرێت.
(٢) ستایشی پێغەمبەر و یارانی و پیاوچاك و شێخ و پیرانی تەریقەت کە بە شیعری (نەعت) دەناسرێت.
(٣) شیعری سۆفییانە و (عیرفانی).

ئەم تەقسیم بەندییە لە وێنەی چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ هەر تێکستێکی شیعری ئاینی، چونکێ وا دەبێت لەناو یەك تێکستدا هەموو ئەم چەشن و مەبەستانە ئاڵقای یەکتر دەبن.

بەشێکی شیعری وەفایی لە دەوری مەبەستی ئاینی دەخولێنەوە، زیاتریش بەلای پاڕانەوە و ستایشدا دەشکێنەوە. ئەگەر بە وردیش بۆ مەسەلەکە بچین ئەوا دەتوانین بڵێین شیعرە ئاینییەکانی بەشێکیان پاڕانەوەیە لە پێغەمبەر و لە ستایشی ئەودایە، بەشی دووەمیشیان کە پشکی شێری هەیە لە ستایشی شێخانی شەمزینان و خانەقاکەیان دایە.

ئەنجا لە هەندێ شوێن هەست بەوە دەکەین کەوا زمانی شیعری وەفایی ڕەنگو بۆی وتاری سۆفیگەری و عیرفانی بەخۆیەوە دەگرێت، شتێکی ڕوونە کە سۆفیزمی کوردی بە شێوەیەکی گشتی بە سۆفیگەری عەرەبی و فارسی کاریگەر بووە، بۆیە زمان و بیر و بەرداشتی وەفایی لە باوەڕ و بیری فەیلەسووف و زانا و شاعیر و عاریفە پێشەنگەکانی فارس و عەرەب سەرچاوەی گرتووە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لە شیعرە کوردییەکانیدا ڕووبەڕووی وشە و زاراوە گەلێکی عەرەبی، یاخود عەرەبی باوی ناو ئەدەبیاتی فارسی دەبینەوە کە بەشی زۆریان بە چەمك و واتایەکی عاریفانە بەکارهێنراون و خوێنەری کورد لە

درێـژەی شـوێنەوارە کلاسـیکییەکانی شـاعیرانی کـوردا پـەی پـێ بـردوون. بـەڵام جەوهـەری عیرفـان و سـۆفییایەتی لـە شـیعری وەفـایی لـە ڕووکـارێکی سـەرەوەدایە و ئەوەنـدە لـە مەسـەلەکانی فەلسـەفەی سۆفیزم ڕۆ نەچووە و قـوول نەبۆتـەوە. لـە حاڵێکدا ئـەو موریـد و مەنسـووبی تەریقـەتی نەقشبەندی بووە و ماوەیەکی زۆریش لە ئامێزی خانەقا و شێخانی شەمزینی بەسـەر بـردووە. ئـەو قـووڵی و سـۆز و سووتان و ڕەمز و ڕاز و توانەوەیە لە حاڵ و مەقاماتی عیرفان، وەك ئەوەی لە شیعری شێخی جزیـری و مەحوی و تەنانەت لای شاعیرێکی خۆڕسکی وەکو شـێخ ئەحمـەدی کۆڕدا دەیبیـنین لـەلای وەفـایی بـەو ئەندازەیە نییە. با پێکەوە سەیری ئەم هۆنراوەیە بکەین کە نموونەی هۆنراوەیەکی وەفاییـە کـە تـام و بۆیەکی سۆفیانەی هەیە:

موتریب وەرە دەستی من و دامانی وەفات بێ
سووتاوم بم هەسێنەوە با دەنگی نەوات بێ
ساقی وەرە مەجلیس بە سەر و گەردن و جامت
بێ نەغمەیی نەی نامەوێ گەر ئابی حەیات بێ
تۆ گەنجی جەمالت هەیە من عاشقی ڕووتم
یەك بۆسە چ نابێ کە بفەرمووی حەسەنات بێ
نابێتەوە ڕۆژ ئیدی سەباحی ئەمەلی من
بەو گەردنە هەر تا شکەنی زوڵفی دووتات بێ
دەگریم و لەگەڵ ئاهی دەروون سۆزی دڵم دێ
وەك بەرقی بەهاری کە لەعەینی زولومات بێ
قوربان گوتم ئاخر بەسە بەو زوڵفە ئەسیری
فەرمووی کە ئەتۆ مورغی شەباوێزی سەدات بێ
مەنعم مەکە مەستم کە بە تەفسیری جەمالت
عاشق ئەوەتا بێ سیفەت و پەرتەوی زات بێ
من مەست و قەلەندەر سیفەت و ڕەند و خراپم
تۆ پیری خەراباتی ئەگەر مەزهەری وات بێ
نەمزانی هەتا پێنەکەنی گوڵ بە دڵی من
فینجانی لە مەرجانی دەبێ پڕ لە نەبات بێ
هەستە وەرە لەو جامی ئەلەستی بدە دەستم
بەستەی دەری گوڵزارە ئەوی مەستی سەفات بێ
سەت جار بچم و بێم و بسووتێم حەقی تۆیە
هەرچەندە بە شەرعی شەم و پەروانە خەتات بێ
بۆ ماچێکی مەمکوژە بەڕوحم و بەوەفابە
هەرچەندە بەدینی گوڵ و بولبول بە زەکات بێ
عەهدێکە لەگەڵ گوڵ کە بەبێ موتریب و ساقی
تا ئێرە نەچێ ئیدی وەفایی بەحەیات بێ

ئەم تێکستە وشە و زاراوە گەلێکی زۆری سۆفیانەی تێدا چێندراوە لە وێنەی (موتریب، نەوا، ساقی، مەجلیس، ئابی حەیات، جەمال، حەسەنات، زولومات، مورغی شەباوێز، سیفەت و پەرتەوی زات، قەلەندەر، ڕەند، پیری خەرابات، مەزهەب، جامی ئەلەستی، سەفا،......)، بەڵام سووتانی ناخ و هەژانی دەروون و توانەوەی تیادا بەدی ناکرێت و لە چوارچێوەی وەسف و باسێکی جوانی ناسانەی شاعیرانە تێناپەڕێت. بۆیە وەکو ئەنجام گیری دەتوانم بڵێم ڕاستە وەفایی دەستە و دامانی پیر و تەریقەت بووە، بەڵام لە بۆتەی فەلسەفەی سۆفیزمدا نەتواوەتەوە و نەسووتاوە و نەبووە بە قال و گۆی زوخاڵ، ڕێبواری ڕێگای کاروانی عاشقان بووە، بەڵام نەگەیوەتە مەنزڵ!.

لە دنیای شیعری شیوەن و ماتەم نامەدا وەفایی چەند قەسیدەیەکی هەیە کە لە دەروونێکی هەڵقرچاوەوە شیوەنی بۆ شێخ عەبەیدوڵلای گێڕاوە، ئەم تێکستانە لە دنیای شیعری ماتەمنامەدا ئەوەندە ناسك و بەسۆزن کە جێگایەکی بەرچاویان لە مێژووی ئەدەبدا هەیە.

وەکو چۆن لە وەسفی سروشت و جوانی بەهار و وێنەکێشانی جوانی گوڵ و گوڵستاندا، وەفایی هەست و ئیحساسێکی زۆر ناسك و جوان پەرستی هەبووە، ئەنجا ئەوانە لە وێنە و تەعبیری خۆماڵی و داڕشتنی پاراو و دڵگیر و نزیك لە واقیع لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو لەم نموونەیەدا:

**نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا**
**بەریدی عاشقان دیسان نەویدی دڵبەری هێنا**
**نەوید هەی عاشقانی دڵ فیگار یار هاتە سەر خەندە**
**سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا**
**مەگەر ڕووی کەوتە زوڵف و ڕووی حەبیبم بادی نەورۆزی**
**حەیاتێکی بە دنیا داوە بۆی گوڵ عەنبەری هێنا**

تا دەڵێ:

**لە شایی دارە گوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پژکووتن**
**چەمەن تەختی زومەڕڕەد، گوڵ لە یاقووت ئەفسەری هێنا**
**لەبەزمی نێرگس و نەسرین بەدەفعی چاو و زاری گوڵ**
**وەنەوشە دەستە دەستە، عود و لالە مەجەمەری هێنا**
**لە مەیخانەی چەمەن بەزمی تەرەبیان گرت قەدەح نۆشان**
**شەقایق بادە، زەنبەق شیشە، نێرگس ساغەری هێنا**
**لە چەهچەی ساز و نەغمەی عەندەلیبان سووت هەموو دنیا**
**نەوایی تار زەن، ئاوازی خۆشخان ئاهووری هێنا**
**حیکایاتی غەریبەی پێیە بولبول جوملە خۆ کردی**
**دەڵێی چاپاری ئێران ڕۆژنامەی ئەختەری هێنا**

**کێشی شیعری وەفایی/**

بەشی زۆری شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی بە پێڕەوی لە شاعیرانی پێشوو لەسەر نیزامی کێشی عەرووز هۆنراونەتەوە لەمانەش هەردوو کێشی (هەزەج و ڕەمەل) و قالبە کێشەکانیان، کە دوو کێشی هەرە باو و بلاوی ناو شیعری کلاسیکی کوردین، لەپاڵ ئەمانەشدا ئاوڕی لە هەندێ لە کێشە عەرووزیەکانی دیکەش داوەتەوە، لە وێنەی کێشی (ڕەجەز و موزاریع و سەریع و بەسیت و موجتەس)، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم. بەو پێیەی کە لە نزیکەوە ئاشنایی و شارەزایی لەتەك ئەدەبیاتی فارسیدا بووە، بۆیە کاریگەری زۆری شیعری فارسی بە بەرهەمە شیعرییەکانییەوە بەدی دەکرێت، هەر ئەمەشە بۆتە سەرچاوە و ئیلهام بەخشی وەفایی تا ئەوەی ئاوڕ لە چەند قالبێکی شیعری نوێ و ناوازە بداتەوە لە وێنەی (پێنجین و پێنج خشتەکی و تەرجیع بەند) کە پیشتر لە قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروودا یا هەر نەبوون و نابیندرێن، یا ئەوەتا کەم و دەگمەن بوون.

سەبارەت بە کێشی شیعریش دیاردەیەکی نوێ و جیاواز لە شیعری وەفاییدا هەیە، ئەویش پەنا بردنییەتی بۆ کیشی بڕگەیی، دیارە ئەم جۆرە کێشە لە بنەواندا کێشێکی ئاوێستاییە و بەمیرات بۆ گەلانی هیندو – ئێرانی ماوەتەوە لەوانەش هەردوو گەلی کورد و فارس[1]. لەدواتردا چەند کێشێکی سروودی ئاوێستایی لە وێنەی (٧، ٨، ١٠، ١٢،...) بڕگەیی لەگەڵ دەستە پێیەکانیان، بوونەتە بنەما بۆ کێشی شیعری فۆلکلۆری و شیعری کۆنی کوردی، کە لە ئێستادا کاڵای کێشی خۆماڵی و نەتەوەییان بە باڵادا بڕاوە. وا پێدەچێت ئەم دیاردەیە لە شیعری وەفایی زیاتر لەژێر تاوی شیعری فۆلکلۆری و گۆرانی و بەیت و بەند و باوی کوردیدا کەوتبێتە ناوەوە. لە کاتێکدا وا باوبووە کە وەفایی ئاهەنگ و ئاواز دانەرێکی بەهرەوەریش بووە و جاری واش هەیە کە هەواو ئاوازێکی داناوە ئەنجا هاتووە شیعر و هۆنراوەی بۆ بەندەکانی هۆنیوەتەوە. ئەوسا لەو بارانەدا ئاساییە کە کێشی هۆنراوەکە پابەندی ئاوازەکەی بێ. بەڵگەیەکی دیکەی ئەم بۆچوونەمان لەوەدایە کە هۆنراوە بڕگەییەکانی وەفایی هەر لە کۆنەوە بە گۆرانی و ئاوازەوە گوتراونەتەوە، ئەم جۆرە شیعرە ڕێژەیەکی کەم لە شیعر و هۆنراوەکانی شاعیر پێك دەهێنێ، ئنجا یەك دوو تێکستیش لەمانە بەهۆی گوێزرانەوەی دەماودەمی و هەڵەوپەڵەی نووسەرانەوە، کێش و ئاهەنگەکانیان ئاڵۆزکاوە و لە حاڵەتی ئێستایاندا لە چوارچێوەی هیچ کام لە ڕێساکانی کێشدا ناگونجێن.

لێرەدا ئامارێك بۆ کێشی شیعرە کوردییەکانی شاعیر دەخەینەڕوو کە تیایدا جۆر و ڕێژەی کێشە بەکارهێنراوەکان بەدیار دەخات:

---

[1] وزن شعر فارسی، دکتر پرویز ناتل خانلری: ص ٤٠ – ٤٥.

| أ/ جۆری کێشی عەرووزی | ژمارەی قالبە بەکارهاتووەکان | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| (١) هەزەج | ٧ قالبەکێش | ٨٢ | ٪٥٥,٤٠٥ |
| (٢) ڕەمەل | ٦ قالبەکیش | ٤٤ | ٪٢٩,٧٢٩ |
| (٣) ڕەجەز | ٣ قالبەکیش | ٦ | ٪٤,٥٤ |
| (٤) موزاریع | ٢ قالبەکیش | ٤ | ٪٢,٧٠٢ |
| (٥) سەریع | ١ قالبەکیش | ١ | ٪٠,٦٧٥ |
| (٦) بەسیت | ١ قالبەکیش | ١ | ٪٠,٦٧٥ |
| (٧) موجتەس | ١ قالبەکیش | ١ | ٪٠,٦٧٥ |

| ب/ کیشی بڕگەیی | دەستە پێیەکانی | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| (١) ٨ بڕگەیی | (٤ + ٤) | ٣ | ٪٤,٧٢٩ |
| (٢) ١٢ بڕگەیی | (٦ + ٦) | ٢ | ٪٤,٧٢٩ |
| (٣) ٧ بڕگەیی | (٤ + ٣) | ١ | ٪٤,٧٢٩ |
| (٤) ١٠ بڕگەیی | (٥ + ٥) | ١ | ٪٤,٧٢٩ |

| ج/ ئاڵۆزکاو (بێ کێش) | دەستە پێیەکانی | ژمارەی تێکست | ڕێژە | |
|---|---|---|---|---|
| | – | ٢ ___ | ٪١,٣٥١ | ______ |
| کۆ/ | | ١٤٨ | ٪١٠٠ | |

**وەفایی و شاعیرانی کورد/**

کاریگەری و تارمایی شاعیرانی کورد بەسەر شیعر و بەرهەمی وەفایی بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، لەوانەش شاعیرانی وەکو؛ نالی و کوردی و مەحوی.

بەو هۆیەوەش ماوەیەك لە مەڵبەندی (حەکاری)یدا ژیاوە دەسەڵاتی بەسەر شێوەزاری کرمانجیش دا شکاوە بۆیە هەناسەی شیعری شێخ ئەحمەدی جزیری و فەقێ تەیران بە بڕێ لە هۆنراوەکانییەوە دیارن.

لەنێو ئەوانەدا زۆرتر بە نالی کاریگەر بووە، ئەم کاریگەرییە پانتاییەکی زۆری لە شیعری وەفایی داگیر کردووە لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو هەوڵێکیش بۆ خۆ نزیك خستنەوە لە دەسەڵاتی شیعری نالی پارچەیەکی پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ئەو داناوە. بەپلەی دووەم مستەفابەگی کوردی دێت کە بۆن و بەرامەی زمان و شێواز و شیعرەکانی لە گەلێك شوێندا بەسەر هۆنراوەکانی وەفاییەوە دیارە[1].

[1] لە مەسەلەی ڕادە و چۆنیەتی کاریگەری شاعیرانی بابان بەتایبەتیش (نالی و کوردی) بەسەر شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی، ئەوا کاك مستەفای سەید مینە بە درێژی لەسەری وەستاوە، بۆ ئەو مەبەستە خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەو جاوگەیە بگەڕێتەوە:

بەو پێیەی کە (مەحوی) شاعیریش لە سابلاغ خوێندوویەتی و شاگرد و فەقێی مەلای گەورە مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب بووە کە مامۆستای وەفاییە، بۆیە هەر لە زووێکەوە مەحوی و وەفایی یەکتریان ناسیوە و پێکەوەش هاوسەفەری دنیای شیعر و ئەدەبیات و هاوڕازی عیشق و عیرفان بوون.

شێخی جزیری غەزەلێکی سەرواداری ناودار و ناسراوی هەیە کە بەم دێرانە دەست پێدەکات:

**من دی سەحەر، شاهێ مەجەر، لبسی دبەر مەخموور بوو**

**ئەو دێم زەری سوڕموشتەری یاڕەب پەری یاحوور بوو**

**حور وەشە، شیرین مەشە، کاکۆڵ ڕەشە، خاڵ حەبەشە**

**خالین دەقەر، مسکێ تەتەر، نازك بەشەر، کافوور بوو**

وفایی لەسەر هەمان کێش و هەواو ئاوازەوە لە پارچەیەکی درێژدا بە نێوی (بەهارە) دەڵێ:

**بە کەسك و سوور، باغ دەر و ژوور، پڕ بوو لە نوور، وەك کێوی توور**

**لەبەر زهوور، کەوتە حزوور، دوور و نزیك، دەشت و دەمەن**

**گەیسوو بڵاو، بەنازی چاو، هات لەناکاو، بەبۆنەی ڕاو**

**ڕۆژ بوو بەشەو، ژین بوو بەخەو، بریو بریو، کەوتە زەمەن**

**بورقەع لەسەر، ئەتڵەس لەبەر، وەك بووکی تەڕ، گوڵ هاتە دەر**

**کاکۆڵ بەدۆش، عەنبەر فرۆش، پێم گوت ئەتۆش، دیم غافلەن**

فەقێ تەیران کۆمەڵێك بەیت و بەندی هەن کە هەموویان لەسەر بەندی دووبەیتی (چوارین)ی هەشت بڕگەیی هۆنراونەتەوە، سەرواکانیان بەم جۆرە ڕیزبوون: (اااب)، وشە سەرواى لەتە دێرى چوارەم بەزۆری (یەتێ)یە، وەك ئەوەی لە بەیتی (زەمبیل فرۆش)دا هاتووە:

**ئەی دڵ وەرە دیسا ب خۆش**

**جارەك ژ جاما مەی بنۆش**

**بکم قیسسەتا زەمبیل فرۆش**

**دا سەح بکن حیکایەتێ**

وەکو چۆن بەندەکانی (مەهدی نامە)ی ئیبنولحاجیش لەسەر ئەم کێش و ئاواز و ڕوخسارەیە:

**یاڕەبی تۆی ساحیب هودا**

**حیفزم بکەی یا زەننەدا**

**وەقتێ دەبن فیتنە بەدا**

**بە ئیسمی تۆ بیدایەتێ**

وەفایی لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە تێکستێکی لە موناجات و پاڕانەوە بۆ (غەوسی سانی) هۆنیوەتەوە کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

---

- پایەی وەفایی، مستەفا سەید مینە: ل ٢٣٥ — ٢٦٠.

سووتام لەتاوی فیرقەتێ
ساقی کەرەم کە شەربەتێ
وەکو قەقنووس ئاورم کەتێ
یا غەوسی سانی هیمەتێ
ڕیشەی دڵم بەس پارەکە
موتریب دەستێ لە تارەکە
بەیادی زوڵفی یارەکە
یا غەوسی سانی هیمەتێ

ئەنجا ئەوە عەشق و سووتانی شاعیری پۆست نشین شێخ ئەحمەدی کوڕی موکریانییە کە وەفایی هێناوەتە سەر ئەوەی لە پارچە کاغەزێکی عارفانەدا بەم شێوەیە بیلاوێنێتەوە:

تا دڵ نەسووتێ دەم بە دەم
فانی نەبێ سەرتا قەدەم
پەروانە قەت ناگا بەشەم
هذا طریق العاشقین
تا چاو و دڵ خوێنبار نەکەن
قەتعی هەموو ئەغیار نەکەن
فیکری ویساڵی یار نەکەی
هذا طریق العاشقین

**وەفایی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی/**

ئەیوبییان لە سەرنج و تێبینییەکانی قسەیەکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی چەند جاران دوبارە کردۆتەوە، کە گوایا لە ئاست تێکستی (شیرین تەشی دەڕێسێ)ی وەفاییدا گوتویەتی؛ بەڕاستی وەفایی تەشییەکەی جوان ڕستووە!.

ئەیوبییان نەقلەکەی بەم جۆرە گێڕاوەتەوە: وەکی لە جەنابی مەلا ئەحمەدی تورجانی ئوستادی زانام بیستووە شێخ رەزا لەکن جەنابی عالی مەقام ڕەوانشاد سەید عەبدوڵقادری گەیلانی بووە، کە وەفایی پەیدادەبێ. شێخ دەفەرموێ کە شێخ ڕەزا ئەوە وەفایی دێ بەڵام ئەگەر تەوس و تەشەری پێدادەی ئەوە پیاوێکی زۆر پڕ هەست و خۆخۆشەویستە لەدڵی دەرناچێ و ڕەنگە هەجوێکی توندت بکا، وا دیارە شێخ ڕەزا لەپیشدا وەفایی ناسیوە و یەکتریان دیوە، بۆیە عەرزی شێخی دەکا و دەڵێ؛ قوربان دەزانم کاکە وەفایی تەشییەکەی زۆرجوان ڕستووە!.

ئەگەر هات و وەفایی و شێخ ڕەزا یەکتریان دیبی و ناسیبی، یان بە پێچەوانە، ئەوەندە هەیە کە وەفایی لە شیعر و هۆنراوەکانیدا هەمیشە خۆی لە داشۆرین و هەجو پارستووە، تەنانەت لە هۆنراوەکانیدا بەهیچ چەشنێك تانە و تەشەر و قسەی سارد و سووکی بەزاریدا نەهاتووە.

**تێکستی شیعرێکی غەریقی/**

لـە پێشـەکی دیـوانی وەفـایی محەمـەد عـەلی قەرەداغیـدا شـیعرێك هـاتووە کـە گوایـا لـەناو دیـوانی دەسـتخەتەکەی بەردەسـتی ئـەو داو لـە ڕیـزی شـیعر و هۆنراوەکـانی وەفاییـدا بـووە، ئـەم تێکسـتە هـی شاعیرێکە بەنێوی (غەریقی) و بەڵام ساغ نەبۆتەوە کە ئەم غەریقییە کێیە[١].

ئەیوبییان لە دەستنووسەکەیدا ئەم تێکستەی بـەپێی پیتـە سـەروکەی لـە ڕیـزی تێکسـتەکانی وەفاییـدا هێناوەتەوە، بەڵام هەر خۆیشی لەدواییا وەکو تێبینی نووسیویەتی: لـەدیوانی وەفـایی هـەلاوێر بکـرێ و لەسەرەتادا بێ.

وا دیارە ئەیوبییان ئەو تێکستەی لە نوسخە دەستنووسێکدا دیوە و لـەژێر ڕۆشـنایی ئـەو دەستنووسـەدا ڕاسـتکردنەوەی بـۆ کـردووە و جیاوازییەکانیشـی لەگـەڵ چـاپی قەرەداغیـدا نیشـان داوە، بـەڵام لـە دەستنووسە بنەڕەتییەکانی دیوانی وەفاییدا نەهاتووە. لێرەدا بەگوێرەی تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەم تێکستە چەند سەرنج و تێبینییەکمان لەلا گەڵاڵە بووە:

- غەریقی یەکێك لـە شـاگردانی وەفـایی یـاخود دۆسـتێکی نزیکی بـووە، وەکو ئـەویش موریـد و مەنسووبی شێخانی شەمزینی و بەتایبەتیش شێخ عەبدولقادری گەیلانی – غەوسی سانی بووە.
- لە سەروبەندی سەفەری سێیەمینی وەفـایی بـۆ حیجاز بـە مەبەسـتی سـەردان و زیـارەتی شـێخ عەبـدولقادر، کـەوا شـێخ و پـیری هـەردوولایان بـووە، غـەریقی ئـەم شـیعرەی وەکو نوقلانـە بـۆ سـەفەری خێـر و هیـوای گەڕانـەوەی بـە سـەلامەت بـۆ وەفـایی نووسـیوە و پێشکەشـی کـردووە. لەکاتێکدا وەفایی دەستەیەك لە هاوڕێی و هاوڵاتیانی خۆی لەگەڵدا بووە.
- وەکو لە تێکسـتەکەدا بـەدیار دەکـەوێت غـەریقی زۆر بـە خاکەسـاری و خـۆ بەبچووك گرتنـەوە هاتۆتە دووان، خۆی بە (بەندە)ی (حاجی وەفایی!) و سەگی ئاستانەی شێخانی شەمزینی داوەتە قەڵەم.

ئەیوبییان هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە (غەریقی) لەبەر دەستدا نەبووە، بۆیە لـەژێر ڕۆشـنایی دێـری پێش کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ: لەڕووی ئەو بەندەی پیاو پێی وایە غەریقی باوێژێکە و ئەو تەرانەی بە وەفایی هەڵکوتووە.، بەڵام تا بەڕاستی غەریقی نەناسین نابێ و ناتوانین قسەی لێ بکەین.

ئەنجا لـە سەرچـاوەکانی مێـژووی ئـەدەبی کوردیـدا کەسـانێك بـە نازنـاوی (غـەریق، غـەرقی، غـەریقی) ناویان هاتووە[٢]، بەڵام بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە کە ئەم غەریقییەی دۆسـتی وەفـایی یـەکێك لەوانـە بووبێت. لێرەدا دەقی ئەو تێکستە وەکو لە دەستنووسەکەی لای ئێمەدایە دەخەینە بەرچاو:

**بەهای ئەبیات و ئەشعارت وەفایی موڵکی ئێرانە**

**نیساری میسرەعێکی لایقە بیکەی دووسەت جانە**

---

[١] دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی: ل ٥٢.

[٢] بڕوانە:

- مێژوی ئەدەبی کوردی، علاء الدين سجادی، چاپی دووەم: ل ٥٨٩.
- دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، د. مارف خەزنەدار: ل ٣٥ – ٣٦.

عیراق و فارسی داگرتووه خۆ لەشکری نەزمت
ئەوا دەڕوا لەبۆ تەسخیری موڵکی هیندو تورانە
ئیلاهی با دڵی خوڕڕەم دەگەل زومرەی ڕەفیقانی
بەخێر و شادی ڕەجعەت کا، کە ئێران بێ وی وێرانە
مرادت کەعبەتوڵڵایە مەرامت حەزرەتە لێکین
حەقیقەت مەتڵەبی ئەسڵی، ویساڵ و وەسڵی جانانە
خودا هەمڕاهی تۆ بێ دەستگیرت غەوسی سانی بێ
تەریقێکی خەتەرناکە کە ڕەهزەن نەفس و شەیتانە
ئەمن خاکی سەگی غەوسم فەرامۆشم مەکە قوربان
لە هیجرت ئاوری بەربۆتێ دەروونم وەك نەیستانە
هەزاران موژدە بێ ئەی بولبولی شەیدا بیحەمدیلا
لە نەسلی ئالی تاها غەوسی سانی شاهی شاهانە
لە سایەی غەوسی سانی دامەنم پڕ دوڕڕی شەهوارە
بەهای هەر دانەیێکی بێ شکە تەختی سولەیمانە
ئەگەر حاڵی گەماڵی خۆی دەپرسێ شاهی شەمزینی
هەمیشە چاو بەخوێنە دڵ بریندار و پەرێشانە
لەخزمەت حەزرەتی باپیری خۆی هەروەك محەمەد بێ
بەری بۆ غەوسەکەی سانی!، یەقین ئەو شاهی شاهانە
لە لوتفی خۆت دەپرسی گەر لە حاڵی بەندەیی کەمتر
(غەریقی) هێندە گریاوە غەریقی بەحری عوممانە
دەگەل ئەو بەندەیە حاجی وەفایی بۆچی بێ لوتفی
ئەگەرچی پڕ خەتایە خۆ سەگی دەرگاهی شاهانە

**وەفایی و تێکستی شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ)/**

سەبارەت بە دۆست و دڵبەر و دڵدارەکانی وەفایی، یاخود ئەو کچ و ژنانەی وەفایی خۆشی ویستوون و لە شیعر و هۆنراوەکانیدا ناوی بردوون و پێیدا هەڵگوتوون چەند ناوێك هاتووە، وا هەیە کەسی حەقیقی و ناسراو بووبن دەشبێ ناوی مەجازی و دڵبەر و دڵخوازی شاعیرانە بووبن، لە پێشەوە ئاوڕێك لەو مەسەلانە دەدەینەوە.

ئەیوبییان لە پەراوێزەکانی تێسکتی (گوڵەندام)دا مەسەلەکەی بەم جۆرە باس کردووە:

وەفایی سێ کچی خۆش ویستوون و پێی هەڵکوتوون؛

(١) گوڵەندام: ئەگەر بە دروستی لەبیرم مابێ، خوشك یا دایك یا پووری میرزا ئەحمەدی شارەداری پێشووی سابڵاغی بووە. (بەپێی تۆماری ئیدارەی نفووسی مەهاباد گوڵەندام دایکی میرزا ئەحمەد بووە).

(٢) شای شەکەر لێوان: پوورە مریەم، (مریەم سابلاغی — خوشکی هەرە گەورەی دایکمە)، ژنی میناغای کوڕی قادر ئاغای ئێندرقاشێ بووە، لەدوایە نازانم چۆن مێردی بە شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخی بورهانی کردووە.

(٣) سوێبە (سویبا): کچە دێهاتییەکی شارویرانی بووە ماڵە بابی هاتوونەتە سابلاغێ، نایناسم و نازانم کێ بووە!.

(٤) زارا (سارا خاتوون): خێزانی وەفایی بووە، لە شیعر و هۆنراوەکانیدا ناوی نەهاتووە و پێیدا هەڵنەکوتووە.

لێرەدا قسەکانی ئەیوبییان کۆتایی دێت، ئەنجا هاتوو ئاورێك لە شیعرەکانی وەفایی بدەینەوە دەبینین قسەکانی ئەیوبییان وەڕاست دەگەڕێ و ئەوانە لە زۆر جێگە ناویان هاتووە:

(١)

- گوڵەندام ئەی تەنافی گەردنم زوڵفی پەرێشانت
عیلاجێك، چارەیێك، ڕوحمێك، ئەمان دەستم بەدامانت
- من وەها مەستی گوڵەندامم کە نازانم ئەبەد
هۆشی من دوگمەی تەلا یا ساعیدی سیمین دەبا
- هەر لەحزە وەفایی وەکو بولبول کە دەناڵێ
کەس مەنعی نەکا عیشقی گوڵەندامی لەسەردا

(٢)

- ئەو چاوانەی خوماری نازن — بە ئێما ئیمانم دەخوازن
هاتە دەر وەك ڕۆژ شای شەکەر لێوان — غەمزەکە و ڕەمزەکەی ترکی پیش تازن
- دەڵێ بگری بناڵێنە هەتا بێم دەست و گەردن بین
نیساری شای شەکەر لێوان دەبێ هەر لەعل و گەوهەر بێ(*)

(٣) سویبا لەدێرە غەزەلێکی فارسیدا ناوی هاتووە:

سُیبا به نزاکت تو نازم — گویا نسب از نگار داری
آمیختەای به آب وآتش — این معجزه از عذار داری

ئەنجا لەو تێکستە پێنج خشتەکییەدا کە وەفایی لەسەر غەزەلێکی نالی هۆنیوەتەوە، لە بەندی یەکەمینیدا ناوی (مەنیجە) و لە بەندێکی دیکەدا ناوی (گوڵەندام)یشی هێناوەتەوە:

باغەوانی خولد پەروەردەی (مەنیجە)ی کردووە
فێری سەد ناز و نیاز و شەرم و عیشوەی کردووە

---

(*) سەید عەبدوڵلای سەمەدی پێی وایە کە ئەم پێکهاتەیەی (شای شەکەر لێوان) وەرگێڕاوی دەقاودەقی تەرکیبی (خسر و شیرین دهنان)ی خواجە حافزی شیرازییە.

هەر بە شیرەی جان شیرین پەروەریدەی کردووە
(گوڵبوونی قەدت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەت گوڵشەکەر نەی کردووە)

★ ★ ★

کەس نەڵێ شەهدی (گوڵەندام)ە، لەنامەی کردووە
قیبلەکەی دینم دەڵێن لەم وەجهە شەکوەی کردووە
پێی بڵێن من هەر ئەوم ڕووحم بە فیدییەی کردووە
(خۆم بە قوربانی سەر و دەسماڵ و دوگمەی کردووە
خۆم بە قوربانی دووچاوی پڕ لە سورمەی کردووە)

وەکو چۆن ناوی (دلارام) ناوێکیش هاتووە لە شوێنێکدا کاتێ دەڵێ:
لەو (دلارام)ە بپرسن کە دڵ ئارامی نەما
بەڵام ئەمە زیاتر لە وەسف دەچێت تا کەسێکی حەقیقی بێت.

ئەنجا ئەوەش کە پەیوەندی بە (شیرین) و تێکستی شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ)وە هەیە، ئەوا قسە و باسێکی زۆر لەناوەوە هەیە، کە ئایا (شیرین) کچە کەنیزەکێکی ماڵە شێخانی نەهری بووە، وەکو گیو موکریانی گوتوویەتی، یا ژنێکی ماڵە قازییانی سابڵاغێ؟ یاخود وەکو ئەیوبییان بۆی چووە کچی ئەو باغەوانەی بووە کە ماڵیان لە گوزەری کووچەی (باغی سێوان) هەڵکەوتووە؟، یا هەر لە بنەڕەتەوە کەسێك بەو ناوەی نەبووە و وەفایی (شیرین)ی وەکو ناوێکی خواستراوی شاعیرانە و وەسفێك بۆ دڵخوازەکەی بەکار هێناوە؟ ئەوا بەڵگە و دەلیلێکی یەکلاکەرەوەمان لەبەر دەستدا نییە تا هەموو شك و گومانێك بڕەوێنێتەوە!.

هەرچی پەیوەندی بە تێکستە شیعرییەکەشەوە هەیە، کە یەکێك لە ناسراوترین شیعری وەفاییە، ئەوا ئەویش بێ چەند و چوون نییە، بۆ نموونە قەرەداغی بەڵگەیەکی هێناوەتەوە کە گومان دەخاتە سەر ئەوەی ئەم تێکستە هی وەفایی بێ[1]!، (هێمن)یش ئەوتێکستەی لەو چاپەی دیوانی وەفایی کە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەودا بڵاو کراوەتەوە دەرهاوێشتووە. بەڵام ئێمە سەرباری هەر بیر و بۆچوونێك، پێمان وایە بەچەند دەلیل کەوا تێکستی (شیرین تەشی دەڕێسێ) بەگۆشت و بەخوێن زادەی سەلیقە و بەهرە و هونەری وەفاییە، بەو پێیەی کەوا:

- لە کۆنترین دیوانی دەستخەتی وەفاییدا هاتووە، کە دەستخەتەکەی میرزا عیسای گەورەکە و ماوەیێکی کەم لەدوی کۆچی دوایی وەفاییدا نووسراوەتەوە. زیاد لەوەی میرزا عیسا خۆی لە شاگردانی بەئەمەك و وەفایی ناسێکی چاکیش بووە.
- لە دیوان و دەستخەتەکانی هەریەك لە سەید محەمەدی ئەیوبییان و مەلا قادری مودەڕیسیشدا هاتۆتەوە کە دەستنووسی جێی بڕواو متمانەن.

[1] دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی: ل سیوەحەوت

- هەر لە زوویکەوە وەفایی لە ڕێگەی ئەم تێکستەوە ناسراوە و ناوی بە وڵاتان دا بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتیش دوابەدوای بەهەواو ئاوازەوە گوتنی لەلایەن هونەرمەندانێکی ناوداری سابڵاغ و موکریانێوە، لە وێنەی (میرزا قادری حەمەلاو و، سەعیدی ماملێ و سەید حەسەنی کابانی و عابید...)، ئەم دووانەی دواییان لە شاگردانی خودی وەفایی بوون و دوور نییە هەواو ئاوازەکەیشیان هەر لە دەمی ئەودا هەڵگرتبێتەوە.
- لە دیوانی وەفاییدا تێکستی دیکەشمان وەبەرچاو دەکەوێ کە لەسەر هەمان زمان و شێوازی شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ) هۆنراوەتەوە، هەمان وشە و بێژە و زاراوە و قالب و کێش و هەواو، هەمان بۆن بەرامەی ئەویشی لێوە دێ وەکو دەیبینین[1]:

سوڵتانی هەموو سەروقەدان ماهی حەساری
چاوی کەغەزالن دەگرن شێری شکاری
بۆ هەتکی ڕیازی چەمەن و بادی بەهاری
زوڵفی لە هەوا خستییە سەر خونچەی زاری
هەر لەحزە لە خەندەی کە گوڵ و نافە دەباری

گوڵ هاتە دەرێ لافی لە حوسنی بوتی مادا
لەرزی قەدی بەرزی لەڕقان زوڵفی کە بادا
عەترێکی لەدەم پەرچەم و ئەگریجە بەبادا
چین و خوتەن و هیندی بەشاباشی سەبادا
یەکسەر هەموو عالەم کە بووە میسکی تەتاری

دەم خونچەیی نەشکوفتەیی گوڵزاری جەماڵە
ئەبرۆی وییە میحرابی دوعای نێرگسی کاڵە
نێرگس نەبوو ئەو خۆ فەتەراتی سەروماڵە
قەد نارەوەنی نەوڕەسی باخی خەت و خاڵە
هەر یاری منە و لەززەتی گوڵزاری بەهاری

لەزۆر شوێنی دیکەشدا لە هۆنراوە کوردی و فارسییەکانی وەفاییدا، (شیرین) بۆتە وێردی سەر زمانی شاعیر و پاتە بۆتەوە:

هەی نەشئەی کانی زارت شیرین کانی حەیاتم
عیشوە و زوڵف و عوزارت موژدەی شەوی بەراتم
نەمزانی گوڵ دەپژکووت شیرین بەلێوی یاقووت
یا تۆ بەخەندە فەرووت حوققەی شەهد و نەباتم

وەکو گوترا (شیرین تەشی دەڕێسێ) ناودارترین شیعری وەفاییە و لە لەدنیای شیعر و ئەدەبدا هەر لە سەرەتاوە لەڕێگەی ئەم تێکستەوە ناوی دەرکردووە. بەتایبەتیش کاتێک بۆتە کانی ئیلهام و گۆرانی و

---

[1] وەفایی و چەند سەرنجێك، قازی ئەحمەد، گ (سروە)، ژمارە (١١٣ — ١١٤)، ١٣٧٤.

ئاواز بۆ دەنگخۆشان و گۆرانی بێژانی کوردستان و لە کۆن و لەتازەدا چەند جاران گوتراوەتەوە، لە گۆرانی بێژانی بەرەی نوێ هەر یەك لەسەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، محەمەدی ماملێ، حەسەن زیرەك و مەزهەری خالقی و فەتانەی وەلیدی و کەسانی دیکەش بە ئاواز و گۆرانی خوێندوویانەتەوە.

**بەشی فارسی دیوانی وەفایی/**

ئەم بەشە لە شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی کە بە زمانێکی بێگانە گوتراون، تاکو ئێستا کەمتر جێگای بایەخ و گرنگی پێدانی خوێندەوارانی کورد بووە. دیارە ئەوەش بارودۆخ و هۆکاری بابەتی و تایبەتی خۆی هەبووە، کە بەبڕوای بەندە ئەمانە هەندێکیانن:

- بەو هۆیەوە کە ئەو شیعر و بەرهەمانە بە زمانێکی غەیری کوردی نووسراونەتەوە، با خاوەنەکەیشی شاعیرێکی کورد بووبێت، بەڵام ناچنەناو چوار چێوەی سامانی ئەدەبیاتی کوردی و نابن بەبەشێك لە مێژووی ئەو ئەدەبە.
- لە کوردستانی باشووردا تاوەکو چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کورد بە شێوەیەکی گشتی، کەمتر سەروکاریان لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا هەبووە و ئاشنایی و شارەزاییشیان لەو بارەیەوە کەم بووە، لە توێژێکی کەم بەولاوە کە بریتی بوون لە مەلا و زانا و پیاوانی ئاینی کە دەرچووی خوێندنگاکانی ئاینی بوون لە وێنەی حوجرە و مەدرەسە و مزگەوت، لە پاڵ ژمارەیەکی کەم لە دەرچووانی خوێندنی نوێ و ئەکادیمیستی، دەنا بەشی زۆری خەڵکە خوێندەوارەکە فارسی زان نەبوون.
- هۆکاری سیاسیش کاریگەری خۆی هەبووە، لەدوای لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە، خەڵکی کوردستانی عێراق بەسەختی گیرۆدەی زمان و کلتوور و ڕۆشنبیری عەرەبی بوون. بۆیە شیعر و ئەدەب و کتێب و چاپکراوی فارسیش لە پێشدا لەم بەشە ڕەواجێکی باشی نەبووە. هەر ئەمانەشە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە شیعرە فارسییەکانی وەفایی دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لێرە نەبووبێت، تا ئەوەی بە کۆششی مامۆستا قەرەداغی بەشێکی شیعرە فارسییەکانی لە دیوانەکەیدا بڵاوکرایەوە.

هەرچەندە زمانی فارسی لە سەردەمێکی دوور و درێژ لە مێژوودا، لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵات وەکو عەرەب و تورك و کورد، وەکو زمانێکی بەرز و موعتەبەر بووە، تەنانەت تا کۆتایی سەدەی نۆزدە لە دەرباری دەوڵەتی عوسمانیدا زمانی ڕەسمی دیوان و زمانی شیعر و ئەدەب و هونەر بووە. مەلا و زانا و خوێندەوارانی کوردیش لەکۆندا بەشێکی زانست و خوێندەواری و پەروەردە و پێگەیشتنیان لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە بووە، هەر لەو ڕێگەیەشەوە ئاشنای شاکارەکانی ئەدەبیاتی فارسی بوون. تەنانەت زۆربەی هونەرەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات لە بابەتی کێشەکانی عەرووز و قالبە جۆراوجۆرەکانیان، ئەنجا جۆرەکانی قالبی شیعری لە وێنەی غەزەل و قەسیدە و فۆرمەکانی تر، ئەنجا هونەرەکانی بەلاغەت و ڕەوانبێژی لە شیعردا، هەموو ئەمانە لەڕێگای زمان و ئەدەبی فارسی و بەهۆی هۆگری و ئاشنایی زانایان و شاعیرانی کۆنمان بەو زمان و ئەدەبیاتەوە هاتوونەتە نێو ئەدەبی کوردی و بەتایبەت شیعری کلاسیکی کوردی.

بۆیە هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە کە شاعیرانی کۆنی کوردیمان، لەوانەش وەفایی کە لە نزیکەوە شارەزا و پەروەردەی ژێر دەواری ئەو زمان و ئەدەبە بووە، بەشێکی شیعر و بەرهەم و داهێنانیان بەزمانی فارسی بووبێت، وەکو چۆن وەفایی کتێبی یاداشت و بیرەوەرییەکانیشی بەفارسی نووسیوەتەوە بەو ئومێدەی هەلێکی چاپ و بلاوبوونەوەی بۆ بڕەخسێت. شیعرە فارسییەکانی وەفایی لە ژمارە و قەوارەدا کەم نین، شتێکی وایان لەبەر شیعرە کوردییەکانیاندا نییە، باوەکو لە ئاستی شیعری شاعیرانی بەرزی فارسدا نەبن، ئەنجا وەفایی بەهرەی زۆری لە شیعری فارسی وەرگرتووە و بەهۆیەوە جگە لە هونەرەکانی غەزەل و قەسیدە شارەزایی لەگەڵ چەند فۆرم و قالبی شیعریدا پەیدا کردووە لە وێنەی پێنجین و پێنج خشتەکی و تەرجیع بەند و موسەممەت و تەرکیب بەند، لە دوایی هاتووە هەم لە شیعرە فارسیەکانی بەکاری هێناون هەم لە شیعرە کوردییەکانیدا ئەزموونی کردونەتەوە، کە هەندێکیان لەپێش وەفاییدا لە شیعری کوردیدا نابیندرێن.

ئەو شیعرانەی وەفایی کە لە وێنەی قەسیدەی ستایشی ئاینی، یا شیوەن و لاواندنەوە، بە ئەوانەشەوە لە قالبی پێنجین و تەرجیع بەند و تەرکیب بەنددا هۆنراونەتەوە تێکستی شیعری بەسۆز و پاراون.

بەشێکی شیعرە فارسییەکان بریتین لە غەزەل، دیارە وەکو ڕەخنەوانانی شارەزا دەڵێن غەزەلەکان ئەوەندە سفت و پتەو و پاراو نین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فەراموش بکرێن چونکێ بەرهەمی بیر و هەستی وەفایین و لە سەلیقەی شاعیرانەی ئەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، وە بە بڕوای ئێمە لەلایەنی هونەری و ئیبداعی و داهێنان دا بێ بەش نین.

ئەم بەشە لە دیوانەکە (١٠٧) پارچەی گرتۆتەوە لەگەڵ چەند بەندێکی ڕوباعی. بەشێکی غەزەل و قەسیدەکان ئەوانەن کە لە (تحفه المردیدین)دا هاتوون، بۆیە ساڵ و کات و شوێن و بۆنەی گوتنەکانیان دیارە، کە ئەمە هەم بۆ تێگەیشتنی خوێنەر و هەم بۆ لێکۆڵەری بواری مێژوویی ئەدەب شتێکی بەسوودە.

وەکو لە پیشەوە گوتمان شیعرە فارسییەکان چەند تێکستی شیعری بەرزیان تێدا دەبیندرێ کە شایانی ئەوەن هوڵوەستەیان لەسەر بکرێ و نرخی ئەدەبی و هونەریان دەستنیشان بکرێت، نەخاسمە بۆ شاعیرێکی کورد زمان لە وێنەی وەفایی، ئێمە ئەو کارە بۆ شارەزایان و لێکۆڵەرانی ئەو بوارە جێ دەهێڵین.

لەکاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی ئەم بەشەدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەو تێکستە مەسنەوییە داستان ئامێزەیە کە بەناونیشانی (بلبل وگل) لێرەدا و لە (١٣٥) دێردا بلاو کراوەتەوە.

ئەم تێکستە لەڕووی بابەت و ناوەرۆکەوە، زۆر لەو شوێنەوارە ناوادارە جیهانییەی (دانتی ئالیگیری) ئیتالیایی دەکات کە بەناوی (کۆمیدیای یەزدانی)یە و لە سەدەی چواردەهەمی زاینیی نووسراوەتەوە. کۆمیدیا لە بنەڕەتدا داستان و حەماسەیەکی ئەدەبییە باس لەفەلسەفە و تراژیدیای چارەنووسی مرۆڤەکان دەکات لەو دنیا. گەشتێکی مەجازییە و تیایدا ڕووح لە سەفەرێکدایە لە شێوەی خەون بە دۆزەخ و بەرزەخ و بەهەشتدا دەگەڕێ!. لەوێدا هەم سزای سامناکی گوناهکاران لە دۆزەخدا، هەم یاداشتی خێر و خۆشگوزەرانی ئیمانداراکان لە بەهەشتدا دەبینێت. ئەم داستانە شاکارێکی ئەدەبیاتی جیهانییە و تیایدا پەند و عیبرەتی زۆری لێ دەخوێندرێتەوە کە لێرە مەودای باسکردنی نییە. شیعری

(بلبل و گل)ی وەفایی دەقاودەق چیرۆك و داستانێكی لەو چەشنەمان بۆ دەگێڕێتەوە. كەوا چۆن وەفایی لەسەر گوناهێكی بچووك كە لە تاقی جحێڵیدا بەسەریدا هەڵ بووە و تامی شەرابی چێشتووە، لەخەودا پەلكێشی دۆزەخ دەكرێت و بەچاوی خۆی دەیبینێت و گرفتار و ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە. لەپاشان لەداوی پاكبوونەوە باری تەعالا دەیبەخشێت و دەگوازرێتەوە بۆ بەهەشت، لەدوای ئەوەی بارودۆخی ئەویش دەبینێ خەوەكەی كۆتایی دێ و دەگەڕێتەوە سەر دنیا!. ئەنجا ئەوە پرسیارێك دێنێتە پێشەوە؛ تۆ بڵێی وەفایی ئاگادارییەكی لەبارەی ئەو داستانەی دانتییەوە هەبووبێت؟، خۆ ئەگەر هات و توێژینەوەیەكی بەراوردكاری و نێوان دەقی بۆ هەردوو تێكست بكرێت ڕەنگە زۆر لایەنی كارتێكردن و دەق ئاوێزانی لەنێوانیاندا هەبێت!، لە ئەدەبی جیهانی و لە زانستی ئەدەبی بەراوردكاریدا وا باوە كە چیرۆكی (ئیسراو میعراج)ی پێغەمبەر وەك ئەوەی لە قورئاندا هاتووە كاریگەری بەسەر ناوەرۆكی تێكستەكەی دانتییەوە بووبێت، لێرەوەش ڕەگەزەكانی ئەم چیرۆكە قورئانییە لە داستانە شیعرییەكەی وەفاییشدا دەبیندرێت!، ئەمە خۆی پێویستی بە لێكۆڵینەوە هەیە.

شیعر و ستایشە ئاینییەكانی وەفایی چ كوردی و چ فارسی لە موكریان بوونەتە وێردی سەر زمانان و بەچاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیر كراون، بەتایبەت لەلایەن پیاوانی ئاینی و دەستە و كۆمەڵانی مورید و مەنسووبەكانی تەریقەتی نەقشبەندی لە بۆنە ئاینییەكان و لە كۆڕی زیكر و تەهلیلەی دەروێشاندا، لە خانەقای شێخی نەهری لە سابلاغ هاوڕێ لەگەڵ ئاوازی دەف خوێندراونەتەوە. ئەگەر لە ئاست شیعرە بەرزەكانی ئەدەبی فارسیشدا نەبووبن بەڵام لەنێو خەڵكی خوێندەواردا هەمیشە ئامادە و لەبەرچاوبوون بۆیە لە هەوڵی كۆكردنەوە و نووسینەوەی دابوون و لە كەشكۆڵ و دەستخەت و دەستنووسەكانیاندا، كە ئەمڕۆ هەندێكیان لەبەر دەستی ئێمە دان، تۆماریان كردوون. لەپێشەوەی هەموو ئەمانەش یەكێكی وەكو میرزا عیسای گەورك بووە كە زیاتر لە (١٠٠) پارچەی كورت و درێژی فارسی وەفایی لە دەستخەتەكەیدا تۆمار كردووە، ئەمە كارێكی زۆر بایەخدار و گرینگە و بۆتە ماكی پاراستنی دەقی ئەسڵی ئەو شیعرانە.

لە دەستنووسەكەی خۆشیدا ئەیوبییان كارێكی مەزنی سەبارەت بەو شیعرانە ئەنجام داوە، هەرچی لە كۆنە دەفتەر و دەستنووس و بەیازاندا دۆزیوەتەوە تۆماری كردوون لەدوای تەتەڵە كردن و ساغ كردنەوەیان. وەكو خۆیشی لە كۆتایی دەستنووسەكەدا ڕای گەیاندووە مەجمووعەیەكی تەواوی لە چوارینە فارسییەكانی وەفایی لە دەفتەرێكی سەربەخۆدا تۆمار كردوون كە ژمارەیان نزیكەی (٣٨٥) چوارینەیە. ڕاستە ئەمانە بەشێكیان لە (تحفه المریدین)دا هاتوون كە خۆی لە (٢٣٥) چوارین دەدات، بەڵام وا دیارە (١٥٠) چوارینیان تازەن و تاكو ئێستا بڵاو نەكراونەتەوە.

ئەمە بۆ یەكەمین جارە كە پیاوێكی زانا و شارەزا بە ئەدەبیاتی فارسی هەوڵی كۆكردنەوە و ساغكردنەوە و ڕاستكردنەوەی ئەم كۆمەڵە شیعرەی وەفایی دابێت.

ئێمە لە ئامادەكردنی ئەم بەشەی دیوانەكەدا بەگوێرەی دەستنووسەكەی ئەو ڕۆیشتووین، هاتووین تێكستەكانمان سەر لەبەر نووسیوەتەوە و خستوومانەتە بەر دەستی تیپچنەكان لەپاشان لەژێر ڕۆشنایی دەقە دەستنووسەكان هەڵەگیریمان كردووە، واتە كەمترین دەخالەتمان تێدا نەكردووە و

تەنانەت پێڕەوی ئەو ڕێنووس و ئیملایەشمان کردووە کە دەقەکانی پێ نووسراوەتەوە، تەنها لەکاتی هەبوونی هەڵەی زەق و وشە و زاراوە و عیبارەتە عەرەبییەکان نەبووبێت.

ڕەنگە ئێستا ڕێنووس و ئیملای فارسی گۆڕانکاری تازە و نوێی بەسەردا هاتبێت، بەڵام ئەمن پێم وایە ئەو ئیملا و ڕێنووسەی ئەیوبییان تێکستە فارسییەکانی پێ نووسیوەتەوە بۆ تۆمارکردنی شیعری کلاسیکی ڕێنووسێکی گونجاو و پەسەندە. چونکێ زۆر کەڕەت ئیملا و ڕێنووسی تازە ئاستەنگ لەبەردەم ڕەچاوکردنی کێش و ئاوازی شیعری عەرووزی دا دروست دەکەن، بەو هۆیەی وەزنی عەرووز و ئەو گۆڕانکاریانەی (زیحاف و عیللە) کە بەسەر بەحرەکاندا دێن پەیوەستە بە (بزوێن و وەستاوەکان)ی ئیملای عەرەبی، کە ئەمەش زۆر جاران لەگەڵ ئیملای کوردی و فارسی تێك ناکاتەوە، بۆیە پیاو ناچار دەبێت لەکاتی نووسینەوەی تێکستی شیعری کلاسیکی و لەپێناوی ڕەچاوکردنی وەزنەکەیدا هەندێ لە ڕێساکانی ڕێنووس پێشێڵ بکات.

**دانراوەکانی وەفایی/**

هەتا چەند ساڵێك بەر لە ئێستا هەر تەنها شیعر و هۆنراوەکانی وەفایی لەناوەوە بوون و شتێکی دیکە نەبوون، تا لەم ساڵانەدا بە هەوڵ و کۆششی محەمەدی حەمە باقی کتێبی یاداشت و بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفە المریدین) لەدوای ساغکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی چاپ و بڵاوکرایەوە. وا دیارە وەفایی نووسراو و شوێنەواری دیکەشی هەبووە بەڵام تا ئێستا سەر و سۆراغێکیان نییە شایەد لە داهاتوودا سەرەداوێك لە شوێنێك سەبارەت بە بەرهەمێکی دیکەی وەفایی بەدیار بکەوێت، ئەیوبییان لەم لاو ئەولای نووسراوە پەرش و بڵاوەکانیدا چەند سەرەقەڵەمێکی سەبارەت بە نووسراوەکانی وەفایی نووسیوە، کە دوا بەدوای ڕێکخستن و بەیەکەوە گرێ دانەوەیان، بێ سوودی نابینین کە لێرەدا هەندێ تیشکیان بخەینە سەر:

١- دیوانی کوردیی وەفایی: ئەمە بەشی یەکەمی ئەم دیوانەیە کە ئێستا لەبەر دەستایە و وەکو دەبیندرێت لە ژمارەیەك غەزەل، قەسیدە، پارچە، مولەمەع، پێنجین و پێنج خشتەکی و موسەممەت و تەرجیع بەند پێکهاتووە.

٢- دیوانی فارسی وەفایی: بەشی دووەمی دیوانەکەیە، بەهەمان شێوەی بەشە کوردییەکەی بریتییە لە کۆمەڵێك؛ غەزەل، قەسیدە، قەتعە، موخەممەس، تەخمیس، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند و مەسنویات.

٣- تحفە المریدین: بیرەوەرییەکانی وەفاییە دەربارەی ساڵانی گیرسانەوەی لە خانەقای نەهری و، کەشف و کەراماتی ئەو بنەماڵەیە و باس و خواستی خەلیفەکانی تەریقەتی نەقشبەندی.

٤- سەفەرنامەی وەفایی: وەفایی لە (تحفە المریدین) باس لە نووسراوێکی خۆی دەکات بەناوی (روزنامچەی سەفەر) کە گوایا چیرۆکی سەفەر و زیارەتی دووەمی بۆ دیدەنی شێخ عەبدولقادر و بەجێ گەیاندنی ڕێوڕەسمی حەجی بە درێژی تێدا نووسیوەتەوە، کە لە مانگی (ڕەجەبی ١٣١٤ کۆچی بەرامبەر بە کانوونی یەکەمی ١٨٩٧ زاینی) لە سابڵاغەوە دەستی پێکردووە. بەڵام تا

ئێستا ئەو شوێنەوارە دیار نییە وەکو چۆن (تحفة المريدين)یش دوو بەشی یەکەم و دووەمی دیار نییە و ئەوەی هەیە لە بەشی سێیەمی کتێبەکەوە دەستی پێکردووە!.

ئەنجا ئایا ئەمانە هەردووکیان یەك شت بوون یا خود نا؟ تا ئێستا شتێکی ڕوون لەبەر دەستدا نییە.

٣- مەکتووباتی وەفایی: دیارە وەفایی ژمارەیەك نامە و تۆمار و نووسراوی دیکەشی هەبووە، بە نموونە لە پەراوێزەکانی دەستخەتەکەی میرزا عیسای گەورك دا نامەیەکی وەفایی دێت کە بۆیەکێك لە شێخانی بنەماڵەی سیراجوددینی تەوێڵەی نووسیوە، کە وەفایی لە سەرەتادا مورید و مەنسووبی ئەوان بووە. باس لەو نامە نووسراوانەش دەکرێت کە بۆ شێخانی نەهری نووسیون، بەڵام تا ئەمڕۆ شوێنەوارێکیان لەبەر دەستدا نییە.

٤- جیا لەمانە ئەیوبییان ناوی نووسراوێك دەبات بە ناونیشانی (کفاية الاسلامی وفايی) و دەڵێ ئەمە جیایە لە (کفايه الاسلامی جامی)، بەڵام هەر خۆیشی دەڵێ ئەمن ئەوەم نەدیوە!.

٥- ئاهەنگ و ئاوازەکانی وەفایی/ دیارە وەفایی ئاوازخوێن و ئاهەنگ سازێکی هونەروەریش بووە، هەر خۆیشی ژمارەیەك هەواو ئاوازی بۆ غەزەلەکانی داناوە و شاگرد و خوێندکارەکانیشی فێر کردوون. لەدوایە ئەم ئاهەنگ و ئاوازانە بەشێوەیەکی سەماعی سینە بە سینە و پشتاوپشت گوێزراونەتەوە، بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی کاریان لەسەر نەکراوە و کۆ نەکرانەتەوە. ئەم ئاهەنگ و ئاوازانە لە ناوچەی موکریان ئاشنا و ناسراون، بەتایبەتیش لەلای گوێندە و گۆرانی بێژانی ئەو دەڤەرە تاوەکو ئێستاش شیعر و غەزەلەکانی وەفایی پێ دەگوترێنەوە. لەم ڕووە ئەیوبییان پرسیارێك دەکا و دەڵێ: تۆ بڵێی وەفایی لە دانانی ئاوازە ناودارەکەی (شیرین تەشی دەڕێسێ)دا، چاوێکی لە ئاهەنگی (باغی شیرین) نەبووبێت، کە یەکێك لە ئاهەنگەکانی مۆزیکی (باربەدە)؟ وە ئایا ئەمە ئاماژەیەك نییە بۆ ئەوەی وەفایی شتێکی لەبارەی ئاهەنگ و ئاواز و مەقاماتی مۆزیکی زانی بێت؟. ئەم وەڵامەش بۆ هونەرمەندان و مۆزیك زانانی کوردەواری بەجێ دەهێلین!.

**سەبارەت بە خانەوادەی وەفایی/**

وەکو ئەیوبییان دەڵێ وەفایی دوو برای هەبووە بە ناوەکانی حەمەدەمین و مام ڕەحمان، هەروەها کوڕێکیشی هەبووە بەناوی میرزا محەمەد. ئەنجا دەڵێ: من هیچ یەك لەوانەم نەدیون و لە بنەماڵەی وەفایی تەنها دوو کەسم دیون، کە یەکیان (ڕەعنا خاتوونی وەفایی) بوو، ڕەعنای وەفاییان پێ دەگووت و بووکی وەفایی بوو، ژنێکی سەنگین و گران و ژیر و کەڵە ژن بوو، یەکێك بوو لەو ژنانەی کە هاتو چۆی دایکیمان دەکرد و بەڕاستی ژنێکی هەڵکەوتووبوو!. بۆخۆم زۆرجارم لە ماڵی خۆمان دیوە، جارێکی بەدایکم کوت، ئەرێ دایە دەکرێ برێکی پسیاری لێ بکەم؟، کوتی ڕۆڵە کوڵی هەڵدەستی و دەگری! هەرکە باسی وەفایی بۆ بکەی دەگری. جارجار بە دەنگێکی نە بڵند چەند بەندی لە تەرانەکانی وەفایی بۆ دایکم دەکوت، ئەڵبەتە دایکم دەیکوت زۆرکەم وا هەیە بۆ کەسێکی دی بەند کوتبێ!. ڕەعنای وەفایی خۆی سەروەماڵی ئێمە دەزانی!.

دووەمیان نەوەیەکی وەفایی بوو بەناوی (عەبدورڕەحیم) کوڕی ڕەعنا خاتوونی بوو، بەناوی حاجی وەفایی باپیرییەوە کرابوو. عەبدورڕەحیم جەوانێکی پتەو و تێك سمڕاو و بەهێز بوو بە (ڕەحیم گۆپاڵ) نێوی دەرکردبوو، ئەم کوڕە لەناکاو گۆڕاو بووبە دامەنگیری (تلیاك)، لەپاشان بوو بە مایەی گاڵتەجاڕی خەڵکی، هەموو خەڵکی مەهاباد دەیانناسی و ئاخ و کەسەریان بۆ هەڵدەکشا، هەندێ دەیانگوت ڕەحیم شێتە تاوای لێ هات نابووت و لاواز ببوو دەستی لەبەر خەڵکی پان دەرکردەوە تا خێرێکی پێ بکەن، منداڵان هەرایان لێ دەکرد. ڕەحیم گۆپاڵ وەختانێك بە (خەیام) دەناسرا، جار نا جارێ کاتێ دادەنیشت شیعر و هۆنراوەی وەفایی و حافز و خەیامی بە ئاوازێکی خۆش و دڵگیر دەخوێندەوە، بۆ ئەوانەش کە خۆشی دەویستن گۆرانی دەگوت. تەنیا (ڕەعنا خاتوون) بوو کە ئاگاداری لە خەیام دەکرد، بەڵام ئەو لەبەری هەڵ دەهات و وەماڵێ نەدەکەوتەوە.

**سەرچڵێکی ژیاننامەی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان/**

ئەیوبییان لە دوو لاپەڕەی پێشەوەی دەستخەتەکەی میرزا عیسای گەورك دا کورتە یاداشتێکی سەبارەت بە بنەماڵەکەیان نووسیوە، بەپێی ئەو مێژووەی کە لە کۆتایی ئەم یاداشتەدا نووسراوە و ئیمزای لەسەر کراوە (ئەوەڵی بەهاری ١٣٨٩ — ئەیوبییان) کە ڕێکەوتە لەگەڵ (مانگی نەورۆزی ٢٠١٠ی زایینی) پێ دەچێ ئەوە دوا شتێك بێت کە ئەیوبییان بەر لە کۆچی دوایی تۆماری کردبێت، دوا بەدوای سەردانێکی هەولێر کە لەو سەروبەندەدا ئەنجامی دابوو، بەقسەی ئەو کەسانەش لەو سەردانەدا ئەیوبییانیان لە نزیکەوە دیبوو، گوایا ناساغ و باری تەندروستی باش نەبووە، دیارە هەر لە دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد بە مەبەستی چارەسەری ڕوو دەکاتە هەندەران، کە لەو سەفەرە دەگەڕێتەوە نەخۆشی تینی بۆ دێنێ و برستی لێ دەبڕێ و لە تەمەنی (٨٢) ساڵیدا ماڵئاوایی لەژیاندا دەکات.

لەم یاداشتەدا کە ئەیوبییان بە فارسی نووسیویەتی دەڵێ: من سەرجەلە نامەی خانەوادەی ئەیوبییانم نەدیووە بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە بنەماڵەکەی ئێمە شەجەرنامەیان لە مەهاباد هەبووە و پاراستوویانە، تا ئەو ڕۆژەی سێلاوی خانومان وێرانکەری ساڵی ١٣١٤ یا ١٣١٥ لە مەهاباد ڕوویداوە، ئەوسا لە تەك کتێبخانە و ئەرشیفی بنەماڵەکەمان بۆتە خۆراکی لافاو و لەناوچووە، وەلێ تا ئێستاش خەڵکانێك لە تیرە و تایەفەی (ئەیوبی — ئەیوبییان) بە پەرش و بڵاوی لە کوردستانی ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا هەن، تاوەکو ئەمڕۆش پەیوەندییان بە یەکەوە هەرماوە، ئەنجا دەڵێ: من لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستانی عێراق لەگەڵ چەند خێزانێکی ئەیوبییان ئاشنایەتیم پەیدا کرد و سەرم لە ماڵەکانیشیان هەڵێنا، لەوە بەدواوە گەنج و لاوە خوێندەوارەکانیان بۆ سەردان و دیدەنیم دەهاتن. ئەیوبییان خۆی ناوی سەید عوبەیدوڵڵای کوڕی سەید عەبدوڵڵای کوڕی سەید تەهای کوڕی سەید ئەیوبە. سەید ئەیوبیش کوڕی سەید یاسینی کوڕی سەید عیسای ئامێدی بووە، ئەمانە لە بنەچەدا دانیشتووی ناوچەی ئامێدی بوون، لە ڕۆژگارێکدا لەو مەڵبەندە کۆچ دەکەن و لە دوایی برێکیان لە گوندی (سەرکەپکان)ی دۆڵی ئاکۆیان، لە نزیك شاری ڕانیە دەگرسێنەوە. لەناو ئەمانەدا ئەم (سەید ئەیوب) ناوە بەدوای خوێندن و بە فەقێیەتی ڕووی لە سابلاغ کردووە، ئەو دەم ناوبانگی مەدرەسە و مزگەوت و مەلا ناودارەکانی لە کوردستاندا ڕۆیشتبوو،

سەید ئەیوب لەدوای تەواو کردنی خوێندن لە سابلاغ ژن دەهێنێ و نیشتەجێ دەبێ، تا لەدوایە ئەم بنەماڵەیەی لێ دەکەوێتەوە. سەید عەبدوڵڵا حەوت کوڕی هەبووە، کە ئەیوبییان لەناویاندا پێنجەمینە[1].

ئەیوبییان لە ڕۆژی ٢١ی ئازاری ١٩٢٨ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، دایکی ناوی یای زیبای کچی فەخرولعولەمایە. لە ناسنامەکەیدا ناوی بە (عوبەیدیلا) تۆمار کراوە، شۆرەتی بنەماڵەکەیان (ئەیوبییانی مەرکەزی)یە. خوێندنی سەرتایی و ناوەندی لەو شارەدا تەواو کردووە، بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەر بوون و لە خەباتی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا ڕۆڵێکی دیارییان هەبووە. ئەیوبییان لە ساڵی ١٩٤٣ کە هێشتا مێرد منداڵێکی پازدە ساڵان بووە، پارچە شیعرێکی لە گۆڤاری (نیشتمان)دا بڵاو کراوەتەوە، شیعرەکە هەشت دێرە و لە کۆتاییدا نازناوی (قومری)بەکار هێناوە:

**قومریا گەرچی هێشتا منداڵی**

**جوان دەهۆنییەوە شیعر و هەڵبەستان[1]**

لە ڕۆژگاری کۆمەڵەی (ژ. ك) ئەندامی کۆمەڵەی لاوان بووە، ئەندامێکی چالاك و بە ئەمەکی ئەم ڕێکخراوە بووە. مەسەلەیەك کە پەیوەندی بەم قۆناغەی ژیان و خەباتی ئەیوبییانەوە هەیە ئەوەیە کە ئەو هەمیشە جەخت و پێداگری لەسەر ئەوە بووە کە شانۆ نامەی (دایکی نیشتمان) لە نووسین و بەرهەمی بیر و قەڵەمی ئەوبووە!. هەرچەندە تاوەکۆ ئەمڕۆ بیروڕای جۆراوجۆر لە ئارادا هەن و نووسراون و بڵاویش کراونەتەوە، هەرکەسە و بەپێی بیر و بۆچوونی خۆی داوێتییە پاڵ کەسێکەوە لە وێنەی: قازی محەمەد، برایم ئەحمەد، ڕەفیق حیلمی، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی... تاد، بەڵام جگە لە ئەیوبییان تاوەکو ئێستا هیچ کەسێك چ بە نووسین چ بە گوتن ئیدیعای ئەوەی نەکردووە کە شانۆنامەی دایکی نیشتمان هی ئەو بووبێت! هەرچەندە قبوولکردنی ئەو مەسەلەیە کارێکی وا ئاسان نییە. لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش ئەیوبییان ماوەیەك لەسەر کار و خەباتی سیاسی بەردەوام بووە، لەم پێناوەدا دووچاری ڕاونان و گرتن و زایندان هاتووە، تا لە دوایی بەیەکجارەکی خۆی بۆ کاری نووسین و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی زمان و ئەدەبیات و فۆلکلۆر و مێژوو تەرخان دەکات.

لەدوای قۆناغی ئامادەیی بۆ خوێندنی زانکۆیی چۆتە تەورێز و لیسانسی ئەدەبیاتی لە زانکۆی تەورێز وەرگرتووە. دواتر بە ناونیشانی (کتێبدار) لە کتێبخانەی کۆلیجی ئەدەبیانی هەمان زانکۆ دامەزراوە. لەو ڕۆژەوە بەری کردۆتە نووسین و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و یەکەم کەس بووە بە هاریکاری سەرۆك و مامۆستایانی ئەو کۆلیجە کە ڕشتەی لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی لە کۆلیجی ئەدەبیاتی ئەو زانکۆیە دامەزراندووە، کە ئەم ڕەوتە تاوەکۆ ئێستا بە هەوڵی مامۆستا (قادری فەتاحی قازی) درێژەی هەیە. کتێب و لێکۆڵینەوە چاپکراوەکانی ئەیوبییان بەگوێرەی ساڵی دەرچوونیان بریتین لە:

---

[1] دیسان لێرە بەدواوە ئیمێڵ نامەیەکی دۆستی بەڕێزمان سەید عەبدوڵڵای سەمەدی فریامان دەکەوێ، بەشی زۆری زانیارییەکانی سەبارەت بە ژیاننامە و کارنامەی ڕۆشنبیری ئەیوبییان لێرە بەدواوە لەو ئیمێڵ نامەیە هەڵجێنراوە.

[1] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە (٢): ل ١٨.

(١) له ساڵی ١٣٢٧/ ١٩٤٨ (چریکەی هەڵۆ و کەوێ)ی له شێوەی بەیتی کوردی و لەسەر کێشی خۆماڵی هۆنیوەتـەوە و لەسـاڵی ١٩٢٨/ ١٩٤٩ لـه مـەهاباد بـه تـایپی دەسـتی لـه ١٣٣١/ ١٩٥٢ لـه تـەورێز بـه وەرگێڕانی فارسی و سەرەتایەکی هێژاوە چاپ کـردووە و سـاڵی ١٣٥٨/ ١٩٧٩ چاپی سـێیەمی بـڵاو کردۆتەوە.

ئەم چریکەیە بەماوەی پێنج ساڵ لەدوای شیعرەکەی گۆڤاری نیشتمان گوتراوە، هات و ناوی ئەیوبییانی لەسەر نەبووایە، بێگومان وەکو هەر بەیتێکی فۆلکلۆری سەیر دەکرا، ئەمەی خوارەوە نموونـەی یـەکێك لە بەندەکانیەتی:

(ئای واوی وای، کەوێ دەیکوتەوە بەهەڵۆیە، هەڵۆیە دەیکوتەوە بە خاسە کەوێ
ئەمن ڕاوێ دەکەم لەو چڕەی، نازانم ئەتۆ چت دەوێ
هەر لەبەری بەیانییەوە، تا گزنگ لە سەران دەکەوێ
هەتاکو تەنگی ئێوارێ، بەسەر دەکشێ تاریکە شەوێ
ئەوە ئەمن گوێ بە زەنگم، دەڕوانمەوە لێر و لەوێ
لە دوند و لوتکەی چیایە، هەتاکو باسك و داوێنی ڕەوەزان
لە بڵێند و لە نەوی دەگەڕێم، ڕاوم وەچنگ کەوێ...)

(٢) تحقیقات دربارەی آثار فلکلریك کردی – ترانە – کتابفروشی تبریزي، ١٣٢٩/ ١٩٥٠.

(٣) له ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی/ ١٩٥١، شیعری (هەڵۆ)ی له فارسییەوە وەرگێـڕاوە، کـه یەکـەم وەرگێڕانـی شیعره بەرزەکەی (عقاب)ی دکتۆر پەرویزی خانلەری (١٩١٣ – ١٩٩٠) بوو بۆ سـەر زمـانی کـوردی و تـا ئـەم سـاڵانەش بـه نووسـخەی چـاپی تـایپی دەسـتی چـەندین جـار بـەناو خەڵکیـدا بـڵاو کردۆتەوە.

(٤) سـاڵی ١٣٣٥/ ١٩٥٦، (چـریکەی خـەج و سـیامەند)ی بـه زمـانی کـوردی و ئـەلفوبێی لاتـینی بـه وەرگێــڕان و شــیکردنەوەی فارســییەوە لــه کــۆلیجی ئــەدەبیاتی زانکــۆی تــەوریز چــاپ و بڵاوکردۆتەوە، که ئەوکاتە خوێندکار بووە لەو کۆلیجەدا.

(٥) چریکەی مەم و زین، کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی تەورێز، ١٣٤١/١٩٦٢.

(٦) نقش قهرمان شرق، سلطان صلاح الدین ایوبی، کتابفروشی سعدی، تبریز، ١٣٤١/ ١٩٦٢.

(٧) میر نوروزی، جشن امیر بهاری درمهاباد، کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی تەورێز، ١٣٤١.

(٨) طرح دستور زبان کردی، (١) علامت مـذکر ومؤنـث در کـردی، دانشکده ادبیات، دانشگاه تبریـز، ١٣٤٢.

سەرەڕای ئەو کارە ئەدەبی و زانستیانەی سەرەوە کە هەموو ئـەدگارێکی کـاری پێشـەنگ و نوێخوازییـان پێوە دیاربوو لـەو سـەردەمەدا، وەکو چۆن شـێوازێکی تایبـەتی لـه کـاری لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی کـوردی هێنایە ئـاراوە. ئـەیوبییان لـەنێوان سـاڵانی ١٣٥٨ – ١٣٦١/ ١٩٧٩ – ١٩٨٢، بـه پەلـه شـەش بەرهـەمی بـڵاو کردۆتــەوە کــه جیاوازییــەکی تــەواویان لەگــەڵ کــارە ورد و زانســتیەکانی پێشــوویەوە هــەبوو!، وەکــو ئاشـکرایە کـە ئـەو سـاڵانە جەنگـەی ئاڵوگۆڕەکـانی دوای شۆڕشـی ١٣٥٧/ ١٩٧٩ی گـەلانی ئێـران بـوو، ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ڕیشەیی ئاوێتە لەگەڵ پشێوی و ئاڵۆزی، له کۆمەڵگایـەك کـه بـەبێ بەرنامـه و تـازه

لەژێر چنگاڵی سیستەمێکی دیکاتۆری ڕزگاری ببوو، کە بەبێ تێبینی و لەبەرچاو گرتنی پاشە ڕۆژ، هەموو شتێکی دەخستە ژێر زەبری هەڵچوون و تووڕەیی و تۆڵە سەندنەوە!. ئەوێ ڕۆژێ پاڵنەر و پاساوەکانی ئەیوبییان هەرچی بووبێت، ئەوا کاریگەری ئەو سەردەمە ئاڵۆزەی پێوە دیاربوو!.

ئەم بەرهەمانەی دواییش بریتی بوون لە:

(١/٩) بەرەو ئازادی، فلسفه انقلاب کردی ١٩٧٩.

(٢/١٠) سلطان صلاح الدين ايوبى، قضيه شيخ شهاب الدين سهروردی، ١٩٧٩.

(٣/١١) کوردی هونەرە، ١٩٨٠.

(٤/١٢) هەڵسوڕانەوە، بەبۆنەی نەوسوورانە و جێژنەی نەورۆزی ئازادی، ١٩٨٠.

(٥/١٣) سوورانەی ئازادی، ١٩٨٠: ئەم بەرهەمە وەکو ژمارە (١)ی گۆڤارێکی مانگانە بڵاو کرایەوە، بەڵام ژمارەی دیکەی بەدوادا نەهات و هەر لەم تاقە ژمارەیەدا مایەوە.

(٦/١٤) هەتەڵەی کوردی، ١٩٨٢.

جگە لەمانە کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی دەربارەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردییەوە هەیە کە لە گۆڤارە کوردی و فارسییەکاندا بڵاو کراونەتەوە، لەمانە:

(١) (فرهنگ کردی)، وتارێکە لەبارەی زمان و زاراوەکانی کوردی دەدوێ، بیر و ڕای جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتناسانی لەو بارەوە تیادا هێناوەتەوە، لەپاشان دێتە سەر باسی ئەدەبی زارەکی و نووسراوی کوردی، ئەم وتارە لە (٢١) لاپەڕە دایە و لە ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی ئیسفەهان، ساڵی ١٣٤٣/ ١٩٦٤ بڵاو بۆتەوە.

(٢) لە ژمارەی دواتری گۆڤارەکە زنجیرەی دووەمی ئەو وتارە بڵاو بۆتەوە، کە تەرخان کراوە بۆ خاڵە هاوبەشەکانی نێوان (چریکەی لاس و کەژاڵ) لەگەڵ داستانێکی مەولانای ڕۆمی کە لە مەسنەویدا هاتووە.

(٣) وتارێکی دیکەی لە هەمان گۆڤاردا بڵاو بۆتەوە بە ناونیشانی؛ (دیوانی خطايی – شاه اسماعیل صفوی)، کە بریتییە لە ناساندنی نووسخەیەکی دەستخەتی (٢٧٩) لاپەڕەیی شیعرە تورکییەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی (١٤٨٦ – ١٥٢٤)، کە بناغە داڕێژەری زنجیرەی سەفەویانە لە ئێران و لەشیعردا نازناوی (خەتایی) بووە. لەم وتارەدا کە لە (٢٥) لاپەڕە دایە ئەیوبییان وەسفی ئەم دەستنووسە دەکات و پەنجە بۆ تایبەتییەکانی ڕادەکێشێ، هەروەها باس لە ڕەچەڵەکی تایەفەی سەفەویانیش دەکات کە کورد بوون.

(٤) ساڵی ١٣٤٣/ ١٩٦٤ وتارێکی بەناونیشانی (تحقیق و کشف یك جشن فراموش شدەء کردی) لە گۆڤاری (وحید)دا بڵاو بۆتەوە کە لە تاران دەردەچوو.

(٥) هەر لەو ساڵەدا وتارێکی بە فارسی لەسەر بەیتی (زمبیل فرۆش) نووسیوە و لە گۆڤاری (مهر)ی تاراندا بڵاو بۆتەوە.

(٦) ساڵی ١٣٦٩/ ١٩٩٠ وتارێکی بەسێ ئەلقە لە سێ ژمارەی گۆڤاری (ئاوێنە)دا بڵاو کردۆتەوە بە ناونیشانی (کاوە ژمێری کوردی)[1].

جگە لەمانەش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دوای ساڵی ١٩٧٩ دیدار و چاوپێکەوتن و وتووێژی لەگەڵدا کراوە. لەناو دەستنووس و ئەرشیف و یاداشتەکانیدا کاری نیوەچڵ و ئامادەی چاپیش بەرچاو دەکەوێت لەوانە:

(١) مثنوی شاه شمزینان: دیوانی دەستنووسی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینییە، لەبەر نوسخەیەکی (بەڕێوەبەرێتی گشتی ئەوقافی مەهاباد) لەدوای بەراورد و پێك گرتن لە ڕووی چەند نووسخەی دیکە ئامادە کراوە. ئەم دەستنووسە لە (٤٩١) لاپەڕە دایە و هەر لاپەڕەیەکی (١٣) دێر شیعری لەخۆ گرتووە. مێژووی ١٣٣١/ ١٩٥٢ی بەسەرەوەیەو ئامادە کراوە بۆ چاپ، بەڵام پێشەکی و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بۆ نەنووسراوە.

(٢) (تحفه المریدین) وفایی، نووسخەیەکی دەستخەتی بیرەوەرییەکانی وەفاییە وەکو لە پێشەوەدا باسی هاتووە، لەسەر نووسخەیەکی (قازی محەمەد خزری شنۆیی) نووسراوەتەوە، لە (٥٦٢) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندی دایە، کە هەر لاپەڕەیەکی تێکڕا (١٢) دێر نووسینی تێدایە، پێشەکی و لێکۆڵینەوەی چۆنییەتی ئامادەکردنی بۆ نەنووسراوە، مێژووی ١٣٣١/ ١٩٥٢ بەسەرەوە.

(٣) رباعیات وفایی، دەستنووسێکەو لە (٧٦) لاپەڕەدایە سەرجەم (٣٨٥) چوارینی فارسی وەفایی تیادا نووسراوەتەوە. لەهەر لاپەڕەیەك تێکڕا (٦) چوارین تۆمار کراوە. پێشەکی و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بۆ نەنووسراوە، مێژووی ١٣٦٤/ ١٩٨٥ی بەسەرەوەیە.

بەو پێیەی دەتوانین بڵێین دەورانی کاروچالاکی ئەیوبییان لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ — ١٩٧١ کە گرنگترین بەرهەمەکانی تیادا پێشکەش بە جیهانی ڕووناکبیری کوردی کردووە. لەوە بەدواوەش کۆمەڵێك پرۆژەی گەورەی لە خولیادا هەبووە لە وێنەی: واژەنامەی ئەیوبییان، بیبلیۆگرافیای کوردی، کولیات وفایی، ڕێزمانی کوردی، دەفتەری بیرەوەری، فەرهەنگی مێژوویی ڕەوەندانی کورد، یاری کوردی، نەورۆزنامەی ئەیوبییان و پرۆژەی دیوانی چەند شاعیرێکی موکریان کە بە نیوەچڵی و ناتەواوی لە کتێبخانەکەیدا بەجێ ماون.

ئەوەی ئێستاکە دەیبینی یەکێکە لەو پرۆژە نیوە و ناچلانەی کە لە سەرەوە ناوی هاتووە و لەڕێگەی دەستپێشخەری ئەکادیمیای کوردی و بەهەوڵ و کۆششی بەندەوە، ئەمڕۆ هاتۆتە ناو کتێبخانەی کوردی و دنیای ڕوونی بینیوە.

ئەیوبییان لە کتێب و نووسراوەکانیدا کۆمەڵێك نازناوی بەکارهێناوە وەکو: (قومری)، (هێدی)، (بڕڕەك)، (بڕڕەکی کوردستان)، (سعام — کە لە چوار پیتی یەکەمی چوار وشەی ناوەکەی: سید عبیدالله ایوبیان مرکزییەوە هاتووە)، (سعام بڕڕەك)، (کۆماری)، (دکتۆر کۆماری) و... لە شیعری (هەرای ئازادی) کە لە ١٩٦٣دا هۆنیویەتەوە سێ نازناوی خۆی ئاوا هێناوە:

---

[1] گۆڤاری ئاوێنە، ژمارەکانی (٢، ٣، ٤)، ساڵی ١٣٦٩.

## کاکی تۆ (هێدی) لەنێو دۆستانە

## (بڕڕەك)ە و (بڕڕەکی کوردستان)ە

بەلام لە دە پازدە ساڵی دوایی تەمەنیدا هیچ کام لەو نازناوانەی بەکار نەهێناوە و تەنیا دەینووسی: (دکتۆر سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی). لە پێشەوە و لەکاتی ناساندنی دەستنووسەکەی دیوانی وەفایی، دیاردیمان بۆ ئەوە کردبوو کە ئەیوبییان لە نووسینەکانیدا ڕێنووسی باوی کوردی ئەمڕۆی بەکار نەدەهێنا و ڕێنووسێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، لایەنگری ئەلفوبێیەکی ئاسان بووە و باوەڕی وابوو هەر هەوڵ و کۆششێك لەپێناو دەستکاری کردنی ڕێنووسی کوردی، پێویستە بیرێکی زانستی و ئەکادیمی لە پشتەوەبێ و نەوەك سیاسی و ناسیونالیستی!. ئەو زمانەی کە لەم ساڵانەی دوایی پێی نووسیوە، گەلێك وشە و زاراوە و داڕشتنی دەستکردی خۆی تێدابوو، کە تێگەیشتنی بابەتەکەی دژوار دەکرد، ئەو وشە و بێژە فارسیانەش کە خۆی بەکاری دەهێنان وەك (واژە، واژەنامە) ڕای وابوو کە ئەمانە لە بنچینەدا کوردین و ئەمڕۆ تەریك کەوتوون. وشەی (چریکە)ی لە شوێنی بەیت دانابوو، بۆ ڕۆژەکانی هەفتە و مانگەکانی ساڵ ناوی پێشنیارکراوی خۆی هەبوو، ئەیوبییان ئارمێکی تایبەتیشی هەبوو کە لە دوو گوڵە گەنم و قەلەمێکی یادگاری کۆماری کوردستان، کە لەسەر دەستی دوو فریشتە بەرز کرابۆوە پێکهاتبوو، ئەو ئارمە لەسەر زۆربەی کتێبەکانی چاپ کراوە، بەمۆریش لەسەر هەموو کاغەز و دەستنووس و کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەی دابوو. مەدالیایەکی لەزێڕ دروست کراویشی هەبوو کە بەناوی (کۆمەڵەی کۆزانی کوردیناسی — K.K.K) کە خۆی سەرۆکی بوو، لە بیست ساڵ لەمەوبەرەوە ساڵانە بەو نووسەر و هونەرمەندە کوردانەی دەبەخشی کە کاری گەورە و بە نرخیان بە ئەنجام دەگەیاند، ئەو کۆمەڵەیە لە ڕاستیدا بوونێکی ڕاستەقینەی نەبوو، بەڵکو زۆرتر لە وێنەی ئاوات و سیمبولێك، لە دنیای ئارەزووە جوانەکانی ئەیوبییاندا هەبوو!. پیاوێکی هەستیار بوو، لەناو قسە و گفتوگۆکانیدا جاری وا لەناخی دڵەوە پێدەکەنی، لە هەمان کاتیشدا زۆر بە هاسانی بارانی فرمێسکی لە چاوان دا دەباری، لە قسە و دوواندا تووڕەیی و توند و تیژی پێوە دیاربوو جاری وا بووە دڵی نزیکترین کەسی خۆی ئێشاندووە، کەچی هەر زوو هێمن دەبۆوە و بەرامبەرەکەی ئاشت دەکردەوە. بەو ڕادەیەی کە لە قساندا هێرش بەر بوو لە نووسیندا ئەهوەن و لەسەرەخۆ بوو، لە هەموو یاداشت و نووسینەکانیدا ڕستەیەکی ناحەز و ناشیرین بەدی ناکرێت.

لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩دا بەیەکجاری هاتۆتەوە مەهاباد و لە ماڵەکەی خۆیدا بە تەنیا دەژیا، ژووری ماڵەکەی بە وێنە و تابلۆی ناودارانی کورد وەك؛ مەلا مستەفای بارزانی و سمایلاغای شکاك و ئیحسان نووری پاشا و بوداغ سوڵتان و سەلاحەدینی ئەیوبی ڕازابۆوە، چەند تابلۆی خەیاڵی (شیرین تەشی ڕێسی وەفایی) بە ڕیشەی هونەرمەندانی کورد لە ماڵەکەیدا هەڵواسرابوو. لەپاڵ وێنەیەکی سەید عەبدوڵڵای باوکی و دوو وێنەی بچووکی دوو مامۆستای پایە بەرزی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگای تەورێز، (دکتۆر ماهیار نەووابی و دکتۆر مەنوچیهر مورتەزەوی) بە دیوارەوە بوون کە ئەیوبییان وەکو پێزانین هەمیشە بەڕێز و حورمەتەوە باسی دەکردن. لە تابلۆیەکدا بە خەتێکی نەستەعلیقی جوان ئەو تاکە شیعرەی حافزی شیرازی هەڵواسیبوو:

**ای پادشه خوبان داد از غم تنهایی**

**دل بی تو بجان آمد وقت است که باز آیی**

**(ئەی پادشای جوانان هاوار لەدەست غەمی تەنیایی — دڵ بەبێ تۆ وەڕەزە، وەختی ئەوە هاتووە بگەڕێیەوە).**



سەید عوبەیدوڵڵا ئەیوبییان

لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا

**لە یەك دوو مانگی دوایی تەمەنیدا بۆ چارەسەری نەخۆشی سەفەری ئەورووپای کرد ماوەیەکی کەمی یەك دوو حەفتەیی پێ چوو و گەڕایەوە، لە دەفتەری یاداشتەکانی ئەم دوایین سەفەرەی تەنیا یەك دوو شتی کورت نووسرابوو، یەکیان ژمارە تلیفۆنی کەسێك بوو، ئەوەی تریان ئەمە بوو: (ئەمڕۆ هەندێ حاڵم باشترە، نیگەرانم لێرە بمرم، پێم خۆشە بڕۆمەوە وڵات، بەیادی ئەو کیژە کوردەی خۆشم دەویست). کەوابێ ژن نەهێنانی ئەیوبییان،**

**بەپێی تابلۆکەی شیعری حافیز و ئەم دوایین یاداشتەی پێ دەچێ داستانی ئەوینێکی ناکام بووبێ و لەلای کەس نەیدرکاندبێ!. لانی کەم لەم دەساڵی دوایی تەمەنی یەکی لە نیگەرانییەکانی ئەیوبییان چارەنووسی کتێبخانەکەی بوو لەدوای خۆی، چەندین بڕیاری جۆراوجۆری گۆڕی تا لە ئاکامدا دوو سێ مانگ بەر لە مردنی، بڕیاری دا کتێبخانەکەی پێشکەشی بەڕێز مەسعود بارزانی بکا و لەم پێناوەدا کاروباری پێویستی بە چەشنێکی فەرمی لە نووسینگەکەیدا بە ئەنجام گەیاند. لە کاتژمێر پێنجی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٦ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی/ ٢٨ی ئابی ٢٠١٠، لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی مەهاباد چاوی هەمیشەیی لێك نا، ڕۆژی یەکشەممە بە بەشداری ١٠٠ کەس لە خزم و دۆست و هۆگرانی لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان، بەشی شاعیران و هونەرمەندان تەرمەکەی بەخاك سپێردرا.**

**چۆنییەتی ئامادەکردنی ئەم دیوانە/**

**چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەیوبییان لە سەردانێکیدا بۆ هەرێمی کوردستان سەرێك لە (کۆڕی زانیاری کوردستان — کە ئێستا ناوەکەی بووە بە — ئەکادیمیای کوردی)، هەڵدێنێ کە ئەوکاتە دکتۆرە کوردستان موکریانی سەرۆك و بەرپرسی یەکەمی بوو، دیارە لەو سەردانەدا وێنەیەکی ئەو دەستنووسەی دیوانی وەفایی، کە ساڵانێك خۆی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستن و ساغکردنەوەی خەریك کردبوو، بە کۆڕی زانیاری دەسپێری بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن و ڕێکی بخەن و لەچاپی بدەن.**

**لەبەر هەر هۆیەك بووبێت کارەکە دوا دەکەوێت و لەو سەروبەندەدا ڕاناپەڕێندرێت، تا ئەوەی ئەو دەستە کارگێڕییەی دەستگاکە دەگۆڕدرێن، دەستەیەکی تازە دەستبەکار دەبێت، ئەوان بێ خەبەر لەو مەسەلەیە، دوو ساڵێکیش لە تەمەنی دەستەی کارگێڕی نوێی (ئەکادیمیای کوردی) ڕادەبورێت سۆراغێك لەو دەستخەت و دیوانە لە ئارادا نابێت. تا لە بەهاری ساڵی ٢٠١٠دا ئەیوبییان جارێکی دیکە دێتەوە کوردستان و ڕۆژێکیان بەدوای سۆراغی دەستنووسەکەیدا دەچێتەوە ئەکادیمیا و لەنێوان قساندا ئەو مەسەلەیە دێنێتە گۆڕێ، ئەوکاتە سەرۆك و سکرتێر و بەرپرسانی دەزگاکە کە بە مەسەلەکە**

دەزانن بەڵێنی دەدەنێ کە بەدوای مەسەلەکەدا بچن و سۆراغی بۆ بکەن، ئەنجا چی پێویست بکات جێ بەجێی بکەن. دوای ئەوەی دەستنووسەکە دەدۆزرێتەوە دەخرێتە بەردەستی لیژنەی چاپکردنی کتێب تا کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدەن.

بەندە لەو باس و خەبەرە بێ ئاگا بووم، ئەوەندە نەبێت هەر دوور بەدووری بەهۆی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەواڵی ئەو سەردانەی دوایی ئەیوبییانم بەرگوێ کەوتبوو. لەو هاوینەدا بەماڵ و خێزانەوە سەفەرێکی کوردستانی ئێران و تارانم کرد، لە تاران ڕۆژێکیان لە میوانداری دۆستێکی نزیکی ئەیوبییاندا بووین کە زانیم لە سەفەری چارەسەری و عیلاج گەڕاوەتەوە و ئێستا وا لە مهابادە، دەم و دەست لە ماڵی ئەو دۆستەیەوە بە تەلیفۆن قسەم لەگەڵدا کرد و وێڕای سڵاو و حورمەت هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژیم بۆ خواست، ئەوەشم پێڕاگەیاند کە ئارەزوومە لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ مەهاباد بچم بۆ دیدەنی و سەردانێکی بکەم، لەگەڵ ئەوەیدا کە تەندروستی ناتەواو ناساغ دیار بوو، بەڵام لوتفی لەگەڵ نواندم و داخوازییەکەمی قبوڵ کرد، دۆست و ئاشنایەکی بەڕێزی هەردوو لاشی دەستنیشانکرد لەتەك ئەودا بچمە سەردانی، من بۆ ئەو سەردان و دیدارەی ئەیوبییان مەبەستێکی دیکەم لە خەیاڵدابوو بۆیە کە گەڕامەوە مەهاباد پەیوەندیم بە دۆستەکەوە کرد و مەسەلەکەم تێ گەیاند، ئەو خۆیشی نەیزانی بوو کە ئەیوبییان لە سەفەر گەڕاوەتەوە. ئەنجا مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی لێ خواستم کە بە چەند کاروباری خێزانییەوە سەرقاڵە و لەدوایە وێکڕا دەچینە دیدەنی ئەیوبییان.

لەو بەینەدا من سەرێکی بۆکانم دا، لەولاوەش وادە و بەڵێنی چەند دیدار و سەردانی دیکەشم لەپێش بوو، مانگی ڕۆژ و گرتنیش بەسەرداهات و ناچاری کردین پڕوپڕێسکەمان بپێچینەوە و لە ١٤ی ئابی ٢٠١٠دا بەرەو ماڵ بێینەوە بێ ئەوەی دیدارەکەم لەگەڵ ئەیوبییاندا سەربگرێ.

بەداخەوە دەڵێم هێشتا ئەو مانگەی هاوین تێنەپەڕی بوو کە هەواڵی کۆچی دوایی ئەو زاتەمان لە گوێدا زرنگایەوە. لە ڕاستیدا زۆر داخدار بووم لەوەی کە نەمتوانی لەم سەفەرەدا ئەم هەڵە بقۆزمەوە و بە دیداریان شاد بم.

لە پایزی ئەو ساڵەدا لە دەسپێکی وەرزی کاروچالاکییەکانی ئەکادیمیا و لەسەر پێشنیار و داخوازی ئەوان، لە هۆڵی ئەکادیمیای کوردی سمینارێکمان بەڕێوەبرد سەبارەت بە (ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان و شوێنی لە مێژوی ئەدەبی کوردی)دا، دواتر هەر ئەم سمینارە بوو بە بنچینەی پڕۆژەیەك و لەگەڵ ئەکادیمیا ڕێك کەوتین کە ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوە ئەدەبییەی لەو ناوچەیە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا پەرەی گرتووە، دابەش بکەین بەسەر چەند قۆناغێك و، بۆ هەر قۆناغێکیش کتێبێك ئامادە بکەین لەشێوەی لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی – ئەدەبی) زانستییەوە، تا ئەکادیمیاش لەچاپی بدا و بڵاوی بکاتەوە.

بەندە لەسەروبەندی خۆ ئامادەکردندا بووم بۆ سەفەرێکی دیکە بۆ ئەو دەڤەرە، تا بە هاوکاری دۆستان و هاوڕێیانی نووسەر و ئەدیبی ئەوێم، هەندێ سەرچاوە و بەڵگە و دیکۆمێنتم دەستکەوێ بۆ پڕۆژەکەم. تا ڕۆژێکیان لەلایەن سەرۆکی لیژنەی چاپکردنی کتێب لە ئەکادیمیا بانگهێشت کرام. کە چوومە لای دەستنووسێکی گەورە و قەبارە ئەستووری دیوانی وەفایی دایە دەستم کە لەگەڵ نووسراو و فۆڕمێکی ڕەسمیدا هاوپێچ کرابوون و خرابوونە نێو زەرفێکی گەورە و داوای لێ کردم کە بە ناونیشانی

شارەزا چاوێك بە دەستنووسەكەدا بگێڕم و هەڵسەنگاندنێكی بۆ بكەم. ئەنجا لە ڕاسپاردە و تێبینی و پێشنیار چی بەباش دەزانم لە ڕاپۆرتێكدا بۆ ئەكادیمیای كوردی بنووسم. دەستنووسەكە ماوەیەك لام مایەوە و چەند جارێك بە چاوی موشتەری هەڵگێڕ و وەرگێڕم كرد و پێداچوومەوە. لە زۆر شوێن شیعر و تێكستەكانیم لەگەڵ نوسخە چاپییەكانی دیوانی وەفایی بەراورد كرد، سەرنج و تێبینی و پەراوێزەكانم خوێندنەوە و لەگەڵ دەقەكاندا بەراوردم كردن و پێكم گرتن تا ئەوەی بەهاو ناوەرۆكی كارەكەم بۆ بەدیار كەوت. ئەنجا ڕاپۆرتێكم لە بارەوە ئامادە كرد و تیایدا ڕاسپاردە و پێشنیاری دوایی ئەوەبوو؛ كە ئەمە كارێكی بەنرخە و پێم وایە لە ٩٠٪ی كێشەی ساغكردنەوە تێكستە شیعرییەكانی وەفایی چارەسەر دەكات، كە تاوەكو ئێستا بە ناتەواوی پڕ لە هەڵە و پەڵە و كەم و كورتی لە دیوانەچاپییەكاندا بڵاو كراونەتەوە، هەروەها هانیشم دان كە ئەم دەستنووسە لێكۆڵینەوە و پێداچوونەوەی بۆ بكرێت و كەم و كورتییەكانی تەواو بكرێت و بهێندرێتە سەر ڕێنووسی نوێی كوردی و بە پێشەكییەكی تێر و تەسەلەوە ئەكادیمیا مشووری چاپ و بڵاوكردنەوەی بخوات. بەداخەوە دەیڵێم كاتێك ئەكادیمیا كاری نرخاندن و هەڵسەنگاندنی دەستنووسەكەیان بە بەندە سپارد، دوو مانگێك دەبوو ئەیوبییان ماڵئاوایی كردبوو، كە بەسەربردەی دواكەوتنی بێ پاساوی چەند ساڵەی دەستنووسەكەشم زانی زیاتر ئازارم خوارد و دەمگوت؛ كوا بۆ ئەو ڕۆژەی كە ئەم كارەی تیادا ئەنجام بدرایە كە ئەیوبییان هێشتا لەژیاندابوو، ئەنجا بە هەمانگی و پرس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ خۆیدا جێبەجێ بكرایە. بە هەرحاڵ دیارە ئەكادیمیا بەر لەمنیش بیروڕای مامۆستایەكی پسپۆڕ و شارەزای دیكەیان لەبارەی دەستنووسەكە وەرگرتبوو، خۆشبەختانە ئەویش هەر هەمان پێشنیاری بۆ كردبوون كە واچاكە كار بۆ ڕێكخستن و تەواوكردنی دەستنووسەكە بكرێ و لەچاپ بدرێ.

دوای ئەوە دەستەی كارگێڕی ئەكادیمیا ڕوویان لە بەندە نایەوە كەوا ئەركی پێداچوونەوە و ڕێكخستن و تەواوكردنی كارەكە بگرمە ئەستۆ، پێشیان ڕاگەیاندم كە وا پێویست دەكات سەفەرێكی مەهاباد بكەم تا ئەو دەفتەر و دەستخەت و نووسراوانەی پێوەندی بە دیوانەكەوە هەیە و ڕەوانشاد ئەیوبییان بەر لە كۆچكردنی وەلای ناون، وەریان بگرم و لەكاری پێداچوونەوە و بەرابەركردنی تێكستەكاندا سوودیان لێ وەربگرم. لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ هاوڕێ لەگەڵ (د. ئازاد ئەحمەد مەحموود) سكرتێری ئەكادیمیا، سەفەرێكی مەهابادمان كرد و چاومان بە بەشێك لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو كەوت و شتەكانیشمان لێ وەرگرتن و هێنامانەوە كە بریتی بوون لە؛ چەند بەرگێك لە دیوانی وەفایی، چاپی گیوی موكریانی، سەیدیان، قەرەداغی، چاپی ئینتیشاراتی صلاح الدین ئەیوبی، لەگەڵ چەند دەفتەر و دەستنووس و دەستخەتی دیوانی وەفایی كە هەندێكیان وێنەی لەبەر گیراو (فۆتۆكۆپی) بوون، وەك چۆن لە پێڕستی وەسفیی دەستخەتەكاندا یەكە بە یەكە باسمان كردوون. من بەو هیوایە بووم كە نوسخەی یەكەم و دەستخەتی ڕەسەنی ئەم دستنووسە بنەڕەتییەمان لەناو ئەو پەڕاو و دەفتەرانە دەست بكەوێت، كەچی بەداخەوە وا نەبوو.نە ئەو و نە ئەو (كليات وفايی) یەی كە ئەیوبییان لە پەراوێزەكان ئاماژەی بۆ دەكات بەتایبەتی لە بەشی فارسی دیوانەكە، ئەنجا سۆراغێكیش لە نوسخەكانی قادری ڕیحانی و قادر جەعفەری و میرزا محەممەدی سەقەتی (دڵپاك) لە ئارادا نەبوو.

**کاری ئێمە بۆ ئامادەکردنی ئەم دیوانە:**

هەنگاوی یەکەم دەستمان کرد بە نووسینەوەی سەر لەبەری تێکستە شیعرییەکان، بە گوێرەی ئیملای کوردی و بەرەچاوکردنی ڕێنووسی تازە بەپێی هەمان ئەو زنجیرە و ڕێکخستنەی تێکستەکان کە لە دەستنووسەکەدا هاتبوو، ئەنجا بەرە بەرە دەمانخستە بەر دەستی تیپچنەکان تاوەکو داخیلی کۆمپیوتەر بکرێت. لەو قۆناغەدا هەر شك و گومانێکمان لە ڕاستی و دروستی هەر وشە و زاراوە و پێکهاتەکانی کردبا، یا هەر ئالۆزی و لەنگ و لۆرییەکمان لە عیبارەت و داڕشتن و کێش و ئاواز و واتای دێر و نیوەدێرێك دیبا نیشانمان دەکردن و هێڵێکمان بە ژێریاندا دەکێشا تا لە قۆناغی دووەمدا بگەڕێینەوە سەریان.

لە وەسفی دەستنووسە بنەڕەتییەکەی ئەیوبییاندا باسمان لە ئالۆزییەکانی ڕێنووس و هەڵەی ئیملا و نادروستی و ناڕۆشنی بڕێك لە وشە و زاراوە و تەعبیراتی تێکستەکان کردووە، بۆیە هەنگاوی دووەم بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی ئالۆزییەکان بۆ نوسخەی دەستنووس و چاپییەکان گەڕاوینەتەوە لەپێناوی ئەوەی ڕێژەی ڕاست و ڕێك و گونجاوی ئەو وشە و زاراوە و تەعبیرانە بدۆزینەوە. ئەنجا لە هەر بارێکیشەوە پێویستی کردبێ ئەوا بیروڕای خۆمانمان سەبارەت بە تێکستەکە دەربڕیوە و بە نیشانەی (⋆) لە تێبینی و سەرنجەکانی ئەیوبییانمان جیا کردۆتەوە. واتا هەر نووسراوێك دوا بەدوای ئەو هێمایە (⋆) هاتبێت ئەوە بیر و بۆچوونی ئێمە بەدیار دەخات.

هەنگاوی سێیەم بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان، بە تایبەتیش بە پشت بەستن بە کتێبی (کێشی شیعری کلاسیکی کوردی) و چەند سەرچاوەیەکی دیکە هەوڵمان داوە کێشی هەر یەکێك لە شیعرەکان بدۆزینەوە و دەستنیشانی بکەین. ئەنجا چ کێشی عەرووزی بووبێت یاوەکو کێشی بڕگەیی. ئەنجا لە کۆتایی پەراوێزەکانی هەر تێکستێك ئەوا کێشەکانمان دەستنیشان و جێگیر کردووە. سەبارەت بە هەندێك ئیشکالیاتی کێش لەبڕێك لە تێکستەکاندا ئەوا ڕاو بۆچوونی خۆمان دەربڕیوە.

دیارە بۆ شیعرە فارسییەکان ئەو کارەمان نەکرد، بەو هۆیەی ناچێتە نێو چوارچێوەی ئەدەبی کوردی و سەرچاوەی پێویست و بڕوا پێکراویشمان بە دەستەوە نەبوو، بۆیە بە پێویستمان نەزانی.

لە قۆناغی دواییدا ڕێزبەندی تێکستەکانمان بە گوێرەی تەرتیبی ئەلفوبێی پیتە سەرواکان وەکو لە دیوانی شیعری کلاسیکی پێڕەوی لێ دەکرێت، سەر لە نوێ ڕێك خستەوە.

لە بنەڕەتدا کاتێك بەرهەمی شیعری شاعیرێکی کلاسیك کۆ دەکرێتەوە سێ جۆری سیستەم لە پۆلین کردن و دەستە بەندی کردنی تێکستەکاندا ڕەچاو دەکرێت:

**یەکەمیان** ئەوەیە هەر کۆمەڵە شیعرێك بە گوێرەی واتا و مەبەستی ناوەرۆکیان پێکەوە لە پۆلێك و لەژێر ناونیشانێکدا کۆ دەکرێنەوە، وەکو (شیعری دڵداری، شیعری وەسف، ستایش، ماتەمنامە، داشۆرین)... تاد.

جۆری **دووەم** ئەوەیە کە شیعرەکان بەگوێرەی قالب و شێوە و ڕوخسارەوە لە پۆلێکدا کۆ دەکرێنەوە، وەکو (غەزەل، قەسیدە، چوارین، پێنجین، پێنج خشتەکی، مەسنەوی، تاك... تاد) جۆری **سێیەم** بێ ڕەچاوکردنی ئەو دوو لایەنە، تێکستە شیعرییەکان بە گوێرەی پیتە سەرواکانیان و بەپێڕەوی لە زنجیرەی ئەلفوبێی زمانەکە پۆلین دەکرێت، کە ئەمەیان لە دیوانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتدا

(کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی) باو و بڵاوترە، ئێمەیش لە ڕێکخستنی تێکستەکانی ئەم دیوانەدا پێڕەویمان لەو سیستەمە کردووە.
ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەیوبییان بۆ هەر تێکستێك ناونیشانێکی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ ناواخن و ناوەرۆکی شیعرەکەدا بگونجێ و لە هەندێ جێگادا زاراوە و تەعبیرێکی ناوتێکستەکەی کردۆتە ناونیشان. لەگەڵ ئەوەی کە لە شیعری کلاسیکیدا ناونیشان نییە و دێڕی یەکەمی قەسیدە یان غەزەل کە بە (مطلع) ناو دەبرێت و ئەیوبییان (هەڵاتە)ی پێ دەڵێ!، وەکو ناونیشان حیسابی بۆ دەکرێت. کەواتە ڕەنگە بڵێین ئەم کارەی ئەیوبییان شتێکی زیادەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە لەلای من کارێکی پەسەند بوو، چونکێ بینیم جۆرێك لە ناسنامەی جوانکاری و کەسێتی تایبەت بە هەر یەکێك لە تێکستەکان دەبەخشێت، بەڵام ئەوەندە هەبوو کە ئەیوبییان زۆرجار هەمان ناونیشانی بۆ چەند شیعر و تێکست دووبارە کردۆتەوە، کە ئەمە خۆی لە بایەخی کارەکەی کەم دەکردەوە، بۆیە بە کەمێك دەستکارییەوە هەوڵمان داوە ناونیشانەکان وەك خۆیان چەند بارە نەبنەوە. بۆ نموونە لە چەند تێکستێکدا ناونیشانەکە ئەمە بوو: (فەرموویە)، ئێمە یەك دانەمان بەم شێوەیە هێشتۆتەوە و ئەوانەی دیکەمان گۆڕیوە بۆ (بفەرموو، مەفەرموو، فەرمووی...) ئەویش بە ڕەچاوکردنی گونجانی لەگەڵ ناواخنی تێکستەکە.
کێشەیەکی دیکەمان هەڵگێڕانەوەی ڕێنووسە شێوە فارسییەکە بوو بۆ کوردی، وەکو دەزانرێ لە نووسینی فارسیدا پێڕەوی (سەر، بۆر، ژێر)ی ئیملای عەرەبی دەکرێت و لەکاتی ڕوونووس کردنەوەدا هەندێ وشە هەرسێ بارەکە هەڵدەگرێت، بە نموونە وشەی (گل) کە لە دەستنووسەکەدا هاتبێت دەشتی بە (گل، گوڵ، گەل، گەڵ) بخوێندرێتەوە بەڵام ئێمە بە گوێرەی واتا و دەلالەتی سیاقی ناو ڕستە شیعرییەکە بە ڕەچاوکردنی مەسەلەی کێش و ئاوازیش ڕێژەیەکمان لێ هەڵبژاردووە.
جاری وا هەیە دووچاری ڕستەیەکی شیعری بووین کە خۆی وەکو یەکەیەکی واتا بەخشی ڕێك و دروست نەهاتۆتەوە، واتە هەڵەیەك لە ئارادا هەبووە، بە نموونە لە دەستنووسەکەدا هاتووە:

**روح و جسم و دل فیدات ئەی کاملی پر عەقل و هۆش**

**آسمان پر بوله داغی خەتی روی تو، <u>شەکە رۆژ</u>**

ئەنجا بە گەڕانەوە بۆ ئەو تێکستە لە نوسخە دەستنووسەکان و چاپەکاندا توانیومانە ڕێژەی ڕاستی فرێزەکە بدۆزینەوە کە (شەو لە ڕۆژ)ە.
لە دێڕێکی دیکەی هەمان تێکستدا هاتووە:

**ئەی بەهای هەردوو جیهان یەك قەترەی عەتری روخت**

**وەی نیهالی نەورەسی <u>جەنەت نەجیبی دین بەخت</u>**

ئەیوبییان سەبارەت بەو فرێزەی دوایی لە پەراوێزدا نووسیویەتی: بڕوانە: کلیات وفایی بە اهتمام سید عبیدالله مرکزی ۱۳۲۳/ ۱۳۲۵، ئەنجا دەڵێ: لە ڕووی پەڕێکی دڕاو و کوژاوەوەی مامۆم سەید ئەورەحمانی ئەیوبی کە لەلامە ئاوا ڕوونووسم کردۆتەوە، نە بە چاکی بۆم دەخوێندراوە و نە تێی دەگەییم!.
ئێمە ئەو بەڵگەی سەرەوە واتە (کلیات وفایی) ئەیوبییانمان لەبەر دەستدا نەبوو، ئەم دێڕە و چەند دێڕێکی دیکەی ئەم تێکستە لە هیچ یەك لە نووسخە چاپی دەستنووسەکانیشدا نەهاتبوون بۆیە بە

ناچاری ئێمەش بە دابی ئەیوبییان وەکو خۆیمان هێشتۆتەوە. بۆ هەر وشە و پێکهاتەیەکی لەو بابەتە کە زانیبێتمان بە هەڵە نووسراوەتەوە، یا واتا نابەخشێت یا کێشی شیعرەکە لەنگ دەکات، کە ئەمانەش ژمارەیان کەم نەبووا، گەڕاوینەتەوە بۆ نووسخەی چاپی و دەستخەتەکان، تاوەکو ڕێژە ڕاستەکەیمان دۆزیوەتەوە، هات و لێشمان عاسێ بووبێت و بۆمان ساغ نەکرابێتەوە ئەوا وەکو خۆیمان هێشتۆتەوە، بەڵام خۆش بەختانە ئەمانەی دوایی ژمارەیان زۆر نین.

لە سەرێکی دیکەوە وەکو دەبیندرێت خۆمان لە لێکدانەوەی واتا وشە و زاراوەکان و هەموو جۆرە شەرح و تەوزیح و تەفسیرێکی شیعرەکان پاراستووە، چونکێ بە بۆچوونی ئێمە کار بەوەندە تەواو نەدەبوو کە تۆ لە پەراوێزدا واتای چەند وشە، یا چەند زاراوە کە لە تێکستێکدا هاتوون لێك بدەیتەوە و ڕوونی بکەیتەوە. بەڵێ لە کاتێکدا ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە ئەم دیوانە ئەم لایەنەی فەرامۆش کردووە. چونکێ ئێمە بڕوامان وایە ئەم دیوانەی وەفایی نەك هەر تەنیا پێویستی بە فەرهەنگۆك و وشە نامەیەکی تایبەت هەیە کە تیایدا واتا دەلالەتی وشە و زاراوە و پێکهاتە فارسی و عەرەبییەکانی لێك بدرێتەوە. بەڵکو وا پێویست دەکا هەموو مەعنا و واتا و دەلالەتەکانی ئەو وشە و زاراوە و پێکهاتانەش لێك بدرێنەوە کە پێوەندییان بە زانستەکانی دیکەشەوە هەیە لە وێنەی: فەلەکناسی و ریازیات و عیرفان و زانستی مەنتیق و عیلمی کەلام و قورئان، ئەنجا وا پێویست دەکات کە ئاماژە بە لایەنە ڕەوانبێژییەکانی شیعرەکانیشەوە بکرێت. ئەنجا جێ بەجێ کردنی ئەم هەموو ئەرکە کارەکەی زۆر وەدوا دەخست و دووەمیش کتێبەکە لە مۆرکی ساغکردنەوەی تێکستەکان و قەبارەی ئاسایی دیوان تێدەپەڕی و بەشێکی زۆری دەبوو بە لێکۆڵینەوە، بۆیە ئێمە هەست بەو کەلێنە دەکەین و هیواخوازیشین، چ ئێمە چ هەر کەسێکی دیکە بتوانێت لە ئایندەدا (لایەنەکانی ڕەوانبێژی و فەرهەنگی وشە و زاراوەکانی دیوانی وەفایی) وەکو کارێکی تەواو و سەربەخۆ بخاتە بەردەستی خوێندەوارانی کوردەوە. لەلایەکی دیکەش ئەم پرۆژەیە لە ڕەسەندا بریتی بوو لە ساغکردنەوە و ڕێکخستن و ئامادەکردنی دیوانە دستنووسەکەی سید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان، نەوەکو ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی شیعر و تێکستەکانی دیوانی وەفایی، لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشین کەوا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم دیوانەی وەفایی و نوسخە چاپییەکانی پێشووی، بەتایبەتیش چاپی قەرەداغی، بەدی دەکرێت ئەویش لە چەند لایەنەوە:

- هەر تێکستێك جیاوازی زۆری لەگەڵ چاپی قەرەداغیدا هەیە لە ڕووی وشە و زاراوە و پێکهاتەی ڕستە شیعرییەکانەوە. کە ئەیوبییان لە پەراوێزەکاندا ئاماژەی بۆ بەشێکی ئەو جیاوازییانە کردووە.
- جیاوازی لە ژمارەی دێرە شیعرەکان و چونییەتی ریزبوون و تەرتیبی دێرەکان لە تێکستەکاندا هەیە، زۆر وا دەبێت تێکستێك ژمارەی دێرەکانی لەگەڵ چاپی قەرەداغیدا یەکسان بێت، بەڵام لە ڕێز بوون و تەرتیبی دێرەکانادا جیاوازن.
- بەداخەوە دەیڵێم، کە ژمارەیەکی زۆر لە تێکستەکانی چاپی قەرەداغی کەم وا هەیە دوور لە هەڵە و پەڵە و ئاڵۆزی و بێ کەم و کورتی بن!. جاری وا هەیە کە وشە و زاراوەیەك لە بنەڕەتەوە لە تێکستەکەدا بە هەڵە هاتووە، کەچی لە پەراوێزەکانیدا واتاشی لێك دراوەتەوە!.

بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم دیوانەی وەفایی لەنێو دیوانە چاپکراوەکانیدا تاوەکو ئەمڕۆ چاکترین و تەواوترینیانە. وەکو لە بەراییش ئاماژەم بۆ کردووە توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش کێشەی تێکستە شیعرییەکانی وەفایی چارەسەر بکات لەگەڵ ئەوەی کێشە و گرفتی زۆری بە ئاڵۆزکاوی تێدا ماوەتەوە، ئەنجا بەشێوەیەکی گشتی لە حوکمی هەر دیوانێکی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەدەر نییە کە پڕە لە کێشە و گرفت!.

پاش ئەوەی کارەکە هەندێك ڕاستەڕێ بوو و مەسەلەی هەڵەوپەڵەو گرفتی ڕێنووس و تایپ و نووسینی دیوانەکە تا ڕادەیەك ڕاستکرایەوە، کتێبە بۆرەمان نایە بن هەنگڵ و بە هاوڕێتی سدیق ساڵحی کارگێڕی بنکەی ژین ڕوومان کردە ڕۆژهەڵات و، کوردستانی موکریان و مەهابادم خۆ بگرە هاتم...، لەگەڵ گەیشتنمان چەند دانەمان لەبەر (CD)یەکە هەڵگرتەوە و بەچەند هاوڕێی ڕووناکبیر و نووسەر و وەفایی ناسی ئەو دەڤەرەمان سپاردن، وەکوو برایانمان؛ کەمال حەسۆ و سەید عەبدوڵڵای سەمەدی و سەلاحەددینی ئاشتی و داوامان لێکردن تا بەوردی دیوانەکە بخوێننەوە و هەڵگێڕو وەرگێڕی بکەن و هەرکەم و کورتییەکیان تێدا وەبەرچاو دەکەوێت و هەرچی سەرنج و تێبینی و بیرو پێشنیاری خۆشیان هەیە بەورد و درشتی بۆمانی بنوسن و پێمانی ڕابگەیەنن. ئەوانیش جوامێرانە بەدەنگمانەوە هاتن و لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە لەوێ ماینەوە، بە وردی دید و سەرنج و بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر لاپەڕەکان و لە پەراوێزی تێکستەکانەوە بۆ تۆمار کردین. بەتایبەت کاك سەلاحی ئاشتی کە بە دڵسۆزی و پەرۆشییەکی لە ڕادەبەدەرەوە لەماوەی چەند شەو و ڕۆژان زۆر بە وردی سەرلەبەری تێکستە شیعرییەکانی لەگەڵ کاك سدیق و بەندەدا، بە بەراورد لەگەڵ نوسخەکانی دیکەدا خوێندەوە و هەرچی کەم و کورتی و لەنك و لۆری و نا سازگارییەك بەدی دەکرا، نەخاسمە لەباری دروستنووسی و ڕێنووس و ڕاستکردنەوەی شیعرەکانەوە هەبوو بۆی دەستنیشان کردین.

ئێمە زۆر سوودمان لە بیر و سەرنجی ئەو هاوڕێیانە وەرگرت کە بە قازانجی کارەکە تەواو دەبوون، بۆیە دوای ئەوەی کە گەڕاینەوە چووینەوە لای تایپ چنەکان و پوختەی ئەو ڕاو سەرنج و تێبینیانەی کە هەبوون یەکلاییمان کردنەوە. گوتەیەکی ناودار هەیە کە دەڵێ: "هەموو سەربڵندییەکانی جیهان لە سایەی دەست و پەنجەی ڕەنگینی ڕەنجدەران و زەحمەتکێشانەوەیە"، بەڵێ هەمیشە ئەوانەن کە وەکوو سەربازی ون لە پەنا هەر کارێکەوەن کە دەگاتە ئامانج و بەر دەگرێت، بۆیە نابێ ڕۆڵی برایانی تایپ چنی ئەکادیمیا بەدرخان بەکر و زاهیر عومەر و بەتایبەتیش عەبدولحەمید عەزیز ڕەسووڵ لە بیربکەین، کە بە پشوو درێژی و بە ئارامی و بە حەوسەڵەوە ماوەی ساڵەوەختێکی تەواو لەگەڵما سەرقاڵی بێنەوبەرەی بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارە بوون. لەو لاشەوە برایانم لە ئەکادیمیای کوردی هەریەك لە د. ئازاد ئەحمەد مەحمود و د. نەجاتی عەبدوڵڵا، کە هەمیشە هاوڕێی ڕێگا و هاندەر و پشتیوانم بوون لە ڕاییکردن و بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکەدا.

کورت و کرمانجی دەڵێم هەرچی ڕووی گەش و پرشنگدار و ئەرێنی لە کارەکەدا هەبێت ئەوا لە سایەی سەرو سێبەری بەپیتی ئەو هاوڕێ و دۆست و دڵسۆزانەوەیە کە هاوسەفەری ئەم ڕێگایەم بوون، هەرچی قۆرت و گرفت و نەپێکانێکیش کە لە ئارادا هەبێت ئەوە لەپای نسکۆ و کورتهێنان و هەڵخلیسکانی قەڵەمی بەندەی موخلیستانەوەیە. هیوا بڕاویش نیم لەوەی کە ئەم بەرهەمە کەلێنێك لە خەرمانەی

ڕووناکبیری و کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە. بڕێکیش لەو ئەمەك و قەرزەی دەرحەق بە کەڵەمێردانی مەیدانی ئەدەب و شیعری کلاسیکی کوردی کە لە ئەستۆمان دایە کەم بکاتەوە. ئاواتەخوازیشم توانیبێتم بەم کارە خزمەتێکی بچووکم لە ئاست ڕەوانی بەرزە فڕی وەفایی، شاعیری جوانی پەرست و عاشق و عارفی ناوچەی موکریان بەجێ گەیاندبێت.

**عوسمان دەشتی**

**هەولێر لە ٢٠١١/١١/١٥**

**کورتکراوە و نیشانەی نوسخەی چاپی و دەستنووسەکان کە لە پەراوێزەکانی ئەم دیوانەدا هاتوون:**

**بەشی کوردی**

**گەورك:** نوسخەی دەستخەتی میرزا عیسای گەورك (پاراستان).

**ئەیوبییان:** نوسخەی دەستخەتی سەید محەمەدی ئەیوبییانی مەرکەزی.

**مودەڕیسی:** نوسخەی دەستخەتی مەلا قادری مودەڕیسی.

**یاهوو:** نوسخەی دەستخەتی مام کەریمی یاهوو (کاکە مەمی خاکی)

**نووسەر:** هێمایە بۆ نوسخەی (کلیات وفایی) سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی (بڕڕەك). ئامادەکاری ئەم دیوانە.

**گیو:** هێمایە بۆ نوسخەی چاپی گیوی موکریانی.

**سەیدیان:** هێمایە بۆ نوسخەی چاپی سەید محەمەد ئەمینی میسری (سەیدیان)

**قەرەداغی:** هێمایە بۆ نوسخەی چاپی محەمەد عەلی قەرەداغی.

**بەشی فارسی**

**ریحانی:** هێمایە بۆ نوسخەی دەستخەتی قادری ڕیحانی.

**جعفری:** هێمایە بۆ نوسخەی دەستخەتی سەید قادری جەعفەری.

**سقطی:** هێمایە بۆ نوسخەی دەستخەتی میرزا محەمەدی سەقەتی (دڵپاك).

**ئەو کتێب و سەرچاوانەی لەم پێشەکییەدا ناویان هاتووە و سوودیان لێ وەرگیراوە:**


١- بیرەوەریەکانی وەفایی "تحفة المریدین"، گردوکۆی: مامۆستا قازی محەمەد خزر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕامان هەولێر، ١٩٩٩.

٢- بیرەوەرییەکانی وەفایی " تحفة المریدین" لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، چاپی تازەی پێزیادکراو، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٣- پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووا، مستەفا سەید مینە مستەفا، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤- پیرەمێردی نەمر، نووسینی: محمد رسول (هاوار)، چاپخانەی (العانی)، بەغدا، ١٩٧٠.

٥- پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦- تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، نوسینده: ابراهیم افخمی،٢ جلد، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٧٣.

٧- تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرو، مهاباد، ١٣٧٧.

٨- دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغ کردنـەوەی: فـائق هوشـیار و نووسـەرانی تـر، بـەرگی یەکـەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاْوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٠.

٩- دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٥١.

١٠- دیوانی وەفائی، محمدامین مصری، کتابفروشی سیدیان، مهاباد، ١٣٤٤.

١١- دیوانی وەفایی، لێکۆڵینـەوەی محەمـەد عـەلی قـەرەداغی، لـە چـاپکراوەکانی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا، ١٩٧٨.

١٢- دیوانی وەفـایی، لێکۆڵینـەوەی محەمـەد عـەلی قـەرەداغی، انتشـارات صـلاح الـدین ایـوبی، ارومیـە، ١٣٦٤.

١٣- دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوە، لێکدانـەوە و لەسەرنووسـینی: موحەممـەد سـەعید نـەجاری ( ئاسـۆ)، انتشارت کردستان، سنندج، ١٣٨٩.

١٤- ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ئامـادەکردنی: (ڕەفیـق سـاڵح - سـدیق سـاڵح)، پـڕۆژەی هاوبـەش ( ئـاراس- بنکەی ژین)، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، هەلێر، ٢٠٠٧.

١٥- ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە ( ١٠٠٦)، ١٣/٤/١٩٥٠.

١٦- ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە ( ١٣٠٣)، .......

١٧- ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی، عەلی کەریمی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٨- فنون الشعر الفارسی، دوکتورة اسعاد عبدالهادی قندیل، مکتب الشریف و سعید رأفت للطباعـة و النشر والتوزیع، القاهرة، ١٩٧٥.

١٩- کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦، نووسراوی: ولیام ئیگلتون جونیر، وەرگێڕراوی: سید محمـد صـمدی، ٢ بەرگ، لە چاپەمەنیەکانی کتێب خانەی سیدیان، مهاباد، ١٣٥٨.

٢٠- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری، دەزگای چـاپ و بلاْوکردنـەوەی ئـاراس، هـەولێر، ٢٠٠٤.

٢١- گەنجینەی مەردان، مەلاْ عەبدوڵڵای زیوەر، محەمـەدی مـەلا کـەریم ئامـادەی کـردووە، چـاپخانەی ئەدیب، بەغدا، ١٩٨٥.

٢٢- گۆڤاری نیشتمان، جەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

٢٣- گۆڤاری (سروە)، ژمارە(١١٣- ١١٤) بەفرانباری ١٣٧٤.

٢٤- گۆڤاری (ئاوێنە)، ژمارەکانی ( ٢،٣،٤)، ساڵی ١٣٦٩.

٢٥- گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە (١٣١)، ساڵی یازدەیەم، خاکەلێوەی ١٣٩٠.

٢٦- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کـوردی یـەوە، دکتـۆر مـارف خەزنـەدار، چـاپخانەی ( المؤسسـة العراقیـة للدعایة والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.

٢٧- لە یادی گیوی موکریانی دا، ئامادەکردنی، کەریم شارەزا، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٨.

٢٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، ١٩٧١.

٢٩- واژەنامە هنر شاعری، میمنت میر صادقی ( ذوالقدر)، کتاب مهناز، تهران، ١٣٧٣.

٣٠- وزن شعر فارسی، دکتر پرویز ناتل خانلری، انتشارات توس، چاپ هفتم، تهران، ١٣٨٦.

٣١- یادی پیرەمێرد، بە ئەرکی: علاءالدین سجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥١.

٣٢- یادی مەردان، مـەلا عەبدولکـەریمی مـدرّس، بـەرگی دووهـەم، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق، بەغدا، ١٩٨٣.

(١)

## چاوەکەم

گەردشی چاوت قەراری عاشقی مسکین دەبا

ساحیری چاوبەستە ئاری، دڵ دەکێشێ، دین دەبا

قیبلەکەم[١]، بەو زاری هەروەك خونچە بۆیە پێکەنی

دا بڵێن خەندەی گوڵە دێ، ئابڕووی پەرژین[٢] دەبا

من کوتم: گرتی حەبەش کەعبەی جەماڵت، ئەو دەڵێ:

کاروانی میشکە بۆ شاری گوڵ و نەسرین دەبا

گەر ببینێ تاقی پەیوەستی برۆت فەرهادی چین

ڕووحی شیرینی بە قوربانی، بە سەت ناڵین دەبا

پێچ و تاوی زولفی خاوی ڕەمز و غەمزەی سیحری چاو

ئەو لەلایێ دڵ دەکێشێ[٣]، ئەم لەلایێ دین دەبا

نەشتەری چاوی حەبیبم دێ بە سینەمدا دەچێ

مەرهەمی نازی تەبیبم بۆ دڵی خوێنین دەبا

من وەها مەستی گوڵەندامم[٤] کە نازانم ئەبەد

هۆشی من دوگمەی تەلا، یا ساعیدی سیمین دەبا

تا وەفـــایی لەو دەرە بێت و بچێ مەنعی مـــەکە!

سورمەیی خاکی دەرت بۆ چاوی پڕ ئەسرین دەبا

---

(١) لە هەندێ سەرچاوەی زارگۆتندا: چاوەکەم.

(٢) پەرژین: بەهەشت، مێرگ و باغ، لێرەدا بە واتای دیوارە و پەردە و پەرژینی گوڵستان هاتووە.

(٣) لە (گیو) و (قەرەداغی)دا: ڕوح دەکێشێ.

- ئەو نیوە دێرە بەو شێوەیە لە (گەورك)دا هاتووە، لە ڕووی کێشەوە لە نیوە دێرەکانی دیکە جیاوازە، مەسەلەیەکی وا لای وەفایی لە پارچەی دیکەشدا وەبەرچاو دەکەوێ.

(٤) گوڵەندام: کچێکی زۆر جوان و لەباری سابلاغی بووە و وەفایی سەردەمی لاوێتی حەزی لێ کـردووە، وەکوو بیسـتراوە! ئەو کچە یەکەمین یاری وەفایی بووە، بەڵام نازاندرێ بۆ و لەبەرچی وەفایی و گوڵەندام پێك نەبڕاون.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

**(٢)**

## سەری کوڵمەت

ســـەری کوڵمـــەت لە نێو زولفی دووتادا[١]

ئیشارێکی لە نووری شەوچرا دا

سوجوودی بردە ئەبرۆت ڕۆژ لەسەر ڕوو

شەوی دینێ کە تۆ زولفت وەلا دا

ئەمن چاوم لە ڕۆژا[٢] پڕ لە خوێن بوو

کە ئاوێنەی جەماڵی خۆی جەلا دا

شەو و ڕۆژ هەر لە فیکری زاری[٣] تۆدام

بە هیچی عومری شیرینم بە با دا

ئەرێ ڕووحم بە لێوی پڕ لە خەندەت

ئەرێ هۆشم بە چاوی سورمەسادا

لەبەر تاقی برۆت بمرم چ نابێ

کە من شا بم لەبن باڵی هومادا

مورادی ڕووحمـــە، بۆیـــە وەفـــایی

بە دڵ ماچێ لە خونچەی لێوی نادا[٤]

---

[١] (گیو)، (قەرەداغی): سیادا.

[٢] لە هێندێك لە دەستنووس و چاپەکان: ڕۆژدا، ڕۆژ وا.

[٣] (گیو)، (قەرەداغی): زاری.

[٤] لـە نوسـخەی کـاك کـەریمی یـاهوو، پـەڕێکی ژاکـاوی کـۆن هـەبوو کـە ئـەو پارچـەیەی تێـدا نووسـرابوو، چـاك نەدەخوێندرایەوە بلام لە هەموو دەستنووسەکان تەواوتر بوو، ئەم چەند دێرەی خوارەوەش هەر لەوێدا هاتبوون:

بە مەستی چـاوی گوڵزارم خـــەزاڵە — خەیاڵ ناکەم لە گوڵزاری خەتادا

بە خەندە زولفی خۆی بادا کە شانە — گوڵ و نافەی خەتای چینی بەبا دا

.......... (دڕاوە) ...................... — موسوڵمانم لە هیجرانی دوعادا

.......... (نەدەخوێندرایەوە) ....... — بەلا، یاڕەب لە یاری بێ وەفا دا

کێش: هەزەجی شەشیی مەحزووف: (مفاعیلن مفاعیلن فعولن)×٢.

## (٣)

## مەستە

تابی سەری کوڵمت بوو کەوا زولفی بەبا دا
یا ڕۆژی ویسالت شەوی هیجرانی وەلا دا
خاڵی دەمتە، یا مەگەسی حوققەیی شەککەر؟
یاخۆ حەبەشی زادە لە نێو ئابی بەقادا؟
خوێنین جگەرن تالیبی ئەو زارە، دڵ و دین[١]
ئەو جەوهەرە بۆ هیچە، بە دوو عالەمی نادا
هەر تارە کەوا مەسکەنی یاری[٢] دڵ و ڕووحە
سەت ڕووحی بەبا دا، کە بە داو پەرچەمی بادا
بازاڕی شکا وەك دڵی زارم، گوڵ و نافە
تاتا سەری زولفی کە بەسەر عاریزی دادا
ئەو زارە کەوا هەر نییە خاڵی لە تەبەسسوم
سەیری کە دەڵێی[٣] گەه لە بەقا گەه لە فەنادا
حیرەت زەدەیی نێرگس و ئەبرۆتە وەفایی
کافر نییە وا مەستە لە میحرابی وەفادا[٤]

---

[١] قەرەداغی (ل ٥): دوعالەم.

[٢] قەرەداغی (ل ٥): بارێ.

[٣] قەرەداغی (ل ٥): پیرێکە دەڵێ.

[٤] قەرەداغی (ل ٥): دوعادا.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)×٢.

(٤)

## بە قسەم بکە وەفایی

هەرکەس لە سەر تۆ گەڕا شاد بوو لە دەوڵەتتدا[١]؟

زولفی شکستە بۆیە دەستی لە گەردنتدا

سەت ڕووح ئەگەر فیداکەم ناگەم بە خەت و خاڵت

من نائومێد و مەحرووم، هیندوو لە گوڵشەنتدا

زولفت لە پێ کەوت کە خەت هات بۆ قەتڵی من[٢]

ئاخر بە دەسخەتی خۆت، گرتت بە کوژتنت دا

هەی نەوبەهاری خووبی، ڕەحمێ بە حاڵی بولبول!

نەکا سەرمای هەناسەم، لە گوڵ و یاسەمەنت دا

هەی خەت بە زولفی دڵبەر، تۆ بوویە فیتنەیی دڵ

دڵ بێ غەم و خەیاڵ بوو، هاتی بە گرتنت دا

وا تێ مەگە عەزیزم، کوژتمت و نائومێد بووم

دەستم ئەگەر نەتگەییێ، خوێنم لە گەردنتدا

بە قسەم بکە وەفایی، بمرە هەتاکوو ماوی

وەسڵی بەقا بە ئایات، ئاوا لە مردنتدا[٣]

---

[١] قەرەداغی: هەرچی لەسەر تۆ گەڕا شابوو بە دەوڵەتی ڕووت.

[٢] قەرەداغی: زولفت لەپێ کەوت و خەت هات بەتەمای قەتڵی دڵ.

[٣] ئەم هۆنراوەیە لە زۆر لە دەستنووسەکاندا نەهاتووە، لەسەر لاپەڕەیێکی ڕەنگ پەڕیوەی بێ ناونیشان نووسیومەتەوە، لە چاپی قەرەداغیدا هاتووە بلام ئەویش بە چاکی بۆی ڕاست نەبۆتەوە.

کێش: موزاریعی هەشتی ئەخرەب: (مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن)×٢.

(⋆) ئەم تێکستە لە باری کێشەوە لە چەند نیوەدێر لەنگی تێدایە.

## (٥)

# لەو شارە

لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم لە جگەردا
شۆخێکە غەمی ئاینەداری بە قەمەردا
غەملێوە وەکوو گوڵ، بە سەر و بەرگی بەهاری
خۆی گوڵ، دەمی گوڵ، چەپکەنی گوڵناری لەبەردا[١]
بۆ زەوقی تەکەللوم، کە دەمی هاتە تەبەسسوم
خەندەی لە دەمی خونچەوو تەعنەی لە شەکەردا
شەڕیانە لەسەر موڵکی دڵم، غەمزەوو نازی
بۆیە کە بە جووت دێن، وەکوو نەشتەر لە جگەردا[٢]
گەنجینە تەلیسمی هەیە بەو چاوە لەسەر هیچ
وەجهی چییە ئاشوفتەیە زولفت بە کەمەردا؟
تیرت کە قەراری جگەرم بوو، وە دڵم کەوت
تا ڕۆژی حەشر، داغی خەدەنگت لە جگەردا
ماڵێ کە هەمە، وەقفە لە شەوقی سەری کوڵمت
عومرێکە هەمموو، سەرفە لە ناڵینی سەحەردا[٣]
هــەر لەحزە وەفـــایی وەکوو بولبول کە دەناڵێ
کەس مەنعی نەکا عیشقی گوڵەندامی لە سەردا

---

[١] قەرەداغی (ل ٨): چەپکەن ـ چبکن، (جۆرە پۆشاکێکە ئافرەت لەبەریان کردووە و لەلای چەپەوە داکەندراوە).

[٢] قەرەداغی: بۆ یێکی بە؟.

[٣] قەرەداغی: نالیکە؟.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)×٢.

(٦)

## گوڵ و بولبول

بیا ای جان من ساقی، فدای ساغەرت بادا

ئەمان سووتام ئەمن[١] جامێ، بە چاوان بێنە بەم لادا[٢]

هوا خود نافە میریزد، صبا مشك ختن بیزد

مەگەر دیسان بە دەم بادا، حەبیبم پەرچەمی بادا

گدا و بزم شاهانە و وصل دوستان، هیهات!

لەبەروەی ئارەقەی کوڵمی، لەباتی مەی بە مەی نادا

پریشان کرد چون بر چهره زلف[٣] عنبرین، گفتی:

بەهارێك سونبولی تاتا، بە بارێك یاسەمەن نادا[٤]

عرق بر گردن و خط بر عذار و خندەی لعلش

دەڵێی شەککەر لەمە، عەنبەر لە گوڵ[٥]، ئارەق لە مینادا

بە چشم اشکبارم عکس روی و موی جانان بین

شەو و ڕۆژ، ڕۆژ و شەو، هەردوو لە نێو عەقدی سورەییادا

بهای[٦] بوسەی ناکردە جان باشد، بە چشم ما

دەمت وا بێنە ڕووحم، قەت بووە گەوهەر لە دەریادا

فغان و گریەی دل از غم روی تو در زلفت

دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێنێ، بە شەو بولبول[٧] لە فەریادا

وفـــایی تا منم گریان و سوزان در پی یارم[٨]

تەمەننام هەر لە یارە گەر بە ئاوو ئاورم دادا

---

[١] قەرەداغی (ل ٦): ئەمان سووتام ئەمان.

[٢] نۆبەی دەورە بەملادا.

[٣] قەرەداغی: دو زلف.

[٤] قەرەداغی: تاتار.

[٥] عەنبەر لەگەڵ.

[٦] قەرەداغی: شەککەر لەمەڕ عەنبەر لەگەڵ.

[٧] قەرەداغی: شەو لە نێو بولبول لە صەحرادا.

[٨] گیو (ل ١٨): در پی جانان

⋆ ئەیوبیان ئەم پارچەیەی ناو ناوە (پێکەلانە _ Pêke Lane)، بە واتای (مولەمەع).

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

(٧)

## له قەڵەم دا

مەشاتە کە شانەی لە سەری زولفی سەنەم دا
ئاشوفتەگیی حاڵی وەفایی لە قەڵەم دا
قوربان وەرە سەیرێکی دڵ و عالەمی دڵ کە
هەر زەوقە بە دڵ شەوقە لە سەر ئاهە لە دەمدا
ئاوێنەیی دڵ وا لە جەلادایە تەجەللا
دێوانەیی ڕووت کەی لە هەوای شەوکەتی جەم دا
بۆ خاتری خەندێکی بە ڕەنگی گوڵ و باران
عاشق ئەوەتا هەر کوڵی گریانی لە دەمدا
خەندەی گوڵی زارت کە نەبوو باعیسی مەستیم
بۆچی دڵی من دەستی لە گوڵزاری ئیرەم دا
ئاخر سەگی خاکی دەری تۆم، بۆچی جودایی؟
مروەت نەبوو تیغت لە سەری سەیدی حەرەم دا
ڕووحم بە نیساری قەدەمت بۆچی دەڕەنجی
ڕەحمێ کە بەمن، ناڵێ کەوا دڵ چی لە دەمدا
وا عاشـــقی زار و کەمەری تـــۆیـــە وەفـــایی
لەو نێوە وجوودێکە لە بەینی دوو عەدەمدا

---

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل مفعولن)×٢

## (٨)

# کاکۆڵی

کاکۆڵی بە دەم باوە کە بادا بە بەدەندا
بازاڕی شکا نافە بە سەر چین و خوتەندا
تورکانە گوڵم پەرچەمی کەوتۆتە عوزاری
وەك سونبولی ئاشوفتە بە سەر بەرگی سەمەندا
تا هەوری بەهاری نەبزووت خونچە نەپژکووت
بۆیە دەگری خەندە[١] بە سەر گریەی مندا[٢]
گۆیا وەکوو من بەو قەدە سەوداییە زولفت
سەرگەشتەیە وا تا بەری پێت چین لە شەکەندا
کەی بەستەیی زەڕڕێکە دوسەت بەرقی لەئالی؟
ئەو خەندە مەگەر موعجیزەیە دێ بە دەهەندا
من کوژتەیی تۆم بەو دەمە شیرینە مەسیحا[٣]
من تەشنەوو تۆش ئاوی حەیاتت لە زەقەندا
سەرمەستم و سەربەستم و بێ باك لە دوو عالەم!
ساقی بە کەرەم دوێنێ کە جامێکی بە من دا[٤]
ماچێکی دەمت خوێنی شەهیدی سەری زولفە
سا ئەو دەمە وا بێنە کە من خۆم لە ڕەسەن دا
زولف و ڕوخ و لەب، عاریز و خەت، زایقە بەخشن
وەك زوهرە بە شەو، مەی دە قەدەح، گوڵ لە چەمەندا
بۆ ڕۆژی نیساری قەدەمت ئەشکی وەفایی
مرواریی پەروەردە، لە نێو کانی یەمەندا

---

[١] گیو (ل ١٥): بۆیەکا دەکا خەندە.

[٢] وشە سەروای (من دا) دەگەڵ کێش و پاوەند (قافیە)ی: خوتەن و سەمەن و چەمەن یەك هەوا نایێتەوە.

[٣] گەورك (ل ٨٧): ئەو نیوە دێرە وا هاتووە:

- من کوشتە ئەتۆ بەو دەمە شیرینە مەسیحم.

[٤] قەرەداغی (ل ١١): ئەو دێرە بەم شێوەیە هاتووە:

هێشتا دڵەکەم سەرخۆشە نایێتەوە سەرخۆ        ساقی بەکەرەم دوێنێ کە جامێکی بەمن دا؟

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)×٢.

## (٩)

# لێوەکەی ئاڵت

لێوەکەی ئاڵت دەڵێن، ئاور لە عاشق بەردەدا[١]

زەڕەیی نوورە بلا، ئاور لە ئینسان بەردەدا

من لە سەیری[٢] حیکمەتی چاوت، عەجەب ماوم عەجەب

ئەو نەخۆشە، خوێنی قەلبی من بە موژگان بەردەدا

هەژدیهای زولفت تەلیسمێکە لە سیحری بابولی

ئاوری جادوو لە میهر و[٣] ماهی تابان بەردەدا

هیندوویی خاڵت وەنێو باغی جەماڵت کەوتووە

باغەوان ماڵی ڕمێ[٤]، بۆچی گوڵستان بەردەدا

لێوی یاقووتت، ئەگەر قووتی ڕەوانی عاشقە

پێم بڵێ وەجهی چییە، ئاگر لە ئینسان بەردەدا

زاری تۆ گوڵزارە خۆ، بۆ ئاوی حەیوانی هەیە!

سەروی تۆ ئازادە بۆچ، نارنج و ڕوممان بەر دەدا

لێوی ئاڵ و[٥] چاوی کاڵت بوونە فیتنەی دین و دڵ!

حەقیەتی بیللا وەفـایی، دەســت لە ئیمان بەردەدا

---

[١] ئەو دێرە لە نوسخەی (ئەیوبیان و مودەڕیسی) و چاپی (قەرەداغی)دا وا هاتووە:

لێوەکەی ئاڵت دەڵێن عاشق لە سووتان بەردەدا زەڕڕەیەك نوورە بلا ئاگر لە ئینسان بەردەدا

[٢] قەرەداغی (ل ١١): سیڕڕی.

[٣] قەرەداغی: میهری ئاگر شوعلە دەگرێ.

[٤] قەرەداغی: باغەبان خانەی خەرابێ.

[٥] قەرەداغی: لێوی ئالت.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

## (١٠)

# ئارامی دڵم

مارأیت اللیل إن من لحظه صار الغدا
في الذوایب وجهك ام في الدجی شمس بدا
قەت نەهاتە دەست و جارێ، نەبوە ئارامی دڵم
تا قیامەت داغی زولفانت[١] لە جەرگی ئێمە دا
بمکوژی، سەت جار دەرمکەی، ڕووی من و خاکی دەرت
کیف یحرم سائل، من بابك حاز الندی؟
ئاگری عیشقت لە ڕووحم بەربووە، سەر تا قەدەم
وەك نەیستان هەر دەسووتێم، مات و خامۆش بێ سەدا
دڵ بە مەحزی ڕوئیەتی زولفت، بە ڕوودا کەوت و مرد
مردم و نەمزانی، نە کەی خستی[٢]، نە ماری پێوە دا
چەند بە ناز دێی و دەچی، سەرخۆش و شۆخ و شەنگ و مەست
هەی گوڵی نازدار ئیلاهی، بای خەزانت لێ نەدا
باغ دەبێ هەر گوڵفرۆش بێ، یار کە دێتە پێکەنین
یان دەبێ عەنبەر بە با دا، ئەو کە زولفان بادەدا
دین و دڵ، سەبر و قەرارم چۆتە ڕێگای یەك نەزەر
تۆ بڵێی ئەو شۆخە وا سەرمەستە قەت بێتە ڕەدا[٣]
بۆچ برۆم لێ تێك دەنێی، ڕووت وەردەگێڕی چاوەکەم!
کابە کەج بوو؟ قیبلە گۆڕا؟ ماچێکم لەو لێوە دا
دەستوداوێن زولفەکەت کەوتۆتە بەرپێت و دەڵێ:
تۆ غەنی، من بێ نەوا، تۆ پادشاوو من گەدا
خەندە بەم شیرینییە، دەم بەم نەبوونی[٤] و حیکمەتە!
قەت وەفـایی نەبوە وا خۆش بێ خەبەر، بێ موبتەدا

---

[١] لە هەندێ نوسخەدا: داغی زولفی تۆ.

[٢] قەرەداغی (ل ١٣): نە گەنج خستی.

[٣] لە نوسخەی دیکەدا: بۆم بێتە ڕەدا.

[٤] قەرەداغی: بەم نموونەی.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

## (١١)

# نەی

بەخۆڕایی نییە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا
له ڕووتی دیوه جلیوەی ئاوری[١] سینا، له سینەیدا
کوتم عیقدی سورەییا، ماهی من، تونگی شەکەر نەیبوو
کەچی بۆ ڕاستی ئیعجازی خۆی یارم له خەندەی دا
عەسایی فەتحی مووسا کول بوو پەی موعجیز[٢] شکا نەیکرد
که فیرعەونی خەتی هات و ئیحاتەی تووری[٣] کولمەی دا
درۆت فەرموو! خەتم بێ نایەڵم!، گەر ڕاست دەکەی سادەی
فەڕەنگی، قەومی دەجال، ئەی مەسیحا دەوری کەعبەی دا
له سینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنێ[٤] به مەحزوونی
وەرن لەو شینە گوێ بگرن، له شینی شێوەیی نەیدا
مەکەن مەنعی وەفــایی، چونکه سەرگەردانی جانانه
لەسـەر دینێ، که شێخی خانەقا بردی، له تۆبەیدا[٥]

---

[١] (ئەیوبیان)، (مودەڕیسی) ئاتەشی سینا.

[٢] قەرەدەغی (ل ١٤): به موعجیزه شکافی کرد.

[٣] گیو (ل ١٩): دەوری کولمەی.

[٤] گەورك (ل ١٩): دەنالێ نەی.

[٥] قەرەداغی (ل ١٤): که تۆبەی دا.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

(١٢)

## دڵی بابی

هەرکە دی جەننەت بە ڕوودا[١]، زولفی پڕ تابی شکا
نار و سونبول، حورمەتی گوڵبەرگ، سیرابی شکا
ماهی شەوئارام بە خەندە هات نیقابی کردەوە
ئاسمان نەزمی سورەییا، شەوقی مەهتابی شکا
کارگاهی خاك بە سەر وەستا، بەرەو سینەوبەرت
نرخی قاقوم، قەدری خەز، بازاڕی سەنجابی شکا
دەوری تووری کوڵمی دا، فیرعەونی خەت چارەی نەهات
ئەی دریغا سەت کەڕەت مووسا بەبێ تابی شکا
تاقی پەیوەستی برۆت، وا بوو بە قیبلەی خاس و عام
کەعبە گەر بۆ خۆی بزانێ پشتی میحرابی شکا
کەس نییە لەو نوکتە[٢] حاڵیم کا، وەفایی دڵبەرم
خــۆی دەمی هێنا، ئەمن گەستم، دڵی بابی شــکا

[١] وەکوو بیستوومە و نووسیومەتەوە، واش هاتووە: هەرکە دی حوسنت.

[٢] نوکتە دروستە نەوەك نیکتە، کە ناپاراو و موعەڕەبە.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

## (١٣)

# نوکتە

غەمزەدەی زولفم، بە غەمزەی چاوی حەیرانم دەکا
بەستەیی داوم، فەرەنگی تیرە بارانم دەکا
عاشقی زارم، لەسەر هیچ، ئەو نیگارە دەمکوژی
تفڵی نازانم، لەسەر ماچێ، لە گریانم دەکا
داعییەی ئاوێنە دینی کوفرە، نەك ڕەحمێکی بێ!
حەقیەتی، بەو چاوەکاڵانە، کە تاڵانم دەکا
یاری من هەرگیز لە قەتڵی عاشقی، پەروای نییە
چونکە ڕوومەت شەمعە بۆیە حەز بە سووتانم دەکا
ئاو لە چاوانم لەبەر زولف و عوزاری دێتە خوار
دووکەڵی ئەو مەجمەرە، هەر دەم لە گریانم دەکا
من دەڵێم یاقووت و ڕیحان، خەتی کامیان خۆشترن
ئەو بە عەییاری ئیشارەی لەعلی خەندانم دەکا
قامەتی تۆ نەخلی توورە، تەلعەتی تۆ نووری توور
دەم بەدەم بەو وەجهی[1] جیلوەت، مەست و حەیرانم دەکا
فیکری زولفت عیللەتە، وەسفی دەمت ناکەم بە دڵ
نوکتەدانی کارمە[2]، سەودا پەرێشانم دەکا
ڕوو لە ئەبرۆی تۆم دەکا چاوت بە موژگان و کەچی
قیبلە نیشانم دەدا، کافر موسوڵمانم دەکا
پێم دەڵێ: بگری وەفـایی، گـــەر ئەسیری لێومی[3]
یەعنی مرواریم دەوێ، چی نرخی مەرجانم دەکا[4]

---

[1] قەرەداغی (ل ١٦): دەم بە دەم وەجهی.

[2] قەرەداغی: نیکتە گۆیی پیشەمە.

[3] لە چاپی (گیو)دا ئەو پارچەیە تەنها پێنج دێرە.

[4] ئەو دێرانەش وێ دەچێ هەرهی وەفایی بن، هەر چەندە لە نوسخەی (گەورك)دا نەهاتوون:

| | |
|---|---|
| غەمزەدەی خۆتم نیشانەی تیری موژگانم دەکا | عاشقی ڕووتم عەزیزم، تیرە بارانم دەکا |
| کەعبە کووچەی ئاستانە، قیبلە ڕوویی دڵبەرە | وەك وەفایی، هەر کەسێ دێ، مەیلی جانانم دەکا |
| شۆخێ ئێخەی گرتوم، تەرکی حەبیبم پێ دەکا | دەك بە لەعنەت بێ، کە مەنعی ئاوی حەیوانم دەکا |
| چاوەکەت هەردەم نیشانەی سەهمی موژگانم دەکا | چونکە یەخسیری فەرەنگم، تیرە بارانم دەکا |
| کەس نەڵێ بێ زارە ئەشعاری وەفایی، حیکمەتە | پەردەداری کوڵمەتە، چی لەیلی دیوانم دەکا؟ |

## (١٤)

## نەورۆز

نەسیمی بادی نەورۆزی، شەمیمی عەبهەری هێنا

بەریدی عاشقان دیسان، نەویدی[١] دڵبەری هێنا

نەوید هەی عاشقانی دڵ فیگار یار هاتە سەر خەندە

سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

مەگەر ڕووی کەوتە زولف و ڕووی حەبیبم بادی نەورۆزی

حەیاتێکی بە دنیا داوە بۆی گوڵ عەنبەری هێنا

بە فەتحی دڵ، دەڵێی یار زولف و سینە و ڕووی وەدەرناوە

لە نەسرین و گوڵ و سونبول، بەهار هات لەشکری هێنا

دەڵێی چاوی منە هەوری بەهاری دەم بەدەم دەگری

دەڵێی ئاهی منە، بەرقی درەخشان ئاوری هێنا

هەوا چوو پڕ بە دامانی دەر و دەشتان گوڵی کێشا

سەبا هات پڕ بە جێبی کۆهساران، عەنبەری هێنا

لە نێو بەزمی وەنەوشە و جۆکەناران، لالە پەیدا بوو

بە تاریکی خزر بۆ چەشمە شای ئەسکەندەری هێنا

کە ئیسلامی بەهار فتوای جیهادی کافری دەی دا

سنەوبەر نێزە، گوڵبون[٢] گورز و سوسەن خەنجەری هێنا

نیسارئەفشان بە پایەندازی سوڵتانی بەهار هاتن

سەمەن دیبا، شەقایەق ئەتڵەس و گوڵ مەخمەری هێنا

لە شایی دارەگوڵ مەسنەدنشین بوو، هاتە پژکووتن

چەمەن تەختی زومەڕڕەد، گوڵ لە یاقووت ئەفسەری هێنا[٣]

لە بەزمی نێرگس و نەسرین بە دەفعی چاووزاری گوڵ

وەنەوشە دەستەدەستە، عوود و لالە مەجمەری هێنا

لە مەیخانەی چەمەن بەزمی تەرەبیان گرت قەدەح نۆشان[٤]

---

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

[١] (گەورك (ل ١٥٤)، (قەرەداغی (ل ١٦): دیسا پەیامی؟!.

[٢] قەرەداغی (ل ١٧): گوڵشەن.

[٣] قەرەداغی (ل ١٨): ئەم نیوە دێرەی بۆ ساغ نەکراوەتەوە.

[٤] گیو (ل ٢١): مەی نۆشان.

شەقایق بادە، زەنبەق شیشە، نێرگس ساغەری هێنا
لە چەهچەی[١] سار و نەغمەی عەندەلیبان سووت هەموو دنیا
نەوایی تارزەن، ئاوازی خۆشخان، ئاهوری[٢] هێنا
حیکایاتی غەریبەی پێیە بولبول، جوملە خۆکردی
دەڵێی چاپاری ئێران، ڕۆژنامەی (ئەختەر)ی هێنا
بە شەوقی ڕوویی لالە و گوڵ لە باغاندا چراغانە
دەڵێی باغ جەننەتە ئەمساڵ، پڕی حۆری و پەری هێنا
لە گوڵشەندا ڕیاحین مەست و شادابی هەوای خۆشن
دەڵێی ڕیزوانە، بۆ ئەهلی بەهەشتی کەوسەری هێنا
شکۆفە و گوڵ بە عیشوە و خەندە ئارامی دڵانیان[٣] دا
بەهار بۆ خەستەجانی خۆی چ شیرو شەککەری هێنا
بە زەرد و سوور[٤] بەهار غەملێوە، بۆ دامادی بولبول هات
وەرەق میعجەر[٥]، عەرەق گوڵگوونە، شەبنەم زیوەری هێنا
هەموو کەس چاوەڕۆنی[٦] لێك دەکەن، وەك سورمەیان دیبێ
مەگەر بادی سەبا، خاکی گوزاری دڵبەری هێنا
چ دڵبەر ئافتابی ماهڕوویان، شای شەکەرلێوان
کە خەندێکە بە سەحرا گوڵ، بە دەریا گەوهەری هێنا
بەبێ شاباشی سەر، بە قسەی وەفایی گوڵ چراغ نابێ
کە بولبول هەر زبانی هەرزە[٧]، پەروانە سەری هێنا[٨]

---

[١] گیو (ل ٢١): لە دەنگی ساز؟!.

[٢] (گیو ـ ٢١)، (قەرەداغی ـ ١٨): ئاوری هێنا.

[٣] قەرەداغی (ل ١٩): ئارامی دەروونیان.

[٤] قەرەداغی: بەزەرد و سوورەوە.

[٥] قەرەداغی: وەرەق (معجز)؟!.

[٦] قەرەداغی: چاوەڕوانی.

[٧] قەرەداغی (ل ٢٠): هەر زمانی هەن هەندە.

[٨] نوسخەی (مودەڕیسی ـ ل ١١٢) و (ئەیوبیان ـ ل ١٢٨)! لەوە دەچێ ڕاستەکی، یان بڵاوە، بەهەرەیان لە دەستنووسی (گەورك) وەرگرتبێ.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

- ب -

(١)

# ماچ

بەو لەبی جانان، بە چاوی مەست[١]، ئەوا بوومە کەباب

دوستان! ساقی کجا؟ تا دردهد جام شراب

شەو لە ڕۆژ هاڵاوە[٢]، یا سونبول لە دەوری بەرگی گوڵ

یا پریشان گشتە بر روی تو، زلف پر زتاب

دا بزانن ڕۆژ و شەو هەردوو لە لایێ[٣] دێنە دەر

زلف و روی خود عیان کن برفکن بند نقاب

زەوقی خەندە و شەوقی جیلوە، بۆیە حەیرانم دەکەن

شهد و شکر بین کە ریزد، از تکلم آفتاب

ماچی لێوت ئەو دەمەی خۆشە کە بێتە پێکەنین

خوش بود گل بشکفد بلبل شود زو کامیاب

مەوجی گریانم گەیشتە ڕووم و[٤] چاوی لێ نەکرد

سیل بر گلشن زد و نرگس نمی خیزد زخواب

لەو دەرە مەمکووژە[٥] چونکە، شێتی زولف و ڕوویی تۆم

عاشقم، صید حرم، سودایی و مست و خراب

قەت بە مفتی دامەنێ، ئیدی وەفایی فرسەتە

گوشـــەی گلزار و جـــــام و بـادە، گلبانگ رباب[٦]

---

[١] قەرەداغی (ل ٢١): بە چاوی من.

[٢] قەرەداغی: شەو بە ڕۆژ ئاڵاوە.

[٣] قەرەداغی: لە لایەك.

[٤] ئەیوبیان (ل ٧٣): ڕووی و چاوی.

[٥] گیو (ل ٣٤): تو وەرە مەمکوژە.

[٦] (گیو)، (قەرەداغی): دەنگی ڕەباب، بانگی ڕەباب

کێش: رەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)×٢.

- ت -

(١)

## نەهات

ئەلئەمان سەر تا قەدەم سووتام و جانانم نەهات
چاو لە سورمەی خاکی ڕێی بووم، ڕاحەتی جانم نەهات
خاڵ و خەت گوڵزاری ڕەنگی شۆخی بێ باکم نەدی
زولف ڕووی هیندوویی ڕەنگی[١] شاهی خووبانم نەهات
ئەی عەجەب گریام وەکوو هەوری بەهاران و کەچی
پێکەنینی ئەو گوڵەی کاکۆڵ پەرێشانم نەهات
چاوی خوێنین، غەرقی پەروین بوو لەبێ میهری گوڵم
مات و حەیرانم لەسەرچی ماهی تابانم نەهات
حەڵقەیی زونناری زولفی بوو بە میحرابی دوعام
تورکی کافرکیش و یاری ناموسوڵمانم نەهات
تەشنەلەب دێوانە بووم، سەرگەشتەیی دیوانی غەم
دڵبەری باڵا بڵاوم، ئابی حەیوانم نەهات
کەعبەیی ڕووحم، حەبیبی من، عەجەب پەیدا نەبوو[٢]
قیبلەکەی دینم، تەبیبی دەردی پەنهانم نەهات
نەی سیفەت ناڵینمە، بولبول تەریقەت شینمە
شای شەکەرلێوان، گوڵ و ئەگریجە لەرزانم نەهات
بوو بە خوێن خونچەی دڵم، نەمدی هەوای خەندەی گوڵم
سووت دەر و ژوورم، سەدای بەرقی بەهارانم نەهات
چەند بە چەند گریام، هەوای عیشقم لە سەر خاڵی نەبوو
غەرقی تۆفان بووم کەچی تەسکینی سووتانم نەهات
وەك وەفـــــــایی تا بە کەی بگریم بناڵێنم بڵێم:
ئەلئەمان سەر تا قەدەم، سووتام و جانانم نەهات

---

[١] قەرەداغی (ل ٢٢): هیند و فەرەنگی.

[٢] قەرەداغی: پەیدا نەبوو.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)×٢.

## (٢)
## فرمێسکی خوێنین[*]

چێژتم[١] ئەوڕۆ ژەهری مار و یاری شیرینم نەهات
زامی کۆنم هاتە ژان و[٢] مەرهەمی برینم نەهات
من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی[٣] خواردەوە
بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات
غەم سەری لێدام و یارم قەت سەرێکی لێ نەدام
عەقڵ و هۆشم ڕۆیوە، غارەتگەری دینم نەهات
گۆی سەرم چەوگانی میحنەت دایە بەرخۆی ڕایفڕاند[٤]
ئەی عەجەب بۆ شەهسواری خانەیی زینم نەهات
چاو وەکوو[٥] هەوری بەهاری خوێن دەبارێنێ، دەڵێی
ساحیبی ژین و[٦] حەیاتم، ماه و پەروینم نەهات
دڵ دەسووتێ چین بە چین دەشکێتە سەریەك وەك فەنەر
ســاحیبی ڕووی ئاتەشین و زولفی چین چینم نــەهـــات

---

[*] ئەیوبیان لە سەرەوەی ئەو پارچەیە تێبینییەکی بچووکی نووسیوە کە دەڵێ: ((ئەو تەرانـە ڕەنگە ئـی وەفـایی نـەبێ))، زیاد لەوەش لە پەراوێزدا دەڵێ: لە دیوانی وەفایی میرزا عیسای گەورکدا نەهاتووە، دیارە ئەم دەستنووسە زیاد لـە وانـی دیکە جێی متمانەی نووسەرە. بەڵام هەندێ لە جیاوازییەکانی لەگەڵ نوسخە و دەستنووس و چاپەکاندا بەتایبەت چاپی (گیو) دەستنیشان دەکات. جێی وەبیر هێنانەوەیە ئەم پارچەیە لە هەردوو چاپی دیوانی وەفایی و دیوانی کوردی چاپخانەی کوردستاندا هاتووە، وەکوو چۆن لە دیوانی کوردی (محەمەد مستەفا حەمەبۆر)یشدا هاتووە و باسی ئەوەشی کردووە کە ئەم پارچەیە بە هەڵە جارێ بە ناوی (نالی) و جارێ بە ناوی (وەفایی)یش لە چاپ دراوە. ئێمەش لامان وایە هی (کوردی) بێت، بەڵام هەر بۆ ڕاگرتنی ئەمانەت دووبارە هێناومانەتەوە. بڕوانە:-

- دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا (حەمە بۆر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١١٥.

[١] گیو (ل ٢٥): چێشتم.

[٢] ئەم دێرە لە دیوانی وەفایی نوسخەی ئەیوبیاندا وا هاتووە:

**چێشتی ئەوڕۆم زەهری مەرگ بوو ڕووحی شیرینم نەهات      زەخمی کۆنم هاتە جۆش و مەرهەمی برینم نەهات**

[٣] گیو و دەستنووسەکانی لای ئێمە: خوێنی دەروونمی.

[٤] مودەڕیسی (ل ٥٧): دایە بەرخۆی زاری زار؟.

[٥] دەستنووسەکانی لای ئێمە: چاوە وەك؟.

[٦] گیو (ل ٢٦): خاوەنی ژین و

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)×٢.

## (٣)

# ئەگەر گوڵ بێ!

نیگارا[١]، ئەی بە غەمزە، ئافەتی دڵ چاوی بیمارت
ئەمان سەر تا قەدەم سووتام، لە دووری نووری دیدارت
دەسا ڕەحمێ وەفادارم، بە حاڵی داد و هاوارم
کە وەك بولبول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت
سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم لە حەڵقەی پەرچەمی خاوت[٢]
دڵم ناوێ ئەگەر نەیکەم بە فیدیەی چاوی عەییارت
ئەسیری زولفی خاوی تۆم، شەهیدی ڕەمزی چاوی تۆم
ئەمن گیراوی داوی تۆم، لەبەر بێداری ئەغیارت[٣]
ئەمن نەمدیوە هیندوو، باغەبانی باغی جەننەت بێ
بە شیرینی چ دڵکێشە؟ بنازم خاڵی ڕوخسارت
لە لایێ شەککەرستانە، لە لایێ ئابی حەیوانە
ئەگەر گوڵ بێ ئەگەر خونچە، لەب و زاری شەکەربارت
شەهیدی نازی تۆم و داغداری باغەبان ئەی گوڵ
لە دووری تۆ بناڵم یا بە سەت جێ، دڵ بریندارت[٤]
وەفـــایی دوور لە وەسڵی تۆوە، پابەندی تەلەسمێکە
لەسەر گەنجی جەماڵت، کەوتە داوی زولفی ڕەشمارت

---

[١] گیو (ل ٢٧): حەبیبم.

[٢] قەرەداغی (ل ٢٤): بە حەڵقەی پەرچەم و چاوت.

[٣] قەرەداغی: بە صەد جێ دڵ بریندارت.

[٤] قەرەداغی (ل ٢٥): ئەم نیوە دێرە وا هاتووە:

- لە دووری تۆ بناڵم؟ یا لەسەر بێدادی ئەغیارت؟.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

## (٤)

## پیری مەیکەدە

دیسان بە هەوری نیسانیی، دونیا ڕەنگی ژەنگاری گرت
گوڵ زەرد و سوور هاتە دەرێ، دەشت و سەحرا و کۆهساری گرت
دیسان بە نەغمەی زیروبەم، بولبول دڵی بە دەرد و غەم
لەتاوی خونچەی گوڵبەدەم، ساز و سەمتوور و تاری گرت
بۆ خاتری گوڵ وەدەرکەوێ، بە خەندە هەستێ لە خەوێ
هەوری بەهاری ناسرەوێ، شێوەی عاشق و دڵداری گرت
گوڵ لە باغاندا جۆشاوە، ڕەنگ ڕەنگ سەف سەفیان کێشاوە
لالە دەڵێی دڵ ئێشاوە، کەناری جۆیباری گرت
سەدای سێ تار لەو خوارە دێ، ئاهەنگی تارە دیارە دێ
یا سەوتی قومری و سارە دێ، بەزمیان بە ڕووی گوڵزاری گرت
بولبول هاتبۆ حاڵی مردن، بەرگی خونچەی وەلابردن
تا تێر دەبێ لەماچ کردن، خار گەردن و با زاری گرت
لالە سەر تا پێی خوێناوە، جەرگی بە چەند جێ سووتاوە
دڵی هەروەك من شێواوە، داغی زولف و ڕووی یاری گرت
هەتا نەگریم نەڕوا سەبرم، دامانی یار کەنگێ بگرم
لەبەر عومری قومری بمرم، سەروی لە نێو کەناری گرت
یاران نەکەن بازی نەزەر، بەردەنە سەیدی بازیکەر
زۆرم دی بازی بێ خەبەر، شابازی دەوڵەت یاری گرت
ڕۆژێکی پیری مەیکەدە، فەرمووی دڵت بەهیچ مەدە
ئەو دڵە پڕ لە مەفسەدە، عەکسێکی ڕووی دڵداری گرت
غافڵ بووم جارێك لەنەکاو، ڕەنگی غەیرێکم کەوتە چاو
قەلبی سەلیمی ناتەواو نەخۆش بوو لێم، ئازاری گرت
کاری دڵم چل ڕۆزە بوو، نەك بێکاری و دەریوزە بوو
مەقسوودی من پیرۆزە بوو، ئەو ڕۆیی بووتیماری گرت
ئەو نەفسی بێ هەوایی من، سەرکەش بوو بێ ڕەزایی من
جامی جیهان نومایی من، سەرزەدە بوو، غوباری گرت
لەسەر تاقی برۆی جانان، شەیدای زولفی پەرێشانە
سەوداسەر ئەو دڵ دێوانە، قیبلەی بەردا زوننّاری گرت
پیری من و دۆستی خودای، ڕووحم فیدای شەرت و وەفای

دیسا لەبەر نووری زیای، هەردوو دونیا ئەنواری گرت

لەو سەهبایە ڕووحی دڵە، ئارەقی ڕووی بەرگی گوڵە

زانی دڵم بێ حاسڵە، دەستی دڵی بیماری گرت

لە ســـایەی ڕۆژی هیممەتی، وەفـــایی بوو بە جەننەتی

نەخلی سنەوبەرسوورەتی، باربار بەری گوڵناری گرت[1]

---

(1) بڕوانە دیوانی وەفایی، قەرەداغی، ل ٢٥، ٢٦، ٢٧.

- وا وێدەچێ ئەو تەرانە یادگاری سەردەمی لاوەتی وەفایی بێ.

کێش: ڕەجەزی هەشتی تەواو: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)×٢.

## (٥)
## گوڵەندام

گوڵەندام! هەی تەنافی گەردنم زولفی پەرێشانت
عیلاجێ، چارەیێ، ڕوحمێ، ئەمان دەستم بە دامانت
غەریبی تۆم، نەخۆشی تۆ، بە گۆشەی چاوی بیمارت
ئەسیری تۆم، شەهیدی تۆ، بە نووکی تیری موژگانت
ئیشارەت ئافەتی ڕووحم، کەلامت غارەتی دینم
تەبەسسوم سیحری لێوانت، تەکەللوم ڕەمزی چاوانت
مەگەر سەر تا قەدەم زولفت، وەکوو من خاوو شێوا بێ
کە سەرگەردانی سەودایە، لەسەر چاکی گریبانت
دەڵێی شەککەرفرۆشی شاری میسرە، وا بە شیرینی
بنازم! خاڵی وەك هیندوو، لە گۆشەی لێوی خەندانت
ئەگەر دڵ بوو ئەگەر دین، دامە سورمەی چاوەکان، ئیدی
بەسم سەودازەدە و ڕیسواکە، تۆبی و دین و ئیمانت
تەلیسمی بابیلە، سیحری حەڵاڵە، ڕەنگی ڕیحانە
شکەنج و بەندە، یاخۆ جێی دڵانە، زولفی سەرشانت
بە ئازادی لەکن خۆی شوهرەیە[(١)]، من مات و حەیرانم
هەموو نارنجی[(٢)] بەرهێناوە خۆ سەروی خەرامانت
لەبەر چاوت بگریەم یا لە دەست تۆ داد و هاوارکەم؟
لەبەر نەیڕەنگی مەستان، یا لە سیحر و ڕەنگی دەستانت؟

- وەفایی سێ کچی خۆش ویستوون و پێیدا هەڵکوتوون:

١- گوڵەندام: ئەگەر بە دروستی لە بیرم مابێ، خوشك، یا دایك، یا پووری میرزا ئەحمەدی شارەداری پێشووی سابڵاغێ بووە.

٢- شای شەکەر لێوان: پوورە مریەم (مریەم سابڵاغی؟ خوشکی هەرە گەورەی دایکم)، ژنی میناغای کوڕی قادر ئاغای بووە، نازانم چۆن دوایە مێردی بە شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخی بورهانی کردووە.

٣- سوێبە (سویبا): کچە دێهاتییەکی شارویرانی بووە، ماڵە بابی هاتبوونە سابڵاغێ. نایناسم، نازانم کێ بووە!.

(١) قەرەداغی (ل ٣٨): شهرەیە؟.

(٢) قەرەداغی: گوڵ و نارنجی، گیو (ل ٢٥): هەموو نارنج و بەی.

دڵم سەودازەدەی باڵاتە، خۆم دڵدادەیی[1] ئەبرۆت

به باڵا دڵ بەڵاگێڕت، به ئەبرۆ خۆم به قوربانت

لە دادی من بپرسه جارێ، ئەی سوڵتانی عیشوه و ناز

به ناحەق بۆچی بمکووژی ئیشارەی چاوی فەتتانت؟

وەفایی کەوته حەڵقەی زولفت ئیدی مەیده بەر غەمزە[2]

که مـــن کوژتەی تـــەنـــافی تـــــۆم چ لازم تیره بارانت

---

[1] قەرەداغی: دڵدارەیی؟.

[2] قەرەداغی: بەر موژگان.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

## (٦)
# چاوەستە دەستم بگرە

ئارەق ڕووی داگرتی، لەبەر پێکەنینت
شەونم لە گوڵ باری، ڕۆژ گرتی[١] پەروینت
توخودا زولفت لادە[٢]، تا تێر ماچ کەم کولْمەت
ڕێی بولبول با نەگری، لەو باغە پەرژینت
زولفت خەتاکار بوو، چاوت بە ڕووی دادا[٣]
با بچین ماچ کەین دەستی، شای چین و ماچینت
چاوبازە، چاوەستە، بەو بادە ئەلەستە
دەستم بگرە هەستە، تۆو دین و ئایینت
کەوتوومە نێو زولفت، بۆخۆت بگرە دەستم
کافر بووم بێ ئیمان، تا بێمە سەر دینت
شەو تا سەحەر وەك گوڵ، دڵ پڕ لە خوێناوم
یا خودا شەماڵ بێنێ، بێنی عەرەقچینت
قوربانی ئەو ڕەنگەم، دونیای ڕەنگاند ڕەنگ ڕەنگ
بەو ڕەنگە بێ ڕەنگەی ڕوخساری ڕەنگینت[٤]
زولفت ڕووی داپۆشی، ئەبرۆت ئارەقناکە
ڕۆژیان لێ کردە شەو، ئەو ماه و پەروینت
ڕوحمت پێیدا نەهات، شیرین خوداگیر بی
ڕووحی بۆ تۆ دانا، فەرهادی مسکینت
بۆچ هەر وەفایی بوو، شێت بوو وەکێوان کەوت
سەت فەرهادە و خوسرەو[٦] بۆ لێوی شیرینت

---

[١] قەرەداغی (ل ٣٠): ڕۆژی گرت

[٢] (قەرەداغی)، (گیو): لابە.

[٣] (قەرەداغی)، (گیو): بە ڕووی داخست؟.

[٤](٥): ئەو دوو دێرە لە هێندێك لە دیوانە دەستنووسەکاندا نەهاتوون، بەهۆی پاتەکردنەوەی پاوەندی (پەروینت)، وای لە هەندێ لە نووسەران کردووە کە لێیان دڕدۆنگ بن و هەڵیان گرتوون.

[٦] قەرەداغی: صەد خوسرە و فەرهادە.

کێش: سەبارەت بە کێشی ئەم پارچە غەزەلە لە (قەرەداغی)دا لە سەرزاری (هێمن)دا هاتووە: ئەم غەزەلە واوێدەچێ ئیبداعی خۆی بێ، لە دیوانی هیچ شاعیرێکی کورددا کێشی وام نەدیوە و بیرم نایە لە شێوەی فارسیشدا وێنەم دیبێ.

- دیوانی وەفایی، محەمەدی عەلی قەرەداغی: ل ٣٠.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەمە کێشێکی (١٢ بڕگەیی) دێرینی ئاوێستایی بێت، (گۆران)ی شاعیر هەم باسی کردووە هەم شیعریشی لەسەر هۆنیوەتەوە، ئەم دەستە پێیەی لێرەدا بەکارهاتووە بریتییە لە (٦ + ٦)، کە وەستان لە ناوەڕاستی دێرەکاندا دەبێت، بۆ ئەو مەبەستە بگەڕێوە بۆ:-

- گۆران (نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی)، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢: ل ١٦١.

- دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠: ل ١٩٩.

## (٧)

## فەرموویە

غەمزە و نیگەهـ و ڕوو لە خەمی زولفی دووتادا
وەك نەشئە لە مەی، زوهرە لە نێو شـامی سیادا
تـۆی جیلوە دەكـەی یانە مەلایك لە سـەمادا
خەندەی گوڵە وا عەتری لە شەونم بە سەبا دا
یا خود ز شكرخندە عرق كردە لبانت؟

ساقی بە سەری نێرگسی ئاهوویی تەتاری
لەو چاوە خومارەت بدە جامێكی بە یاری
تۆ خەندە ببارێنە، ئەمن گریە بە زاری
جامی مەی و، خەندەی گوڵ و بارانی بەهاری
زین هرسە توان گشت من پیر جوانت[١]

هەی زولفی ڕەشت قافیلە سالاری تەریدان
بنواڕە سەفی عاشقی غەم دیدە لە چی دان
هێندەت بە جەفا خەنجەری نازك[٢] لە دڵی دان
خۆ وەختە بگاتە كەمەرت، خوێنی شەهیدان
كی بازكشی آخر از این عزم عنانت؟

بەو چاوی سیاهت كە دەڵێی ئاهوویی چینی
قەت وا دەبێ تۆ خۆش دڵ و ئەمنیش بە حەزینی
ڕوومەت گوڵ و قەد سەروی ڕەوان، زوهرە جەبینی
مەهـ عاریز و سیمین كەمەری، تۆ بە یەقینی
بگـذار در آغوش كشم سرو روانت[٣]

بۆ قەتڵی وەفایی كە بە دڵ بەو گوڵی خەندان
فەرموویە: بڕۆ، نێرگسی سەرمەست بە موژگان
فەرمانی[٤] نیگاهی بوو، بە غەمزێكی دڵ و جان
نەمدیوە دوو نیشانە بە تیرێك لە ئینسان
قربان شوم ای ترك بە این تیر و كمانت[٥]

---

[١] گەورك (ل ١١٢): پیر جوان را؟.

[٢] قەرەداغی (ل ٢٩): خەنجەری موژەت.

[٣] ئەو پێنجینە بەندە تەنیا لە چاپی قەرەداغیدا هاتووە.

[٤] قەرەداغی (ل ٣٠): قوربانی؟!.

[٥] لە هەندێ نوسخەدا: دست و كمانت.

كێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەكفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)×٢.

## (٨)

## وێران مەفەرموو شاری خۆت

چی لە جیلوەی[1] زولف و خاڵان عاشقی ڕوخساری خۆت
ئاڵ و واڵای خولدی ناوێ تالیبی دیداری خۆت
نامەوێ عەیشی جیهان، حاشا لە فیردەوسی بەرین
تۆی موڕادی دین و دنیام، ناری خۆت ئەنواری خۆت
گا بە دووری، گا بە دیدار، دڵ دەکێشی، دین دەبەی
هەر دەمە نەوعێ ڕەواجی پێدەدەی بازاڕی خۆت
گاهێ موتریب، گاهێ ساقی، من فیدای زولف و ڕوخت
کوفر و ئیمان لێك دەدەی، سەرخۆش بە نەغمە و تاری خۆت
هەر ڕەگێکم دەنگ و ئاوازێکی لێدێ پڕخرۆش
ئاورت بەرداوەتە عالەم بە مۆسیقاری خۆت
زولفەکان دێنی و دەبەی، بێ غەم لە کوژتەی چاوەکان
شەو دەچێ، ڕۆژ دێ و دەمێکی نایە سەر بیماری خۆت
با بەجارێك تێك نەچێ کاری دڵ و دین ڕووحەکەم
وا پەرێشانی مەفەرموو، زولفی عەنبەرباری خۆت
پایبەندی زولفی تۆم، مەحرووومی ڕووی خۆتم مەکە
با بە داغی تۆوە نەمرێ، بولبولی گوڵزاری خۆت
دڵ موتیع، جان بەندە فەرمان[2]، لەشکری ناز بۆچی بێ؟
پادشاه بم بێ خەتا، وێران مەفەرموو شاری خۆت
جیلوەگاهی یارە بۆچ وێران بێ، ئەی دڵدار دڵ؟
چۆن دڵت دێ، چاکی ناکەی مەنزڵی دڵداری خۆت؟[3]
دەستی خۆم دا زولفەکەت، مەمکووژە خۆ کافر نەبووم
قیبلەکەم هەر تۆی بەدڵ، بم بەخشە تۆو زوننارى خۆت
جـــانی جـــان، ئـــارامی دڵ، قووتی ڕەوانـــە تا ئەبەد!
قەت نەڕەنجێنی لەسەر دڵ، یا لەسەر ڕووح، یاری خۆت

---

[1] قەرەداغی (ل ٧): بەس بێ جیلوەی.

[2] قەرەداغی (ل ٨): دڵ بە تیغ، جان بەندە فەرمان.

[3] [4]: ئەو دوو دێرە لە هیچ یەك لە نوسخە چاپی و دەستنووسەکانی لای ئێمەدا نەهاتوون، تەنیا لە (گەورك)دا نەبێ.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)×٢.

(٩)

## گوڵ گوڵ!

یار هاتە تەبەسسوم بە هەناسەی منی مەبهووت

گوڵ گوڵ بە نەسیمی سەحەری خونچە دەپژکووت

وا زولفی لەسەر گەردنی لاچوو بە هەناسەم

شەو فەجری بەیان بوو، کە نەسیمی سەحەر ئەنگووت

هارووتی دڵم هات و لە چاهی زەنەخت کەوت

سەرگەشتە لە دووی غەمزەیی دوو[١] نێرگسی جادووت

ئەبرۆت مەدەدی زولفی بە کێشانی دڵان دا

بۆیە کە وەها خەم بووە، شاهێنی[٢] تەرازووت

سەف بەستە هەموو مونتەزیری ئەمری نیگاهن

قوللاپی موژەت، زولفی ڕەشت، گۆشەیی ئەبرووت

هەر یێکە لە لایێ بە تەمای قەتلی وەفایین

تابووری حەبەش، لەشکری چین، عەسکەری هیندووت

---

[١] گیو (ل ٢٦): لە دوو غەمزە و دوو.

[٢] قەرەداغی (ل ٣٣): شاهێن و.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان)×٢.

(١)

## خوێنی دڵ

لە ژێر زولفی سیا ڕووی خستە دەر چاوی لە دنیا کرد[١]
شەوێ دی سوبحدەم، گۆیا دەری مەیخانەیان وا کرد
بە ئاب و ڕەنگ و ڕوو حۆری، بە زولف و کاکۆڵی غیلمان
گوڵاویان دا لە مەیخانە، غوباریان عەنبەرئاسا کرد
بە ڕەنگی چاوی خۆی ساقی، لەبالەب جامی مەی گێڕا
بە تەرزی زولفی خۆی موتریب، دەمادەم چەنگ و نەی چا کرد
خەرامان شاهی خووبان هات، هیلاکی دین و ئیمان هات
بە زولف و[٢] ڕوویی تابان هات، کە کوفر و دینی یەغما کرد
لە جیلوەی قامەتی بەرزی، لە عیشوەی زولفی سەت تەرزی
زەمین و ئاسمان لەرزی، سوجوودی ڕووی دڵارا کرد
شەکەرخەندەی گوڵی زاری، دڵی هێنامە هوشیاری
مەگەر گوڵ قەندی لێ باری، کەوا بیماری ئەحیا[٣] کرد
هەزار تا زولفی وەك سازێك، بەناز بۆ نەغمە پەردازێك[٤]
کە هەر سازە بە ئاوازێك، دوو دنیای پڕ لە غەوغا کرد
لە عەکسی شۆخ و شەنگێکە، جیهان گوڵ گوڵ بە چەنگێکە
هەر ئەوراقی لە ڕەنگێکە، بەیانی حوسنی یەکتا کرد
وەنەوشە و گوڵ لە باغان بوو، لە باغان شەوچراغان بوو
مەگەر دارووی نەساغان بوو، بە ڕوودا زولفی تاتا کرد
لە تاتای زولفی شەوگاری، درەخشان نووری ڕوخساری
لە هەر حەڵقێکی سەت[٥] تاری، هەزار خورشیدی پەیدا کرد

---

[١] گیو (ل ٢٨): ڕووی وەدەرنا چاوەکەی ڕاکرد.

[٢] قەرەداغی: ترووسکەی.

[٣] قەرەداغی (ل ٣٤): ئیحیا.

[٤] قەرەداغی: پەروازێك؟!.

[٥] قەرەداغی: صەد؟!: - ئێمەی کوردانی سۆرانی بەرەی موکریان و شارەزوور (سابلاغ و سلێمانی) و ئەو نێوە نێوانە هەموومان لە قسەکردن و پێواندا دەڵێین (سەت - ١٠٠)، بەڵا بە خۆڕایی هەموو دەنووسن (سەد یا (صەد؟)، ئەنجا لەوەی سەیرتر ئەو واژەی (سەد)ە لە فارسیشدا بە (ص)ی عەرەبی دەنووسن، لەسەر نووسەرانی وردو ڕووناکبیرە کە ئەوچەشنە هەڵەکارییانە لەنێوا هەڵگرن.

هەوا بۆنێکی چینی پەرچەمی گرت و[1] وەکێوان کەوت

سەبا عەترێکی خونچەی زاری هێنا، ڕووی لە سەحرا کرد

نیشانێکی لە ئەنواری جەماڵی خۆی بەشەم بەخشی

سەراسەر جانی پەروانەی، پوڕئەز سووتان و سەودا کرد

نەسیمێکی لە باغی حوسنی خۆی هێنا، بە گوڵ دادا

سەراپا بولبولی زاری، پوڕئەز ناڵە و تەمەننا کرد

کەمان ئەبرۆیی پەیوەستی، بە غەمزەی چاوەکەی مەستی

کە دای تیرێکی سەر دەستی، لە جیسم و جانی ئاوا کرد

مەگەر موژگانی نەشتەر بوو، حەکیمی چاوی دڵبەر بوو

کە خوێنی دڵمی پێ دەربوو، نەخۆشی خۆی موداوا کرد

غورووری حوسنی خۆی وا بوو، دەمی پڕ خەندە کرد و چوو

چییە تاوانی من[2] فەرموو، وەفایی بۆچی ڕیسوا کرد

گوتم ئەی شۆخی چاوبەستم، خەراب و عاشق و مەستم

بە ڕەحمەت بگرە ها دەستم، خوماری ئاشکارا کرد

دڵی دا، دڵشکەستی خۆی، هەڵستا هات بە دەستی خۆی

بە جامێکی ئەلەستی خۆی، وەفایی شێت و شەیدا کرد

---

[1] قەرەداغی (ل ٣٥): کەوت و.

[2] لە (گەورك)دا هاتووە: بۆی زاری خۆی فەرموو؟ ئێمە لێرەدا داڕشتنەکەی گیومان وەبەر دڵی کەوت و نووسیمان هەر چەند لە هیچ یەك لە بەڵگە دەستنووسەکانی ئێمەشدا وا نەهاتووە!.

نازانم جەنابی مامۆستا گیو ئەو سترانەی بۆ بە چەشنی دوو تەرانەی لێك جویٚ چاپ کردووە؟، بڕوانە: ل ٢٨، ٢٩، ٣٠.

- لە دیوانەکەی (سەیدیان)یش تەواو لە ڕووی چاپی گیودا نووسراوەتەوە!؟!.

کێش: هەزەجی هەشتی موسەببەغ: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان)×٢.

## (١)

## بووکی بەهار

بەڵێ[١] نەسیمی بەهار، نەرم نەرم هاتە خوار
دونیای زیندوو کردەوە، بە ئەمری پەروەردگار
بە ئاه و گریە دیسان، هاتەوە هەوری نیسان
جەرگ[٢] پڕ ئاو و ئاور، وەك عاشقی بێ قەرار
هەوا لە بەرگی گوڵان پێچە پێچ بینی سووان
سەبا لە بۆنی یاسمان چەمەن چەمەن میشکبار[٣]
وا هاتەوە بای وەزان، لە بۆ بەزمی نێو ڕەزان
کانی تۆقین هاتنە زان، وەنەغمە هات ئابشار[٤]
نمەکفرۆشی داغان، کردیانە شەو چراغان
سوورەگوڵی ڕەز و باغان، وەنەوشەیی جۆیبار
سەمان عەتری وەبادا، لە چیمەنان بوو بڵاو
عەبیر و بۆنی گوڵاو، بەیبوون و میسکی تەتار
فریوی دین و دڵان، لە پەردە بووکی گوڵان
ئارام ئارام[٥] هاتە دەر، بە ناز و مەست و خومار
دێن و دەچن سرك و سڵ، دەست بەندییانە لە دڵ
نارەوەن و سەرو و گوڵ، لە شایی بووکی بەهار
لە نێو بەزمی گوڵستان بە سەر، بە پێ بە دەستان
هاتنە سەما هەڵستان، نەوڕەستەکانی[٦] گوڵزار
لالەوو گوڵ بێ سەدان، شەهیدی عیشقی خودان!
ئەو بە تەنی پڕ لە خوون، ئەو بە دڵی داغدار
هاتنە چەمەن کەف زەنان، خۆش نەفەس و نەغمەخان
قومری و دوڕنا و سار، بە ساز و سەمتوور و تار
بادی سەبا مەست و چوست، هەروەکوو شاهید پەرست
دەستی لە ڕووی گوڵان خست، بەربووە بۆس و کەنار
زولفی ڕەشی سونبولان، خستییە سەر ڕووی گوڵان
ئایەتی نارد بۆ دڵان، جاعیلی[٧] لەیل و نەهار

---

[١] قەرەداغی (ل ٣٧): دیسا.

[٢] قەرەداغی: جگەر.

[٣] ئەو دێرە لای قەرەداغی وا هاتووە:

هەوا لە بەرگی گوڵان تەبەق تەبەق عەتری سوو     سەبا لە بۆی یاسەمەن چەمەن چەمەن موشکبار

[٤] قەرەداغی: کانی بەتاو هاتنە ژان، وەنەغمە کەوت (ئابشار)؟

[٥] قەرەداغی (ل ٣٨): صەبر صەبر.

[٦] قەرەداغی: مەستان، نەومەستەکانی.

[٧] قەرەداغی: حاجیبی.

پێگەیی ئەربابی دڵ، پەڕپەڕە ئەوراقی گوڵ
هەر دەرسی عیشقە حاسڵ، سەرمەشقی ئامۆزگار
وەنەوشە و گوڵ غەمڵیوە، لە غەمزە چی نەدیوە[1]؟
لە یاقووتی نووسیوە، قازی بەخەتی[2] غوبار
باغ نییە مەیخانەیە، پڕ مەی و پەیمانەیە!
هەر شەم و پەروانەیە، لەبەر چاوی هۆشییار
غەیری ئەوی زۆروکەم، بە زەمزەمەی زیر و بەم
دەخوێنن بە هەموو دەم، مەعریفەتی کردگار
بچۆ بۆ لای دڵڕوبای، بە سەر بە یادی خودای[3]
هەتا ئەتۆ بێ وەفای، بە خۆت مەکە ئیعتیبار
دەمێك نەفەس بگرەوە، وەدووی دڵی خۆت کەوە
بزانە ڕۆژ یا شەوە، خەوت نەیە هەستە کار
هەزار سەوم و سەڵات بێ، چاوت لە دووی زەکات بێ
خودات نییە، حەیات بێ، قەت وا نییە تۆبەکار
تف لە ڕەنگ و ڕەوانت، دەگەڵ فێعل و زبانت
چی تێدا نیە دوکانت، چت لێ بکڕی[4] خەریدار
مومکینی سیڕڕ و پەنهان، هەم سوحوفن هەم زبان
هەم کتێبن هەم بەیان، بۆ وەسفی پەروەردگار
قسە بیست و چوارە، هەر یەکییان بە کارە!
ڕێگای خودای دیارە، بیگرە[5] ببە ڕەستگار
وەفایی ئیدی بەسە، عیشق و هەوای مەدرەسە
بینووسە ئەم هیندەسە[6]، ببتە خەت و خاڵی یار
لەخۆ، لەو خـەوە هەستە، حەیات بێ هێندە بەستە
وەفـــایی گێژ و مەستە، دەنگە لە شـار و بـــازاڕ

---

[1] قەرەداغی (ل ٣٩): عیبرەتە چی نەیدیوە.

[2] قەرەداغی (ل ٣٩): لە یاقووت و لە سێوە، فەضا بە خەطی غوبار.

[3] قەرەداغی: بەقای

[4] قەرەداغی: چت بکڕێ.

[5] قەرەداغی: بمرە.

[6] قەرەداغی: هیندووسە.

- وا باوە کە وەفایی قەت جنێو و قسەی سووکی بە زاریدا نەهاتووە، چەند نوکتە لەو سترانەیدا هەیـە و دڕدۆنگی ئێمـە زیاد دەکات کە ئی وەفایی نـەبێت، هـەر چـەندە گـەلێك واژەی شـیرین و خۆشـی تێدایـە، بـەڵا زاراوە و ڕسـتەی نالـەبار و ناپاراویشی تێدا هەیە، بۆیە پێم وە بەند و باوی ڕێك و سواری وەفایی ناچێ، ئەنجا ئەم سترانە لە زۆر لە نوسخەکاندا وا تەواو نەهاتووە، لە (گەورك) و (ئەیوبیان) و (مودەڕیسی)دا هەڵاتەی بەو بەندەی ژێرەوە دەست پێدەکا:
لە نێو بەزمی گوڵستان بەسەر بـە پـێ بـە دەسـتان.. ئـەنجا بـە پێچـەوانەی بـاوی باوێـژی دوو جاران نێـوی وەفایی لـەو سترانەیدا هاتووە، بەڵا لەگەڵ ئەوانەشدا بە بۆنەی یادگاری نووسیومانەتەوە.
کێش: بەسیتی هەشتی موزاڵ: (مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلان)×٢.

## (٢)

## بەهارە

ئەی بەهار، ئەی نامەبەر، ئەی میسکبار، ئەی غەمگوسار
ئەی هەوات وەك بۆنی زولفی، یارەکەی من سازگار
ئەی دەمت یەحیەلعوزام، ئەی هەمدەمت موعجیزنیزام
ئەی مەسیحا مەشرەب، ئەی ئارامی جانی بێ قەرار
ئەی بەهات و چووی خەرامی، سەروی نازی دڵڕووبام
ئەی بەڕەنگ‌وبۆ لەیاری گوڵ عوزارم یادگار
بەرقەکەی تیژت دەڵێی ئاهی منە، وا سۆزناك
هەورەکەی توندت دەڵێی چاوی منە، وا ئابدار
تاوی ئەفغانی منە، یاخۆ سەدای ناڵەی سەحاب
جۆشی گریانی منە، یاخۆ خرۆشی ئابشار
من دەمێك بوو مردبووم، تۆ هاتی ڕووحم هاتە بەر
من گەلێك ئازوردە بووم، بوویە حەکیمی دەردەدار
قوڕڕەتولعەینی وەفا، نووری دڵی ئەهلی سەفا
خەیری مەقدەم مەرحەبا، ئەهلەن وەسەهلەن هەی بەهار
موژدە هەی یاران کە دیسان، ڕۆژی عیشرەت هاتەوە
فەسڵی گوڵ، دەوری جەوانی، فرسەتە مەیکەن خەسار
عەتری سونبول، بۆنی گوڵ، بردیان لە دڵ سەبر و قەرار
نەوبەهار هات یا نەهات، یار[١] وا بە زولفی میسکبار
باغ و ڕاغ، گوڵزار و گوڵشەن، دەشتوکێو، کردیانە بەر
ڕەنگ بەڕەنگ، دیبایی ڕەنگین، جوملە پڕ نەقش و نیگار
کەوتە سەحرا و کۆهساران، قەهقەهەی کەبکی دەری
هات لە تەرفی مەرغزاران، ناڵەناڵی مورغی زار
ئارەقەی ڕووی ساقییە، عەکسی خوماری کەوتە سەر
یا لە بەرگی سوورەگوڵ[٢]، شەونم بووە دانەی هەنار
یار بە زولف و ڕووی گوشادی ڕۆییە باغ، بۆیە کەوا
گوڵ سەراسەر غەرقی خوێنە، لالە پەڕپەڕ داغدار

---

[١] گەورك (ل ١٧٠): یانەهات وا

[٢] گەورك (ل ١٧٠): سوورە گوڵان.

کەوتە سەر نەرگس وەنەوشە، بوونە یەك ڕیحان و گوڵ

ئەو سەدەف بوو میشکسا، ئەو مەجمەری عوود و قومار

شەوقی نوورە، یانە خۆ تەئسیری نووری نەخلی توور

شەوچرا، یا شەوچراغانی، درەختی گوڵ هەنار

سووسەن و خونچە و شکۆفە، عەمبەر و بادام و گوڵ

زاکیرن با سەت زبان و کام و پووك و لێو و زار

مومکینات هەروەك مورید و سالیکن، دێن و دەچن

دەبنە هیچ دێن و دەڕۆن، جوز خالقی لەیل و نەهار

تا ئەبەد گەر مومکینات، بێنە زبانی حەمدی حەق

ئیبتیدایە، ئینتیهای گەر بێ هەتا ڕۆژی شومار

مەرئی و مەخفی سەدایان دێ، بە ئاوازی فەسیح

کەس نییە فەرد و سەمەد، غەیرەز خودایی پایدار

تاق و جووت گرتیانە دەم، مورغانی خۆش دەنگ و سەدا

ساز و دەف، تەنبوور و بەربەت، چەنگ و نەی، سەمتوور و تار

عەندەلیبان، قومرییان، سێروان، تەزەروان، سەف بەسەف

شیوەن و گوڵبانگ و، ناڵە و، نەغمەیان کرد ئاشکار

زاهیدان، سۆفییان، موریدان، شێخ و شایان یەك بەیەك

شەوق و شادی و عیشرەت و ڕەقس و سەمایان خستەکار

کەوتە سەر وەجد و هەوا، بێ هۆش لەبەر جامی تەرەب

هاتنە سەر ڕەقس و سەما، سەرخۆش و سەرمەست و خومار

تازە بووکانی ڕیاحین، نەوجەوانانی چەمەن

نەرگس و نەسرین و سونبول، عەرعەر و سەرو و چنار

پای کووبان، کەف زەنان، شادی کونان، پییر و جوان

مەستومەستانە خەرامان هاتنە سەر شایی بەهار

بێ زبان با سەت زبان، ئەرز و سەما کەون و مەکان

نەغمەیان دێ خۆش دەخوێنن، وا لە سیڕ و ئاشکار

هەرچی گوێی بێ یا نەبێ، دەبیێ، دەزانێ دەم بەدەم

زیکر و حەمد و زەمزەمە و شوکر و سەنای پەروەردگار

ئەی وەفایی، چەند بەهاری وات بە سەردا هات و چوو

ئاخر ئەی مەردی حیسابی، تا بە کەی نی هۆشییار(*)؟!

---

(*) تا ئێرە قەسیدەیەکی بەهاری ڕەوان و ڕازاوەیە، دوای ئەوە مەبەستەکە بەرەو ناوەرۆکێکی ئایینی وەردەچەرخێ، من وای بۆ دەچم وەفایی دواتر ئەو بەشەی دوایی زیاد کردبێت، نیشانەش ئەوەیە وەکوو لە تێکستەکەشدا دیارە، دوا بەیت و نازناوی شاعیریشی داناوە. دیارە ئەیوبییان بە پێڕەوی لە دەستنووسەکان ئەم دوو تێکستەی داوەتە پاڵ یەك، وا باشتر

چوو بە تاراجی خەو و خواردن، هەموو وەقتی عەزیز

چوو بە غارەت عومری شیرینت، هەموو لەیل و نەهار

حەق پەرستیت بوو بە حەول و ئارەزوو[٣] و عاقیبەت

وەعدەکەی ئیمڕووز و فەردات، بوو بە سیوو هەشت و چار[*]

ڕۆژی کەسب و تاعەتە، تۆ دەیکەیە جێگەی خەیاڵ

شەو لیباسی سەفوەتە، تۆ دەیکەیە پێگەی حیمار[**]

ڕۆژ لەباتی فیکری ئەسما، غەیبەت و سوێند و درۆ

شەو لەباتی زیکری ئەڵڵا، دەفتەری چورت و شومار

نەفس و شەیتان، هەردوو ڕەهزەن، بۆچی مەست و غافڵی

قەت لە ڕێگای پڕ لە دز، بیستووتە بنوێ ڕێبوار؟!

بۆچ وەدووی نەفس و هەوا کەوتووی، بە عەقڵی ناتەواو

قەت بە مێشەی پڕ لە شێر، زانیوتە ڕابرێ شکار

ڕۆژ لەبەر کەسبی زگت، هەر تاکوو شەو دێ ناسرەوی

شەو لەبەر مەعدەی پڕت، تا نیوەشەو ناکەی قەرار

نوێژ دەکەی، ئەستەغفیروڵڵا، غەفڵەتە و سەرمەقڤولات

نوێژ دەکەی، حاشا وەکەللا، چاییە و قەند و قەتار!

نوێژ دەگەییە[٤] فاتیحە، تۆ دەچیە سەر ئەتتەحیات!

نوێژ دەگەییە خاشیعە، دەچییە هەواوو دێیەخوار

نوێژ دەکەی خێری خودا قافڵەی کەتیرە و مازووە

نوێژ دەکەی حاشا خەیاڵی خەرج و باج و ڕاهدار

دڵ محەللی زیکرە، تۆ دەیکەی بە جێی نەفس و هەوا

هیچ مومەیەز نی دەگەڵ خەڕموهرە، دوڕڕی شاهوار

---

دەبوو تێکستەکان لێك جوێ کرابانەتەوە، چونکێ هەر یەکێکیان تێکستێکی تەواو و پتەون، یەکێکی بەهاری و یەکێکی ئاینداریيە.

[٣] گەورك (ل ١٧٠): حەق پەرستیت بوو بە توولی ئارەزوو.

[*] پێموایە ئەمە ئاماژە بێت بۆ تەمەنی وەفایی لەو کاتەدا، کە دەکاتە (٤٢) ساڵ، ئەنجا لە دێرێکی دیکەشدا ئەو ئاماژەیە هەیە، کاتێ دەڵێ: پاشی چل ساڵ هەرکەسێ خێر و شەڕی وەك یەك نەبێ قال فەخرولئەنبیا: حازربێ بۆ عەزابی نار.

[**] وشە سەروایەکی زۆر ناحەز و ناگونجاوە، من پێم وایە؛ خیمار: کە بە واتای ڕووپۆشی ڕەش و تاریك دێت، یا خومار بێت، کە سەرئێشەی دوای مەستییە، دەشێ (خەمار)یش بێت، واتە کۆبوونەوەی خەڵك.

[٤] گەورەك (ل ١٧٠): نوێژ دەکەی.

با هەزار فیکر و خەیاڵ، حەولی ئەمەل[٥]، چاییت کە خوارد

دەچیەوە سەر کاری دوێنێکە، وەکوو پێرار و پار

لەحزەیەك ناڵێی ئەمن بۆچ هاتووم؟ بۆ کوێ دەچم؟

هاتنی من بۆ چییە؟ بۆچی سوار بووم دێمە خوار

پاشی چل ساڵ هەر کەسێ خێر و شەڕی وەك یەك نەبێ

قاله فەخرولئەنبیا: حازر بێ بۆ عازابی نار[٦]

پاشی موددێکی کەوا بەم ڕەنگە عومرت ڕابوارد

پیر دەبی، عەقڵت دەچێ، عەیشت دەبێتە ژەهری مار

من کە هیچم، چم نییە، سەوم و سەلاتم، ئەوهەتا

وای بەوەی خۆی بۆتە ساحیب جووت و ئەملاك و عەقار

چەرمی نێو کوردانە تو دەیکەی بە سفرەی تایفی؟

وەعزی شاروێرانە تۆ دەیکەی بە گەنمی قەندەهار

باقیی ئەو بەحســە مەوقوف بێ، وەفایی مەیخە دەر

قەولی حەق بوو، دەورە زۆر تاڵە بە نەفسی نابەکار

---

[٥] گەورك (ل ١٧٣): تووڵی ئەمەل

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەخسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

[٦] گەورك (ل ١٧٢): عذاب نار.

## (٣)

## گوڵ و بولبول

بادی نەورۆزی [١] ئەوا هات، گوڵ وەشان و عەتربار

وەك شەمیمی ڕوویی دڵبەر، وەك نەسیمی زولفی یار

گوڵ قەرارێکی بە بولبول دابوو دیسان بێتە باغ

زۆر نەچوو، بای وەعدە بۆی هێنا نەویدی نەوبەهار

وەك شەهیدی زولف و ڕووی دڵبەر، لەسەر یەك کەوتوون

تا قیامەت لەو دڵە دەرناچێ داغی لالەزار

بۆی وەنەوشە و سونبولە، سەحرا سەرانسەر تۆ دەڵێی

بای سەبا عەنبەر دەبارێنێ، هەوا میسکی تەتار[٢]

مەیلی کردە جۆیباران، سەروی گوڵڕوخساری من

جەنەتێکی دیکەیە ئەمڕۆ، کەناری جۆیبار

سەربەسەر زیکر و حەدیسی گوڵشەن و سەرو و گوڵە

نەغمەیی گوڵبانگی بولبول، دەنگی قومری، سەوتی سار

بوو بە مایەی سۆزی جەرگ و دوودی ئاهی عاشقان

گوڵ بە ڕوویی ئاتەشین[٣]، سونبول بە زولفی تابدار

باغ دەڵێی مەیخانەیە، پیری موغان گوڵمەی فرۆش

لالە سەرخۆش، ئەرغەوان پەیمانەکەش، نێرگس خومار

گوڵ بە ناز و عیشوە خەندان، بولبولی ئاشوفتەحاڵ

نەغمە پەرداز، مەست و حەیران، دڵفیداوو جان نیسار

وەسڵ و گریان، قورب و هیجرانە تەریقی عاشقان

فەسڵی گوڵ، بۆیە لە سەر چاوان، وەها ئاو دێتە خوار

هەر گوڵەی ڕەنگێکە، بۆن و ڕەنگوڕووی دڵبەر دەدا

ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشا کەن، بە چاوی ئیعتیبار

بۆ تەنی دڵموردەگان، کاری مەسیحایی دەکا

سەبز و خوڕڕەم، دڵگوشا، جانبەخشە دەشت و کۆهسار

---

[١] (گەورك — ١٥٥)، (قەرەداغی — ٤٠): بادنەورۆزی، بادی نەورۆزی.

[٢] قەرەداغی (ل ٤٠): لە دەشت و کوهسار؟!

[٣] قەرەداغی (ل ٤٠): گوڵ بە ڕوویی ئاتەش و...

عەتری بەردا خونچەدەم، نێرگس نیگاهی کردەوە

دوودی عوودی مەجمەری باغ، بوو بە دەفعی چاووزار

ئەشك و ئاهی من هەتا بێ، زۆرترە ئاسوودەییم

ڕاحەتی ڕووح و دڵە، ئاب و هەوایی سازگار

دەم بەدەم سەرو و سنەوبەر، وا کە هەر دێن و دەچن

عاشقن، سەوداسەرن، مەجزووبی گوڵ بێ ئیختیار

عیشرەتی هەردوو جیهان دێنێ، وەفایی فرسەتە

گۆشەیی گوڵزار و جام و بادەوو ڕوخســاری یار

---

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان).

## (٤)

## پێغەمبەر

یا ڕەسووڵوڵڵا دەخیلەك، ڕووم نییە بێمە حزوور

وەك دزان، گەردن کەچ و شەرمەندە وێستاوم لە دوور

گەرچی سەرمایەم نییە، خۆ موستەحەققی ڕەحمەتم[١]

ڕەنگی زەرد و ڕوویی ڕەش، مووی سپی، فرمێسکی سوور

وەك لە گوستی بێ شعوورێك[٢]، بێتە تووشی دام و دەرد

تووشی نەفس و تووشی شەیتان بووم، غەریب و بێ شعوور

موستەحەققی ڕەحمەتم، ئەی مەستی حەق، ئەی دۆستی[٣] حەق

دەستی من بگرە لە نار و بمخە نێو دەریایی نوور

ڕووح لەسەر لێوم، نەفەسگیرە لە نێو خۆف و ڕەجا

چاوەڕێی فەرمانی تۆیە، بچتە[٤] دەر یا بێتە ژوور

تابێ گێسووت وەختی خەندە، تابشی ڕووت بۆ دڵم[٥]

نێردیوانی عەرشە پایەی لامەکان، مایەی حزوور

تا خەس و خاشاکی بەر دەرگاهی تۆم بۆ دەست بدا

چم لە گوڵزاری بەهەشت و لەززەتی حوور و قسوور

یادی ڕووی تۆم کرد و ئارامی نەهێشتم نووری حەق

ئاوری تێبەردام شوعاعی ڕۆژ بە تەقریبی بلوور

"قلتُ یا مولی الوری أخشیتُ بابك بالبکا[٦]

قالَ لي ما رأی عیون العاشق ماءً ظهور"

---

[١] (گەورك — ١٦٥)، (قەرەداغی — ٢١٠): رەحمەتە.

[٢] قەرەداغی: وەك لەگۆشەی بێشە... ـ ژین (دەستی من بگرە لە نارو تا بچمە نێو دەریایی نوور).

- گیو (ل ٣٠): وەك لەلاوە بێ شعورێك.

[٣] قەرەداغی: دەستی حەق. ـ ژین (ئەی مەستی حەق).

- گیو: ئەی دۆستی حەق وەی مەستی حەق.

[٤] قەرەداغی (ل ٢١١): بچێتەدەر.

- بێتەدەر یا بچێتە ژوور.

[٥] قەرەداغی: وتم. — لە هەموو دەستخەتەکاندا (نردبان) نووسراوە و ئەمەیان دروستە.

- گیو: دەمم.

[٦] ئەم دێرە تێهەڵکیشە عەرەبییە لە قەرەداغیدا بەم جۆرەیە:

(قلت لي هو الوری خبثت نفسي بالهوی) (... له ماء العیون.... النادم ماء طهور)

- ژین: (قلت یا عین النوی اخشیت نفسي بالهوی قال في ماء العیون الآشم ماء الطهور)

دەنگی بێ ڕەنگی سەدای مات[١]، ڕەنگ‌ودەنگم پێ نەما
باغی ڕووح ئەفزا دەپشکووتن، لە پووشی وشك و زوور
ڕووی وەدەرنا مووی پەرێشان کرد، دڵی پێدامەوە
یەعنی هەر ئەمنم شەفیعی عاسیان، ڕۆژی نشوور
تاقی ئەبرۆم دی عەیان بوو، سوجدەگای مولك و مەلیك[٢]
تابشی ڕووم دی وەدەرکەوت، بارەگای نووری سدوور
ئەی شەهنشاهی سەریری عەرشی ڕووحانی غولام
چلچرای عالەم فرووزی[٣]، شانشینت ماه و هوور
شانشینت عەرشی ئەعزەم، جیلوەگاهت فەرشی خاك
مەزهەری وەعدە و وەعیدت[٤]، سەوتی ریزوان، نەفخی سوور
ئەی گوڵی گوڵزاری وەحدەت، سەروی باغی ئیستیفا
عاریزت فەسڵی[٥] بەیانان، قامەتت وەقتی زهوور
ئەی جەماڵت باوەشێنی شاهباڵی جوبرەئیل
جایی ڕووبی[٦] خاکی ڕێت، کاکۆڵی غیلمان، زولفی حوور
بەندەگانی عاشقی ڕووتن ستارە و میهر و ماه
زەڕخەریدی خاکی ڕێتن[٧]، عەنبەر و میسك و بخوور
خۆشنویسی مەسحەفی ڕووت بۆ ڕەواجی حوسنی تۆ
خۆش خەتی کێشا بە سەر، ئایاتی تەورات و زەبوور
گەر تەجەللای حەق، مرادی جیلوەیی ڕووی تۆی نەبوو
چاوی مووسا کەی دەبوو، ڕوون بێ بە سورمەی کێوی توور

---

[١] قەرەداغی: هات.

- گیو: هات.

[٢] قەرەداغی: مەلەك. ـ ژین: تاق ابروم حق عیان بوو... رووی دلجوم دی

گیو (ل ٣١): انس و ملك.

[٣] قەرەداغی: فرازو

[٤] وەعد و وەعیدت.

- گیو: وەعدو.

[٥] قەرەداغی: (فەسپی!).

[٦] گیو: گەسکی بەر دەرگانەتە؟!. ـ ژین: (جاڕووبی خاکی دەرت...)

[٧] قەرەداغی: ئەزخەریدی خاکی پێتن.

تۆ و خەمی گێسووت، کە تەشریحە لەسەر[١] ڕۆژ و شەوی

تۆ و ختووتی ڕووت، کە تەفسیرە لەسەر ئایاتی نوور

تۆ بێیو زاتی خودا، قوربان دەهاوارم[٢] وەرە

ئەو دەمەی بێکەس دەمێنم، دەبمە لۆقمەی مار و موور

دەم بە خەندە یەك دەم ئەی کەششافی سیڕڕی لامەکان

کافییە، جاریٚ بفەرموو[٣]، بۆ وەفـــــایی، یا غەفوور[*]

---

[١] قەرەداغی (ل ٢١٢): لە سیڕڕی.

- گیو (ل ٣٢): کە سورمەی صبحە بۆ.

[٢] ژین: لە هاوارم.

[٣] گەورك (ل ١٦٦): کافییە جارێك بفەرمووی.

[*] ئەیوبیان کۆبە و پەراوێزی بۆ ئەم تێکستە تەواو نەکردووە، سەرەتا لای وابووە کە تەنها لای گیو و دەستنووسەکاندا هەیە و لە قەرەداغیدا نییە، بڵام دوای ئەوەی بۆی ڕوون بۆتەوە کە لە کۆتایی دیوانەکەی قەرەداغیدا و بەناونیشانی "پاشماوەی پیتی (ڕیٚ)" داهاتووە، پەراوێزەکانی لیٚ ئالۆز بووە و ڕەشی کردوونەتەوە، بە ئومێدی دواتر ساغیان بکاتەوە، بەڵام بۆی نەلواوە. ئێمە بە بەراورد بە نوسخە چاپییەکان و نوسخەیەکی دەستخەتی دیکەی ئەم تێکستە کە لە بنکەی (ژین) چنگمان کەوت ئەم پەراوێزانەمان ڕێکخست.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) × ٢.

## (٥)

## باڵی هوما

ئەی چرای زوڵمەتکەدەی دڵ، ئەی جەلای نووری بەسەر
تۆ و جەماڵی با کەماڵت، ئافتابی یا قەمەر
شەو ئەگەر تۆ ماهتابی، ئینتیزاری تا بە کەی؟
ڕۆژ ئەگەر تۆ ئافتابی، بۆچ لە هەوران نایە دەر؟
جیلوەییێکت پڕ بە عالەم بۆ شەهیدان عومری نەو
خەندەییێکت پڕ بە دونیا بۆ نەخۆشان گوڵشەکەر
ئابوتابی[١] ڕووتە مایەی، سۆزش و گریانی من
گا غەریق و گا حەریقی میهری ڕووت، وەك نیلووفەر
ئەو چ حاڵە بۆتە مایەی حەیرەتم وەك چاوەکەت[٢]
گا نەخۆش و مەست و حەیران، گا بەهۆش و باخەبەر
وا فیگار و ڕەنجەڕۆم[٣]، کافر بە حاڵی من نەبی!
بێ قەرار و ئەشکبار و دوور لە یار و دەربەدەر
هێند لەبەر ئاوری فیراق و ئیشتیاقت مامەوە
بوو بە کۆی زووخاڵ دەروونم، بوو بە خوێن جانوجگەر
دەستی من دامانی زولفت، با لە ڕووت مەحرووم نەبم
ڕەوشەنە موشکیل گوشای، شەو زیندەدارانە سەحەر
دوێنێ دەیفەرموو بە هەوای وەسڵی ڕوخسارم مەبە
تاوەکوو زولفم نەبی، گەردەن کەچ و دەستەونەزەر
سەد شوکر هێنامیە بەر ئەبرۆ لە قەیدی زولفی خۆی
پاشی عومرێکی درێژ، باڵی هومای ئاویتمە سەر
حووری عەین، "روح القدس"، یاخۆ مەلایك، یا پەری
یا ئەتۆ بووی وا خەرامان هاتی ڕووحم هاتە بەر
خۆش بە ناز فەرمووی: وەفایی عومری خۆی هیچ ڕابوارد
یا بە قوربانی دەمـــم بوو، یا بە ســـەرگـــەردی کـــەمـــەر

---

[١] ئەیوبیان (ل ٧٤): ئافتابی؟

[٢] قەرەداغی (ل ٤٢): کاتی خۆی بەچاکی بۆی نەخوێندراوەتەوە و نیوە دێرێکی دیکەی لە شوێنی داناوە.

[٣] ئەیوبیان (ل ٧٤): نا بەکار و ڕەنجەڕۆ؟

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

- غ -

(١)

## چرا

شەو لە خەودا، من چراغ بووم، دڵ چراغ بوو، جان چراغ

ئەی لەبەر عەیشی شەوێ دی، جان چراغ، جانان چراغ[١]

گەهـ فریشتە، گەهـ پەری، گەهـ حووری عەین، گاهێ مەلەك

گەهـ قەمەر، گەهـ موشتەری، گەهـ ڕۆژ و گەهـ ڕەخشان چراغ

ڕەنگ بەڕەنگ زولفی درەوشان، دەم بەدەم ڕووی خۆی نواند

چلچراغ یا شەوچراغ بوو، یا بە سەت ڕەنگان چراغ

ڕووی لە تاتای زولفی دەرخست، هاتە سەر ڕووی مەرحەمەت

نەوبەهار بۆ شەوبەهار بوو، وا کە داییسان چراغ

ڕوو لە حەڵقەی تاری زولفان، دەم لە فرقەی پێکەنین

وەك لەکن کانی حەیاتی، شەو هەزار تابان چراغ

ڕەونەقی حەوت ئاسمان بوو، زینەتی[٢] ڕووی سەر زەمین

هەروەکوو بۆ شانشین و مەنزڵی شایان چراغ

تابی سونبول، تابشی گوڵ، نیم نیگایی چاو خومار

نەشئە بەخشا، جانفەزا، وەك شەو لە مەیخانان چراغ

عەکسی ڕووی ئارایشی زولف و خەت و خاڵان[٣] دەدا

وەك بە گوڵ گوڵشەن چراغ بێ، سونبول و ڕێحان چراغ

شەوقی دا من، ڕووی دە من کرد[٤]، دیم شەوم لێ بۆتە ڕۆژ

من دەسووتام، من عەجەب مام، من چراغ بووم یان چراغ!

دڵ لەلایێ تەن لەلایێ، وەك نەیستان ئاوری گرت

مەسجید و دەیر و کلیسا، ماهی پڕ تابان چراغ

دار و بەرد، وەك من دەسووتا دەرنەما، هەیوان نەما

زاهیر و باتین چراغ بوو، دەر چراغ هەیوان چراغ

زولفی تۆ ڕوخساری تۆیە، یا شەوی ڕۆژی ویسال

ڕوویی تۆ و باڵایی تۆیە؟ یا لە سەروستان چراغ

---

[١] بە ئاخاوتنی کوردی ئەمڕۆ دەڵێن "چرا"، بەڵام ئێمە واژەی یادگارانەی مامۆستامان وەك خۆی هێشتەوە.

[٢] قەرەداغی (ل ٤٤): ئاسمان و زینەتی ڕووی زەمین؟

[٣] گیو (ل ٣٤): عەکسی ڕووی.... خاڵان دا.

[٤] گیو (ل٣٤): دولبەرم هەر ڕووی لەمن کرد، ئەو شەوەم لێ بوو بەڕۆژ.

من ئەوا مەست و نەزان بووم، بۆچ لە داغی باغی ڕووت
گوڵ وەکوو بولبول دەسووتا، تەرزی پەروانان چراغ
ناگەهان دڵبەر نیهان بوو، بوو بە ڕۆژی ڕەستەخیز
کەف زەنان مەیخارە، وێران مەیکەدە، گریان چراغ
شەعشەعەی خورشید نیهان بوو لاڵ و کەڕ بوو نیلووفەر
مات و خامۆش ما وەفایی، وەك سەحەرگاهان چراغ

---

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان) × ٢

- م -

(١)

## گوڵ و یاسەمەن

فەرموویە کە من پادشەهی، حوسنی دلارام
خورشید و مەهن، ئایینەداری ڕوخی زیبام
فیردەوسی جەماڵم، بە نیهالی قەدی تووبام
یەعنی بە دولەب، ساحیبی ئیعـجازی مەسیحام
ماچێکی دەمم کافییە بۆ کوژتەیی بالاّم

فینجانی دەمت ساغیری یاقووتی ڕەوانە
وەك نەشئی حەیاتی دڵە، یا قووتی ڕەوانە
ئەو چاوە تەبیبە و بەڵەدی دەردی دڵانە
عیللەت چییە بـۆمن کە حـەکیمێکی نەزانە
جێی نەشتەری وی ئاگری بەردا دڵ و سووتام

ئەگریجەوو پەرچەم مەدەدی نێرگسی کاڵن
فەوجی حەبەشی لەشکری سوڵتانی جەماڵن
ئارایشی ڕوو، ڕەونەقی[1] باغ و خەت و خاڵن
هەریێکە لـەلایێ بە ئـومێدی سەر و ماڵن
بەو داوە ئەوی بەستەیە[2] خۆم و دڵی شەیدام

من سائیلی ئاشوفتەگیی زولفی دوتا بووم
تێك چووبوو لەمن[3]، عەنبەری تەڕ میسکی خەتا بووم
من هەم نەفەس و هەمدەمی شازادەوو شا بووم
تا دیـــم گــوڵی تــۆ، ئاشــقی ئان دامــی بلاّ بــووم[4]
سەرگەشتە ئەوێستا کە لە دووی گوڵبوونی بالاّم

ئەبرۆ و جەبین و ڕوخی بێ شیبهەو میسالن
تێکەڵ بە گوڵ و یاسەمەن و غەرقی لیئالن
بۆ موڵکی جەماڵی کە شەهنشاهی جەلالن
یا شـەمـس و قـەمەر قـەوس و قەزەح بەدر و هیلالن
وا جوملە هەڵاتن لە گریبانی گوڵەندام

---

[1] گەورك (ل ٨٦): ئارایش و ڕەونەقی باغ؟
[2] گیو (ل ٤٧): چۆن کەوتمە ئەوداوە.
[3] قەرەداغی (ل ٤٧): تێکچوو کە ئەمن؟!
[4] قەرەداغی (ل ٤٧): عاشقی ئەندامی بلاّ بووم.

خەت هاتووە دەوری لەب و ڕووی داوە لە سەردا
یاخۆ حەبەشی فایقە، داغی لە جگەردا
گوڵزاری دەمی پستەوو باغی گوڵی بەردا
یا لە شکری کێشاوە بەڕێی شیر و شەکەردا
شەڕیانە لەسەر کەعبەیی ڕووی کافر و ئیسلام
هەی میسکی خەتایی خەت و خەت گەوهەری کوڵمت
هەی سونبولی تەڕ، دووکەڵی سەر مەجمەری کوڵمت
سووتاوە وەفایی لە هەوای ئاگری کوڵمت
سا ئەودەمە وا بێنە، ئەتۆ بی و سەری کوڵمت
غەیری ئەوە بیللا نییە لەو لێوە تەمەننام

---

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوونی مەقسوور: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان) × ٢

## (٢)

## گوڵەکەی بەهاری

بڵێ پێم گوڵی بەهاریم[١]، لە تۆ تابەکەی جودابم
وەرەوە بە شەرتی جاران، ڕۆژی سەت جارت فیدابم
چاوی مەست[٢] و گۆشەی ئەبرۆت، دوودینیان کردم لەسەرتۆ
یا بمکە پیری مەیخانە، یا موریدی خانەقابم
سەرەکەم فیدات عەزیزم، وەرە زیز مەبە لەسەر دڵ
سەرە پایەبەندی تۆیە، دڵە ماڵی خۆت هەتا بم
شەو بە تای زولفت شێواندم، ڕۆژ بە تاوی[٣] ڕووت سووتاندم
چ خودا لە تۆ هەڵدەگری، بە شەو و بە ڕۆژ عەزابم
لەنێو مەنزەرەی دوو دەری، خۆشە سەیری مەوجی بەحری
وەرە سەرچاوم عەزیزم، چ دەکەی لە دڵی کەبابم
نەفەسێ مۆڵەت دە عومرم، بتبینم زولفەکەت بگرم
بە کەوەندی تۆوە بمرم، خۆشترە نەوەك ڕەهابم
غەمزەدەی نازی چاوت بم، مەیلی ئەبرۆی تۆ قەت نانێم
من کە هاتم قیبلەم گۆڕی، یاخودا کافربێ جەللابم
بۆیە گوڵەباغی دڵەکەی من، سارێژ بوو داغی دڵەکەی من
ڕەحمت کرد بە دڵم[٤] گوڵی من، بەندەی باڵاتم سەت شابم
داد لەبەر حوسنی فیتنەجۆ، دڵم دا بە زولف و ڕووی تۆ
لەلایە زوننار بە دووشم، لەلایە ڕوو بە میحرابم
سەگەکەی[*] ڕێبازی لەیلی، وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون

---

[١] ڕەوانشاد بابم کە وەفایی چاك دەزانی هەمیشە دەیفەرموو: بڵێ پێم گوڵی بەهاریم، بەڵام تەواوی دەستنووسەکانی کە لامانن نووسیویانە: بڵێ پێم گوڵەکەی بەهاری؟. ئەمن ئەو تەرانەم لە زبانی بابم نووسیوەتەوە.

[٢] گیو (ل ٥٧) خاڵی چاو و گۆشەی ئەبرۆت.

[٣] یاهو (ل ٣): ڕۆژ لەتاوی ڕووت سووتانم؟ (٤) قەرەداغی (ل ٥١): ڕەحمت کرد بە حاڵم.

[*] ئەم واژەیە زۆر ناحەز و نەگونجاوە، وەکوو ناسری حیسامی دەڵێ، بە ڕای سەید مستەفا ڕەنگە (سۆلەکەی) بێ، بەڵام وەفایی لەشوێنی دیکەش پەنای بۆ ئەم واژەیە بردووە، سەیری ئەم دێرە فارسییەش بکەن:

پای سگ بوسید مجنون خلق گفتند این چەبود؟
گفت این سگ گاهگاهی کوی لیلی رفتە بود!

(١) لە هەردوو چڵی (میصراع)ی ئەو بەندەیدا ڕستەکان پاش و پێش کراون.

**چاوم ئەو دەمەی لێ ڕوونە، خاکی بەرپێی ئاشنابم**

**غەرەزم چونکە پەنهانە، وەرەزم لەو جیسم و جانە**

**مەرەزم مەرگی دەرمانە، هەر ئەزم بۆ خۆم حیجابم**

**خوێنی گرتم چاوی بازی، جگەری بڕیم تیری نازی**

**دڵی من مەست و سەرخۆشم، جگەرە مەزەی شەرابم**

**وەرە ئەی دڵ تووری سینا، با بەدڵ بێ دیداری گوڵ**

**کە دڵ و دڵبەر بوونە یەك، چ بە ئارەزووی جەوابم**

**دەمەکەت بەدڵ وا بێنە، جێبەجێ ڕووحم بستێنە**

**توو خوادا دڵم مەشکێنە، موشکیلە کەوا من چابم**

**خۆش بوو لەگەڵ گوڵ، گوڵ پژکووت، گوڵپەڕم وەری لە یاقووت**

**لادە لێم وەفایی دەیگوت، تۆ گەدا من شا، بۆت نابم**

---

(٢) پایانە بەندی ئەو تەرانەی لە نوسخەی چاپی قەرەداغیدا دوو سێ بەند وەپێش کەوتووە و کاك قەرەداغیشی بڕێك دڕدۆنگ کردووە، وابزانم هەڵەیەکیشی تێدا هاتووە. ئەو بەندە بە دوو سێ جۆر لەسەر زبانانە و چاپ و بڵاویش کراوەتەوە، بە ڕەنگی ژێرەوە وا وێدەچێ لە هەموان دروستتر بێ:

خۆش بوو لەگەڵ گوڵ، گوڵ دەپژکووت، شەکر دەباری لە یاقووت

لادە لێم وەفایی دەیکوت، تۆ گەدا من شا بۆت نابم[**]

(**) ئەم نیوە دێرەی یەکەم بەم شێوەیەش کە سەید ئەیوبیان دەڵێ لەڕووی کێش و ئاهەنگەوە هەر لەنگ و نادروستە، بەم جۆرە دروست دەبێ؛ (خۆش بوو لەگەڵ گوڵ پژکووت).

سەبارەت بە کێشی تێکستەکەش وا دیارە کەوا لەگەڵ کێشی عەرووزی نایێتەوە، بۆیە عەزیز گەردیش لە کتێبەکەیدا (ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی) ئەم پارچەیە و ئەوەی دواتریشی بواردووە. بۆیە پێویستە حیسابی کێشی بڕگەیی بۆ بکەین، ئەوسا بەگوێرەی ژمارەی بڕگەکان و وەستانی ناوەڕاستی (شیعری و سیمانتیکی)، لەتە دێرەکان دەستنیشان دەکرێن:

| | | |
|---|---|---|
| پێم بڵێ گوڵەکەی بەهاری | | لەتۆ تا بەکەی جودابم |
| وەرەوە بەشەرتی جاران | | ڕۆژێ سەت جارت فیدابم |
| ( ٤ + ٤ ) | + | ( ٤ + ٤ ) |

ئەنجا بەم شێوەیە هاوکێشی دێرەکان دێتەدی و تێکستەکە دەبێتە هۆنراوەیەکی (٨) بڕگەیی. بۆیە لە نووسینەوەی هۆنراوەکەش دەشێ ئەم پێڕەوە جێبەجێ بکرێت.

## (٣)

## بوومە ئەفسانە

هەرێ هەی[١] بە زولف و ڕوخسار، سەنەمی چین، ماهتابم
دەمەکە و خەندەکەی نیگاهت، نمەك و مەزەی شەرابم
من لەبەر نیگاهت بمرم، تۆو سەر و غەمزەکەی[٢] جەلابم
پێـم بڵـێ گوڵەکەی بـــەهــــاریم، لـەتـۆ تابەکەی جودابم
وەرەوە بە شەرتی جاران، ڕۆژێ سەت جارت فیدابم
لە وێرانەی دڵی شێواوم، شین[٣]و واوەیلایە و ڕۆڕۆ
ئاورێك بەربۆتە هەناوم، دێتە دەر لە هەناسەم بۆسۆ
بوومە ئەفسانەی وڵاتان، شاربەشار، ماڵ بەماڵ، کۆبەکۆ
چـاوی مەست[٤]و گـۆشەی ئەبرۆت، دوودینیان کردم لەسەر تۆ
یا بمکە پیری مەیخانە، یا موریدی خانەقابم
تۆ فریشتە و مەلەك و پەری، گوڵدەم و گوڵبەر و دڵبەری
لالەڕەنگ و فەڕەنگ و چینی، شۆخ و شەنگ خەتا و بەربەری[٥]
ناسك و نازەنین و شیرین، ئاوێنەی ڕۆژ ڕەنگ ئاوەری
لـــەنێو مـــەنزەرەی دوودەری، خـۆشـە سـەیری مـەوجی بەحری
وەرە سەرچاوم عەزیزم، چ دەکەی لە دڵی کەبابم
ئەو شۆخە بە تاری زولفان، زنجیری کردم دێوانە
ڕووحمە ڕووحی کێشاوم، ڕووح نییە لە ڕووح بێگانە
ئاشکار و دیار و مەخفی، دوور نییە نێزیکە جیرانە
غـەرەزم چونکە پەنهانە، وەڕەزم لەو جیسم و جانە
بۆ دەردم مەرگە[٦] دەرمانە، هەر ئەزم بۆخوم حیجابم

---

[١] وەکی لە میرزا قادری حەمەلاوی ئوەیسی سابڵاغیم بیستووە و ئەو بۆخۆی لە مامۆستا وەفایی فێر ببوو، ئەنجا سـەید حەسـەنی کابـانی و سـەعیدی مـاملێ و کـاك متـەلیبی عابیـد لـەوی فێـری هـەواکانی وەفـایی دەبـوون. دەنـا لـە هـەموو دەستنووس و چاپەکانی دیوانی وەفاییدا: ئەرێ ئەی... هاتووە[*].

[٢] (ئەیوبیان — ل ٦٤)، (مودەڕیسی — ل ٥٣): تۆ سەر و زولفەکەی...

[٣] قەرەداغی (ل ٤١): شیوەن و

[٤] گیو (ل ٥٧): خاڵی چاو و گۆشەی ئەبرۆت.

[٥] سەرزارەکی بیستوومە: شۆخ و شەنگی گوڵی گوڵبەری؟

[*] ئەمە لەژێر تاوی بە ئاواز و گۆرانی گوتندا وای لێ هاتووە، بۆیە پێم وایە دەقە ڕەسەنەکەی (ئەرێ ئەی) بێت.

[٦] یاهوو: مەڕەزم مەرگی دەرمانە.

ڕووحەکەم ڕووی خۆت بنوێنە، تابەکەی کوژتەی نازت بم
دەمەکەت وەتەکەللوم بێنە، تا نەمردووم هاوڕازت بم
جارێکی بە کەرەم بمدوێنە، بە فیدای[1] دەنگ و ئاوازت بم
مـەیلی ئەبــرۆی تۆ قـــەت نانێم، غەمزەدەی چاوەکەی بازت بم
من کە هاتم قیبلەم گۆڕی، یاخوا کافربێ جەلابم

بەزەییت ئەر هەبێ یانەبێ، بەندەیی بالاّت سەت شابم
توو خوا دڵەکەم مەشکێنە، من کەوا عاشقێکی چابم
سەرە پایی بەندی تۆیە، دڵە ماڵی خۆت هەتابم
سەرەکەم فیـدات عەزیزم، وەرە زیز مـەبە لەسەر دڵ
بە کەوەندی تۆوە بمرم، خۆشترە نەوەك ڕەهابم

عاشقی وا دەبێ بە هەموو دەم، چاو پڕ ئاو دڵ بڕاو و مەحزوون
پێی هەوای، بشکێ پێی نەمینێ، غەیری هوو لە دەروون و بیروون
خاکی ڕێی دڵبەر وەبزانێ، سورمەیە بۆ چاوی پڕ خوون
سەگەکەی ڕێبـازی لەیـلی، وەرە سەر دووچـاوی مەجـــنوون
دنیام ئەو دەمەی[2] لێ ڕوونە، خاکی بەرپێی ئاشنابم

کوتم ئەی شاهی دڵنەوازان، مانگ و ڕۆژن موشتەری ڕووت
دڵی چاکی پاکبازان[3]، پێ بە داوی زولفی جادووت
لە غەمی ویسالی ڕووی تۆ، جگەر و هەناوی من سووت
خـۆش بوو لەگەڵ گوڵ، گوڵ دەپشکووت، شەکر دەباری لە یاقووت[*]
لادە لێم وەفایی دەیکوت، تۆ گەدا من شا بۆت نابم

---

[1] قەرەداغی (ل ٤٩): من فیدای.

[2] قەرەداغی (ل ٤٩): دونیام ئەم ڕۆژە.

[3] (گیو — ٥٨)، (قەرەداغی — ٤٩): دڵی چاکی پاکی؟!.

[*] ئەم تێکستەش لەسەر کێش و ئاهەنگی تێکستەکەی پێشوو (گوڵەکەی بەهاری)یە. وەفایی لە شێوەی موسەممەتی پێنجین لەسەر بنەمای تێکستەکەی یەکەم دایمەزراندووە، بەلاّم لە کۆی (١٥) دێردا، (١١) دێری وەرگرتووە، ئەویش بە شێوەیەکی نارێك و (١١) بەندی شێوە پێنج خشتەکی لێ ساز کردووە. بەلاّم پێنج خشتەکی نین، چونکێ بەندی پێنج خشتەکی دەبێ هی دوو شاعیر بێت، سەبارەت بە کێشی شیعرەکەش دەبێ بڵێین کەوا ئاڵۆزی تێ کەوتووە و هاوژمارەیی بڕگەی لەتە دێرەکان لەبەندەکاندا پارێزراو نییە، بۆیە یەکدەستی و هاوئاهەنگی کێشەکەی ئاڵۆزکاوە.

## (٤)

## قومری

دەمێك ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم

به جامێك دەستی من بگرە فیدای پیری موغانت بم

له دوولا مەست و حەیرانم، به قووەی جەزبە نازانم!

نە سەرگەردی سەر و گەردن، نە قوربانی لەبانت بم

چ خۆشە وەجدی سەرو و گوڵ، به دینی قومریی و بولبول

دەمێك شەیدای قەد و باڵات، دەمێك شێتی دەهانت بم

له نیشانەی پەڕەی جەرگم، نەوەستا تا نەگەییە دڵ

به قوربانی خەدەنگی دەست و بازووی چاوەکانت بم

بەبێ ئیمدادی خاڵی گەردنت، دەردم شیفای نایا

مەگەر بێم دەستودامانی گەلاوێژی بەیانت بم

شیفای دام غەمزەکەی چاوت کەوا خوێنی دڵی گرتم

به قوربانی موداوایی، حەکیمی حاڵزانت بم

له وەسڵی ڕوویی تۆی کردم، حیجابی پێچشی زولفت

هەتاکەی دڵشکەستەی دەرد و تەعنەی باغەبانت بم

موقیمی خاکی دەرگای تۆ، حەریمی جەننەتە جێگای!

له لوتفی تۆ چ کەم نابێ، منیش ڕیزەی سەگانت بم

به زولفی پڕ له هاواری دڵان کەوتووم، دەسا ڕەحمێ!

ئەمان سەرقافڵەچی، قوربانی زەنگی کارەوانت بم

لەوێ ڕۆژێ کە ڕووت وا کرد و لێت پرسیم هەتا دەمرم

به بۆی جەننەت دەبێ هەر من لەسەر ڕازی نەهانت بم

برۆت تێك نا، دەمت وێك نا، له دەریای لوتفی تۆ دوورە!

له قوربی قابەقەوسێن و مەقامی لامەکانت بم

ئەمن کـورد و دڵ ئوفـتادە، ئەتۆ شـاهی عـەرەب زادە[1]

مەگەر بمرم به بەختی خۆم، دەمێکی هاوزەبانت بم

به یادی زولف و ڕووی تۆ وەك وەفایی هەر دەناڵێنم

دەبێ تا ڕۆژی مـەحشـەر تازیەدار و ڕەوزەخانت بم

---

[1] گیو (ل ٥٦): ئەتۆ شۆخ و عەرەب زادە.

- ئەم دێرە بەم شێوەش هاتووە:

ئەتۆ شاهی عەرەب زادە، ئەمن کوردێکی ئوفتادە

مەگەر بمرم به بەختی خۆم، دەمێکی هاوزبانت بم

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

## (٥)

# هەر بنالْم[١]

خۆشە ڕۆژێ لە عالەم دەربەدەر بم     لەنێو ئەوزاعی دنیا بێ خەبەر بم
لەبەر بێ تاقەتی دێوانەئاسا     لە غەوواسانی دەریا بێ خەبەر بم
شەو و ڕۆژێ لە چۆلی هەر بەناڵە     حەریفی شەوڕەوی بایی سەحەر بم
نەزانی هیچ کەس، ناوونیشانم     ئەگەر عاقڵ، ئەگەر ئاشوفتەسەر بم
لە هەر لا با بسووڕێنێ غوبارم     لە هەر جێگایی پێوێستا سوپەر بم
چرایە هەڵکرێ جانا لە نێو دڵ     لە ڕووناکی دڵی یار باخەبەر بم
لەبەر چاوی تەڕم سۆرانی بڕزێ[*]     گەهێ بێ داك و گاهێ بێ پدەر بم
خودا چۆن خۆم بسووتێنم بەجارێ     لە دەرد و داخی ئەحواڵم بەدەر بم
شەوێ هەر تاکوو ڕۆژێ هەر بناڵم     بە گریان دەستودامانی سەحەر بم
چ ڕێگەی چارە نابینم وەفایی     مەگەر سەر تا قەدەم غەرقی نەزەر بم

---

[١] بڕوانە:
- دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان، چ ١، ١٩٥١، ل ٤٣ — ٤٤.
- دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، ١٩٧٨، ل ٥٤.

تەرانەی سەرەوە لە هیچ یەك لەو دەستنووسانەی کە لە دەستی ئێمەدان و هەروەها ئەو دەستنووسانەی کە دەستی کاك محەمەد عەلی قەرەداغی کەوتوون نەهاتووە، جا ئەوجار مامۆستا گیو لە کوێی وەدەست کەوتووە نازانم؟ لەو نوکتانەی کە سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێ، وە دڕدۆنگمان دەکەن کە ئەو تەرانە ڕەنگە ئی مامۆستا وەفایی نەبێ ئەوەیە:

أ: لە پاوەند (قافیە)ی ئەو تەرانەدا سێ جار "خەبەر بم" و دووبار "سەحەر بم" پاتە کراوەتەوە، کە وە زووبانی شیرین و سوار و پاراو و نوکتەزانی وەستایانەی وەفایی ناچێ!

ب: بۆیە وا دیار دەکەوێ کە ئەو تەرانە سوار و پاراو و لەبار نییە!، وە لە ڕاوەژیش دا زۆر کزە و ئەگەر بە ڕاستی ئی مامۆستا وەفایی بێ دەبێ ئی دەوروبەری لاوەتی و تازەکاری باوێژی ئەوبێ؟!.

[*] لام وایە ئەمە دەبێ هەڵەی نووسەرەکانی دەستنووسەکان بێت و ڕاستییەکەی وابێت؛ (سوورایی بڕژێ).

کێش: هەزەجی شەشی مەحزووف: (مفاعیلن مفاعیلن فعولن) × ٢

## (٦)

## هەوپای

ئەگەر بێ یادی زولف و چاوەکەت یەك لەحزە سابیر بم

ئەسیری بەندی کافر[١]، کوژتەیی بێدادی ساحیر بم

ویسالی خاڵەکەی لێوت، حەیاتی عاشقە ئەمڕۆ

بەحەققی ساقیی کەوسەر، بلا لەو بەزمە حازر بم

نیگاهی گەرمی تاراجی، هەموو دەرد و غەمە وەك مەی

کوشەندەی میحنەتە، قوربانی نەشئەی لێوی ساغەر بم[٢]

بە جەزبەی خاڵی ڕووت، بەڵکوو بە باغی حوسنی تۆ شادبم

دەبێ من هەر لەسەر ئایینی ئیبراهیمی ئازەر بم

کەمەندی زولفەکەی تۆ بمگرێ، من عاشقی ڕووتم

مراد و مەتڵەبێکی دیم نییە غەیرەز تۆ کافر بم

وەکوو پەروانە دەگریم و دەسووتێم، دوور لە زولفی تۆ

هەتاکەی من لە داخی تۆ، حەریفی ئاو و ئاور بم

بە خەندێکی دڵی بیماری ئەو چاوانە مەشکێنە

لە ئەم گوڵقەندە مەحروومم مەفەرموو، بەڵکوو چاتر بم[٣]

وەفایی گەر بە هەوپای وەسڵی زاری، دڵ مەدە زولفی[٤]

موحاڵی عەقڵە جەمعییەت، کە من ئاشوفتە خاتر بم

---

[١] (مودەڕیسی — ٧٥)، (ئەیوبیان — ٨٨): دەستی کافر.

[٢] گەورك (ل ١٣١): دەوری ساغەربم.

- گیو (ل ٤٤): لێوی ساحربم.

[٣] گیو (ل ٤٥): مەکە سا بەڵکوو چاتربم.

[٤] (مودەڕیسی — ٧٥)، (ئەیوبیان — ٨٨): دڵ بدە غەمزەی.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

## (٧)

## میهر و وەفا

ئەی حوققەیی شەهد و شەکەرت ئابی حەیاتم
مردم، بە بەدەن بێنەوە بەو ئاوە حەیاتم

ئاهوو کە دەکا جیلوە، چ شیرینە نیگاهی
یەعنی بە فیدای غەمزەیی دوو چاوی سیاتم

سەودایی زولفی سیەهت نیم، بە هەوایی
تا ڕۆژی وەفاتم بە تەمای مێهر و وەفاتم

بڕوانە چلۆن شۆقی جەماڵت[1] لە دڵی دام
بڕوانە بەدڵ، سووختەیی شۆقی چراتم

هەر چاوەنوارم، کە کوتت دێم و نەهاتی
یاڕەب مەدەدێ، سالیکی ڕێی هات و نەهاتم

دڵ جیلوەگەهی[2] جێی قەدەمی تۆ بووە دیدەم
هەرچەندە کە دوورم بە دڵ و دیدە لە لاتم

سەرگەشتەیی سیڕڕی دەمی تۆم بەم ڕوخە دایم
گۆیا کە دەقیقە ژمەری ڕۆژ و سەعاتم

بەو ڕەنگە دڵم داوە بە سیحری سەری زولفت
تا دڵ هەیە مومکین نییە لەو داوە نەجاتم

گرتوومی قولاپی موژە بۆ خزمەتی ئەبرۆ
یەعنی کە وەفـایی وەرە من قیبلەنوماتم

---

[1] گەورك (ل ١٠٥): عەکسی جەماڵت.

[2] گەورك: دل جیلەوەگە هو.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢

## (٨)

## کوردانە

هەی نەشئەی خەندەی زارت، شیرین کانی حەیاتم[١]

عیشوەی زولف و عوزارت موژدەی شەوی بەراتم

فەرمووت تۆم نەمری نایێم، ناشهێڵم بێیە سەرجێم[٢]

وەعدەی گوڵان[٣] بەخێر بێ، هەر چاوەڕێی وەفاتم

خۆزگەم بەوەی لە دووی تۆ، هەر دەنواڕێتە ڕووی تۆ

مردم بە ئارەزووی تۆ، قوربانی ئاشناتم

بە تیرێك دوو نیشانە، شایانی شای کوردانە[٤]

قوربانی دەست و بازووی، ئەو چاوی سوورمەساتم

ئەو تیرەی دات لە جەرگم، دەرکەوت ئاساری مەرگم

فەرمووت کە دێ بەسەر بێ[٥]، بەختم نەبوو نەهاتم

چی عیشقی تۆی لە دڵ دا، دەستی لە ئاب و گڵ دا

داغی شێواوی ڕووتم، کوژتەی ڕەقس و سەماتم

تیرت قەراری دڵ بوو، ئارامی دا بە جەرگم

با دڵ دڵی نەمینێ، ئەوجارەکەش حەیاتم[٦]

ئەی ساقیی خەرابات، قەترێك ئاوی حەیاتی

ئامان دەستی منت دامان، سووتاوی نێو زوڵماتم

ساقی چاوت بنوێنە، زوهد و تەقوام بستێنە

قوربانی جامێکی مەی[٧]، هەموو سەوم و سەڵاتم

---

[١] ئەم نیوە دێرە بە چەند شێوە هاتووە:

- ئەیوبیان (ل ٢٥): ئەی نەشتەی خەندەی زارت، شیرین ئاوی حەیاتم.

- قەرەداغی (ل ٥٦): ....... شیرین کانی حەیاتم؟!.

- گەورك (ل ١٦٢):

ئەی نەشئەی خەندەی زارت، شیرین کانی حەیاتم عیشوەی زولف و عوزارت موژدەی شەوی بەراتم

[٢] قەرەداغی (ل ٥٦): ناژیم بێیە بەسەر جێم؟.

[٣] قەرەداغی (ل ٥٦): وەعدەکان.

[٤] (قەرەداغی — ٥٧)، (ئەیوبیان — ٢٥): تورکانە.

[٥] گەورك (ل ١٦٢): کە دێ بەخێربێ؟.

[٦] مودەڕیسی (ل ٢٦): ئەو جارەکەش فیداتم.

[٧] قەرەداغی (ل ٥٧): قوربانی جامێك مەی بێ.

موتریب ها دەی ڕووحانی، لێی دە تاری سوبحانی

شاباشی سۆزەی نەی بێ، هەموو جومعە و جەماتم؟

نوێژێکی گێژ و وێژبێ، بە ڕیا و دوور و درێژ بێ

موشکیل ئەو پووشە وشکە، بێتە مایەی نەجاتم

دڵ پڕ خەو و خەیاڵات، دەم بە زیکر و موناجات

زەحمەت بە ڕۆژی تاریك، خۆش بێ وەقت و سەعاتم

دەمێکە دڵ بڵاوە، بەو زولفە پێ بەداوە

یاخودا بە ڕووت گوشادبێ[1]، غەریبی دوور وڵاتم

نەمزانی گوڵ دەپژکووت، شیرین بە لێوی یاقووت

یا تۆ بە خەندە فەرمووت، حوققەی شەهد و نەباتم

گوڵ عەتری خۆی بڵاو کرد، دنیای پڕ لە گوڵاو کرد

لاڵ بوو ژیانی بولبول، کوژتەی زات و سیفاتم

خۆشخانی مەجلیسی گوڵ، بێنەوە جۆش ڕووح و دڵ

بێ حاڵە زۆر وەفـــــایی، فیدای دەنگ و ســــــەداتم

---

[1] قەرەداغی (ل ٥٨): یاخودا بڕۆت کشابێ.

کێش: موزاریعی هەشتی ئەخرەب: (مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن) × ٢.

## (٩)

## تاكەی دەفەرمووی

نیگارا، دڵبەرا، نامیهرەبان یاری جەفاكارم

بەزاری كوشتمت، تاكەی دەفەرمووی من وەفادارم

دەڵێی مورغی شەوئاهەنگە، لە دەوری نووری[١] دیدارت

لە حەڵقەی زولفی تۆ دێ، دەم بەدەم ناڵەی دڵی زارم

بە دەردێ موبتەلا بووم، عارف و عامی[٢] كە حەیرانن

مەگەر چاوی نەخۆشی تۆم، نە مەخموورم نە وشیارم

گەهێ سووتاوی ئەبرۆتم، گەهێ پابەندی گێسووتم

لەلایێ ڕوو بە میحرابم، لەلایێ دڵ بە زوننارم[٣]

نیشانەی قاتڵی نا میهرەبانم، زاهیرە یەعنی

فەڕەنگی خەت و زەنگی زولف و هیندووخاڵە، دڵدارم

بەتاوی زولف و چین و توڕڕە، دین و دڵ دەبا چاوی

دەڵێی من خانەزادی[٤] ئاهووانی چین و تاتارم

وەسییەت بێ كە مردم، تەخت و تابووتم لە عەرعەركەن

هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی قامەتی یارم

وەفـــــایی دوور لە تۆ، پەیوەستە كاری شین و ناڵینە[٥]

لەبەر چاوت بە سەت جێ، وەك نیشانەی دڵ بریندارم

- لە دیوانی وەفایی مامۆستا گیودا، ئەو تەرانەیە تێكەڵی تەرانەیەكی "نالی" بووە:

حەنایی كردووە پەنجەی لە خوێناوی دڵی زارم...

بڕوانە: دیوانی نالی، چاپخانەی كوردستان، چ١، ١٩٦٢، ل: ٣٦.

- دیوانی وەفایی، چاپخانەی كوردستان، هەولێر، ١٩٥١، ل ٥٠ — ٥١.

[١] قەرەداغی (ل ٥٨): صوبحی دیدارت.

[٢] قەرەداغی: جاهیل و دانا كە حەیرانن.

[٣] قەرەداغی: لەلایەك.... لەلایەك ڕوو...

[٤] دیوانی وەفایی زۆربەی دەستنووس و چاپەكان: خانە زادەی؟

[٥] قەرەداغی (ل ٥٩): حاڵی، شینە، گریانە.

كێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

## (١٠)

## یاری

به گوڵزاری کەرەم[١] قوربان، دەپرسی گەر لە ئەحواڵم
نەخۆش و سەرخۆش و مەست و خوماری چاوەکەی کاڵم
پەرێشانم، بڵاوم، تێکشکاو[٢]و خاو و شێواوم
دەڵێی شاماری زولفی تۆم، لە دووی تۆ شێت و عەبداڵم
بە نازی چاوەکەی بازی، کە بازی[٣] دام هەتا پیربووم
دەترسێم هەر بە بازی بمکوژێ، ئەو یاری منداڵم[٤]
نە داغی جەرگی خۆم زانی، نە مایەی بەرگی خوێنینم
شەهیدی دەستی عیشقم، لالەڕەنگم، من کەڕ و لاڵم
دڵی بێ هۆش و گۆشم، موددەتێکە هەر دەناڵێنی
خودا ڕەحمێ بکەی بەو مورغی وەحشی[٥] بێ پەڕ و باڵم
بفەرموو با پەرێشانم نەکا، زولفت لەسەر ڕووی تۆ
ئەمان یا کاشیفی زوڵمەت، دەخیل ئەی شەوچرای ماڵم
بۆخۆت سەرمەشقی زولف و دەرسی باڵات دام، ئەمن[٦] چ بکەم؟
نموونەی دەستخەتی خۆتم[٧]، ئەگەر ئەلفم، ئەگەر دالم
ئەمن ئوفتادە بووم، تۆ خۆت بە ڕەحمەت دەستگیرم بووی
پەشیمانی نەشێوەی تۆیە، ئەی خورشیدی ئیقباڵم
ئیشارەی چاوو عیشوەی زولفەکەت بوو، مورشیدی ڕێگام
ئەگەر دەیری موغان قیبلەم، ئەگەر زوننارە بەرماڵم
بە تیغی غەمزە[٨] ئەمن و تەرکی ڕووی تۆ، قەت مەڵێ قوربان
ئەگەر قیمەم بکەن، هەر ڕۆژ پەرستم، هەر بە یەك حاڵم

---

[١] یاهو (ل ١٢): بە ئیزهاری کەرەم "به اظهاری کرم".
- قەرەداغی (ل ٦٠): بە گوڵزاری ئیرەم.
[٢] قەرەداغی (ل ٦١): تێك شکاوم.
[٣] گەورك (ل ١٦١): بەنازی چاو کە وەك باز بازی دام هەتا پیربووم.
[٤] گەورك (ل ١٦١): ئەو یارە منداڵم؟
[٥] قەرەداغی (ل ٦١): بەو مورغی حەپسی؟!
[٦] قەرەداغی: ئەز چبکەم.
[٧] گەورك : نشان و دەستخەتی خۆتە.
[٨] (ئەیوبیان، مودەڕیسی ـ یاهو، گیو): بەتیری غەمزە (غمزە)؟

**ئەمن هەر تۆم دەوێ، جا چم لە ڕووحم[1]و، چم لە دین داوە!**

**بە قوربانی تەماشاییێکی تۆ، سەت جار سەر و ماڵم**

**لە تاو دەردی دڵی دێوانە، خوێن دەگریم و نازانم**

**نە خەستەی چاوەکەی مەستم، نە ڕەنجەی پەنجەکەی ئاڵم**

**بە مەرگی من بە ڕەمزێکی بڵێ بەو چاوە حاڵیم کە**

**ئەتۆ نازدار و بیماری، ئەمن بۆچ زار و بێ حاڵم**

**کوتی: بۆ کوێ دەبەی ڕووحت وەفایی؟ دەوریان گرتی**

**نیزامی پەرچەمم، سەربازی زولفم، عەسکەری خاڵم[2]**

---

[1] قەرەداغی (ل ٦١): من چم لە ڕووحم.

[2] لە قەرەداغی و چەند دەستنووسی دیکەدا هاتووە:

نیزامی پەرچەم و سەربازی زولف و عەسکەری خاڵم؟

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعلین مفاعلین مفاعلین مفاعلین) × ٢

## (١١)

# فەرمووت

نەخۆش و مەستی دووچاوی کاڵم … حەقم بە دەستە ئەگەر بناڵم
بە غەمزەی چاوت بە خەندەی زارت … بردیان بە غارەت خەو و خەیاڵم
فەرمووت چلۆنی؟ چ بڵێم عەزیزم … دوور لە باڵای تۆ[١] کافر بە حاڵم
بە یادی چاوت، چوومە خەرابات … لە ڕەهنی مەی دا[٢] خەرقە و بەرماڵم
من مورغی قودسی، لە لامەکانم[٣] … خودایە ڕەحمێ[٤]، شکستە باڵم
شەوێکە تاریك، ڕێییێکە باریك … هەر بە هومێدی چرای جەماڵم
بە تیری نازت، بڕاوە جەرگم … بە چاوی بازت نەماوە حاڵم
وەك من گراوی، داوی زولفی تۆم[٥] … گاور نەگیرێ[٦]، بە داوی زاڵم
خۆش بەو دەمانە گوڵ گوڵ دەپشکووت … شەکر دەباری، پرسی لە حاڵم
سەبا دەخیلم، هەتاکوو ماوم! … بڵێ بە زاری بە ڕووبەخاڵم
دەمێکی با بێ، دەوای دڵم کا … بە چاوەکانی، گەلێك بێ حاڵم[٧]
کوژتەی باڵای تۆم بە سەرگەردت بم … وەك زولفی شێواو بۆ تۆ عەوداڵم
وەفایی چی دیت لە سەر بگێڕێ؟ … نــەما لەسەر تۆ، نە سەر نە ماڵم

---

[١] قەرەداغی (ل ٦٢): دوور لە زولفی تۆ.

[٢] دەستنووسێکی کۆنی نووسەر، (بۆ لەمەودوا نووسەر): دامە ڕەهنی مەی؟

[٣] گەورك (ل ١١٤): لە لامەکان بووم.

[٤] گەورك: ئیلهامی رەحمێ.

[٥] قەرەداغی: وەك من بەچاوت یەخسیری زولفم.

[٦] قەرەداغی: کەس وا نەگیرێ. — گەورك: کافر نەگیرێ.

[٧] نووسەر: بە چاوەکانی حاڵی کا حاڵم.

کێش: ڕەجەزی چواری موڕڕەفەل: (مستفعیلاتن مستفعیلاتن) × ٢

## (١٢)

## پێکەنینت

"یادی عەبدولقادری بازەڵڵا"

گا دەسووتێم گا دەگرییێم[1]، غەرقی ئاو و ئاورم

ئاخ لەبەر بەختی سیا، نازانم ئەز بۆچ نامرم

هەرکە دەتبینم دەڵێی تۆ شەمع و من پەروانەتم

تا سەراپا نەبمە کۆی زووخاڵ، ئارام ناگرم

هەر ڕەگم تارێکە، ناڵەی دێ لە شەوقی ڕوویی تۆ

عەندەلیبم، موتریبم، خۆشخوانی گوڵ، ڕامیشگەرم

زولف و ڕوو، باڵاوو ئەبرۆ، خەت و خاڵ و چاوی کاڵ

لەو تەلیسمی هەفتخان، زۆر موشکیلە ڕوح دەربەرم

عەکسی زولف و ڕووتە مایەی، جۆششی گریانی من

چبکەم ئاخر، چاو پڕئاوی دوودی عوودی مەجمەرم

حەقمە خوێن بگریم، لە بێدادی خەت و جەوری نیگاه[2]

من کە گیرۆدەی فەرەنگ، یەخسیری دەستی کافرم

پێکەنینت جەزبی کردم، بەو سەر و زولفی سیات

تووتیی شیرین کەلام! پابەندی داو و شەککەرم

گا پەرێشانی ڕووح و گا دڵشکستەی قامەتم

هەر وە زولفی تۆ دەچم، سەرگەشتەوو سەودا سەرم

گەر بە ناز هەر دەمکوژی، با تێر ببینم چاوەکەت

لێم گەڕێ جارێ بە کووچەی مەیفرۆشان ڕابرم!

دوور لە تۆ زۆر بێ قەرار بووم، تا بە لوتفی چاوەکان[3]

زەحمەتت دا بەر تەبیبان، هاتی ئەوڕۆ چاترم

حاسڵی سەیر و سلووکم چوو بە خەندەی لێوەکەت[4]

گا بەقا، گاهێ فەنا، گا غایب و گا حازرم

زاهید ئینسافت هەبێ، تۆ چت لە ڕیندی بادەخار

تۆو بەهەشت، تۆو حوور و غیلمان، ئەمن و چاوی دلبەرم

وەك وەفـــایی دڵ بدە، دین دانێ بۆ ساحێب دڵێك

دا بزانی بۆچی من، عاشق بە حوسنی مەزهەرم[5]

---

[1] گیو (ل ٤١): گاه دەگرییێم گاه دەسووتێم.

[2] گیو (٤١): جەوری نیگات.

[3] گیو (٤١): تا بە لوتفی چاوی کاڵ.

[4] قەرەداغی (ل ٦٠): بوو بە خەندەی زاری تۆ؟

[5] بە بەڵێنی مامۆستا گیوی موکریانی وەفایی ئەو تەرانەی لە بۆ شەهیدی نیشتیمان حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی غەوسی سانی داناوە و پایانە بەندی وا هێناوەتەوە:

**وەك وەفایی دڵبدە، دین دانێ بۆ ساحێب دڵێك          تا بزانی بۆچی من عاشق بە حوسنی قادرم**

**هەڵبەتە لە زۆربەی دەستنووسەكان و چاپی موحەمەد عەلی قەرەداغیدا نە ڕوانەورێك (ئیشارەتێك) بەو نوكتە كراوە نەنێوی قادریان لە پاوەند و پایانە بەندڕا هێناوەتەوە، تەنیا لە ڕێكەوەندوولەی – گوڵبژێرێك لە بەند و باوەكانی وەفایی – یادگاری دەستنووسی مام كەریمی یاهودا كە لای منە، پابەند و پایانەبەندی دەگەڵ ئی مامۆستا گیوی وەك یەك دەچن. بڕوانە:**

- **دیوانی وەفایی، چاپخانەی كوردستان، هەولێر، ١٩٥١، ل: ٤١.**
- **دیوانی وەفایی، دەستنووس و یادگاری، یاهویی مەهاباد، ؟، پەڕی ٥.**

**كێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢**

## (١٣)

## قومری

تا بادی خەزان دای[١] لە گوڵ و بەرگی ڕەزانم / سەت جێ[٢] وەکوو بولبول، بە جگەر داغی خەزانم
وەك بەرگی گوڵم دی، کە بە با چوو بە ئەسیری[٣] / کڕ کەوتم[٤] و شێت بووم، عەبەسام لاڵ بوو زبانم
قومری وەرە تاکوو دەمرین، پێکەوە بگرین / تۆ سەروی ڕەوانت چووە، من ڕووحی ڕەوانم
بولبول وەرە تا ڕووحی من و تۆیە بناڵین / تۆ باغی گوڵانت چووە، من داغی دڵانم
هەی مەعدەنی شیر و شەکەر، ئەی گوڵبەر و دڵبەر / ئەی تازە گوڵی دارە گوڵی باغی جینانم
کەس سیڕڕی دەم و عیشقی میانی نەدەزانی / ئەشکم بووە غەممازی هەمموو ڕازی نیهانم
تۆ چونکە لە لەیلی گەڵێ شیرنتری، بۆیە / مەجنوونی دەر و دەشتم و فەرهادی زەمانم
ئیشم هەموو ناڵینە، لە ئێشی دڵی ڕیشم! / کارم هەموو گریانە، لەبەر دەردی گرانم
بۆ گەردنی تۆ، بوومە ئەسیری سەری زولفت / من مورغی شەباوێزم و عاشق بە بەیانم
جان بەخشە دەڵێن ماچی دەمت وەقتی تەبەسسوم / یاخوا نەمرم، موعجیزەی ئەو سیڕڕە بزانم
جەزبەی نیگەهت هۆشی[٥] نەهێشتم، بە بڕۆی تۆ / قیبلەم چووە، تا مەستی مەیی پیری موغانم
فەرمووی کە دەگەڵ هاتم ئەتۆ ڕوح بدە، چاوم / سا ساقی، دەجا جامێ بدە، هەر نیگەرانم
چاوت بە نیگەه کردن و، زارت بە تەبەسسوم / هاتن بە تەمای غارەتی عەقڵ و دڵ و جانم
ئەو مەستە سوارێکە[٦]، منیش تازە بەهارێك / ئەو ڕاوی شکارێکە، منیش کاس و نەزانم

کێو هاتنە سەدا و ناڵە، بە گریانی وەفایی
جارێکی لە تۆ کاری نەکرد، ئاه و فوغانم

---

[١] گەورك (ل ١١٦): دایە گوڵ و؟

[٢] دەستنووسی کۆنی نووسەر: سەت گوڵ.

[٣] (ئەیوبیان — مودەڕیسی): بە ئەسیری کە بەبا چوو.

[٤] زۆربەی دەستنووسەکان و نوسخە چاپییەکان: "کرد، گرد کەوتم"؟.

[٥] قەرەداغی (ل ٦٤): خۆشی؟!

[٦] قەرەداغی: ئەو دەستە سوارێکە؟!

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزوف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢

## (١٤)

## نەی

به جارێکی تەماشای تۆ، فیدات بم هاودڵ و دینم

ئەگەر سەت جار قیامەت بێ، دەمێکی هەستە بتبینم

بە غەمزەی چاوەکەت دەتکێ لە جەرگم خوێن و نازانم

نە خەستەی پەنجەیی بازم، نە ڕەنجەی[١] دەستی شاهینم

مەگەر زولف و ڕوخت وەك لالە حاڵیم کا[٢] کە من بۆچی

جگەر سووتاو، سەراپا غەرقی مەوجی بەحری[٣] خوێنینم

وەکوو نەی کون کونە جەرگم لەتاو هیجرانی تۆ، بۆیە

بە سۆزی نەی دەسووتێم و بە نەغمەی نەی دەناڵێنم

ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، لەبەرچاوان بی شیرینی

لەبەرچاوم نەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی[٤] دینم

ئەتۆ گوڵعەنبەرین ڕوویی و ئەمن خاکی بەری پێی تۆ

لە من تۆ زیز نەبی چاکە، عەزیزم ڕووحی شیرینم

کوتم دا ڕوومەتت وا بێنە بگرم زولفەکەت، فەرمووی:

بلا گوڵ تێك نەچێ، بولبول نەسووتێ، چت لە پەرژینم؟

بە باغم کوت بە ڕەنگ و بۆت مەنازە، زەرد و سوور بۆوە

ئەگەر بارم هەمووی سونبول بێ تایێك زولفی نایینم[٥]

کوشەندەی من نەبوو هیچ کەس، مەگەر سەر دایرەی حوسنی[٦]

لە ڕۆژی حەشرێ خوێنی خۆم، لە چاوی مەستی دەستینم

لەباتی خوێنی خۆم، وەك زولفی تەسکینم بە هیچ نایە

مەگەر دەستی شکستەی خۆم، لە گەردنی زەردی وەربینم

شەکر قەدری نییە قوربان، ئەگەر شیرین نەبێ یەعنی:

دەبێ تۆش لێوەکەت بێنی، ئەگەر من ڕووحەکەم بینم

بە نازی چـــاوی بازت، وەك وەفـــایی کەوتمە نێو زولفت

ئەوێستاش مەست و مەخمووری شەرابی جامی دووشینم

---

[١] قەرەداغی (ل ٦٦): نە بەستەی دەستی.

[٢] گیو (ل ٤٥): لالە حاڵی بێ کەمن.

[٣] قەرەداغی (ل ٦٧): مەوجەیی خوێنم؟!.

[٤] نووسەر: مایەیی ژینم؟.

[٥] قەرەداغی و دەستنووسەکان: نابینم، نادروستە، نایینم ڕاستە.

[٦] مودەڕیسی (ل ٥٤): سەر دایرەی زولفت؟

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

## (١٥)

## دڵەکەی

هەی غارەتی هۆش و خیرەدم، نەرگسی کاڵت
ڕەوشنگەری ئاوێنەیی دڵ، عەکسی جەماڵت
حاشا مەکە قوربان لە کوژاوی خەت و خاڵت
ئیـسپـاتی شـەهیدیم ئەوەتا پەنجەیی ئاڵت
دەستم کە نەگەییە بەسە بەو گەردنە خوێنم

وەك زولفی ڕەش و نەرگسەکەی فیتنەگەری تۆ
سەرمەستم و سەوداسەرم و دەربەدەری تۆ
گەر دڵ بوو، ئەگەر دین بوو[1]، بە قوربانی سەری تۆ
ئێـســـتاکە لــە سایـەی سەری زولف و نەزەری تۆ
گەردنکەچی زوننارم و مەیخانەنشینم

ڕۆژ عاریزی تۆ، ئاگری بەردامە هەناوان
شەو پەرچەمی تۆ، دووکەڵی ئاوێتمە چاوان
بەندبەندی دەروونم هەموو سووتاوە لە تاوان
ناڵەم وەکوو نەی، دڵ لە خەمی حەڵقـەیی داوان
بەو شێوە وەرن گوێ بدەنە شیوەن و شینم

زولفت کە لەسەر عاریزی تۆ، خۆش حەرەکاتن
گۆیا سەحەری عیید و شەوی قەدر و بەراتن
دایم دەگەڕێن، تەشنەیی خوێنی شوهەداتن
دوو سەف لە فەڕەنگی بە تەرەف ڕۆمەوە هاتن
بردیان بە ئەسیری دڵەکەی زار و حەزینم

وەك کافرێ تینووبێ، بە خوێنی سەری ئیسلام
وەك تورکێ لە دین وەربگەڕێ، مەست و مەی ئاشام
چاوت بە کەمان موهرەیی ئەبرۆیی سیەه فام
تـیرێکی وەها سەخـتی لە مـوهرەی جگەری دام
تا ڕۆژی حەشر هەر دەتکێ خوێن لە برینم

---

[1] گیو (ل ٥٢): گەر دین بوو وەگەر دڵ بوو.

چ بکەم وەکوو قومری، کە نییە ئاھ و فوغانم
پڕ خوێنە وەکوو نافەیی دڵ، بەستەزبانم
ھەر لەحزە، بە نازێکی[٢] دەکا غارەتی جانم
ڕادەبرێ بە پای عیشوە، دەڵێ سەروی ڕەوانم
دەنوارێ بە تای زولفی دەڵێ ئاھوویی چینم

سینەم ھەموو سووتاوە، لەتاو ئاوری سینا
دیدەم ھەموو پڕ خوێنە، لەبەر چەشمەیی مینا
ئەو دەردە وەفایی کە لە چاوی گوڵی ھینا
وێناچێ شفام بێ[٣]، بە ھەزار بووعەلی سینا
جارێکی مەگەر بێ بە دڵی خۆمی ببینم

[٢] نووسەر: ھەر دەفعە بەبارێکی.
[٣] گەورك (ل ١٣٢): موشکیل کە شوفام بێ.
کێش: ھەزەجی ھەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢

**(١٦)**

## لاله

له داغی زولفی یار و عاریزی وەك لاله سووتاوم

به ڕەنگی لاله بۆیه[١] داغدار و غەرقی خوێناوم

دووچاوی مەسته بێ باده، مەلایك ڕوو، پەریزاده

پەری دێوانەیی کردووم، مەلایك دەستی لێداوم

له سەودای خەت و یاقووتی لەب و کاکۆڵی ڕیحانی

وەکوو زولفی شکسته، تێکشکاوو خاوو شێواوم

لەبەرچاوت که ڕەمزی نوکتەبازی[٢] مەکتەبی حوسنه

وەها مەستم، له ڕەنگی حەرفی مەعنی، لەوحی شۆراوم

لەنێو سەیلی سریشك[٣]و سۆزی دڵ، حەیران و مەبهووتم

له دووری تۆ عەجەب ماوم، نه خنکاوم، نه سووتاوم

عیزار[٤]و زولفی تۆ، بێ شك شەو و ڕۆژ، پێکەوەن ئەمما

شەو و ڕۆژ پێکەوەن، لەو وەجهە من حەیران و داماوم

تەلیسمی بابیله، سیحری حەڵاڵه، قەت ڕەها نابم

وەفـایی، یا به داوی زولف و ڕەمزی چاوی گیراوم؟

---

[١] قەرەداغی (ل ٦٨): بۆیێ.

[٢] قەرەداغی: نیکته.

[٣] قەرەداغی: سورشك و.

[٤] قەرەداغی: عوزار و.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

**(١٧)**

## چاوەڕێی

که هەستا زولفی ڕووی داپۆشی، من لەو داغه سووتاوم

ئیلاهی[١] ئەی ڕەقیب، ڕۆژی قیامەت بێیه پێناوم

قەراری دا به ڕووحم، تیری نازی چوو له قەڵبم ڕا

مەپرسن چەند ئەمن لەو حەسرەتەی، دڵ پڕ له زووخاوم

دەمێکه هەر له تۆی[٢] ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام

له دووری تۆ عەجەب ماوم، نه سووتاوم، نه خنکاوم

تەبیبێکم نییه دەردی دەروونم، بێ موداوا کا

هەتا ماوم به ئوممێدی شیفا، هەر چاوەڕێی چاوم

دڵم بۆ تۆ دەسووتێ، دیدەکەم بۆ تۆ دەبارێنێ

دەمێك وابێ ئەمان، ئەی جێت لەنێو دڵ، پێت لەسەر چاوم

ئەتۆ ڕووحت دەوێ، ئەمنیش ئەدەب وار[٣] تالیبی وەسڵم

مەکه مەنعم به دووری چاوەکانت، پیر و خەرفاوم

بەڕوح جوویایی وەسڵە ڕەمزی چاوی، باوەڕیم نایه

له مەردوم هێند خیلافی وەعدە، من دیتوومه ترساوم

لەلایه بارشی چاوم، لەلایەك سۆزشی جەرگم

نه پێی دەمرم، نه پێی دەگرم، کەبابی نیوه برژاوم

له سۆزی گریه جەرگم ڕەش بووە، چارم چییه چبکەم؟

وەکوو ماسیم به ئاو ماوم، نه سووتاوم، نه خنکاوم

بەبێ تۆ قەت نەژیم، شادیم نەمێنی دیده بێ نووربم

دەمێك ئارامی ڕووحم به، حەیاتم عومرەکەم، چاوم

له دەست ئەو شۆڕە[٤]، وا زولفان به ناز دێنێ و دەبا هاوار

وەفـــــایی، ڕۆژی لێ کردوومه شـــەو، ژینی به با داوم[٥]

---

[١] نووسەر: خودایا

[٢] نووسەر: لەتای، بەتای؟

[٣] قەرەداغی (ل ٦٩): ئەدەب سز؟!

[٤] قەرەداغی (ل ٧٠): ئەو شۆخە.

[٥] قەرەداغی (ل ٧٠): عومری بەباداوم.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

## (١٨)

## بێتەوە!

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ
هەموو وەختێ چاوەچاوم

ئەی خودا تۆ بڵێی وەهابێ
بێتەوە ڕووناکی چاوم

سەبەبی زولفی شێواوە
حوسنی ڕووی مەدەدی پێداوە[١]

من کەوا ڕۆژم بۆتە شەو
کە بە ڕۆژی ڕەش داماوم

تا بزانن تۆ گوڵزاری
ڕاستە سەروی جۆیباری

بە خەندە هاتی بەخێر بێی
قەدەمت سەر هەردوو چاوم

خوێنی من بە گەردنی زولفت
بە ئیشارەی چاوەکانت

من ئەگەر شکاوە پشتم
من ئەگەر جگەر بڕاوم

بەسەری خەدەنگی نازت
جەرگی بڕیم چاوی بازت

بە ئومێدی نازێکی ویم
ئەگەرنا ئەمن نەماوم

دڵی خۆم ئاوری تێبەردام
تا بە تای زولفان ڕووی دامێ

شەو هەتا نەگەڕام بە چراوە
شەوچرا نەهاتە بەرچاوم

تۆی نووری شەوبێداران
من وەك شەم بۆچی دایسێم

تۆی شای گوڵ و گوڵزاران
ئەمن بۆ غەرقی خوێناوم

کە دەڵێی شەیدای گێسوومی
چ دەکەی لە سەری سەوداییم

کە دەڵێی پەروانەی ڕوومی
چ دەکەی لە دڵی سوتاوم

شەو و ڕۆژ کە دەڵێن دووبانن
هەر یەکن بۆ دوون یەك بانن

من لە دوولاوەی برۆی تۆ
حەیرانی دوو زولفی خاوم

ئەی شەماڵ، ئەی شفای نەساغان
وەرە توبی زولف[٢] و ڕووی یار

بەگوڵ و وەنەوشەی باغان
بنێرە[٣] دوعا و سڵاوم

گلەییم لە چاوی کاڵت
کە موعینی زولف و خاڵت

دڵی پڕ لە دەرد و داخم
سەری پڕ تەلیسم و داوم

نە بە وەسڵی تۆ مەسروورم
نە لە دووری تۆ سەبوورم

گێژ و سەرگەردان و حەیران
هەروەکوو ماسی سەرئاوم

---

[١] (ئەیوبیان — ٦٩)، مودەڕیسی:

چ عەجەب زولفی شێواوە
حوسنی ڕووی پێی دام سڵاوە.

مودەڕیسی (ل ٥٩): ئەم نیوە دێرە بەو چەشنەیە:

مەعلومە ئەتۆ گوڵزاری، ڕاستە سەروی جۆیباری

[٢] قەرەداغی (ل ٧١): وەرە توبی و خاڵی ڕووی یار.

[٣] قەرەداغی (ل٧١): بگەیێنە.

به نیگاهت مەستی ڕووتم[٤] دڵ و دینم چوو عەزیزم
نە خوماری جامی ساقیم نە مەستی عەتر و گوڵاوم
حەقمە هەروەك[٥] وەفایی شێتوشەیدا و سەحرایی
مەلەکان خۆیان نیشان دام پەرییان دەستیان لێداوم

---

[٤] قەرەداغی (ل ٧١): بەنیگای تۆ و عەرەقی ڕووت.

[٥] (قەرەداغی — ٧١، گیو — ٤٩): حەقە کە وەکووو.

کێش: ئەم پارچە لیریکەش لە چوارچێوەی کێشی (٨) بڕگەیی دایە، بەڵام بێ کێشە نییە و دوو سێ دێرێکی لەنگی و نارێکی تێدایە، ئەمە لەکاتی بەگۆرانی و ئاواز خوێندندا چارەسەر دەکرێت لە ڕێگەی خێراکردن یا خاوکردنەوەی ئاواز و ڕیتمەکان، بەڵام لە نووسیندا لەنگی و کەم و زیادی بڕگەکان لە لەتە دێرەکاندا بەدیار دەکەوێت.

## (١٩)

## هاتەوە

یار هاتەوە، دەستی دڵی خۆم گرت و بە سەر چووم

جان قابیلی جانان نەبوو، نەمزانی بە سەر چووم

فەرمووی: چ کەسی؟ کەوتمە بەرپێی، کە وەفاییم

قوربان چ بوو عومرێکی لەلات بووم و لەلات بووم

دەستی لەسەری دام و دڵی دامەوە فەرمووی:

خۆش هاتی، بەخێر هاتی، وەڵێ ڕووحە بەهای ڕووم

وا خستمی چاوی، کە بە داو زولفی وەلادا

شەو ڕۆیی، بەیان بەربوو، ئەمن هەر لە خەوا بووم

یارای موژەوو تاوی برۆی تۆی نییە جەرگم

بەو تیر و کەوانە، نە فەرامەرز و نە بورزووم

ماچی دەمی، خەندەی دەمەکەی، سیڕڕی بەیان کرد

ئەو جەوهەرە وا فەردە، نە مەوجوودە نە مەعدووم

زەڕڕێکی لە سیڕڕی دەمی تۆ، مرد و نەزانی

حەیرانی کەماڵاتی فەلاتوون و ئەرستووم

مومکین نییە بەو نەرگسە، من بێمەوە سەر حاڵ

من دەربەدەری ڕووتم و سەوداسەری گێسووم

بەو زولفە بە غەمزەی نیگەهت نیمە ڕەهایی

من بەستەیی نێو داو و پەریزادەیی جادووم

فەرمووی لە کوفر لادە، موسوڵمان بە وەفـایی

دێوانە مەبە، دەست مەدە زولفم، ئەوەتا ڕووم

---

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان) × ٢

## (٢٠)

## له گریان ئاسمان دامانی سوور بوو شینی گێڕاوە

دریغا بای خەزان دایە، بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم

له ئیزهاری عەمەل کەوت، ئافتابی عالەم ئاراکەم

وەرەق ڕیزان، خەزان کەوتە ڕەزان، وەزعی چەمەن گۆڕا

بەسەرچوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحراکەم

خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو، لە نەغمەی بولبول و قومری

دریغا حەسرەتا بۆ گوڵ عیزاری سەروباڵاکەم

له گریان ئاسمان دامانی سوور بوو، شینی گێڕاوە

مەگەر گیراوە یا مایل بە شام بوو؟ ڕۆژی ڕووناکەم

ئەوا دیم[1] بەختی من ڕەش بوو، تەرازوو وا ترازاوە

دەبێ مەیلی بە تایف کردبێ، تەئسیری شیعراکەم

لە من دوور بۆتەوە، خورشیدی ئەوجی مەعریفەت شایەد

بە تیغی غەم سەری خۆم هەڵگرم، هەمرەنگی جەوزاکەم

لە من وەحشی بووە، ئاهووی خەرامی لالەڕوخسارم

مەکەن مەنعم کە هەروەك شێت و هاران، ڕوو لە سەحراکەم

وەفایی پێت بڵێم دنیاو و دینم بۆچی بەرهەم بوو

دەڵێن ڕۆیی لە ئەم دونیایە[2] قیبلەی دین و دونیاکەم

بە مەحروومی لەگەڵ بەختی سیادا ماوە فرمێسکم

لە تازیەی[3] هیجرەتی خورشیدی عالەم دا سورەییاکەم

نیشات و عیشرەتی دونیا، بە نەشئە و قووەتی چاوە

ئەمن چ بکەم لە دونیایە، کە ڕۆیی نووری بیناکەم

کە تۆ ڕۆیی لەبەرچاوم، کورەی خاکی بە ئاودا چوو

لە پاش تۆ، ئەی گوڵی نەوڕستە، خاکی کوێ بە سەردا کەم

خۆشا بەو ڕۆژە عەکسی پەرتەوی حوسنت لە سینەمدا

ئەوێستاش مەست و مەخمووری، تەجەللای تووری سیناکەم

خۆشا بەو وەقتە تۆ میرئاتی دڵبەر بووی بە دڵداریم

ئەوێستاش مەحوی دیداری جەماڵی ڕۆژی سەهباکەم[4]

---

[1] گەورك (ل ١٢٥): ئەدیم...؟

[2] قەرەداغی (ل ٧٤): لەسەر دونیایێ.

[3] گیو (ل ٣٥): لە سایەی..... واثریاکەم؟

[4] گەورك (ل ١٢٦): حەرباکەم.

به یادی پێکەنینی تۆ کە دەگریم و دەبارێنم

دەبێتە مەنبەعی شیر و شەکەر شۆراوی دەریاکەم

کە دەگریم بۆ جەماڵی تۆ دیارە ئەشك و ئاهی من

لە خورشیدی دەداتن دەم، ستارەی شامی یەلداکەم

بە داغی تۆیە وا دەم دەم، خرۆشی ئاه و نالەی دڵ

لە تاو گوڵشەن دەناڵێ عەندەلیبی شێت و شەیداکەم

فەلەك خانەی خرابێ، بەزمی مەستانی وەها تێکدا

نەما داری لەسەر بەردی، بە دەردی سەر چ ئاواکەم

لەبن باڵی[1] هوما، جێی باز و شاهین، قەسری شاهان بوو

درێغا ئیستە وێرانەی سیسار و جوغدە جێگاکەم[2]

لە ناڵین کەوتووم بۆ دەستیاری[3] موتریب و مەجلیس

وەکوو تاری گوسەستە[4]، تێك چووە بەندبەندی ئەعزاکەم

دڵم بێهۆش و خوێنبارە، لە دەوری نەرگسی ساقی

سوراحی کەوتووە دەگری، دەڵێ: کوا بادە پەیماکەم

شکا پشتی دڵ و دین بەو وەفاتی پیری مەیخانەی

بە چەرخێکی فەلەك وای کرد، نە جامم ما نە میناکەم

لەسەر حەوزی دەروونی چی بەسەرهات، هاتوچۆت قوربان

کوا ئەو کەوسەر و خولد و خەرام و نەخلی تووباکەم؟

سەدای یاحەیی دەروێشان، نەوای یاهوویی دڵڕێشان

لە دەوری خانەقادا بوو، بە ئیسم و جیسمی عونقاکەم

هەتاکەی قەلبی من دەرهەم بێ ئەی ئیکسیری خاکی من

لە خاکی کوێ موقیمی پێم بڵێ، قوربانی ئەو خاکەم

لەسەر خاکی دەرت قوربان، هەتا من بم، هەتا سەربێ

ئەگەر تاجی سکەندەربێ، سەرم ناوێ لە سەر ناکەم

هەتا ڕۆژی ئەبەد قوربان لەسەر عەهدی قەدیمی تۆم

بەهەشتم لێ حەرام بێ، گەر بەبێ ڕووی تۆ تەمەنناکەم

ئەمن شاییم بە تۆ بوو، چونکە شاهی غەمڕەوێنم تۆی

کە من شاییم لە دڵ دەرچوو[5]، ئیدی من دڵ بە کێ شاکەم

---

[1] گیو (ل ٣٦): لەژێر باڵی.

[2] وام لە باوکم بیستووە: درێغا ئیستەکە وێرانەیی سیسارگەوو جێی جوغدە جێگاکەم

[3] قەرەداغی (ل ٧٦): بەو دەستی یاری.

[4] گیو (ل ٣٧): وەکوو تای پێچکراوە تیچکچووە.

[5] قەرەداغی (ل ٧٧): لەدڵ ڕۆییوە.

جەنازەم دی سەری ڕاگرت و فەرمووی گوێم لە ناڵەت بوو

درێغا جێبەجێ بوو هاتە دی[1]، تەعبیری ڕوئیاکەم

خودا بۆخۆی دەزانی مەنبەعی نووری خودایی بووی

درێغا نەخلی ئەیمەن، مەزهەری نووری تەجەللاکەم

نەسیمی فەیزی تۆ دین و دڵی دووبارە ئەحیا کرد

درێغا وەك مەسیحا، باعیسی ئەحیایی مەوتاکەم

دەلیلی تالیبان بووی بۆ خودا، وەك ڕۆژ هووەیدایە

درێغا مورشیدی دەوران و خورشیدی هووەیداکەم

لە سایەی تۆ گەڵێ کەس بوونە عاریف، ڕێی خودایان گرت

درێغا عاریفی ڕێگەی خوداوو ئەهلی تەقواکەم

موریدانی دەری تۆم دی، بە چاوی خۆم لە ئینس و جان

درێغا بۆ ئیمامی ئینس و جان، مەولایی ئەولاکەم

بەلایەك هات و[2] پێی گیرا، بە بایەك نووری کووژاوە

درێغا شەمسی عیرفان و چرای تاریکە ڕێگاکەم

لە حەڵقەی تالیبان دا هەر دەباری[3] نوور لە تەشریفت

درێغا بۆ سەر و سەرحەڵقەیی ئەولادی تاهاکەم

ئەمن نازان و نەمزانی ئەدی[4] بۆچ عارف و عامی

وەکوو پەروانە سووتابوون، لەبەر شەمعی شەباراکەم

لەبەر چاوی نەزانان ساحیر و زەندیق و کافر بووی

درێغا پیری بەستام، قوتبی خەرقان، غەوسی بەغداکەم

بەداوو دانە بۆچ گیرا، بە دەریای عیلمی ئەسماوە

لەسەرچی هاتەخوار ئادەم، لەسەر فیردەوسی ئەعلاکەم

پەنای بۆ بردە بەر دار، ئەو کە دەیزانی دەبێ شەق بێ

نە ئاخر ساحیبی ئایات و موعجیز بوو، زەکەریاکەم

لە سیڕڕی نووری چاوانی، عەجەب بێ نوور و حیکمەت بوو

بڵێ بۆچ پیری کەنعانی، دەگریا نووری عەیناکەم

سولەیمان خاتەمی ون بوو، لە قودرەت ماوە نەیفەرموو

بلا سوخرەی بە ئاو دادەم، بلا ئاسەف لە دەریاکەم

---

[1] (قەرەداغی — ٧٧)، (گەورك — ١٣٧): هاتەجێ؟

[2] گیو (ل ٣٨): مەلائك هاتووە؟

[3] قەرەداغی (ل ٧٨): تالیبان وا هەر دەبارێ؟

[4] قەرەداغی (ل ٧٨): ئەرێ.

کەلیم هێشتا نەبووبوو، چەند هەزار مەعسووم لەسەر وی چوو

دەبێ جوابی چ بێ، ڕۆژی جەزا گوستاخیی مووساکەم

لەبەر قەومی مونافیق بۆ دەبێ هەڵبێ، کە دەیزانی

مەقامی خۆی وەکوو ڕۆژ ڕوونە ڕووحوڵڵایی عیساکەم

سەحابەی بۆ شکا؟ بۆچی شەهید بوو گەوهەری پاکی

موحەممەد باعیسی بوون، شاهی تاج و تەختی لەولاکەم

شەهیدی دەستی کافر بوون، ئەکسەر ئەولیایی دین

جەوابی موددەعی چ بدەم؟ سکووتی چی پێ[1] ئینشاکەم

نە ئاو موختارە بڕوێنێ، نە ئاور تا بسووتێنێ!

نە خاك چی پێیە بینوێنێ، ئەگەر سەت جار بە سەریا کەم[2]

عەدەم یاری سەبەبکارە، وجوودێکە حەقە دیارە!

بۆخۆی فەعال و موختارە، خوداوەندی تەواناکەم

بە مینهاجی خەلیلی حەق، بە میعراجی ڕەسوولوڵڵا!

غەمی بەندیت هەبێ، ئەی سەیید و سەردار و مەولاکەم

بە سوورەت گەرچی لێم دووری، بە مەعنا بەرقی مەستووری

بەڵێ بەرچاو و مەنزووری، دەڵێی تۆی نووری بیناکەم

لە کوێ بتبینمەوە، شادبم بە ڕووی تۆ، بێیە سەرچاوم

مەگەر چاوم لە دڵ بێ، سینەکەم ئاوێنە سیماکەم

دەمت بێنە، دڵم مەشکێنە، دەستم بگرە ئەوجاریش

بە وشیاریم دەیە ساقی، کە نەڕژێ جامی سەهباکەم

غەریب و بێکەس و ئاوارە کەوتووم، دوور لە ڕووحی خۆم

بە دەردی بێ دەوا ماوم، ڕەفیقان کوا مەسیحاکەم

خوداوەندا، ڕەحیما، قادرا، پەروەردگاری خۆم

کەریمی و حەیی و غەففاری و، قەدیم و فەرد و یەکتاکەم

بە حەقی نوورو وەجهی پاك و بێ مانەند و بێ میسلت

بە ئیسمی ئەعزەمی خۆت، ئەی خودای سەتتار و داناکەم

بە سەرمەستانی بادەی ساغیری عەهدی ئەلستت کەی

بە قەترێکی نەجاتم دەی لە دەست خۆم ڕوو لە دەریاکەم

وەفایی بێکەس و داماوە، پابەندی تەلەسمێکە

مەدەد یا ڕووحی غەوسی ئەعزەم و شاهی بوخاراکەم

---

[1] قەرەداغی (ل ٧٩): سکووت بێ حەددی؟!

[2] قەرەداغی: ئەگەر صەد جاری بەرباکەم.

به حەقی نووری موتڵەق، جەددی ئەمجەد، شاهی لەولا تان

ئیمامی یەسرەب و قیبلەی مەلایك ماهی بەتحاکەم

به حەقی چاریار و، ئال و ئەولادی نەبییوڵڵا

به ئەنسار و موهاجیر ڤایدانیی، قوتبی یەکتاکەم[1]

به ڕووحی خاجەگانی نەقشبەند و قیبلەگاهی خۆم

غەریب و جان سپاری[2] کەعبە، قوتبی دین و دونیاکەم

به قووەی جازیبەی دڵتان، وەفــایی دەستودامانە

چ نابێ گەر لە سایەی ئێوە قەتعی ماسیوەڵڵاکەم

---

[1] (قەرەداغی – ٨٠)، (گەورك – ١٢٩)؛ ڤایدانی قیبله گومڕاکەم؟

[2] گەورك (ل ١٢٩)؛ جان فیدا.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (٢١)

# پاڕانەوە

ئەی ((امام المرسلین، شمس الهدی، بحر الهمم))

ئەی ((شفیع المذنبین، خیر الوری، مولی النعم))

ئەی نەسیمێکی گوڵی زار و شوعاعێکی ڕوخت

شەوقی ڕۆژ و بەدری تابان عەتری گوڵزاری ئیرەم

ئەی لە شەوقی جەننەتی ڕووت ئەنبیاوو ئەولیا

ڕووح لەسەر لێوان[١]، وەکوو پەروانە بۆ دیداری شەم

ئەی دەم و خەندەت[٢] دەلیلی دەعوەیی بوون و نەبوون

وەی بەروباڵات بەیانی مەعنیی نوون و قەڵەم

ئاسمان پڕ بوو[٣] لە داغی خەتی ڕووی تۆ، شەو لە ڕۆژ[٤]

سەت چرای هەڵکرد و نەیبۆوە سەوادی یەك ڕەقەم

تۆ بیی و تەشریفی ((لولا)) سیڕڕی ((مازاغ البصر))

تۆ و مەقامی ((لی مع الله)) تۆ بیی و نووری قەدەم

بێ نەوام هیچم نییە، هاتووم و مەحروومم مەکە

قەت لە دەرگای خۆی گەدا ناکاتە دەر ساحیب کەرەم

هیچ تەبیبی وا نییە[٥]، دەردی دەروونم کا دەوا

ئەمڕۆ گەر چارەم نەکەی[٦] ((وا حسرتا یوم الندم))

هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەی خەتتی ڕووت

ئایەتە: چی داخڵی کەعبەی بوو، نایبێ ترس و غەم

دەستودامانی خەمی گێسوویی تۆم بەو عاریزە

نائومێد نابم کە من دەستم لە حەڵقەی کەعبە دەم

من چلۆن مەحرووم ببم ئەی ((رحمة للعالمین))

دێ سەدای ((لا تقنطوا من رحمة الله)) دەم بەدەم

---

[١] قەرەداغی (ل ٨٢): لەسەر لێوان؟.

[٢] گیو (ل ٥٩): ئەی دەم و کولمەت.

[٣] قەرەداغی: ئاسمان پیر بوو؟.

[٤] گیو: شەو کە ڕۆژ.

[٥] قەرەداغی: ڕێی نییە.

[٦] گەورك (ل ١٥٤): کە چارێکم؟.

هات نەسیمی خاکی دەرگای، ئاوری دەردم دامرا

«ذقت من ماء الحيات شابني بعد الهرم»

چاوەکانت سەرخۆشن، قوربان کوتم مایل بە چین؟

عەکسی زولفی خستە سەر حەرفی مودەووەر یەعنی دەم

کەوتمە خاکی دەرکی هاتن بمکوژن خۆش بەو دەمە

«قال رب البيت هان لا تقتلوا صيد الحرم»

زەوقی ئەبرۆی شەوقی ڕووی خستمیە ناو زولفی وتی:

کەعبەیە و ڕۆژی موناجاتە، مەقامی مولتەزەم

یا ڕەسوولُلّا دەزانی تۆ کە شەیتانە عەدووت

هەم لە تۆ مەعلوومە ئەمنیش ئوممەتی تۆم هەرچی هەم

کەی ڕەوایە، غیرەتە بۆ تۆ کە فەخرولئەنبیای

دوژمنی خۆت شاد بفەرمووی، ئوممەتی خۆت دڵ بەغەم؟

داغی تۆم هەر پێوەیە، سەت جار دەرمکەی دێمەوە

من سەگێکی تۆم وەفایی، ڕوو لە دەرگای کێ دەکەم

---

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

(٢٢)

## نوون و قەڵەم

ئەی سورشتی نووری حەق ئەی مەنبەعی فەیز و کەرەم
ئـــەی ڕەئیسی هـەردوو عـالـەم دافیعی دەرد و ئـەلـەم
ئـــەی دەوای دەردی گوناهکـــارانی عاسسی دڵ بـەغـــەم
(ئەی "امام المرسلین، شمس الهدی، بحر الهمم"
ئەی "شفیع المذنبین خیر الوری مولی النعم")
ئەی بەهای هەردوو جیهان یەك قەترەیی عەتری ڕوخت
وەی نیهالی نـەورەســی جـەننەت نـەجیبی دین بـەخت
ئـەی لە عیشقی تــۆ کـە گیانی من دڵی عـالـەم بسوخت
(ئــەی نـەسیمێکی گوڵی زار و شـــوعاعێکی ڕوخـت
شەوقی ڕۆژ و بەدری تابان عەتری گوڵزاری ئیرەم)
ئـــــەی ئومێدی ئوممەتانی پڕ گـونـاهـ و ڕووسیــاهـ
وەی ئەمیندار و خەزێنەی ڕەحمەت و لوتفی خودا
ئــــەی لە دنیاوو قیامـــەت هـەر ئەتۆی پشتوپەنا
(ئــەی لە شەوقی جەننەتی ڕووت ئەنبیاوو ئەولیا
ڕووح لەسەر لێوان وەکوو پەروانە بۆ دیداری شەم)
ئـەی جەماڵی با کەماڵی تـۆ، چــرای تاریك و ڕوون
وەی بە ئیعجازی ئیشارەی سینی تۆ و میم و نوون[١]
ئــەی لە سایەی تۆوە ڕاوەستان فەلەکها بێ ستوون
(وەی دەم و خەندەت دەلیلی دەعوەیی بوون و نەبوون
وەی بــەر و باڵات بـەیــانی مەعنیی نوون و قــەڵەم)
گوڵشەنی خەت و ڕوخت هـەردو ســەمـای هێناوە جۆش
گیانی [٢]عالـەم بولبول ئاسا، کەوتـە ئـــەفغان و خرۆش
ڕووح و جیسم و دڵ فیدات، ئەی کاملی پڕ عەقڵ و هۆش
(ئاسمان پڕ بوو لە داغی خەتی ڕووی تۆ شەو لە ڕۆژ[٣]
سەت چرای هەڵکرد و نەیبۆوە سەوادی یەك ڕەقەم)

---

[١] نووسەر: ئیشارەی سین و میم و بێ و نون.

[٢] نووسەر: جانی.

[٣] پاوەندی (ڕۆژ) دەگەڵ پاوەندی (جۆش...) ڕێك نایێتەوە؟!

تۆ نجوومی ئاسمانی، شوعلەیی شەمس و قەمەر
تـۆی فغان و ئاهونالەی شـەونشینانی سـەحـەر
تـۆی فـەقیری سـابیر و حوببی یەتیمی بێ پدەر
(تۆ بیو و تەشریفی ((لولا)) سیڕی ((مازاغ البصر))
تـۆ مەقامی ((لي مع الله)) تـۆ بیو نووری قـەدەم)
مەعسیەتبار و زەلیلی نەفسـی مەزلوومم مـەکە
ئیلتیفاتت بێ تەماشای خەڵقەتی شـوومم مـەکە
سەروەرا، داخل بە نار و وەسڵی زەققوومم[1] مەکە
(بێ نەوام هیچم نییە هاتووم و مەحرووممم مەکە
قەت لە دەرگای خۆی گەدا ناکاتە دەر ساحیب کەرەم)
مورغی دڵ وا هاتە وەجد و باڵ و پەروازی بزووت
هەر وەکوو قومری دەناڵێنی لە شەوقی ئارەزووت
وا پەنام هێناوە بـــۆ تۆ موفلیسێکم ڕووتوقووت
(هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەی خەتتی ڕووت
ئایەتە چی داخڵی کەعبەی بوو، نایبێ ترس و غەم)
مەرحەمەت ئەی ((سيد الكونين ختم المرسلين))
من لەلام کافر تەوافت کا لە ڕووی ســیدق و یەقین
موتلەقەن مومکین نییە، نابێ، خـودا نەیکا ئەمین
(من چلۆن مەحرووم ببم ئەی ((رحمة للعالمين))
دێ سەدای ((لاتقنطوا من رحمة الله)) دەم بەدەم)
((شـــكرلله يا الهی)) مـــەشـعـــەلی دین هـــەڵکرا
مەعسیەتباری[2] لە دەوری قەلبی موئمین لابرا
وا لەسەر فەرشی هیدایەت مەجلیس ئارایی کرا
(هات نەسیمی خاکی دەرگای، ئاوری دەردم دامرا
ذقت مـــــن مـــاء الحيات، شـــابني بعد الهرم)
من بە تەحقیق خۆ دەزانم تۆ کە مەحبووبی خودای
ئەفزەلی عالەم بـە حـەققی، ساحیبی لوتف و عـەتـای
چاك لەمن مەعلوومە زوبدەی شافعی ڕۆژی جـەزای
(کـــــەی ڕەوایە، غیرەتـــە بـــۆ تـۆ کە فـەخرولئەنبیای
دوژمنی خۆت شاد بکەی[3] یا ئوممەتی خۆت دڵ بە غەم)

[1] لە هەموو بەڵگەکان: ((ذقومم))؟ نووسراوە.

[2] لە دەستنووسەکانی: (ئەیوبییان، مودەڕیسی، جەعفەری)دا: برگ معصیت؟.

[3] نووسەر: شاد بفەرمووی؟!

نەفس و شەیتان یەك بە یەك زاڵمترن بۆ ڕاووڕووت
هــەردوو کافر چادری تالآنی دینن، جــووت بــە جــووت
خــۆ منیش هەر ئوممەتی تۆم و بە چاو[1] دیم ئــەو بزووت
(یا ڕەسووڵوڵڵا دەزانی تۆ کـــــە شـــــەیتانــــــە عـــەدووت
خۆ لە تۆ[2] مەعلوومە ئەمنیش ئوممەتی تۆم هەرچی هەم)
ئەی موسوڵمانان بکەین با مەدحی قەدد و قامەتی
من هەتا ماوم دەکەم وەسفی جەلال و شـــەوکەتی
ئۆممەتی خـــۆی نائومێد ناکا لە خـــانی نیعمەتی
(زەوقی ئەبرۆ و شەوقی ڕووی ختمیە ناو زولفی کوتی:
کــەعبەیە و ڕۆژی موناجاتە و مــەقامی مـــولتەزەم)
هەی عوبەیدوڵڵا غەریبم ئەمڕۆ دڵ زۆر عاجزە
ئینتیزاری لوتفی تــۆم ئیمان لە بــۆ مــن جایزە
تــۆ غەنی، من سائیلم ڕەحمێ بە من بەو حافزە
(دەستی مـن داوێنی تـۆ بێ لێم قــەبووڵ کە عاریزە
نائومێد نابم کە من دەستم لە حەڵقەی کەعبە دەم)

---

[1] نووسەر: وا کە هەر دیم.

[2] ئەیوبیان و مودەڕیسی: هەم لەتۆ.

(★) ١- ئەیوبیان لەو تێکستە زۆر دڕدۆنگ و ناڕازییە و لەو بارەیەوە دەڵێ: ((لە ڕووی پـەڕێکی دڕاو و کوژاوەوەی مـامۆم سەید ئاوڕەحمانی ئەیوبی ئـەئاوا ڕوونووسـم کردۆتـەوە، نـە بـە چاکی بـۆم دەخوێنـدراوە نـە تێـی دەگـەییم؟! پاوەنـدی (قافیەی) چلە بەندەکانی یەکدی ناخوێننەوە و لەسەر گرانایی و هەوایـەکی نـین، بەنـدەکان ڕاوەتیـان لێـك پـس پـس و نالەبارە و هەڵەیان تێدایە!؟)).

ئەم تێکستە لە شێوەی موسەممەتی پێنج خشتەکی لەسەر هی پێشەخۆی دامەزراوە، بەڵام دیسان بە شێوەیەکی ڕێزبەند و ڕێك و پێك نییە، تەنانەت دووسێ دێـری تێکستی یەکـەم فـەرامۆش کـراون، لەوانـە (پایینـە بەنـدەکەی)، واتـا دێـری کۆتایی کە نازناوی شاعیری تیادا هاتووە، لە بری ئەوە دێڕێکی ناوەڕاست هێندراوە بەندی کۆتایی لەسەر دامەزرێندراوە. تەنانەت من گومانی ئەوەم هەیە، کە یەکێکی دیکە ئـەم پێـنج خشـتەکییەی لەسـەر شـیعرە ئاینییەکـەی پێشـوو کـە بـە ناونیشـانی (پـێ هـەڵاکوتن و پاڕانـەوە لـە پێغەمبـەر)ە، هۆنیبێتـەوە، خـودی تێکسـتەکەش زۆر لـە شـێواز و دەسـتاوێژی وەفایی ناکات، دوور نییە هەر ئەو (عوبەیدوڵڵا) ناوەبێت کە هۆنراوەکەی وەفایی کردبێتە پێنج خشتەکی.

٢- ئەنجا دوابەدوای ئەم تێکستە، ئەیوبیان تێکستێکی موسـەممەتی پێنجینـە بەنـدی درێـژی تۆمـار کـردووە، بـەڵام لـەوەی پێشووی جیا کردۆتەوە و ڕای تایبەتیشی لەسەر دەربڕیوە، کە لە شوێنی خۆیدا دەخرێتە ڕوو. ئێمە وامان بە چاك زانی کە تێکستی ئەو پێنجینە بەندە بە جیاو بە شێوەیەکی سەربەخۆ بخرێتە ڕوو، نـەك وەکـوو پاشـکۆیەك بـۆ تێکسـتەکەی بەر لەخۆی، جێگای سەرنجە کەوا ئەیوبیان تێکستی ئەم پێنجینە بەندەی بە ڕێنووسێکی تـەواو فارسـی تۆمـار کـردووە، ئێمە لە لای خۆمانەوە ڕێنووسەکەمان بۆ کوردی گۆڕیوە.

## (٢٣)

## میعراج

ئـەی حەبیبی شاهی ئەکبەر، فەخری جن، ئینس و مەلەك
باعیسی نووری جەماڵت، خـــەڵقی کرد ئـەرز و فــەلـــەك
چۆن شەوی میعراج بە تۆ شاد بوون فریشتە یەك بە یەك
تــۆ کــە تـەشریفت زهووری کرد، بەتاڵ بوو ڕێی کەڵەك
ئەی لە لەوحی ئیسمی تۆی با ئیسمی حەق نووسی قەڵەم

ئـــەی پەناهی ئوممەتان، ئـــەی شافیعی یەومی ئـەلیم
ئـــەی لەبـۆ ئوممەت هـــەزاران فاتیح و کـاری نەعیم
ئەی بە موعجیزە ئیشارەت کرد قەمەر شەق بوو دونیم
ئـــەی بوراقت بـــوو بە خەلعەت تاج و قورئانی قەدیم
ڕۆژی مەحشەر ئیلتیفاتت بێ نەجاتم دەی لە غەم

ئەی بە باڵا چون سنەوبەر، هەی بە قامەت عەڕعەڕی
ئـــەی لەناو خاسانی عالەم وا حەقیقەت گـەوهـەری
ئەی بە تۆ موحتاج مەلایك ئینس و جن دێو و پەری
ئەی لەنێو خەزنەی خودادا تیغی ساحیب جەوهەری
با ئەدەب، پڕ هۆش و عاقڵ، بێ مودەببیر بێ ڕەقەم؟

ئـــەی ڕەئیســـی ئەنبیایان، موقتەدایی ئـــەهلی دین
ئەی موشەڕەف بۆ نبووەت فیعلی تۆ عەرشی بەرین
تـــۆی ئیمامی ئەولیایان شـەمعی جەمعی مورسەلین
تـۆی لە نێو دوڕڕی بەقیمەت، لەعلی یەکدانە یەقین
چون خودا تۆی کرد سەبەب بۆ حەللی ئەشیا زۆر و کەم

حەمدولیلا پاش زهووری، کوێر بــوو ئیبلیسی لەعین
وەقتی میعراجت دەلیل بـــوو، جوبرەئیل یاری ئەمین
تاقی کیسرا شەق بوو ڕووخا هاتە خوارێ چین بەچین
گەرچی زۆر عاسسیم ببەخشە فەرموو جورمی ما موبین
خەوف و ئەندێشی گوناهانم نییە تۆ شك دەبەم

ئاوری ناڕەس کوژاوە، ئـــەو شـــــەوی مەولوودی تـــــۆ
خاك وەســـەرکـــەن تا قیامەت دوژمن و مەردوودی تۆ
لات و عوززا ژێرزەمین بوون باعیسی مـــەوجوودی تـــۆ
جوبرەئیل هێنای بەشارەت بۆ هەموو مەقسوودی تۆ
چووبی ساوا لێم وشك بوو دوژمنانت کەوتنە غەم

خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی کردی لە ڕووی تۆ یەك نەزەر
هــەر لە تفلّی کــەوتــە دەستی ئایەتی فەتح و زەفەر[١]
تـــــــۆ لە دنیاوو قیامەت گۆت لە مەیدان بردە دەر
ئیعتیباریان پێ نـــــەکردی کافری بێ عــەقڵ و کەر
تا ئەبەد جێی وان جەهەننەم، پڕ عەزاب و دەرد و غەم
مەحزی بوونی تـۆ موبارەك زیارەتی بەیت و حەجەر
زیاد لە جـــەمعی ئەنبیایان دای بــە تــۆ شەققولقەمەر
چونکە فەرمووت بێ سەروپا هات و سوجدەی برد شەجەر
هەر کەسێك تەسدیق نەکا، ئەو سەییدی جین و بەشەر
قەلبی وی غەرقی جەهەننەم تا ئەبەد بە خودا قەسەم
ئەو شەوی میعراجی دووشەموو زهوور بوو بەحری نوور
دیت عــەزابی دۆزەخ و هـــەم لەززەتی حوور و قسوور
جوبرەئیل وەحیی هێنا بۆتۆ بە ئەمری شـــای غــەفوور
جوبرەئیل ساکین لە جێی خۆی نەیتوانیبوو حزوور
هات نیدا بۆ خۆت وەرە تەنیا بەبێ ئەندێش و غەم
ئەتتەحییاتت کە فــەرمووە، حـــەق ســـەلامی دا بە تۆ
واجباتی قەومی پێشوو هەڵگیرا بـــــۆ خاتری تــــۆ
تۆش سەلامت نارد، لە بۆ ئوممەت لەپاش چەند گوفتوگۆ
تــــــۆی زهووری دینی ئیســـــلام و ئیمامی قیبلەتەین
بۆ بترسێم من لە دۆزەخ تۆیی شافیع شك دەبەم
تـــــۆی شــەفیعی عاسسییان، بـۆ ڕۆژی دیوانی حیساب[٢]
بەحری عوسیان بێ سەروبن، کوێر و کەڕ نێتی کیتاب
گـــەر لە هاوارم نەیەی قوربان عــەجەب حـالّم خراب
غەیری تۆ هیچ کەس نییە لەو ڕۆژەدا بێ ترس و غەم
پردی ســـیڕاتێ عــەجــەب باریك و تیژ و زەحمەتــە
بـــۆ گونەهکارانی مــەزلووم زۆر بــەترس و دەهشەتە
کەس نییە ئاگای لە کەس بێ! باب و فرزەند حەسرەتە
ڕەحمەتێ ئەی شــاهی عالەم وەختی لوتف و ڕەحمەتە
ئەولیا مەحزوونی ڕاستە، هەڵبڕە تۆ بەندی غەم

---

[١] نووسەر و دەستنووسەکانی دی: وا هەمیشە بوو ظفر؟
[٢] (یاهو، جەعفەری): کوانی کیتاب؟

ڕۆژبـــــەڕۆژ زێدە برینم تـاوبەتـاو دەکولێمـــــــەوە
چی دەکەم، دەگریم، دەسووتێم، وەك شێتان دەخولێمەوە
زۆر لەمێژە مـــــن بـــە ئاوری عیشقی تـــۆ دەتوێمەوە
گـــەر دەرمکەی فەخری عالەم ڕێی نـــەوەد ساڵ دێمەوە
بۆ خەتا و عوزرم شفاعەت هەر لە تۆ تەکلیف دەکەم

چـــــــــون لە خــەڵقی نووری پاکی تۆ لە پێش کوللی شیا[١]
شــــــوکری حـــــەق واجب لەبــــۆمان تـوی ئیمامولئەولیا
لێت مبارەك بێ، وجـــــوودت بـــوو بە خـــەتمی ئـــــەنبیا
چون لە میعراجێ[٢] بوو فەرمووی حەق: تەها و یاسین مەرحەبا
مەقسەدی خۆی لێ تەلەب کەی هیچ لە ڕەحمەت نابێ کەم[٣]

عومری شیرینم بە بێ هوودە سـەرف کرد ئەودەمە
خۆشـــە دیدارت ببینم وا بەشـــــەوق و زەمزەمە
چونکە بولبول بۆ ویساڵی گوڵ هەمیشە مەحرەمە
نــــەمدەزانی فانییە دنیای، وەفایی[٤] زۆر کـەمـە
سەت کەڕەت ڕووحم فیدات بێ و ئەو دڵەی پڕ دەردەکەم[*]

---

[١] نووسەر: شیاو (أشیاء)، إمام الاولیاء، الانبیاء.

[٢] نووسەر: میعراج فەرمووی.

[٣] نووسەر: مقصدات طلب که رحمت نابی کەم، مقصدت طلب که؟!

[٤] نووسەر: دنیای فانی؟!

[*] وەکوو ئەیوبیان دەڵێ: ((ئەو بەندە پێنجینە زۆر پڕ هەڵەیەو پاوەندەکانی دووپاتە و سێ پاتە کراوەتەوە، ئەوجار وەك بەشی زۆری بەند و تەرانەکانی وەفایی پاراو و وەستایانە نییە، وابزانم لە یادگارەکانی دەورەی لاوەتی وەفایی بێ، یان لە یارانی وەفایی کەسێك بەو بەندەی لە تەرانە و پێنجینەکەی! پێشووی وەفایی پێشوازی کردبێ؟! هەر خودا بۆخۆی دەزانی))، بە ڕای ئێمە ئەو تێکستە لە دوور و لە نزیك پەیوەندی بەوەفاییەوە نییە، نە لە وشە و گوزارە و زمان و فەرهەنگی، نە لە داڕشتن و دەربڕین و خاسەوێژی لە لیریکەکانی وەفایی دەکات، ڕەنگە ئەو ڕایەی دوایی ئەیوبیان ڕاست بێت.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

- ن -

(١)

## چاوەمەستان

دڵە[١] پڕ خوێن و خوێنبارە بە غەمزەی نازی چاوەمەستان

هەتا نەمرم ڕەها نابم لە مەکر و سیحری چاوبەستان

ئەتۆ سەروێکی نازداری، ئەتۆ شۆخێکی گوڵزاری

بە دڵ وا چاکە بتگێڕم[٢]، لەسەر چاوان، لەسەر دەستان

---

[١] نووسەر: دڵم پڕ خوێن.

[٢] قەرەداغی (ل ٨٦): بدگێڕم؟

[*] بە قسەی مامۆستا قەرەداغی، ئەو چوارینەیە پێدەچێ سەرەتای پارچەیەکی درێژبێت، بڵام نووسەرەکەی بۆی تـەواو نەکراوە، دیارە لە دەستنووسەکانی لای ئەیوبیانیشدا نەبووە، تەنها لە دەستنووسێکی خۆی نەبێت کە ئەویش هەر تـەنیا ئەو دوو دێڕەی دیوانی وەفایی محەمەد عەلی قەرەداغییە.

کێش: هەزەجی هەشتی موسەببەغ: (مفاعیل مفاعیل مفاعیل مفاعیلان)×٢.

(٢)

## لەو ڕاستەبازاڕە

هەی پەرتەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵەباغان
نەشئەی نەزەرت شەوقی دڵ و زەوقی دەماغان
ئەسماوو سیفاتن بە تەجەللی لە وجوودم
یا شەو بوو ئەتۆ هاتی لەمەت کردە چراغان
تۆ هاتییە گوڵشەن بە سەر و زولفی بڵاوت
زۆر پێنەچوو ڕۆیی لە چەمەن لالە لە داغان
زولفت بە هەناسەم گەییبە سینەیی بازت
زستانە گوڵستان بووە پابەستەیی زاغان
ئەو کوڵمە کە ئارایشی سەت دایرە زولفە
گوڵ شەوقی بە شەو داوە، چراغانە لە باغان
لەو ڕاستەیی بازاڕە چ نادەن بە دڵی من
هەر مەرحەمەتی تۆیە خەریداری ئەیاغان
سەت نەشتەری غەمزەت لە دڵم دا، کەرەمت کرد
قانوونی تەبیبانە، بپرسن لە نەساغان
سووتاوە دەروونم وەرن ئەی موتریب و ساقی
تۆ لێدە لە تەمبوورە، ئەتۆ پڕکە ئەیاغان
چـارەی نییە دێوانەیی ڕووی تۆیە وەفـایی
سەت ساڵی ئەگەر بیبەنە بەر پیر و وەجاغان

---

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان)×٢.

## (٣)

## لام ئەلف لای

ئەی نەسیمی تۆزی ڕێت ڕووح و ڕەوانی ئینس و جان

خاکی بەرپێت سورمەیی چاوی هەموو ئەفلاکییان

تۆ بە خەندەی ڕووح بەخشت، مەرهەمی بۆ جیسم و جان[١]

بەو برۆیەی تاق و جووتت قیبلەیی ڕووحانییان

مانگ و ڕۆژ ئاڵقەی ڕیکابت، چەرخی ئەتڵەس هەسپی تۆ[٢]

شاسواری نازەنین هەر تۆی لە عەرسەی دڵبەران

سەروباڵا، تاقی ئەبرۆت گەر نەبوویایە سەبەب

عیشقی وەحدەت کەی دەبوو، یا سیڕڕی ئەلفوبێ عەیان

جیمی زولف و ئەلفی باڵاو نوونی ئەبرۆی ڕەحمەتت

تەرزی دوو عەکس؟ عاشقانی تۆن لە ئاتەش (خر رجان)[٣]

حیکمەتی خەندەی دەمت ئەمڕۆکە لێم مەعلووم بووە

زاهیر و باتین بە وەجد و عیشقی حەق بوو، عاشقان

داغی باڵا و گەردەن و ڕووتە کەوا دێ دەم بەدەم

ئاهی قومری، سۆزی پەروانان، فیغانی بولبولان

من بریندراری نیگاهێکم، کە خەندێکە دەمی!

مەوجی بەحری شەکرو شیرە (وهم لایبعیان)[٤][*]

من گرفتاری بوتێکم زولف و عاریز ڕۆژ و شەو

شۆخوشەنگ، باڵا بەلا، موژگان خەدەنگ، ئەبرۆ کەمان

عەبدی تۆن، خۆیان لە میزان داوە، زوهرە و موشتەری

تا لە دوولا ڕوویی تۆیان دی بە مووی عەنبەرفشان

من کوتم قوربان وەفـــایی قەت لە تۆ مەحرووم دەبی!

لام ئەلف لای هەر دوو ئەبرۆی پێ نیشان دام بۆ بەیان

---

[١] گەورك (ل ١٦٨): مەهەم ڕووحانیان؟

[٢] ئەیوبیان (ل ١٤٦): ئەسپتە.

- مودەڕیسی (ل ١٢١): ئەشهەبت.

[٣] لە هەر سێ بەڵگەی سەرەوەدا ئاوا نووسراوەتەوە، لێم ڕوون نەبۆتەوە؟! (٭) دەشێ ئاوا بخوێندرێتەوە (خزرجان).

[٤] لە هەرسێك بەڵگاندا، ئاوا نووسراوەتەوە بۆم ڕوون نەبۆتەوە ڕاوەتی چییە؟!.

[*] ئەمە خۆی ڕاستەکەی ((وهما لا یبغیان))ە کە لە سوورەتی ((الرحمن))دا هاتووە: مـرجَ البحـرین یلتقیـان، بینهمـا بـرزخ لا یبغیان،..، دیارە لە ئەنجامی هەڵەی نووسەرانەوە ئاڵۆزکاوە.

کێش: رەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)×٢.

## (٤)

## بازان

ئەو چاوانەی خوماری نازن
به ئیما ئیمانم دەخوازن
هاته دەر وەك ڕۆژ شای شەكەرلێوان
غەمزەكە و ڕەمزەكەی تركی پێشتازن
دەستی هێنا دەر پێی له سەمادا
چاومەستی چاوبەستن یان سیحربازن
قەفەسی بەدەنم تەنگو تاریكه
بازی دڵ، مورغی گیان[1] هەر له پەروازن
زوهرەی یەغما كرد موشتەری كێشا!
خرینگەی خرخاڵ، چرینگەی بازن
نەوبەهار نەوبەرەی شكۆفەی گوڵن
یا خونچەی دوگمەكەی سەر سینگی[2] وازن
به نەسیم دەپژكوون! یا خونچەی سێوان[3]
یا له ئاهی من دوگمه دەترازن
نازانم بۆ وا ڕووح و دڵ كەوتوون
غەرقی خوێناوی جێی داغ و گازن
یا كوژتەی غەمزەی ئەو چاوانەتن
یا ڕەنجەی پەنجەی شەهێن و بازن

---

[1] ئەیوبیان (ل ٤٦): باز مورغی جان و دڵ.

- قەرەداغی (ل ٨٩): باز دڵ و، مورغ جان.

[2] قەرەداغی (ل ٨٨): سینەكەی وازن.

[3] مودەڕیسی (ل ٣٩): پژكووت شكۆفەی گوڵان.

(*) ئەم دێره له (گیو ـ ل ٦٥)دا ڕێكوپەوان و لەبارە:

**به نەسیم پشكووت باخچەی سێوان**

**یا به ئاهی من دوگمه دەترازن**

نازانم بۆ چ ئەیوبیان لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا ڕاستی نەكردۆتەوە؟.

سیڕڕی زاری تۆ[1] من بە کەس نالێم

ڕەنگی زەرد، ئەشکی ئاڵ، هەر دوو غەممازن

ئەوانەی عاشقی ئەو چاو و زارەن

تا هەن سەرخۆش و مەحرەمی ڕازن

موتریبان موتریبان[2] دەم بەدەم گۆیان

بولبولان، قومرییان نەغمە پەردازن

دڵ دەناڵێنی، ڕووح لە شیوەن دا

قودسیان ئینسییان چەن خۆش ئاوازن

گۆوەندی ئاسکان، هاتوچووی بازان

هەموو بۆ خاتری چاوەکەی بازن

دەنگی من سەوتی تۆ بۆ بەزمی خەسرەو

چەنگ و دەف، عوود و نەی، تاروشانازن

ئەمن و تۆ و ڕوخی، کونجی پەنهانی

تەلیسم و گوڵ و بەربەنە و بازن

وەفـــایی نـــاژی بـــە تـــاوی زولفت

سەرتاپای[3] ئەندامی لێم مارانگازن

---

[1] مودەڕیسی (ل ٤٠): سیڕڕی ڕازی تۆ.

[2] واژەی ((مطربان))ی دوویەم بە چاکی نەخوێندراوەتەوە و نووسەران و خوێنەرەوان لێیان تێکچووە؟! و بەهەڵە لە ڕووی وشەی بە هەڵە نووسراوی پێشوو ڕوونووسیان کردۆتەوە.

[3] زۆربەی دەستنووسەکان و قەرەداغی (ل ٨٩): سەرتاپێ ئازای.

(⋆) کێش: ئەم پارچەیەی وەفایی شیعری لیریکی ((گۆرانی))یە، ناچتە ژێر باری کێشەکانی عەرووزەوە، بەڵام لە شێوەی کێشی بڕگەییشدا ناڕێك و نا تەواوە، هاو ژمارەیی بڕگە لە نێوان نیوە دێڕەکانی باڵی ڕاست و باڵی چەپدا نین، هەروەها هاوژمارەیی بڕگە لە نێوان نیوە دێڕ و دێڕە هاوتاکانیشدا نییە، ڕاستە ئەم پارچەیە بە گۆرانی و ئاوازەوە دەگوترێ، ئەنجا بەهۆی درێژکردنەوەی ئاهەنگ و ئاوازەوە هاوتایی لە نێوان نیوە دێڕەکاندا سازکراوە، بەڵام ئەم لەنگییە لە کێش و ناڕێکییە، لە نوسخە چاپییەکانیشدا هەر وایە و بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت.

## (٥)
# مەیلانە[*]

ئەرێ خەندەی دەمت، ئارامی دڵ، کانی حەیاتی من
لەسەر چی زیز دەبی؟ ڕووحت دەوێ؟ هانێ حەیاتی من
کوتت دێم و نەهاتی سەر گرفتاری سەری زولفت
لەگەڵ بەختی سیا چ بکەم؟ دیارە خۆ نەهاتی من
من و سەودای سەری زولفت لەسەر تاقی برۆت حاشا
عەزیزم ئەهلی قیبلەم، کافریی دوورە لە زاتی من
بە خەندەی زار و عەکسی زولف و ڕووت، خۆش بوو[١] دڵم سەت حەیف
دەقیقە شوماری خۆشی[٢] چوو، شەو و ڕۆژی سەعاتی من
لە لایێ ڕووح دەبا عیشوەت، لە لایێ دڵ دەدا خەندەت
عەزیزم هەر بە دەست خۆتە، حەیاتی من مەماتی من
لە دووری تۆ، بە دەفتەر نایێ شەرحی ماجەرای چاوم
ئەگەر دەریایی ئەعزەم بێ، هەموو سورخیی دەواتی من
دەسووتێم تەرزی پەروانە، دەناڵم هەروەکوو بولبول
سەراسەر بۆتە مەزهەر، بۆتە گوڵ شەم، شەش جیهاتی من
چ خۆش ڕووی واوە هێنا[٣]، زولفی ئەفشان کرد بە دڵداریم
ئیلاهی قەت نەکەی ڕۆژ بێ، شەوی قەدر و بەراتی من
ئەمن کەوتووم لەبەر گریانی دڵ دەستم وە دامانت
سەبا گەر بوویە خوێن[**] دامانی یار بگری لەباتی من
دڵم جەزبی نیگاهت خستیە زولفان ئەی خودا ڕەحمێ
بە بەندی جادووان داکەوت، غەریبی دوور وڵاتی من
بڵا مەعلووم ببێ کوژراوی کێم یاران وەسییەت بێ!
چراغی توربەتم هەر دەسکەگوڵ بێ پاش وەفاتی من
ئەمن چی و زوهدی[٤] سۆفییانە؟ من و گۆشێکی مەیخانە
بە قوربانی نیگاهێکت، هەموو سەوم و سەڵاتی من
بە خەندە ڕووی لە زولفان خستە دەر فەرمووی وەرە یەعنی
وەفـــــایی شــــــــــەوچراغی پێ دەوێ ئابی حەیاتی من

---

[*] مەیلانە: مەیخانە.

[١] گەورك (ل ١٥٩): خۆشدڵم؟.

[٢] ئەیوبیان (ل ٥٠): خۆش شمارم؟.

[٣] قەرەداغی (ل ٩٠): ١ خۆش ڕووی دا دەهێنا؟!

[**] ڕەنگە (سبەی گەر بویە خوێن) دروست بێت.

[٤] قەرەداغی: ئەمن...

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

(٦)

## شامی غەریبان

لەو ڕۆژە کە دوور بۆتەوە سایەت لە سەری من
سووتاوە لە تاوت هەموو جان و جگەری من
جەرگم هەموو لەت لەت بوو بە سێڵاوی سرشکم
چ بکەم، کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من
دەیفەرموو لەسەر خاکی دەری خۆی کە منی کوژت
جەننەت بەسە بۆ خوێنی شەهیدی نەزەری من
قەت وا دەبێ خاکی دەری تۆ تاجی سەرم بێ
ئەو دەوڵەتە بۆ من نییە، ئەی خاك بە سەری من
زولفت کە وەکوو شامی غەریبانە، لەوێدا
حاڵی چییە داخۆ، دڵەکەی دەربەدەری من؟
وەك بولبولی شەیدا بە هەزار نەغمە دەناڵم
جارێکی گوڵم! گوێ بدە ناڵەی سەحەری من
دیم هاتە عەیادەت، دەمی پڕ خەندە بوو، یەعنی
ڕووح و دڵی بیمارە، دەوای گوڵ شەکەری من
بێ نۆرە دڵم هێندە لەسەر یەك مەشکێنە
ڕوو وا بکە شۆقێکی بداتە فەنەری من
زولفت سەبەبی جەزبی دڵم بوو، بە برۆی تۆ
کافر بووە بۆ قیبلەیی من، ڕاهبەری من
خۆش بەو دەمە ساقی لە دەری مەیکەدە فەرمووی:
ئـــــەو جامە لە من بگرە، وەفـــایی بە سەری من

---

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)×٢.

## (٧)

## نوکتەزان

ئەریٚ ئەی وەسڵی گوڵزارت حەیاتی جاویدانی من

ئەریٚ ئەی چاوی بیمارت تەبیبی میهرەوانی من

بە عیشوەی زولفەکەی تۆم دا هەموو سەبر و قەراری خۆم

بە نەشئەی چاوەکەی تۆ چوو، هەموو تاب و تەوانی من

سەری زولفت چییە؟ عومری درێژم، تووڵی ئامالم

قەدی بەرزت چییە؟ سەروی چەمەن، ڕووحی ڕەوانی من

لەگەڵ ئاوی حەیات چ بکەم؟ بە تۆیە زیندەگی رووحم

مەسیحا بۆچی بیٚ قوربان؟ ئەتۆی ئارامی جانی من

خەتی ئازادی ئەو ڕۆژەی بە مندا دڵستانی من

کە سەروی قامەتی تەشریفی هێنا باغی جانی من[١]

لە داخی خاڵی سەر لێوت دڵم پڕ خوێن و خوێناوە

کە هیندووزادە بۆتە مەحرەمی ڕازی نیهانی من

لە سەیری حیکمەتی زاری، بە عەکسی زولف و چاوی کەوت

چ زوو شێوا، بە جامێك بادە عەقلی نوکتەزانی من

دوعای ڕەدد و قبووڵ، دەرحەق بە زولفی کرد و گیرابوو

ئیلاهی تێك نەچیٚ عومری درێژی باغەوانی من

کوتم کوا حوسنەکەت؟ عەنبەرفرۆشی زولفەکەی[٢] فەرمووی:

حەبەش ئیسلامی داگرت، تێکچووە دەور و دوکانی من

لە داخی زولف و خاڵی تۆ، قەتاری بەست و فرمێسکم

خەیاڵی چین و ماچینی لە سەردا کاروانی من

لەسەر چاهی زەنەخدان دیٚ و دەچیٚ ڕەحمی نییە زولفت

فەڕەنگە، ڕۆژپەرستە، کافرە، زیندانەوانی من

لەکن تۆ هات، لە چەرخی حەوتەمین ڕابرد و نەتزانی

عەجەب مام بۆ نەگەییە عالەمی باڵا فیغانی من

کە من[٣] مەجنوونی تۆ نیم، لەیلەکەی بیٚ مەیلەکەم بۆچی

لە هەر کووچێك و بازاڕێکی دایە داستانی من؟

نەخۆشی چاوەکەت، خوێنی وەفایی بۆتە دەرمانی!

فیدات بم، زیز مەبە، ها بمکوژە، دەردت لە گیانی من

---

[١] ئەو دێرەی: خەتی ئازادی... لە نوسخەی هەندیٚ لە دەستنووس و چاپەکاندا نەهاتووە.

[٢] ئەیوبیان (ل ٨٥): زولفەکەت؟.

[٣] گەورك، ئەیوبیان، قەرەداغی (ل ٩٣): ئەگەر.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

## (٨)

## بەهارە

جیلوەی سەبا، نەشئەی[1] شەماڵ، بۆی زولف و خاڵی یار دەدەن

یا نەوبەهار دێنێ بە بار، میسکی تەتار بۆی نەستەرەن

ڕەنگی وەنەوشەی دەشت و ڕاغ، وێنەی گوڵ و سەحراوو باغ

عالەمیان کردە شەوچراغ، وەك زولف و ڕووی دڵداری مەن

بە کەسك و سوور، باغ دەر و ژوور، پڕ بوو لە نوور، وەك کێوی توور

لەبەر زهوور، کەوتە حزوور، دوور و نزیك[2]، دەشت و دەمەن

گێسووبلاو، بە نازی چاو، هات لەنەکاو بە بۆنەی ڕاو

ڕۆژ بوو بە شەو، ژین بوو بە خەو، بریوبریو کەوتە زەمەن

بورقەع لە سەر، ئەتلەس لەبەر، وەك بووکی تەڕ، گوڵ هاتە دەر

کاکۆڵ بە دۆش، عەنبەر فرۆش، پێم کوت ئەتۆش[3] دیم غافلەن[4]

جیلوێکی دا، هات لێکی دا، ئارامی دڵ، خۆش تێکی دا

جوغد و هوما، هۆشیان نەما، کەوتنە سەما، چوونە عەدەن

زولف و ڕوخی[5] مانگەشەوە، خۆش دەیکوت و دەیبیستەوە

وێم مەکەوە، دەتولێمەوە، ئاسکی چاوم، ناسك بەدەن

ئەو دڵبەری، موو عەنبەری، ڕوو موشتەری، هەروەك پەری

خوی پێم نواند، دڵمی ڕفاند، هۆشی بردم بە مەکر و فەن

زولفی وەشاند و ڕایتەکاند، ڕووی خۆی نواند، عەتری وەراند[6]

بانگی دەهێشت، کەسی نەهێشت، بۆ کوێی دەبەی وەجهی حەسەن

بە خەت و خاڵ هیندوو و فەڕەنگ، وەسڵ و هیجران شەهد و شەرەنگ

پڕ شۆر و جەنگ، لێم هاتنە دەنگ، غەمزەی خەدەنگ، زولفی ڕەسەن[7]

چین چین لەسەر ڕووی وەك سەنگەر[8]، زولفی عەمبەر، وێستان چەپەر[9]

تابووری چین هاتن بەقین، خۆش داوەرین باغ و سەمەن

---

[1] قەرەداغی (ل ٩٤): لەهجەی شەماڵ؟.

[2] قەرەداغی: نزیك و دوور.

[3] نووسەر: سەرمەست و خۆش دیم غافلەن.

[4] قەرەداغی: دیم غەفلەتەن.

[5] قەرەداغی (ل ٩٥): ئەو زولفو ڕووی.

[6] لە دەستنووسەکاندا: پاکی وەراند، پێمی نواند؟

[7] قەرەداغی (ل ٩٥): غەمزەم خەدەنگ، زولفم ڕەسەن.

[8] قەرەداغی: شەکەر؟!

[9] قەرەداغی: بەستیان چەنبەر. قەرەداغی: نازی کەمی؟!

زولف و نووری ڕووی بلووری، بخووری شەمعی کافووری

خاڵی سیای، چاوی شەهلای، نافەی خەتای، ئاهووی چەمەن

خەندەی دەمی، بۆی پەرچەمی، چاوی بازی، نازی ڕەمی[1]

شەهد و شەکەر، میسك و عەنبەر، یەغما دەکەن تاراج دەبەن[2]

بە غەمزەکان بە ڕەمزەکان، بە قەوسی ئەبرۆ و چاوەکان

تیر و کەوانی تورکومان، قەسدی[3] دڵان بێ جا دەکەن

ڕەقس و سەمای زولفی دووتای، لەبەر هەوای سەروی باڵای

هەروەك بولبول بە ڕووح و دڵ، لەتاو گوڵان[4] کەوتنە شیوەن

نرخ و بەهای، مسکین هەوای، نافەی هەر تای، زولفی سیای

بازاڕی چین دەکەن کەساد، سەبا خوتبەی ئەڵڵا دەکەن[5]

لەعلی لەبی، خۆش مەشرەبی، زولفی سیا، گۆی غەبغەبی

قووتی ڕەوان، ئارامی گیان، ئاوی حەیاتی مەرد و زەن

حەڵقەی گێسووی تاتای لاچوو، لەسەر سینەی بە ڕوودا چوو

شەو چوو سەحەر، دیم هاتە دەر، شەمس و قەمەر سەروی سەمەن

گێسووی دراز وەك تێلی ساز، بە چاوی باز، دەیکوت بەناز

چاوی پڕئاو، جەرگی بڕاو، سینەی سووتاو، بێداد دەکەن[6]

گریە و خەندەی زۆر و کەم بێ، سۆزی سینەی دەمادەم بێ

شادی شیوەن خۆشی غەم بێ، ساغ و کوێری سیڕ و عەلەن[7]

ئەتۆ چ ڕەنگی ئادەمی، دەمێکی گوڵ، دەمێك شەمی

هاوار لە یاری دەمدەمی، فەریاد لە دۆستی ڕیشەکەن

ئەتۆ نە نوور نە ئاوری، دەمێك دێوی دەمێك پەری

هاوار لە یاری سەرسەری، فەریاد لە دۆستی دڵشکەن[8]

دڵم هەموو جێ نەشتەر بێ، خوێنی جەرگم کەنگێ دەربێ[9]

هەتا حەشرێ خوێنی هەربێ! سەوداسەرم خوێنین کەفەن

---

[1] قەرەداغی: نازی کەمی؟!

[2] قەرەداغی: یەغمایی تین، تاراجی تەن

[3] قەرەداغی: صیدی؟.

[4] قەرەداغی (ل ٩٦): بۆ دارە گوڵ کەوتە شیوەن.

[5] قەرەداغی: موڵکی صەبا، خوطـەی خەطا، شاری دەکەن.

[6] قەرەداغی: پەیدا دەکەن.

[7] لای مودەڕیسی ئەو دێرە وا هاتووە:

گریەی خەندەت لە زۆر و کەم، سۆزی سینە دێتن لە دەم    شادی و شیوەن خۆشیی و غەم، ساغ و کوێری تۆ صەد عەلەن

[8] نووسەر: لە دەستی دڵشکەن.

[9] قەرەداغی (ل ٩٨) جەرگی هەموو جێ نەشتەربێ، خوێنی جەرگی کە بێ دەربێ؟.

به برۆی بوڕڕان، گێسوو کەمان، زاری بە خەندەی ڕووح و جان

هەم سایەوان، هەم سوودی جان، هەم نارەوان، هەم نارەوەن

یەغما دەکەن وەك تورکومان، دەرمان دەکەن وەك تەبیبان

وەقتێ دەڕوا ئارامی جان، وەقتێ کە دێ تەسکینی تەن[1]

خۆزگەم بەوەی سەوداییە، پیر و شێخی وەفاییە

سەرخۆشی شین و شاییە[2]؟ ساکین دەبێ دڵ لە وەتەن[3]

لە هەناسەی ئەو دڵمەندەی، قاقای خەندەی ئەو دەمقەندەی

بە بای بەهار، دەتگوت بە بار، گوڵ دێتە خوار، بەرەو چەمەن

ئەی شەوچرای زیندە دڵان، ئەی ڕەنگ‌وبۆی باغی گوڵان

ناژیم تو‌خۆش، دەمرم بەڵان، هێندەم بەسە تۆم بێیە کەن

جارێك وەرە بەر پەنجەرە، ڕووحم بەرە یا دڵ بەرە

تۆی پادشای موشکیل گوشا، من بێ نەوا یا زولەننەن[4]

دڵ پارەیە، ئاوارەیە، مەیخارەیە، بێچارەیە

موتریب بڵێ: ساقی وەرە، جامێ بدە، تاری لێدەن[5]

خاکی دەری مەیخانەتم، تەشنەی دوسێ پەیمانەتم

گیانە پەڕی پەروانەتم، تۆ وەك چراغی[6] ئەنجومەن

انت الذی بجمالك بکمالك بجلالك

کشف القدم، وصف العدم، نشف الوجود للوثن

بێ موحتەسیب وەختێ خۆشە، لەگەڵ یارت بگری گۆشە

لەو بادەیەی وەژ دڵکەشە، کاوێ بەدڵ بگری ڕەسەن[7]

بادە دەمادەم خۆشترە، جامی پەیاپەی واترە[8]

کوا جامی جەم؟ کوا تاجی کەی؟ هەی مەی بدە، هەی نەی بژەن

ئاخیر زەمانی هیجرەتە، دەور و دوکانی فیترەتە

وەقت و ئەییامی غیرەتە، تۆ دڵگوشاو من موحتەجەن

---

[1] ئەیوبیان (ل ٨٠): تەسکینی دڵ.

[2] مودەڕیسی (ل ٦٨): خۆش نشین و سائیە.

[3] قەرەداغی (ل ٩٨) ساکن سالێك لە هەر وەطـەن.

[4] قەرەداغی: یا ذوالمنن.

[5] قەرەداغی (ل ٩٧): جامێك بدەن تارێك لێدەن.

[6] قەرەداغی: تۆ شەوچراغی.

[7] قەرەداغی: کامی بە دڵ جامی بەمەن؟!.

[8] قەرەداغی: بیهتەرە؟

خۆزگەم بەوەی بە نەشئەی مەی، بە بانگی دەف بە دەنگی نەی

دەگری هامون هەروەك مەجنوون، دڵ غەرقی خوون، ڕووت و ڕەبەن

خۆزگەم بەوەی سەوداسەرە، سەرتاپای زامی خەنجەرە

ئاو لە ئاوری بێ خەبەرە، ((فاني في الله)) بێ جێ و مەسکەن

خۆزگەم بەوەی سەوداسەر بێ، پیرێکی مەزنی ڕێبەر بێ

وەك وەفایی دەربەدەر بێ، دەربەدەری کێو و دەمەن

سیڕڕی ئافاق و ئەنفووسی، بەحسی لە سەفحەی دڵ نووسی

گا بەتحایی، گا قودووسی، ڕێڕەو بێ پێ، خۆش خوو بی تەن؟

(في ضيقه اشباحنا، سارت يهوى ارواحنا

لا يفترق اجناحنا، كالطير يَشدو للوطن)

(يا صاح فانظر حالك من مالِكَ مما لَكَ!

تقوى والا وا لك، وأبى لك من العدن)

(أفتحسنوا بمفاعل وفاعل بالظلماتِ

أفتؤمنوا بخوارق وخالق الفلق الالسن)

(شَيخي (كەوابێ)، ماسوى مانعتوى له ماغوى

ما ينطق عن الهوى فاغتنم بالقلب الحزن)

پیرێکی ئاشنایی بێ، خودایی بێ و وەفایی بێ

(توجَـهَ فأينما)، دێتە سـەمــا دار و دەوەن[1]

---

[1] لە (ئەیوبیان و مودەڕیسی)دا، بەندی کۆتایی بەم شێوە هاتووە: شێخێکی ئاشنایی بێ خودایی بێ و وەفایی بێ تەوەجوهی وەك ئاور بێ، دێنێتە جۆش سەماوەرەن؟!

هەروەها چەند دێری دیکەی ئەو سترانە درێژەیلەو دوو بەڵگەی سەرەوەدا نەهاتووە.

کێش: ڕەجەزی هەشتی تەواو: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)×٢.

(⋆) ئەم تێکستە لیریکە ئاینییە درێژە لە نوسخەی ((گیو))دا نەهاتووە، لەگەڵ نوسخەی دیوانی وەفایی (قەرەداغی)یشدا، جیاوازییەکان زۆر لەوە زیاترن کە لێرەدا نیشان دراون، جگە لە جیاوازی لە ڕیزبەندی دێرەکاندا، کە لە زۆر شوێن دەئاڵۆزکێن و تێك ناکەنەوە. ئەم قەسیدەیە تارمایی غەزەلە مورەسسەعەکەی شێخی جزیری: (من دی سەحەر شاهێ مەجەر، لبسێ دبەر....) بەسەرەوە دیار و ئاشکرایە.

**(٩)**

## ئاوایە ڕێگەی عاشقان

هەی دڵ وەرە هوشیار ببە، هذا طریق العاشقین[١]
مەحوی جەماڵی یار ببە، هذا طریق العاشقین
جارێ لە چاوان بگرە خەو، بگری بە ناڵەی نیوەشەو
تا بێتە دەر نەورۆژی نەو[٢]، هذا طریق العاشقین
شۆری دڵ و سۆزی دەروون، زووخاوی جەرگ و مەوجی خوون
خوێنی گەش و فرمێسکی ڕوون، هذا طریق العاشقین
تا دڵ نەسووتێ دەم بەدەم، فانی نەبێ سەر تا قەدەم.!
پەروانە قەت ناگا بە شەم، هذا طریق العاشقین
تا چاوو دڵ خوونبار نەکەی، قەتعی هەموو ئەغیار نەکەی
فیکری ویساڵی یار نەکەی، هذا طریق العاشقین
عاشق دەبێ مەستانە بێ، خاکی دەری مەیخانە بێ
ساقی لەکن پەیمانە بێ[٣]، هذا طریق العاشقین
گەر دڵگوشا بادی سەبا، شەرحی دڵم بۆ گوڵ نەبا
عومری عەزیزم چوو بە با، هذا طریق العاشقین
سووتا دەروونم سەربەسەر، خوێنین دڵە جان و جگەر
جیسمێکە بێ ئیسم و ئەسەر، هذا طریق العاشقین
دیسا لەسەر عەهدی ئەلەست، جامێ لە جامان بگرە دەست
هەر تا ئەبەد مەخموور و مەست، هذا طریق العاشقین
دێوانەوو سەوداسەرم، کوژراوی نازی دڵبەرم
دڵ پڕ لە نێش و نەشتەرم، هذا طریق العاشقین
چاوم بە سۆزی دڵ تەڕە، دەریایی ئاو و ئاورە
موتریب بڵێ، ساقی وەرە، هذا طریق العاشقین
پەروانە خۆی ئاوێتە بەست، فەرمووی چرا مەخموور و مەست،
وەسڵم بە سووتان دێتە دەست، هذا طریق العاشقین
بولبول دەناڵێنێ حەزین، گوڵ دێتە عیشوە و پێکەنین
بگری بە سۆزی ئاتەشین، هذا طریق العاشقین
کێ وەك[٤] وەفایی بەندەیە، لەو جامی دڵ گوڵ خەندەیە
بەو جامە خزری زیندەیە، هذا طریق العاشقین[٥]

---

[١] گیو (ل ٦١): ئاوایە ڕێگەی عاشقان، پێم وایە پاوەندی تەرانەکەی مامۆستا وەفایی لە ڕەژەکدا: (هذا طریق العاشقین)، بە عەرەبی بێ، یان مامۆستا گیو موکریانی نوسخەیەکی دیکەی لە دەست دایە کە واهاتووە، یان مامۆستا کە زۆر زبان و فەرهەنگی کوردی خۆش دەوێ وای پێ چابووە، کە وەرگێڕەکەی، کە هەر لەسەر هەوا و ئاهەنگەکەی (پاوەندە) عەرەبییەکەی دێتەوە و لە بار و پاراویشە، کوردییەکەی هێناوەتەوە.

[٢] گەورك (ل ٥٨): خورشیدی نەو.     (٣) مودەڕیسی (ل ٣٨): ساقی لەکن جانانە بێ...

[٤] (گیو ـ ٦٢، قەرەداغی ـ ١٠٠): چی وەك وەفایی..؟

[٥] لە نامەیێکی کاك موحەمەدی یاهوو بۆ نووسەری ئەو دێرانە وا هاتووە، کە مامۆستا وەفایی ئەو بەندەی بۆ لاواندنەوەی ئەحمەدی کۆر، باوێژی باوەرانی (عامی) کورد کوتوە.

کێش: ڕەجەزی هەشتی تەواو: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)×٢.

## (١)

## دراو

ئەی ڕەفیقان وەرنە یاریم زۆر زەلیلم دڵشکاو
جان و دڵ مەحرووقی نارم، ئاخ لەبۆ تێڕێك دراو
ئاخ لەبۆ تێڕێك دراوان، نووری دڵ بینایی چاو
مەرهەمی دڵ کون کراوان، یان پەڕۆی[١] پشتی شکاو
کوا ڕەفیقێکی تەواو بێ، شێرمەرد و دەست بڵاو
ساحیبی چایی و پڵاو بێ، حاتەمی دەوران بەناو
زێڕ و زیو بابی هەتیوان، غەوس و قوتبی هیچ[٢] نەدیو
ئاخ کە لە منیش بۆتە میوان، دین و دڵ بۆ دانراو
زێڕ و زیو فیکر و خەیاڵمە، دایكوباب و مام و خاڵ
دڵبەری سەت ماه وساڵمە[٣]، لازم و مەلزووم کراو
هەر کە پارێکی دەبینم، دێتە جۆش گریان و شین
دین و ئیمانم دەبینم، دێتە ئیکلام و سڵاو
دێمە ئیکرام و سڵاوان، زێڕ و زیو ڕووناکی چاوان
ڕاحەتی جەرگ و هەناوان تا ئەمن بیڵێم تەواو
عاشقم، عاشق بە زێڕم، ئەی خودا چاوان دەگێڕم
پڕ بکەی خورجین و تێرم، با منیش ببمە پیاو
قەت کەست دی تەرزی من بێ؟ ساحیبی منداڵ و ژن
دەستمایەی کێر و گون بێ، ڕووت و قووت و کەس نەماو
غەرقی دەریایی جودایی[٤]، مەستی تۆبەی دوو هەوا؟
عاشقی مسکین وەفـــــایی، هــــەی خوا بیخەی لە داو[٥]

---

[١] قەرەداغی (ل ١٠١): مامۆمیای پشتی شکاو.

[٢] دەستنووسەکانی دیکە: قوتبی کەس نەدیوان؟!

[٣] دەستنووسەکانی دیکە: دلبەری چەند ماهو.

[٤] قەرەداغی (ل ١٠٢): ڕیایی.

[٥] ئەم دەستە هەڵبەستە زۆر لەسەر هەوا و ((حاڵی)) وەفایی نییە، جا نازانم ئی دەوری لاوەتیی بێ، یا مۆستا وەفایی بە تەوس و تەشەری کێ ئەو بەندانەی کوتبێ؟ ئەو ڕێ و ڕەوەند و هەوایە دەچێتە سەر ڕەوەندی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلا مەعرووفی کۆکەیی.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)×٢.

- ۆ -

(١)

## سپەندم

عەزیزم ڕووحی شیرینم لە من بۆچ وا کەناری تۆ؟
وەرە سەر هەردوو چاوی من کە سەروی جۆیباری تۆ
لەسەر چاکی گریبانت، سەبا شێت بوو وەکێوان کەوت
کە ڕێی کەوتە خەیابانی، گوڵ و باغ و هەناری تۆ
نەخۆشی چاوەکانت بووم و خەندەی تۆ سەبووری دام
شیفای بیماری خۆت دا، گوڵ شەکەر باری لە زاری تۆ
لە لایەك تارە داوی دڵ، لە لایەك مارە قەسدی سەر
چ سیحرێکە عەجەب ماوم لە زولفی تار و ماری تۆ
خەتت هێنا جەماڵت پێ نەما! کوا ڕەونەقی خاڵت
فەڕەنگی هات و کەعبەی گرت و مەهدی چوو لە شاری تۆ
ڕەگ و ڕیشەی دڵم هەر دەنگ و ناڵەی عیشقی تۆی لێ دێ
بڵێ موتریب وەرە ساقی، سەراپا بوومە تاری تۆ
بە چاوت کەوتووم، بۆ زاری تۆ ئاگر لە من بەربوو
سپەندم، هەر بسووتێم چاکە من بۆ چاووزاری تۆ
کوتم شێواوە زولفم، چاوەکەت بەڵکوو عیلاجم کا
ئیشارەی وایە دەردی بێ دەوایە داغداری تۆ
نەخۆشی چاوی تۆم، بێهوودەیە دڵداری خاڵت
بە ئەفلاتوون عیلاجی نایە بیللا دەردەداری تۆ
جەماڵت ئاهی من گرتی، خەتی سەبزت بە سەردا کەوت
چەمەن ڕابرد و سەرما هات و تێك چوو نەوبەهاری تۆ
هەڵستا زولفی خستە ڕوو نیگاهی کردە من فەرمووی:[٢]
قیامەت هـات و ڕۆژ گیرا وەفـایی هـەر خومـاری تۆ

---

[٢] قەرەداغی (ل ١١١): نیگاهی کردە من هەستاوە زولفی خستە ڕوو؟

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)×٢.

(★) سپەند: ئەسپەندەر؛ گیایەکە بەرێکی کزموولە دەگرێ بۆ پووچ کردنی چاووزار دەیسووتێنن. هەنبانە بۆرینە، ل ٢٢.

## (٢)

## چ بکەم

ئەی جەننەتی عەیشی ئەبەدم ڕێ گوزەری تۆ
نووری نەزەرم[١]، تاجی سەرم، خاکی دەری تۆ
بەو قامەتە خاڵ و خەت و ڕووی تۆ کە دەبینم
هەر گوڵشەنی فیردەوسە بە نەخلی شەجەری تۆ
[٦] گیو (ل ٩٦): زولفی لەرزانی لەبەرچاوی بەدەم بایی وەزان.

[٧] قەرەداغی: عاشق و مەجنوونی مەنە.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف: (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن) × ٢

## (٢٨)

## نەمزانی

ئەی حوسنی ئەزەل، دا نەفەسێ خۆت بنوێنە   ئاوێنەیی ڕووی خۆتە دڵی من مەشکێنە
کەوتوومە شکەنجی سەری زولفت بە تەمای ڕووت   یاریم کە نەکەی، چووم بە تەلیسماتی خەزێنە
عالەم هەمووی ڕەنگینە لەبەر عەکسی جەماڵت   هەر ڕەنگە لە ڕەنگێکە هەزار ڕەنگەنوێنە
چونکە سەبەبی دەوڵەتی خەندەی گوڵە باران   ئەی دیدە، هەتا هەی بگری، خوێن برژێنە
چونکە شەرەفی قوربی بەقا، وا لە فەنادا   ئەی دڵ وەرە تا زیندووە، بێ خۆت بمرێنە
سووتاوە دەروونم، وەرە ئەی بادی بەهاری   زیندووم کەوە، بێنێکی لە خونچەی دەمی بێنە
ڕابرە بە دامان و خەیابانی یەخەیدا   نەختێ لە گوڵ[١] و سونبول و نەسرین بوەشێنە
مومکین نییە لەو چاوە نەجاتی دڵی زارم   ئەو مورغە بریندارە، گرفتاری شەهێنە
عەینی کەرەم و مەرحەمەتە، هەرچی بفەرمووی   لوتفت نییە جارێ بە جوێنم بدوێنە
دەمکوت بە خەتا قەت[٢] دڵی خۆم نادەمە چاوت   نەمزانی کە مەی فەسڵی بەهار تۆبەشکێنە
خۆی داوەتە زولفت لە دوو لا گۆشەیی ئەبرۆت   میزان کە دڵان هێندێ، بە ئەو[٣] سووچی شەهێنە

فەرمووییە[٤] وەفـــایی بە دڵی تۆیە ویســـاڵم
قوربان هەر ئەتۆو دڵ، وەرە ڕووحیش بستێنە

---

[١] نووسەر: دەستێ لە گوڵ.

[٢] گەورك (ل ١١٨): کە خەتت بێ.

[٣] گەورك (ل ١١٩): هێندە دەبا لە.

- ئەیوبیان (ل ١٧): هێندە دەبا سووچی.

[٤] نووسەر: دەیفەرموو.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢

## (٢٩)
## دڵێکی

خەرامان بەو سەری زولفی پەرێشان چیهرە بنوێنە
لە گوڵ ڕەنگ و لە سونبول بۆ، لە سەروان جیلوە بستێنە
شەهیدی شەوقی[١] ئەبرۆی تۆ بە جەننەت شادە ئازادە
ئەتۆ قیبلەی مورادانی دەمێکی ڕووت وەها بێنە
زەکاتی خاڵی لێوت بۆسەیە لەو چاوە کافیمە
ئەتۆ بی ساقیی کەوسەر، دڵم بەو جامە مەشکێنە
بە زولف و ڕووی گوشاد جارێ بپرسە حاڵی شێواوم
دەمێك شەککەر بدە، سونبول بە بادە، گوڵ ببارێنە
دەمم[٢] هێناوە بۆ لێوت بلا زولفت ڕەزای لێ بێ
وەکوو قەنناد خۆش سەودا بە زووزوو بیدە، بستێنە
زەدەی چاوم لە لێوی خۆت شیفام دە بەس بەڕقدا چوو!
بە قەترێك ئاوی حەیوانت نەخۆشی خۆت مەسووتێنە
ئەگەر سەت ڕووح و دڵ بێنم، مورادی من ڕەوا نابێ
لەبی لەعلی بە من نادا، دەزانێ ڕووح چ شیرینە
لە ئەنفاسی سەحەرگاهی بترسە ئەی چرا جارێك
هەناسەی عاشقان تیژە[٣]، مەڵێ پەروانە بێ خوێنە
دڵێکی[٤] چاكوپاکی پێدەوێ، وەسڵی ڕوخ و زولفت
خودا شادی بە شانەی دا، سەفای حوسنت[٥] بە ئاوێنە
لەسەر میحرابی ئەبرۆی کەوتمە زولفی دایمە بەرغەمزە
بە جەللادی دەگوت: مورتەد! حەڵاڵە خوێنی بڕژێنە
سەری دانا لەسەر ڕووی تۆ بە شوێنی زولفی تۆدا چوو
وەفـــــایی ئاخری خێربێ، دەمێکە بێ سـەر و شوێنە

---

[١] ئەیوبیان (ل ٧٧): تیغی.
- مودەڕیسی (ل ٦٦): شەهیدی تیغی.
[٢] گەورك (ل ١٣٥): دڵم هێناوە.
[٣] قەرەداغی (ل ١٤٦): تیرە.
[٤] قەرەداغی (ل ١٤٦): دەلیلی.
[٥] قەرەداغی (ل ١٤٦): جەننەت.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

## (٣٠)

## برینە

ڕووحم بە فیدات هەی گوڵی گوڵزاری مەدینە

لوتفت هەبێ، ڕووت وا بکە، مەقسوودی[١] مە دینە

لەو جێگە ببینە[٢] شەرەف و قورب و مەقامت

لوتفت هەبێ بمبەخشە[٣] وەرە جورمی مە بینە

دەرمان مەکە! هاتوومە حەکیمی هەموو دەردان

دەرمان بکە جەرگم، کە هەموو کۆنەبرینە

عومرێکە دەناڵم بە هومێدی گوڵی زارت

جارێکی بفەرموو کە چ هاوارە چ شینە

فەرزەن هەموو دنیای من و عومری خزرم بوو!

بێ جەننەتی ڕووی تۆ، چ حەیاتێکە؟ چ ژینە؟

ئیحسانی کلی خاکی دەری پاکی لە چاودا

بۆیە کە فەلەك تا هەیە چاوی لە زەوینە

ڕەوشەن بکە چاوم بە کلی خاکی دەری خۆت

بەو عیززەتە فەرشی قەدەمت، عەرشی بەرینە

زولفت لە دوو لا شاد و گوشادن بە جەماڵت

کوا ئەهلی شیمالی؟ هەموو ئەسحابی یەمینە

مەوقووفی نیگاهێکە بفەرموو بە تەرەحوم

ژەنگاوییە، ئاوی نییە، ئاوێنەیی سینە

پابەندی ئیشارێکە دەری کە لە دەروونم

خودبینی و بوخل و حەسەد و نیخوەت و کینە

بەو خاڵ و خەت و سوورەت و گێسووی هەتە، حەقییە

مانی کە پەرێشانی سەنەمخانەیی چینە

نایدەم بە هەموو ڕوتبەیی باڵا لە دوو عالەم[٤]

جارێك بە وەفـــایی کە بڵێی؛ کەلبی ئەمینە

---

[١] گیو (ل ٧٩): مەنزووری.

[٢] قەرەداغی (ل ١٤٨): بەو جێگە (بویتە).

[٣] قەرەداغی: لوطفت ببێ بمبەخشە

[٤] قەرەداغی (ل ١٤٩): نایدەم بە هەموو دەوڵەتی دونیاو و قیامەت.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢

## (٣١)
## هەمیشە

لەسەر چی لێم زیزی، چ بووە، چ قەوماوە،     دەمم بۆ ڕووت هێنا[١]، کەعبە نەڕووخاوە
چ کێوی تووریکە، چ شوعلە نووریکە     دڵم بە تاوی ڕووت، هەمیشە سووتاوە
چ بەرق و بارانە، بەو گوڵ بەهارانە     چاوت لەبەر خەندەت، ئەگەر نەگریاوە
نە زولفی جادووتم، نە خاڵی سەر ڕووتم     عەزیزەکەم بۆچی، ئەمنت وەلاناوە
چ بکەم کە هەر نەگریم، لە دەست ئەو چاوکاڵە     شەهید بە هیچ وەختان، خوێنی نەوەستاوە
لەبەر هەناسەی من، زولفی لە ڕوو لاچوو[٢]     مەگەر نەسیم هەنگوت، بەیانی بەرداوە
بە زاری خۆی داخوا، پرسی لە من یاخۆ     گوڵ بوو وەها پژکووت، شەکر بوو وا تواوە
بە تاری زولفانی[٣]، ئەمنی وەها شێت کرد     سەبر و قەراری من، ڕۆیی نەگێرساوە[٤]
لەبەر بزەی لێوی، ئاورێکم وا تێ بەربوو[٥]     بۆسۆی هەناسەم هەستا[٦] لە هەوای نەشێراوە[*]
سەروەری دیوانان[٧]، چراغی پەروانان     شەرابی مەیخانان، خوماری ئەو چاوە
ئەتۆ گوڵی بۆخۆت، ڕەنگت لە ئاوێنە     ئەتۆ ئەوی فەرمووت، بەو ئاوە کووژاوە
ئەی ڕۆژی شەوگەردان، ڕووی تۆ لەنێو پەردان     شیفای هەموو دەردت بە خەندە هێناوە
تۆ و زولف و خاڵی ڕووت توبی و جەماڵی خۆت     شەو بوو وا تاریک بوو[٨]، یا ڕۆژە گیراوە[٩]؟
یەخسیر و بەندی تۆم، ڕاوی کەوندی تۆم     بە زولفەکان جاری، بفەرموو بەولاوە
فەرمووت دەبێ بگری، سەبر و قەرار نەگری     ئەمرت[١٠] لەسەر عومرم، حوکمت[١١] لەسەر چاوە

---

[١] گیو (ل ٧٥): لەڕووی تۆدا.
[٢] نووسەر: زولفت بەڕوودا کەوت.
[٣] قەرەداغی (ل ١٤٩): بەتاری زولفانت.
[٤] قەرەداغی: ڕۆیی نەگەڕاوە.
[٥] قەرەداغی (ل ١٥٠): لەبەر شەکەرخەندەت، ئاورم وەها کەوتێ.
[٦] قەرەداغی (ل ١٥٠): سۆز و گۆدازی من نەی بوو نەشێراوە.
[*] ئەم دێرە هەر دوو باڵی ڕاست و چەپی، بەم شێوەیە لەباری کێشەوە، لەنگ و ناتەواوە، شێوەی نزیک لە ڕاستی ڕەنگە بەم جۆرە بێت: لەبەر بزەی لێوی، ئاورێکم تێبەربوو     بۆسۆی هەناسەی من هەستاو نەشێراوە.
لە ئەیوبیاندا وا هاتووە:
لە تاو شەکرخەندە، ئاورم وەها کەوتێ     سۆز و گوزاری من، نەبووە نەشێراوە
[٧] ئەیوبیان (ل ٨٥): سۆراغ.
[٨] قەرەداغی: کە شەو بە تاریکی.
[٩] قەرەداغی: کە ڕۆژ گیراوە.
[١٠] ئەیوبیان: ئەبرۆت.
[١١] ئەیوبیان: مەمکت.

فەرزەن ئەمن شێت بووم، ڕووم نەبوو نەمزانی | هەمیشە خۆ پادشا، ڕووی بە گەدا داوە
بە تیری ئەو شۆخە، چلۆن نەناڵێنم | برینی تێر ئاوی، پڕ ئێش و زووخاوە
بە غەمزە کوژتوومی، بەڕێوە[12] گرتوومی | دەژلێ وەفای مەگری کوژراو[13] نەشۆراوە
کاوێکە زۆر ڕەنجوورم[14] لە یاری شیرینم دوورم | سروەی بەیان دەغیلم جەنگەی دۆعا و سڵاوە[**]
ها بڕۆ بە زاری من، پێی بڵێ[17] بە یاری من | دووربێ لە حاڵی تۆ نیوەی ڕووحم نەماوە[***]
ئەتۆ کە ڕێ زانی، چۆل و بیابانی | دەستم بە داوێنت، وەفایی داماوە

---

[12] قەرەداغی: بە شێوە.

[13] قەرەداغی: وەفا مەگری شەهید نەشۆراوە.

[14] قەرەداغی: دەمێکە ڕەنجوورم.

[15] قەرەداغی: شەمام دەخیلت بم.

[**] ئەم دێڕەش لەنگە، بەم شێوەیە دروست دەبێ:

کاوێکە ڕەنجوورم، لە شیرینم دوورم | سروەی بەیان دەغیل جەنگەی دوعاو سڵاوە

[17] قەرەداغی (ل ١٥١) بڵێ بەیاری.

[18] قەرەداغی: ڕووحم نەنیێو ماوە.

[***] ئەمەش لەنگە دروستەکەی وادەبێ: دووربێ لە حاڵی تۆ من ڕووحم نەماوە!

کێش: ئەم تێکستە لەگەڵ ئەوەشدا کە لەسەر بنیاتی یەکێتی کێش و سەروا هۆنراوەتەوە (جگە لە دوو سێ دێری نەبێت کە ڕەنگە بەهەڵە ڕەنووس کرابێتەوە)، بڵام لەگەڵ نیزامی کێشی عەرووزی ڕێك ناکەوێ، عەزیز گەردیش لە کتێبی (ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی)دا بواردوویەتی. بێت و مامەڵەی کێشی برگەیی لەگەڵدا بکرێت کێشی لەتە دێرەکانی دەبن بە:

(٦ + ٦) (٦ + ٦)

کە ئەمەش لە کێشی خۆماڵی و شیعری فۆلکلۆری کوردیدا کێشێکی ناوێزە و دەگمەنە. ئەنجا ئەگەر واش بێ، پێویستە هەر دێرێکی لە شێوەی بەندێکدا بەم جۆرە ڕێك بخرێتەوە:

لەسەر چی لێم زیزی
چ بووە چ قەوماوە
دەمم بۆ ڕووت هێنا
کەعبە نەڕووخاوە
* * *
چ کێوی توورێکە
چ شوعلە نوورێکە
دڵم بە تاوی ڕووت
هەمیشە سووتاوە... تاد.

وەکوو لە پێشەوە گوتوومانە ئەمە کێشێکی ئاوێستایی کۆنە، (گۆران) زیندووی کردۆتەوە و چەند پارچە هۆنراوەشی لەسەر هۆنیوەتەوە.

## (٣٢)

## نازی چاوبازان

لەبەر نازی چاوبازان، خورد و خەوم خوێناوە[١]
بەتیری تیر ئەندازان، چ بکەم جەرگم بڕاوە
شێت و شەیدا سەحرایی، دەگریم هەروەك وەفایی
چ بکەم لە دڵی سەودایی، پەریان دەستیان لێداوە
لەسەر تاقی دوو ئەبرۆت، مەیلی زولفان دەمکێشێ
خۆ وەختە من کافر بم، چ بکەم قیبلەم گۆڕاوە
عیشوەی ڕووی تۆ هەر خۆش بێ، موشکیل گوشاو سەرخۆشبێ
بزووت سروەی بەهاری، گرێی زولفت کراوە
هەی ئاوێنەی دڵبەری، زارت گوڵ، زولفت زەری
با هەناسەم نەتگری، ڕووی خۆت بێنە بەملاوە
زولفت جێی بێ قەراران، ڕووت ڕۆژی شەوبێداران
ئەمان ئەی شای گوڵزاران، ڕەحمێك تا ڕووحم ماوە
بەس عومری من بە بادە، ڕووت بێنە، زولفت لادە
دڵ بۆیە نامورادە، بەو شەوە ڕۆژ گیراوە
با شەو بڕوا سەحەربێ، باغی گوڵان وەبەربێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ، کافر ئیسلامی ناوە
دەستم لە تای زولفت دا، بەم باڵایە نەمزانی
بۆ چ دەمکوژی خۆ قوربان، پردی سیرات[٢] نەپساوە
لەبەر چاوت نەمزانی، بێ باغەوان گولچێنم
مەست بووم هۆشم لێ نەبوو، دەمم بۆ ڕووت هێناوە
هاتم بە بۆنەی خاڵت، تووشی داوی زولفت بووم
تەیرێکی نابەڵەد بووم، نەمزانی دانەو داوە
ئەمر و سەبای مرادان، کاسی کردم نەمزانی
نە عەتری نافەی چینە، نەبۆنی زولفی خاوە
لە سایەی چاوەکانی، بوومە ڕیندی خەرابات
لەلای پیری مەیخانەی، خەرقەم لە گرێو مەی ناوە

---

[١] نووسەر: لەبەر نازی چاوبازان خواردن و خەوم نەماوە.

[٢] قەرەداغی (ل ١٥٢): پردی قیامەت.

تۆخوا دڵم مەشکێنە، با بزانم ڕووت وا بێنە
ڕووتە یا گوڵ هەنارە، لێوتە یا شەکری خاوە
بە دەردی بێ دەرمانی، کەوتوومە سەرگەردانی
بە جوابی "لن تراني"، چ بکەم جەرگم[٣] بڕاوە
قەیتانی لێوەکانت، بەندی دڵی پساندم
جوێنت چاك دیارە، ڕوحمت لەلا نەماوە
سڵاوم کرد لە یارم، دڵتەنگ و غەمگوسارم
بە ڕاوێژێکی شیرین، جوابی سڵاوی داوە
وەختێ ئارەق دەڕێژی، بۆ کوژتنی وەفایی
بە گوڵی کوڵمەت سوێند دەخۆم، گەردن شووشەی گوڵاوە

[٣] قەرەداغی (ل ١٥٣): چبکەم ڕووحم سووتاوە.

کێش: ئەم پارچە لیریکە دێرەکانی لەسەر کێشی حەوت بڕگەیی (٤ + ٣) ڕێکخراوە. ئەمەیان لە کێشە باوەکانە و هەم لە شیعری فۆلکلۆریدا و هەم لە شیعری نوێدا بەرچاو دەکەوێ، لەدوای کێشی هەشت بڕگەیی دێ و مۆسیقاکەشی لەو نزیکە.

سەرچاوە: گۆران ـ نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی.

ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

(٣٣)

## شادی

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ بولبولم با بێتەوە
وا وەعیدی بەفری زستانە و فیراقم کەوتە دڵ
مەر بەبای وەعدەی ویساڵت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە
میروەحەی زولفت لە دەوری ئاوری ڕووت بێ چلۆن!
ئاگری عەشقت بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە
سووچی زولفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت
ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەکرێتەوە
خەتتی میهر و زولف و خاڵی حوججەتی موڵکی دڵە
نەقشی ئەو موهرە بە ئاوی "خوڕخوڕە" ناچێتەوە
دڵ لە ترسی چاوی بوو ڕووی کرد لە میحرابی بڕۆی
ئیستە بیستوومە لە چینی زولفی جێی نابێتەوە
کێوی هیجرت خستە سەر شان و دڵم پێی خستەوە
تا نەگا دەستی بە زولفت زەحمەتە هەستێتەوە
سەت کەڕەت خستمتە گێژی مەهلەکەی بەحری فیراق
ئاخری قوڵڵابی موژگانت دەرم دێنێتەوە
مەزرەعەی میهر و مەحببەت تۆوی وەسڵی شین نەکرد
گوڵ بە شادی دادەچێنم، خاری غەم دەڕوێتەوە
خۆت دەزانی موددەتێکە سەر لە پاماڵی جەفام
کەی وەکوو نەقشی قەدەم سەر نێمە ژێری پێتەوە
دڵ ئەوا کەوتۆتە زیندانی غەم و قوربانتم
تایێکی زولفت بنێرە بەڵکە بۆم دەربێتەوە
توخوا تاکەی لە تاریکی شەوی هیجرانی تۆ
دەستەوئەژنۆم دابنیشم، ڕەببی کەی ڕۆژ بێتەوە
بێ ئیشارەی (حکمة العین)ی شیفات، نایە شیفام
خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە
فیکری من چونکە دەقیقی عاشقی[1] قەددی ئەوە
موو لە موو گیراوە، چ بکەم لێك جـوێ نابێتەوە

---

[1] ئەو پارە هەڵبەستە لە ڕێکەوەند و دیوانی وەفاییدا هاتووە، لە پایانە بەندیدا نێوی وەفایی نەهاتووە!، بێجگە لە ڕاوێژ و هێندێك واژە و زاراوی بەگزادەی بەری سەقز، دوو نێوی (دەقیقی و عاشق)، کە لە پایانە بەندەکەی ئەو تەرانەیدا هاتوون، پیاوی دڕدۆنگ دەکا کە ئەو بەندە ئی وەفایی نەبێ ـ کاك محەمەد عەلی قەرەداغی لە کۆبەی پەڕی (١٥٥)، دیوانی وەفایی چاپی بەغدادا وەکوو ئێمە بە دڕدۆنگی چاپی کردووە؟!.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

(٭) ئەیوبییان بە پێڕەوی لە قەرەداغی ئەم تێکستەی هێناوەتەوەو لە هیچ کام لە دەستنووسەکانی بەردەستی دا نەبوون، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هی وەفایی نییە. بەڵکوو هی مەلا صاڵحی حەریقە و لە دیوانەکەشی دا هاتووە. بگەڕێوە بۆ: دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەددینی ئەنیسی، مەهاباد، ١٣٦٨، ل: ١٦٢.

## (٣٤)

## گوڵزاری بەهەشت

مەمکوژە تۆو گەردنی خۆت ڕووت[1] لە زولفان دەرخەوە

هەی سەبای ساڵحان ئەتۆ بکەی ئەم شەوە ڕۆژ بێتەوە

تاقەتم چوو ئارەقی گەردنت بە زولفان ون مەکە

ئەی ستارەی سوبحدەم ئەوشۆکە زووتر دەرکەوە

سووتبووم خۆم دا پەنای زولفت دەمێك ئاسوودە بم

ڕووت نیشان دام باز لە سایەی تۆوە ئاورم گرتەوە

زولفت ئەفشان کرد و پەنهان بووی و دونیات کردە تەم

خۆت وەدەرنا، عالەمت سووتاند و ئاورت کردەوە

با بە هەویای پایبووسیت عومری من کۆتا نەبێ

مەیخە پشتگوێ، مەرگی من، بێ زولفەکانت هەڵدەوە!

ئولفەتی زولفت چییە قوربان لەگەڵ ڕوخساری تۆ؟

خۆ بە هیچ دینێکی نابێ کوفر و ئیمان پێکەوە

هاتە سەر خەندە کە من سوڵتانی حوسن و دڵبەرم

غایەتی سورەت نومای ڕۆژی جەماڵی من شەوە

بای سەبا بەرقەع گوشابوو؟ یا ئەتۆ بووی خۆت نواند؟

یا نە ڕیزوان دەرگی گوڵزاری بەهەشتی کردەوە

من لەبەر عەکسی نیگاهت کەوتووم هۆشم نییە

چاوەکەی تۆ هەر نەخۆشە یا نە سەرخۆشی خەوە

(خارق العادات) زولف و خاڵ و خەندەی زاری تۆن

میسك و عەنبەر، شەهد و شەککەر، لەعل و گەوهەر پێکەوە

زولفی لادا با دیاربێ جاعیلی لەیل و نەهار

ڕووی وەدەرنا تا بزانن (خالق الاصباح) ئەوە

نەوڕەسیدەی نەخلی باڵا شەرحی حەرفی وەحدەتە

نەور و نەکهەت، نوور و زوڵمەت، نار و جەننەت پێکەوە

وەك سەری زولفت دەبێ کێ بێ حیسابی تێك نەچێ

گەر بە ناز تۆ بێیە پای مەحشەر بە چاوی مەستەوە

چیم لە ئومێدی بەهەشت و بیمی دۆزەخ داوە من

دۆزەخی من هەر فیراقە جەننەتی من هەر ئەوە

---

[1] قەرەداغی (ل ١٥٦): زوو؟

لێوەکەت عومرم بوو شەرتت کرد بە دڵ جارێکی دیش
وەختە بۆت بمرم وەرە! عومری دووبارەم پێدەوە
خۆش بە ناز ڕامەبرە قوربان ئیلتیفاتێکت هەبێ
دادخا زۆر کەوتوون هەستە سەمەندت[1] بگرەوە
تاقی ئەبرۆت دەرخە شادم کە هەتا قوربانی بم
عیدی قوربان چونکە شەرتی ڕوئیەتی مانگی نەوە
داخۆ چ بکا پاش خەت و خاڵان سەفی موژگان بەناز
لەشکری تورکان ئەوا هات و فەڕەنگی پێشڕەوە
ئاه و ناڵەی بێ قەرارت عالەمی خستۆتە جۆش
گوڵ بە ناز پەروەردەیە ئەی دڵ دەمێکی بسرەوە
من لەسەر خاکی دەری یاری سەفەرکەردە نەمام
نامرم ئەهلی بەهەشتم گەر ژیانم بێتەوە
تۆ هەڵستای ئەو دەمە ڕووحی وەفاییت زیندەکرد
تا نەڵێن نایا قیامـەت هەســـتە پێ با بێتەوە[2]

[1] قەرەداغی (ل ١٥٧): نەختێ سەمەندت.

[2] قەرەداغی (١٥٨): با قیامەت کەس نەڵێ هەر یێکە تووخودا هەستەوە.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) ×٢

**(٣٥)**

## کوڵمی سوور

تا بەتا[١] لەو ڕۆژە تۆ زولفت بە ڕوودا خستەوە
من لە سایەی زولف و ڕووی تۆ ڕۆژی ڕووناکم شەوە
دا بزانن خەت لە دەوری عاریزی هات و گوتی:
هەرچی نەیدیوە شەو و ڕۆژ نوور و زوڵمەت پێکەوە
دڵ لەسەر تاقی برۆی خۆی خستە داوی زولفی خاو
قیبلەکەم گۆڕاوە بۆیە پێم بە داوی کوفرەوە
ڕووحی شیرینم بە چاوان وا بە زاری دەمکوژێ
قەت نەڵێی ئاخر ئەوە[٢] فەرهادە یاخۆ خوسرەوە
چونکە دڵ عاشق بە ئەبرۆی بوو بە داوی زولفی بەست
حەقیەتی زەنجیری کا، دێوانەیی ماهی نەوە
من وەها زوو مەستی مەی نابم بە نەشئەی چاوەکەت
مەرگی من ساقی لەگەڵ ئەو جامە لێوت بێنەوە
تــۆ وەفاییت کوژتووە ئیسپاتی کوڵمی سوورتە
ڕۆژ کە گیرابێ نیشانەی قەتڵی مەزڵوومان ئەوە

---

[١] دەستنووسێکی بێ نێوی کۆن کە لامە: تا بوتا.

[٢] قەرەداغی (ل ١٥٨): داخۆ ئەوە.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

**(٣٦)**

**مەمکە**

**چین چین و تاتای گرێیە، زولفی هەورێیی[١] بکەوە**

**مەستانە دین و دڵ دەبا، ڕێی میسکی خۆش بێی[٢] بکەوە**

**چەند خۆشە بۆ سەرهەڵگرتن، پێکەوە بێ دەستە و گەردن**

**ئەوجار هەتا ڕۆژی[٣] مردن، بە شەهد و شیری بکەوە**

**هیلاکی غەمزەوو بڕۆی، شاد و شەهید بەدڵی خۆی**

**بۆی دڵسووتاوی ڕەنجەڕۆی، تۆ شیر و تیری بکەوە**

**ئەگەر وەکوو زولفی سیای، ئالقەی ببەستن بە سەفای**

**بمرە لەبەر خاکی بەرپای، هەر بە ئەسیری بکەوە**

**زۆر لەمێژە بێ حاسڵم[٤]، تا کەی بناڵێنێ دڵم**

**دڵ بولبولی خۆتە گوڵم، جارێکی بیری بکەوە**

**دڵ کەوا لەتۆ زیز بووە، خوێنی وەسەر ڕووی کەوتووە**

**ساوایە گڕووی گرتووە، بەو مەمکە ژیری بکەوە**

**چاومەستە ڕوو وەك گوڵدەستە[٥]، زاری لێ کردوومە پستە**

**فەرمووی وەفـــــایی دە هەستە، بەس بە زویری بکەوە[٦]**

---

[١] قەرەداغی (ل ١٥٥): زولفی حەریری.

[٢] قەرەداغی: میسك و عەبیری.

[٣] قەرەداغی: ئیدی هەتاکوو مردن.

[٤] قەرەداغی: لەمێژە بێ حاسڵم.

[٥] قەرەداغی: ڕوو گوڵدەستە.

[٦] ئەو دەستە هەڵبەستە لە دیوانە دەستنووسەکانی مندا نەهاتووە، لە ڕووی پەڕێکی پەرپووت و درِدڕ و کوژاوەوە سێ چوار بەندمان نووسیبۆوە و لە ڕێکەوەندی کاك قەرەداغیشدا بەو چەشنەی کە دەیبینین زۆر هەڵە و کزە. هەروا بە نێوی ئەمانەت پارێزییەوە هێناومانەتەوە.

کێش: ئەم پارچەیە لەڕووی واتاو کێشەوە گرێ و ئاڵۆز زۆری تێدایە و لەئاکامی بەهەڵە نووسینەوەی کێشەکەی بزرکاوە. خاوەنی (ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی)یش پشت گوێی خستووە، دەشێ لەسەر شێوەی کێشی (٨) بڕگەیی کوردی ڕێك بخرێتەوە:

چین چین و تاتای گرێیە        زولفی هەورێیی بکەوە

مەستانە دین و دڵ دەبا        ڕێی میسکی خۆش بێی بکەوە

## (٣٧)

## واوەیلایە

چاوی پڕخوێنم دەگێڕم قیبلەکەم پەیدا نییە

نووری چاوم ڕۆیوە یا دیدەکەم بینا نییە

وەك نەیستان ئاورێ بەربۆتە دەروونم بەندبەند

دڵ کە هەروەك نەی دەناڵێ دەم بەدەم بێ جا نییە

ئەی چرا لەحزێك مودارا، تێر ببینم[1] ڕەنگوڕووت

وەرنە پەروانەی غەریب، جان و دڵی پەروا نییە

بۆ نیساری مەقدەمت عومرێکە دەگریم ڕۆژ و شەو

تا بە کەی گەوهەرفشانی، چاوەکەم دەریا نییە

چی دەکەم دەگریم دەسووتێم، ئاوری دڵ نامرێتەوە

چ بکەم ئاخر نووری دیدەم، سینەکەم سینا نییە

گەر هەزارجار ببمە کۆی زووخال[2] بە نووری کێوی توور

ئەو دڵە جوویایی دیدارێکی وەك مووسا نییە

هات و ڕووی وا کرد و دنیای کردە ناڵەی عاشقان

دا نەڵێن: نایە قیامەت، ڕۆژی واوەیلا نییە

حەڵقەحەڵقە تاری زولفی خستە سەر ڕووی نازەنین

دا نەڵێن: ڕۆژ حەڵقەگۆشی ماهی شەوئارا نییە

پێکەنی مەجنوونی کردم زولفەکەی دامێ بەدڵ

دانەڵێن: شەککەرفرۆشی ئێمە خۆش سەودا نییە

خۆم بە سەر گێڕا وتم قوربان پەرێشانی بەسە

سوێندی خوارد بەو زولفە وەسڵم عەینی سەرگەردانییە

مەنعی ناڵینم لە شەوقی گەردن و ڕووی خۆت مەکە

بولبولی سوبحی بە هار بێ شین و واوەیلا نییە

مەنعی ناڵینم مەکەن یاران گوناهی من نییە

ئیختیارم لێ براوە، ڕووحەکەم قوربانییە

---

[1] قەرەداغی (ل ١٥٩): تێر بینێ.

[2] قەرەداغی (ل ١٦٠): بی بەکۆی زووخاڵ.

دڵ کە بەستەی زولفە لەو لێوانە مەحروومی مەکە

بێ شەکەر ئەو تووتییە ناژی کە هیندووستانییە

گا بە ناز گاهێ بە غەمزە مەمدە بەر تیغی بڕۆت

کوژتنی عاشق بە هیچ ئایین و دینێك چا نییە

با فریوی من نەدا واعیز بە گوڵزاری ئیرەم

عاشقی ڕووی تۆ بە هەوییای (جنت المأوى) نییە

گەر هەموو عالەم بڵێ مەجنوونە، تا دەمرم دەڵێم:

هەر دوو دنیا قیمەتی دیدارێکی لەیلا نییە

داد لە دەست حوسنت کە زولفت نابێ بێ نالەی دڵان

ئاری ئاری دایرەی شاهانە بێ غەوغا نییە

سەت هەزار دڵ پێکەنی وەك گوڵ بە دەم بادی سەبا[٣]

یا هەناسەی جان فەزای گوڵزاری غەوسی سانییە

جانشینی حەزرەتی (غوث الخلائق) قوتبی حەق

فەرعی (طه) ئەسڵی (یاسین) نەوبەری گەیلانییە

ڕەوشەنی چاوی قلووبی عاریفە، عەکسی دەڵێی:

کێوی تووره، مەزهەری نووره، کلی سوبحانییە

پێی لەسەر شانی هەموو وەلیانە جەددی خۆی دەڵێ:

جێی لەسەر چاوانە، شاهە و شانشینی شا نییە

چت لە وەسڵی زولفی من فەرمووی وەفایی ها دەمم

تالیبی عـــەیشی ئـەبـەد بە، عومری دونیا فانییە[٤]

---

[٣] قەرەداغی (ل١٦١): بەدەم بادی بەهەشت.

[٤] مامۆستا گیوی موکریانی و کاك محەمەد عەلی قەرەداغی ئەو سترانە (قەسیدەیان) لە وێنـەی دوو تەرانـەدا دابـەش و لێك جوێ کردۆتەوە، بەڵام لە دەستنووسە کۆنەکانی لای ئێمەدا، هەمووی بە سەریەکەوەیە.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

## (٣٨)

## دەستەوخەنجەر

دڵ بە داغی دڵبەرێك دێوانەوو سەحراییە — زەوقی دڵ قووتی ڕەوانە، قووەتی بیناییە

شێت و شەیدای دڵبەرێکم شۆخ و شەنگ و نازەنین — دڵگوشایە، دڵبەرە، هەر جانییە، هەر جاییە

عاشقانی ئەلفی باڵای مەیلی دونیایان نییە — وەحدەتی حاڵی بووە دیوی گەدایی شاییە

من بە داو بۆیە دڵم دانا بە دانەی خاڵی یار — عەینی نادانی لەنێو ئەو عالەمەی داناییە

قەسوەتی دڵ غالبە، خەسفی قەمەر نیزیك بووە — مەیلی دین کەم ماوە هەر پوولە دەقەی[1] دنیاییە

بێ سەدا سووتاو و خامۆش هەروەکوو پەروانەبە — عیشقی بولبول چونکە وا کەم زەرفە هەر ڕوسواییە[*]

دڵ لەتاو زولفی دەناڵێ ڕووح لەبەر ڕووی شادمان — گەردشی دەورانە جێیەك شینە جێیەك[2] شاییە

بژمرم باکم نییە بەو شەرتە یارم بێتە سەر — ناهومێد نیم چونکە یارم مەشرەبی عیساییە[3]

چاوەکەی کوژتمی بە موژگانی لە سایەی زولفەکان — دەستوخەنجەر کاری مەست و مەردومی سەوداییە

غەرقی نێو بەحری سریشکم بەڵکو یارم بێتە دەست — گەوهەری من لەعلی من کانی نییە دەریاییە

من بە هەوپای وەسڵی زاری بووم کەچی فەرمووی بە ناز
ئارەزووی هیچ ئەی وەفـــــــایی دوور لەتۆ بێ جاییە

---

[1] ئەیوبیان (تەرانەی ٢٤): پۆلا و قصدی؟!

[*] لە دوای ئەم دێرە دێرێك هەیە لێرەدا نەهاتووە:

دەست لە خۆت هەڵبگرە ماوێکی وەدووی دڵبەر کەوە — تا بزانی و تێبگەی وێرانە بوون ئاواییە

بڕوانە: گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە (٦٢)، ١٣٨٥.

[2] نووسەر (جێیەك = جێگەی؟).

[3] ئەیوبیان و مودەڕیسی: عەیارییە؟!.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

## (٣٩)

## زاری

کار و پیشەی ئەم دڵەم چ بکەم خودا هەر زارییە
سەیلی فرمێسکم وەکوو جۆگە لە چاوم جارییە
سەروە یا شمشادە یاخۆ عەرعەرە یا نارەوەن
یا چنارە یا کە تووبای قامەتی دڵدارییە؟
نوختەیی ئایاتی قورئان یا نە هیندووی خەتتی تۆ
یا سەوادی عەینە یاخۆ خاڵی سەر ڕوخسارییە
بێ قسە وەختی تەبەسسوم سەت هەزارانی دەکوژت
یا نە غیلمان یا پەری یا حوورە یا گوڵزارییە
مات و حەیرانم کە بۆچ ئەمڕۆ دەمی هێنا ئەمە
یا نە تەئسیری فوغانە یا نە وەعدەی پارییە
زەخمی ناسۆرە قەرارگە یا نە ئیشی خەنجەرە
یا خەدەنگی چاوی بیمارت لە چاوم کارییە
دەنگی قووقووی قومرییە یا خۆ سەڵایی شیوەنە
دەنگ و نەغمەی بولبولە یا ناڵەناڵی تارییە
ئەشکی دووچاوی وەفایی سوورە ئاوی جارییە
چونکە لێوی لەعلە، گەردنبەندەکەی مرواریییە

---

ئەو دەستە هەڵبەستە کە زۆر کز و ناپاراوە لە هێندێك واژە و زاراوو ڕاوێژی ڕا دیارە وەتەرانەکانی وەفایی ناچێ و، لە هیچ یەك لە دەستنووسە کۆنەکانی ئێمەشدا نەهاتووە، بەڵام لە دیوانە چاپکراوەکانی وەفاییدا هاتووە:

- دیوانی وەفایی، گیو موکریانی، کوردستان، ١٩٥١، پەڕی: ٩٥.
- دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٧٨، پەڕی: ١٦٢ ، ١٦٣

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

## (٤٠)

## نازی پەری

دڵی دێوانە لەسەر زولفی لە عالەم بەرییە ... قەت ڕەهایی نییە لەو داوە کە بەستەی پەرییە

بە وەفا بە کە دەشمکووژی بەمیهرم وەرە سەر ... با نەڵێن عاشقیی میهر و وەفا[١] سەرسەرییە

چت لە دڵ داوە عەزیزم وەرە نێو دیدەیی من ... دڵ هەموو ئاورە چاو مەنزەرەیی دوودەرییە

چاوی بیماری تەبیبی هەموو دەردی دڵمە ... غەمزە دەرمانییە، پەیکانی موژە نەشتەرییە

قامەتی تۆ کە گوڵ و بەی، بەری بێ، بێ بەری بێ ... بۆ دەڵێن ئیدی سنەوبەر، بەری بێ، بێ بەرییە

بۆیە سووتاوم ئەمن عاشقی بەدناوم ئەمن ... دڵەکەم غەمزەدەیی غەمزە و نازی پەرییە

ڕوو بە ئەبرۆتە ئەگەر[٢]، بۆچی دڵ ئازارە موژەت ... ئەهلی قیبلە عەجەبە وا ڕەوشی کافرییە

سەروی گـوڵزاری وەفایی کە لە گوڵزاری[٣] جەماڵ

خەندە گوڵ، گوڵ بەرییە، هەم گوڵە هەم گوڵبەرییە[*]

---

[١] گیو (ل ٩٠): دا نەڵێن عاشقی بێ میهر و وەفا؟

[٢] گیو (ل٩١): ڕوو بە ئەبرۆتە دڵم.

[٣] قەرەداغی (ل ١٦٢): سەروی گوڵزاری (وەفایی)یە کە گوڵزاری.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف: (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)× ٢

[*] بەر لەوەی ئەم پیتە سەروایە بەکۆتا بێنین و. بچینە سەر پیتە سەروای (ی)، مەسەلەیەك هەیە وا پێویست دەکا کە لێرەدا بیخەینە بەرچاو ئەویش ئەوەیە کەوا د. مارف خەزنەدار لە باسی (پێنجین و پێنج خشتەکی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)، دێتە سەر شیعرێکی پێنج خشتەکی وەفایی کە لەسەر غەزەلێکی نالی هۆنیویەتەوە، دوای ئەوەی کەمێك لەسەر مەسەلەی ڕوخسار و ناوەڕۆك لە تێکستەکەدا وەستاوە، ئەنجا تەواوی شیعرە پێنج خشتەکییەکەی وەفایی تۆمار کردووە، ئەم پارچەیە لەهیچ کام لە دیوانە چاپکراوەکانی وەفاییدا نەهاتووە، دیارە وەبەرچاوی ئەیوبییانیش نەکەوتووە، هەرچی د. خەزنەداریشە باس لەو سەرچاوەیە ناکات کە ئەم شیعرەی لێ وەدەست کەوتووە، لێرەدا بە پشت بەستن بە کتێبەکەی د. خەزنەدار تەواوی تێکستەکە دەخەینەڕوو، دیارە کە کێشەکەیشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢:

باغەوانی خولد پەروەردەی مەنیجەی کردووە

فێری سەد ناز و نیاز و شەرم و عیشوەی کردووە

هەر بە شیرەی جان، شیرین پەروەریدەی کردووە

(گوڵبونی قەدت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە

غونچە بەم شیرینییە، قەت نەیشەکەر نەی کردووە)

★ ★ ★ ★

زولفی تۆ دوو ڕۆژە پەنجەی با بەشانەی کردووە

چاوی تۆ ئاهووی پەڕە، شەرمی لە سورمەی کردووە

پستەکت ئەمڕۆ کە هەروەك غونچە خەندەی کردووە

"نەخلی باڵات نەوبەرە تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆی شیرت لەدەم دێ ئەم مەمەت کەی کردووە"

★ ★ ★ ★

تاقی ئەبرۆی جووت تاقی، غەرقی وەسمەی کردووە
خوێنی سەد وەك من شەهیدی سەرفی پەنجەی کردووە
باغی تۆ نارنج و بادام و گوڵی بەی کردووە
"قامەتت نەخلی بەشیرە فایقی پەی کردووە
نەحلی بێ نێشی مەمت شەهدی سپی قەی کردووە"

★ ★ ★ ★

کەس نەڵێ شەهدی گوڵەندامە لەنامەی کردووە
قیبلەکەی دینم دەڵێن لەم وەجهە شەکوەی کردووە
پێی بڵێن من هەر ئەوم ڕووحم بەفدیەی کردووە
"خۆم بە قوربانی سەر و دەسماڵ و دوگمەی کردووە
خۆم بە قوربانی دووچاوی پڕ لە سورمەی کردووە"

★ ★ ★ ★

مات و حەیرانم چی سیحرێکە لە ئێمەی کردووە
قەددی شمشادی لەبەر موعجیز شەمامەی کردووە
نەخل و توبایە مەگەر نارنج و پستەی کردووە
"سێو و ڕوممان پێکەوەن یا باغەوان وەی کردووە
سەروی هێناوە لەسێو و بەی موتوربەی کردووە

★ ★ ★ ★

تا وەفایی دوێ شەوێ ماچێکی کوڵمەی کردووە
تایەفەی بەیتوڵحەرەم سەت حەج و عومرەی کردووە
هەردوو مەمکی گرتووە گۆیا نیشانەی کردووە
"خۆش بە هەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخەی کردووە
کیزب و توهمەت، ئیفتیرا و بوهتان و تۆبەی کردووە"

★ ★ ★ ★

چاوەکەی مەستی دەڵێن دەستی بە فیتنەی کردووە
کافرە مەنعی مەکە پشتی لە قیبلەی کردووە
وەك (وەفایی) ڕۆژ و شەو ناڵین و گریەی کردووە
"بۆ مەمك (نالی) چ منداڵانە وەی وەی کردووە
گەرچی مووی وەك شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە"

سەرچاوە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٨٤، ل ١٩٣ ـ ١٩٥.

- ی -

(١)

## پێشەوابی ڕاستان

هەی[١] بە هەر ئاوێنە حوسنێك و تەجەللاییێکی دی
هەی بە هەر چاوی دڵی عاشقی دڵ ئارایێکی دی
بۆ خیتابێکی[٢] شەو و ڕۆژ، ئەو دڵەی سووتاوی من
تووری ڕووحە، تالیبی دیدارە، مووسایێکی دی
چونکە ئاوێنەی جەماڵی شاهی خووبانە دڵم
دێتە ئاه و ناڵە هەر تا ڕوویی زیبایێکی دی
غارەتی هۆشم دەکا هەردەم بە ڕەنگی[٣] شۆخوشەنگ
بۆیێ وا هەردەم لە دڵدا[٤] شۆر و غەوغایێکی دی
هیجری[٥] تۆ ڕووحان دەکێشێ، وەسڵی تۆ ڕووحان دەدا
هەی فیدای زولف و ڕوخت بم تۆ مەسیحایێکی دی
من بە چاو و گەردنی تۆ تەشەنەوو خوێنین دڵم
ئاوری من دانامرینی[٦] جام و مینایێکی دی
پێشەوایی ڕاستان[٧] کەس وەك عوبەیدوڵڵا نەبوو
عالەمێکی دی دەبێ بێ غەوسی بەغدایێکی دی
هەر لە تەغریری[٨] وەفایی بوو کوتی پیری موغان[٩]
حەیفە بۆ تۆ هـــەر دەمـــە دەیر و کلیسایێکی دی

---

[١] گەورك (ل ١٣١): ئەی.

[٢] ئەیوبیان (تەرانەی ١٠٩): بۆ خطایك.

[٣] قەرەداغی (ل ١٨٢): پەرێکی.

[٤] نووسەر: بۆیە هەر وادەم لەدڵ دا .

[٥] قەرەداغی: هەجری تۆ.

[٦] مودەڕیسی (ل ١٠٨): دانامری.

[٧] گەورك: قیبلەگاه عاریفان کەس.

- قەرەداغی: قیبلەگاهی عاریفان کەس.

[٨] قەرەداغی: هەر لە تەغدیری.

[٩] گیو (ل ١١٢): بۆ شەوی دی مەیفرۆش.

کیش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢.

## (٢)

## برۆی تێك نا

که شانەی دا له زولفی تار و ماری
له هەر تارێکی[١] بارێ نافه باری

به داو هەر تاره بۆمن بۆته مارێ[٢]
له پێم هالاوه زولفی تار و ماری

مەگەر تۆ بووی به گریەم هاتیە خەنده
که گولْ پژکووت بەدەم هەوری بەهاری

وەره سەر هەردوو چاوم با بزانم
کەوا شیرینه سەروی جۆیباری

به بەردا زولفی بەرداوه که تاتا
شەوی گێڕا به ڕۆژ باغی هەناری[٣]

لەبەر ئاوری دەروونم وا دەگرییێم
به بەرق هەنگوتووه هەوری بەهاری

کوتم هەی تازه خونچەی باغی جەننەت
کوتم هەی سەروی چین، ماهی حەساری

لەبەر تووقی فیراق و ئیشتیاقت
فیراقی کرد دلْم تۆقی به زاری

بەجارێ بمکوژه خوێنم بڕێژه
نەجاتم ده[٤] له دەردی ئینتیزاری

برۆی تێك نا به ڕوودا ئارەقی ڕشت
له ماهی قەوسدا شەبنم دەباری

وەها شێوا وەفایی دوور له زولفت
لەتاوی تۆ[٥] که هەر گریانه کاری

---

[١] قەرەداغی (ل ١٨٣): له هەر تایێکی.

[٢] قەرەداغی: بۆته تارێك.

[٣] قەرەداغی: باغی نەهاری.

[٤] قەرەداغی: خەلاصم که.

[٥] قەرەداغی: له داغی تۆ.

کێش: هەزەجی شەشی مەحزووف: (مفاعیلن مفاعیلن فعولن) × ٢.

## (٣)
## گوڵ دەباری

سوڵتانی هەموو سەروقەدان، ماهی حەساری
چاوی کە غەزالن دەگرن شێری شکاری
بۆ هەتکی ڕیازی[١] چەمەن و بادی بەهاری
زولفی لە هەوا خستییە[٢] سەر خونچەیی زاری
هەر لەحزە لە خەندەی کە[٣] گوڵ و نافە دەباری

گوڵ هاتە دەرێ لافی لە حوسنی بوتی ما دا
لەرزی قەدی بەرزی لە ڕقان زولفی کە بادا
عەترێکی لە دەم پەرچەم و ئەگریجە بە بادا
چین و خوتەن و هیندی بە شاباشی سەبا دا
یەکسەر هەموو عالەم کە بووە میسکی تەتاری

لەعل و شەکر و زاری کە وەك فیکری دەقیقە
شوبهەی نییە ئەو مەرکەزە پەرگاری عەقیقە
ئەو سەبزە لەسەر ئەو لەبە وەك ڕاحی ڕەحیقە
هەر جەوهەرە، جەوهەرخەتە، خەت میسکی عەبیقە
یاقووتی گوڵم نەقشە لەسەر خەتتی غوباری

بۆ هەتکی ریازی خوتەن و کانی بەدەخشان
وەك لەشکری هیند و حەبەشن گەرمی تەماشان
تێکەڵ بە شەون زەڕڕەیی خورشیدی درەخشان
یا زولفییە بێ شانە لەسەر شانی پەرێشان
وا دێن و دەچن هەردوو لەسەر زار و عوزاری

پەرچەم حەبەشی زادە، فەڕەنگی بوتی زیبام
سەرئاڵقەیی شۆخانە پەری چیهرە، گوڵەندام
پێم کوت چییە ئەو نوکتە، لەنێو دوو لەب و یەك جام
فەرمووی: ئەوە نوکتێکە بە دوو لێوی شەکەرخام
تا ماچی نەکەی ناگەیە سەر حیکمەتی باری

---

[١] ئەیوبیان (تەرانە ٦٥): بۆی میسك و ڕیاحین.
[٢] مودەڕیسی (ل ٧١): بەهەوا خستمیە.
[٣] مودەڕیسی: هەر لەحزە کە خەندەی.

بادی سەحەری هات و دڵ و ڕووحی منی دا[١]

عەتری گوڵ و گوڵزاری خەتاوو خوتەنی دا

یان دەستی لە دوگمەی وەرەقی پیرەهەنی دا

یەکسەر هەموو عالەم[٢] گوڵی جەننەت شکەنی دا

باغی سەمەن و یاسەمەن و سێو و هەناری

فەرموویە وەفایی کە دەبێ ئەهلی نەزەر بێ

عاشق ئەوەیە[٣] هەمدەمی ئەنفاسی سەحەر بێ

سێڵاوی سریشکی[٤] دەبێ خوێناوی جگەر بێ

بۆ تەوفی ڕیازی حەرەمی قیبلە بە سەر بێ[٥]

ئەو سەعییە سەفای عومرە ئەگەر عاشقی یاری

دەم خونچەیی نەشکوفتەیی گوڵزاری جەماڵە

ئەبرۆی وییە[٦] میحرابی دوعای نێرگسی کاڵە[٧]

نێرگس نەبوو ئەو خۆ[٨] فەتەراتی سەروماڵە

قەد نارەوەنی نەوڕەسی باخی خەت و خاڵە

هەر یاری منە و لەززەتی گوڵزاری بەهاری[٩]

من عاشقی ڕووتم وەکوو پەروانە وەفایی

بیماری نیگاهم بە غەزالانی خەتایی

تۆبی و سەری خۆت ئەی گوڵی سەرپەنجە حەنایی

چت دیوە خەتا؟ مەمخەرە زیندانی جودایی

بنوێنە ویسالت کە لەسەر وەعدەیی یاری

---

[١] قەرەداغی (ل ١٨٦): مەنی دا.

[٢] گەورك (ل ٧٨): هەموو دونیا.

[٣] گەورك (ل ٧٨): ئەوەتا؟.

[٤] گەورك (ل ٧٩): سریشکی هەموو.

[٥] قەرەداغی (ل ١٨٦): لەبەر بێ.

[٦] قەرەداغی: ئەبرۆ چییە.

[٧] مودەڕیسی (ل ٧١): نێرگسی خالە.

[٨] قەرەداغی: نێرگس بە نواڕین.

[٩] قەرەداغی ئەو بەندەی (یەکسەر هەموو عالەم کە بووە میشکی تەتاری) دووبارە هێناوەتەوە.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢.

## (٤)

## مەردومی چاوم

**حەریفان ئەلئەمان کوژتوومی یارم چاوی بیماری**
**دەسا بێن دەس بە شینم کەن بە یەکجاری بە یەکجاری**[١]
**گرفتاری کەسێکم دڵ برینداری جووانێکم**
**جەفاجوو، توندخوو، زنجیرەموو، خەییاتییە کاری**
**چ دڵکێشە ئیلاهی سەبزەیی نەوڕستەیی کوڵمی**
**لە دەوری بەرگی گوڵ شیرینە ئارێ، خەتتی ژەنگاری**
**بە خەندە هات نیگاهی کردمێ**[٢]**، وا مەست و شەیدا بووم**
**کە نەمدی غەیری وی، هەر خونچە بوو پژکووت و گوڵ باری**
**خودا تۆبە لە دەست ئەو چاوە بیمارە چ سەححارە**
**بە عەینی دڵ دەکێشێ**[٣] **گا بە یاری گا بە عەییاری**
**لە خەندەی زاری جیلوەی تاری کاکۆڵی پەرێشانی**
**شکا بازاڕی قەنناديی و نرخی میسکی تاتاری**
**بەهاری حوسنی غەمڵیوە بە باری گوڵبونی باڵای**
**شکۆفە دەمیە، ریحان خەتیە، نێرگس چاوی بیماری**
**عەجەب ماوم لە چاوی**[٤] **وا بە بیماری دڵ ئازارە**
**چ کافر میللەتە یاڕەب!، لە مەستیدایە هوشیاری**
**ئەمن تەشبیهی ڕوخسارت بە میهر و مەه بکەم حاشا**
**کە تۆ ماهی سنەوبەرقامەتی، خورشیدی گوڵزاری**
**چ خوابەرداره دایم غەرقی خوێن بێ مەردومی چاوم**
**لە خوا خۆش نایە ئاخر کاکە حەیفە مەردووم ئازاری**
**بەخۆڕایی نییە وا خـــاوی**[٥] **وا شێواوی ئەی سونبول**
**مەگەر تۆش وەك وەفایی غەمزەدەی کاکۆڵی ڕەشماری**

---

[١] گیو (ل ١١٤): بەیەکجاری بە ایلجاری.

[٢] قەرەداغی (ل ١٨٧): نیگاهی کردە من.

[٣] گیو: بە عەینی دڵ دەگریی.

[٤] قەرەداغی: بەچاوت وا.

[٥] نووسەر: وا خاوە.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (٥)

## گەرمە بازاڕی

له هەوری تاری چاوم هێندە باری ئەشکی غەمباری
سەرای جەم هەر خرابێ، سەیلی خوێنە بان و دیواری
دەچێ بۆ عالەمی باڵا پەیاپەی دووکەڵی ئاهم
لە باڵای بەرزی خۆ هاڵاوە توڕڕەی زولفی ڕەشماری
قەتیلی خەنجەری عیشقی بوتان قەت نامرێ ناوی
بەڵێ مەجنوون هەتا ڕۆژی قیامەت گەرمە بازاڕی
کە پێچی پەرچەمی لاداوە، پێچی بورقەعی لادا
فوغان و شیوەن و شۆری بەجارێ خستە ناو شاری
حەزەر چاکە لە هەودای داوی زولف و دانەکەی خاڵی
حەزەر چاکە لە سەودای تیغی ئەبرۆی شۆخی خونکاری
وەفـــایی تاقەت و ســـەبر و قەراری ڕۆیوە ئەمما
دەڵێ تۆی خانەیی سەبرم کوتم یاران بەناچاری[1]

[1] ئەو تەرانە لە هیچ یەك لە دەستنووسەکاندا نەهاتووە، لەمێژە نووسیومەتەوە و لەبیرم نەماوە لەسەر چ تاتێکی نووسیومەتەوە.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (٦)

### بۆیە

هەی غەزالانی خەتا، ئاهوویی چین، کەبکی دەری
بەندەیی تۆن[١] بە نیگاهو و بە ڕەم و جیلوەگەری
جیلوە لەو سەروە[٢] چ مەوزوونە دەڵێی نارەوەنی
خەندە لەو زارە چ شیرینە دەڵێی[٣] گوڵشەکەری
عاشقی قامەتی تۆم، کوشتەیی خەندەی دەمی تۆم
سەروی باغی[٤] ئیرەمی، یا گوڵی نەخلی شەجەری
غایب و حازری هەر لەحزە، دەڵێی چاوی منی
ڕەوشەنی مەردوومی یا عەینی سەوادی بەسەری
گوڵ بە خەندە پەرییە، قیبلە بە جیلوە مەلەکە
شێت و دێوانەیی کردووم، چ مەلایك چ پەری
بە تەلەسمی حەبەشی زادەوە سەرگەردانم[٥]
عاشقی خاڵم و دڵبەستەیی داوی کەمەری
وا دەگریام[٦] بە زەلیلی لە غەمی گەردنی تۆ
ئاگری خستە دڵم ناڵەیی مورغی سەحەری
دەوری دوون هەر بە دڵی مونعیمی دوون دێ و دەگەڕێ
مەسەلی تورکییە: "حیز حیزی تەپار سوچو کوری[٧]"؟
لە پەنا بادی غەمی دەوری قران[٨]....
دڵی سەت پارچە[٩].... بە چەرخ و قەمەری
خەندەیی گوڵ سەبەبی جۆششی بارانە بەڵێ[١٠]
چونکە تـــۆ پێدەکەنی بۆیە وەفـــــایی دەگری

---

[١] قەرەداغی (ل ١٩٠): بەندەیی تۆ.

[٢] قەرەداغی: جیلوە بۆ و سەروە.

[٣] قەرەداغی: مەگەر.

[٤] قەرەداغی (ل ١٩١): بەروباغی.

[٥] نووسەر: سەرگەشتەم ئەمن.

[٦] نووسەر: دەگریم وا.

[٧] "پیاوی خوێڕی پیاوی خوێڕی پەیدا دەکا، ئاویش جۆگەی خۆی دەدۆزێتەوە".

[٨] نەخوێنە (ناخوێندرێتەوە؟!).

[٩] ئەیوبیان: شایستە!

- مودەڕیسی: ناخوێنە.

[١٠] هەندێ لە دەستنووسەکان: زەردەیی گوڵ سەبەبی ڕێژنەیی بارانە بەڵێ.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف: (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن) × ٢.

## (٧)

## كاك ئەحمەد

لەگەڵ کاك ئەحمەدی ڕۆیی وەفایی نووری چاوانی
دریغ بۆ شەوقی دینی مەردومان سورمەی سولەیمانی
وەفاتی ئەولیایێکە لە هیجری بۆیە خوێن دەگریم
برینی تازە کردم جێنشینی غەوسی گەیلانی
موریدان جەمع بن ئەوجار بە جارێ مات و مەبهووتم[١]
بکەن شیوەن لەگەڵ شینی مورادم[٢] قوتبی ڕەببانی
عەزیزم کۆچی کرد یاران لە دونیا ڕۆیی تەشریفی
ئەمن بۆ مام لە حەسرەتدا! دەبا کوێربم لە هیجرانی
کە شەمعی جەمعی عالەم بوو چراغی موڵك و میللەت بوو[٣]
ئەجەل وەك بادی سەرسەر هات چرای عالەم دەکا فانی
ئەگەر باوەڕ دەکەن یاران سەماوو ئەرز و دار و سەنگ[٤]
هەموو شیوەن دەکەن وەك من لەبۆ پیری سولەیمانی
لە دووی وی بۆ بژیم قوربان حەیاتی من بەبێ وی بێ
ئەمن بۆ مردنێ چاکم، خودا بمکا بە قوربانی
وەفـــــــایی ئاه کێشت بێ هەتا مـــــاوە لە دونیادا
بە قوربانی تورابی مەرقەدت بم نووری سوبحانی[٥]

---

[١] نووسەر: بابین فانی.

[٢] نووسەر: ئەحمەد قوتبی ڕەببانی.

[٣] ئەیوبیان (تەرانەی ١٤): چراغی میللەتە ئەحمەد.

[٤] مودەڕیسی (ل ٢٠): ارض و کوه و سەنگ.

[٥] لە تەواوی دەستنووسەکان یەك دوو بەندی دی هاتووە، کە تێکەڵ و پێکەڵ و نەخوێن و بێ ڕاوەتن، بۆیە نەمان نووسیوەتەوە. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە لە تاتی دەستنووسی کاك عیسی گەورك دا تەنیا دوو بەندی سەرەوە هاتووە، لە دیوانە چاپییەکاندا نەهاتووە.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (٨)

## بریانی

به یادی زولفته ئارامی ڕووح و ڕاحەتی جانی[١]

عەجەب عاشق وەها جەمعە لەگەڵ عەینی پەرێشانی

لە بەژنی ڕا[٢] مەگەر زنجیرە یا زونناره یا مارە

لە نەخلی قامەتی هاڵاوە ئاخۆ زولفی ڕیحانی

بە شیرینی کە جانبەخشی، بە مەحبووبی کە دڵکێشی

ئەتۆ هەر ئابی حەیوانی، ئەتۆ هەر ماهی کەنعانی

زەمانێ قیبلەم ئەبرووتە، دەمێ[٣] زوننار گێسووتە

بە دەردی بێ دەوا ماوم لەگەڵ کوفر و موسوڵمانی[٤]

لەدوو گێسوویی ڕەشماری مەگەر زنجیری داوی دی[٥]

لە دوو لەعلی شەکر باری، مەگەر موهری[٦] سولەیمانی

لەسەر چاکی یەخەی، زولفی لە قوببەی سینە هاڵاوە

لە گۆشەی دوو ئوفوق نەمدیوە شەو دوو ماهی نوورانی[٧]

قیسسەی خاکی بەری پێت شوهرە بوو، بۆ چاوی نابینا

هەتا نەمدی بە چاوی خۆم بە سورمەی دیدە نەمزانی

عەجەب ماوم بە بۆسێ لەو دەمە و ئەو گیانەبەخشینەت[٨]

بە ئیعجازت قەسەم ئاتەشپەرستم[٩] گەر مەسیحا نی

---

[١] (ئەیوبیان: تەرانەی ٣٩ و ١٣٢)، هەروەها (مودەڕیسی: تەرانەی ٤٠ و ٨٦) بە گۆڕانی ئەو چلەبەندە (نیوبەند = مصرع)ی پێشەوە بەو جۆرەی ژێرەوە:

بە فکری زولفی خاوی عاشق و ڕوسوایی چاوانی

عەجەب عاشق وەها جەمعە لەگەڵ عەینی پەرێشانی

ئەو تەرانەیان دووجار نووسیوەتەوە، لەباری یەکەمدا تەرانەکە (٧) بەندە بەڵا لەباری دوویەمدا (٩) بەندە، وا دیارە کاك محەمەد و مەلا قادر هەردووك چاویان لە چاوەیەکی کردووە، وابزانم پێکەوە هاوکاریشیان بووە، چونکە زۆر هەڵەکانیشیان وێك دەچێ.

[٢] قەرەداغی (ل ٢٠٢): بەسەر نەیدا.

[٣] گەورك (ل ٩٠): دەمی زوننار.

[٤] گیو (ل ١٠٨): کافر موسوڵمانی.

[٥] ئەیوبیان (ل ١٣٢): زنجیری داودی.

[٦] مودەڕیسی (ل ٩١): ئەگەر میهری.

[٧] گیو: لەبەر گۆشەی افق نەمدیوە شەو دوو میهری تابانی.

[٨] گیو: ئەجانە.

[٩] گیو: ئاور پەرستم.

لەباتی بمكوژێ دەمخاتە داوی زولفی شێواوی

لەجێی وەی بێ کە ئازادم بکا، دەمکاتە زیندانی

لەبەر شۆڕاوی ئەشکی خۆم و سۆز و تاوی عیشقی تۆ

ســـەراپا عاقیبەت هـەروەك وەفــایی بوومە بریانی

- وادیارە مامۆستا گیو لەو تاتەیدا کە پاکنووس و چاپی کـردووە، لـە زۆر جێیانـدا ئـەو واژە فارسـی و عەرەبیانـەی کـە: هاوڕێز (مترادف) و هاوئاهەنگی کوردین، گۆڕیـونی و واژەی عـەرەبی یـان فارسـی داهێنـاوە. وەکوو لێرەدا واژەی کـوردی لەجێی واژەی (آتش)ی فارسی (ئاور)ی کوردی هێناوە. هەرچەنده لـە ڕەوەنـدی کـاری هەڵاویێـژی زانینیـدا ئـەوە دروسـت نییـە ـ بـڵام مامۆسـتا گیـو پێـی وایـە مامۆسـتا وەفـایی کـە لـە نووسـیندا نووسـیویێتی "جـان"، لەقسـە و وتوویێـژ و خوێندنەوەی هەڵبەستەکانیدا "گیان"ی کوتـووە. ئـەوە خـۆی پرسـەوەندێکە لێـرەدا لـەوەی زۆرتـر جێـی نییـە لەسـەری بڕۆین و بە هەویاین لە ئاتییەدا لێی بکۆڵینەوە و بە چاکی و ڕووناکی لەسەری بڕۆین.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

**(٩)**

**له مێرگان بانگ و هاواره ئەڕای شای ناو گوڵان ڕۆیی**

**له مەیلانان نەوای نەی دێ؛ دەڵێن پیری موغان ڕۆیی**

**له باغان ئاه و ناڵین دێ، دەڵێن شای[1] نەوگوڵان ڕۆیی**

**له مەیخانان سەدای شین دێ، دەڵێن[2] پیری موغان ڕۆیی**

**دەڵێی دەوری قەمەر، سەیری فەلەك، میزانی گۆڕاوە**

**کەوا گوڵ زەرد بوو، سونبول تێکچوو، ڕەنگی ئەرغەوان ڕۆیی**

**لەبەر چاوی جیهانبینم، جیهان تاریك بوو نەمزانی**

**نە نووری چاوەکانم چوو، نە خورشیدی جیهان ڕۆیی**

**له دووری تۆیە سوور بوو چاوەکەم، بەو گریە مەعلوومە**

**شەفەق دێ، کەوکەبیش هەڵدێ، کە میهری خاوەران ڕۆیی**

**دەمێکی هات بە چاوی سورمەسا یەعنی وەفادارم**

**کە جەرگی سیرمە کردم[3]، خۆی بە سیحری جادووان ڕۆیی**

[4]----------------------------------------

**عەجەب حاڵێکە گەمییەی ئاتەشی بێ بادەبان ڕۆیی**

**سەحەر مەستانە هات بولبول، بە شادی بۆ تەواڤی گوڵ**

**کە دی باغ بێ گوڵە داغ بوو، بەسەت ئاه و فوغان ڕۆیی**

**مەڵێن بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆل کرد**

**دڵ ئارامی نەما چ بکا، کە ئارامی دڵان ڕۆیی**

**چ شینێکە، چ هاوارە، لەنێو حەڵقەی موریداندا**

**مەگەر خاجەی سەمەرقەندی لەنێو ساحیب دڵان ڕۆیی؟**

**چ ئافەت کەوتە بەرچاوم، کەوا چوو نووری بینایم**

**مەگەر شاهی بوخارایی لە قەسری عاریفان ڕۆیی**

**بە ناڵەی دڵ شیفام نایێ، دریغ بۆ مەرهەمی جەرگم**

**لە زەنگی کاروان چ بکەم، دەلیلی کاروان ڕۆیی**

---

[1] گیو (ل ١٠٥): شاهی گوڵان.

- ئەیوبیان (تەرانەی ٦٣): شای نێو گوڵان.

[2] گەورك (ل ١٤٤)، قەرەداغی (ل ٢٠٥): لەمەیخانان سەدای شین دێ مەگەر.

[3] قەرەداغی (ل ٢٠٦): کە جەرگی سورمەیی کردم.

[4] ئەو نیوە بەندە (چڵە بەندە)ی کە لەتاتی قەرەداغیدا ساغ نەبۆتەوە، لە هیچ یەك لە دەستنووس و بەڵگەکانی ئێمەشدا نەهاتووە. چڵەبەندی دوایەش تەنیا لە تاتی چاپی کاك محەمەد عەلی قەرەداغیدا هاتووە.

- بڕوانە: دیوانی وەفایی، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٠٦.

خرابوو خانەقا بێ شێخ و جەزبەی[1] تاڵیبان سەت حەیف

چەمەن وێران بوو، نەغمەی بولبولان چوو، باغەوان ڕۆیی

بە ناڵەی بولبول و قومری وەفایی بۆیە هەر دەگری[2]

گوڵێکی ســـەروباڵام بوو بە تاراجی خـــەزان ڕۆیی[*]

---

[1] ئەیوبیان (تەرانەی ٦٣): شەوقی تاڵیبان.

[2] گەورك (ل ١٤٣): بۆیە هەر دەگریم.

[*] ئەو ناونیشانەی سەرەوە (لە مێرگان بانگ و هاوارە...) سەید ئەیوبیان بۆ ئەم پارچە شـینگێڕییەی وەفایی نووسـیوە و هەر لەسەر هەمان کێش و ئاهەنگ و مەبەستی شیعرەکەیە، وەکوو خۆی هێڵاومانەتەوە.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (١٠)

## بەهار هات

به بێ باکی دەمێکی هات و داغی کردم و ڕۆیی

دەبێ حاڵی چ بێ بولبول، بەهار زۆر پێ نەچوو ڕۆیی

نیگارم هات به خەندە[١] کەوتە دنیا ئاه و ناڵەی من

بەهار هات خونچە پڕکووت دەنگی بولبول سووبەسوو ڕۆیی

فیراقم کرد لە پاش تۆ هیچ حەیاتم پێ نەما قوربان

حەیاتی من کە تۆی مەعلوومە نامێنم کەتو ڕۆیی

لەسەر ماچێکی زاری خۆت کە نەتدا ڕەنگ نەبوو زیز بی

عەزیزم بێ وەفاییت کرد لەسەر هیچ و نەبوو[٢] ڕۆیی

خەرامان هات و چوو دڵبەر، وەفایی ما بەناکامی

درێغا عومری شیرینم چ زوو هات و چ زوو ڕۆیی

---

[١] یاهو (ل ١١): نیگار هات وا بەخەندە.

- قەرەداغی (ل ٢٠٨): نیگار هات دایە خەندە.

[٢] گیو (ل ١٢٠): لەسەر هیچی نەبوو.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (١١)

## لادەی

به نازێکی کوشندەی سەت[١] هەزار گیان و دڵ ئوفتادەی[٢]

مەلەك یا حۆری عەینی تۆ، فریشتەی یا پەریزادەی

به دڵ خەندێکی بنوێنە، بلوورین ساعیدت بێنە

یەدی بەیزات هەیە تۆ دەم لە ئیعجازی مەسیحا دەی

نە قەند تامی هەیە قوربان، نە گوڵ ڕێزە، نە عەمبەر بۆ

ئەگەر جارێك بە خەندە بێی سەری زولفت بە دەم بادەی

کوتت: ها زولف و کافر بووم[٣]، کوتت ها ڕووم و چاتر بووم

کە من هەر بێمە سەر ڕێی تۆ، دەبێ تۆ بۆ لە من لادەی؟

دەمت وا بێنە دەستم بگرە با بمرم لەبەر چاوت

بە جامێکی خلاسم کە لە دەست ئەو تورکە جەللادەی

بە چاوی مەستی تۆ شێت بووم[٤]، بە تاری زولفی تۆ شێوام[٥]

نەخۆشی تۆم دەناڵێنم، عەزیزم[٦] بۆ سەرم نادەی[٧]

کە تۆ سوڵتانی ڕەحمت بێ بە زولفان بەس دڵم تێکدە

دەبێ تا کەنگێ بەیتوڵلا بە دەست کافر بە یەغما دەی

دەمت بێنە بە دڵ بیگرم، لەبەر چاو و لەبت بمرم[٨]

دەمادەم ڕووحبەخشی تۆ، لەبالەب[٩] ساغەری بادەی[١٠]

چرای قەندیلە، شەمسی ئاسمانە ڕووی درەخشانت

ئەگەر سەت جار لە زوهرە و موشتەری ڕووبەندی پێدادەی

---

[١] گەورك (ل ١٣٧): کشندە صد.

[٢] قەرەداغی (ل ٢٠٨): دڵ ئیفتادەی.

[٣] مودەڕیسی (ل ٧٣): وتت ها زولفکم.

[٤] گەورك: تۆ کەوتووم.

[٥] گەورك: تۆ شەیدام.

[٦] ئەیوبیان (تەرانەی ٦٨): دەناڵێنم حەیاتم.

[٧] قەرەداغی (ل ٢٠٩): بۆ چ بەرم نادەی.

[٨] قەرەداغی: لەبەر جامی لەبت بمرم.

- مودەڕیسی (ل ٧٤): لەبەر چاوان لەبت بگرم.

[٩] گەورك: بۆ لەبالەب.

[١٠] قەرەداغی: ساغیر و بادەی.

وەكوو ماسی و سەمەندەر تەشنەگیم ناچێ ئەگەر سەت جار
بە ئاب و ڕەنگی ڕووت سینەم وەبەر تیری تەجەللا دەی
لەبەر چاوی وەكوو زولفی پەرێشان كەوتم و فەرمووی:
وەفایی چت لە مەیخانان[1]! كە تۆ وا پیر و ئوفتادەی[*]

[1] گیو (ل ١١٩): چیت لەمەیخانە.

كێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

[*] ئەیوبیان لە كۆتایی ئەم پەراوێزانەدا، كە كۆتایی بەشی كوردی دیوانی وەفاییە لە دەستنووسەكەی ئەودا، نووسیویەتی: "لەبەرواری شەوی یەكینەی (٢٥٩٦/١١/٢٨) كاوی سێی پاشی نیوەشەوێ تەواو بوو".
ئەم ڕێكەوتە بەرابەر (١٣٦٣)ی هەتاوی و (١٩٨٤)ی زاینییە.

(١٢)

## گوڵی

قەد گوڵ و ڕوو گوڵ و ڕیحانە گوڵی ‌ ‌ ‌ ‌ ڕاستە ئەندامی گوڵە، سەروی گوڵی
تا بە تا زولفی کە شێواوە لە من[١] ‌ ‌ ‌ ‌ سونبولستانە، گوڵستانە گوڵی
ڕۆژ وەدەرناکەوێ تا سوبحی عیزار ‌ ‌ ‌ ‌ هەڵنەیێ شەو لە گریبانی گوڵی
بۆ دڵی شیفتە بۆچی نەگریم ‌ ‌ ‌ ‌ بەستەیی چاهی زەنەخدانە گوڵی
زولفی ترکانە لەسەر عاریزی یار ‌ ‌ ‌ ‌ ئەو کە چەتری سەری سوڵتانە گوڵی
عەتری خەندەی گوڵێ باغانە کە دێ ‌ ‌ ‌ ‌ یا هەناسەی دەمی خەندانە گوڵی
ڕوو لە میحرابی[٢] برۆ پەرچەمی خاو ‌ ‌ ‌ ‌ گاوری تازەموسوڵمانە گوڵی

تێی چریکاند و وەفایی فەرمووی:
بولبولی مەستە لە بوستانە[٣] گوڵی

---

[١] نووسەر: برۆ.

[٢] نووسەر: ڕوو بە میحرابی.

[٣] لە دەستنووسێکی (ئەیوبیان) و (نووسەر)دا ئەو بەندە وا هاتووە:

غولغول و شۆری وەفایی کە دەڵێ
بولبولی گۆشەیی بوستانە گوڵی

کێش: لەگەڵ ئەوەشدا کە دێرەکان چون یەك نین، بەڵام دەشێ وەکوو کێشی: ڕەمەلی شەشی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعل) × ٢ چاوی لێ بکەین.

## (١٣)

## حەبیب

هەی[1] حەبیبی ڕەوانم، تەبیبی دەردی جودایی چنین تو عهدشکن یار شوخ دیده چرایی
دڵێکە داومە بە زولفت فیدای غەمزەیی تۆ بێ کە در کمند تو خوشتر عزیز من کە رهایی
لەتاوی دەردی فیراقت نەما ڕووح لە بەدەندا طمع بریدەام از جان مگر تو باز بیایی
هەمیشە بۆیە دەناڵم بە ئاھ و ناڵەیی بولبول دمی چو غنچە بخندی و همچو گل بدرآیی
بەچێهرە باغی گوڵانی، بە خەندە زەوقی دڵانی مگر تو شاخ نباتی گل بهشت خدایی؟
بڵا بە جیلوە نەنازن غولام و حۆری بەهەشتی خدای را چە شود گر جمال خود بنمایی
نەسیمی باغی گوڵە یا عەبیر و عەتری بەهاری[2] تو گو شکرشکنی یا ز زلف نافە گشایی
بە غەمزە کوژتمی چاوت عیلاجی دەردی نەفەرموو بیا کە صد[3] گلە دارم ز آهوان خطایی
دڵت شکاوە چ قەوماوە خولفی[4] عەهد و موحیببەت
خـــدا نکردە چـــە دیدی ز دوســـــتی وەفـــایی

---

[1] قەرەداغی (ل ١٦٨): ئەی حەبیبی.

[2] ئەیوبیان (تەرانەی ٩٦): عەترە دەباری.

[3] نوسخەیەکی دیکە: بیا دو صد گلە دارم.

[4] قەرەداغی (ل ١٦٩): چ قەوما خیلافی عەهدی.

کێش: موجتەسی هەشتی مەخبوون: (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلاتن)× ٢

- ێ -

(١)

## مەسیحایێ

فەڕەنگی میللەتێ، کافر دڵێ، ئەگریجە تەرسایێ

مەلاییك سوورەتێ، ئاهوو خەرامێ، ماهی سیمایێ

پەری پەیکەر، بوتێ[١]، گوڵ پەرچەمێ، زنجیرە گێسوویێ

شەکەرلەب، نازەنینێ عیشوەسازێ، سەروباڵایێ

نیگارێ، توندخوویێ، سەرکەشێ، عاشق کوژێ شۆخێ

گوڵەندامێ، دڵارامێ، سەمەنبەر، دیدە شەهلایێ

بە دوو زولفان رەسەن بازی، بە دوو ئەگریجە تەننازی

بە دوو چاوان سیحرسازی، بەدوو لێوان مەسیحایێ

کەوان ئەبرۆیێ پەیوەستێ، لە عیشوە نێرگسی مەستێ!

کە سەهمی خستە نێو شەستێ، نران[٢] هەر یەك لەسەر لایێ

هەڵیدا دای لە جەرگم، خستمی قەسدی سەری کردم

شەهیدی کەربەلا من بووم، ئەسیری دەستی تەرسایێ

شکاندی سەددی ئیمان، پشتی دین، دەستی تەوانایی

حیجابی ئابڕوو، تۆبەی[٣] وەفایی، سیدقی مەولایێ

دەخیل ئەی هەم جەلیسان، ئەی ڕەفیقان، خزمە تا ماوم

بە هەر نەوعێکی بۆخۆتان دەزانن بۆم بکەن ڕایێ

عەجایب من بە بێ هۆشی دەزانم تۆ کە جانکێشی

بە ئیعجازت قەسەم ئاتەش پەرستم گەر مەسیحایێ

لەسەر چاکی یەخەت زولفت لە قوببەی[٤] سینە هاڵاوە

لەسەر گۆشەی دوو چاوی تۆ شەو و ڕۆژ بوومە سەودایێ

هەموو عومری عەزیزم سەرفی دەردی ئینتیزاری بوو

لەسەر وەختی وەفـــایی داخۆ دێ ئەو شۆخە یا نایێ

---

[١] گیو (ل ١٠٧): پەری سیما بوتی گوڵ پەرچەمی.

[٢] ئەیوبیان (تەرانەی ٤٤): ندا، نەما.

[٣] مودەڕیسی (ل ٥٠): ئابڕوی تۆیە.

[٤] جەعفەری: قەدی.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (٢)
## مەستانە

سەحەر مەستانە ڕابردم، بە بەر دەرکی کلیسایێ
کەچی دەستی دڵی گرتم، خەرامان بەچچە تەرسایێ
ئیرەم بوو عەنبەری زولفی، ئەسیری چەنبەری زولفی
کەراماتی سەری زولفی بە هەر تایێ مەسیحایێ
بە داو زولف و موژەی هەستان، لەسەر موڵکی دڵم وەستان
نیزامی چین و تورکستان، ڕژان بەربوونە یەغمایێ
نیگاهی دڵ ستانی من، خوماری دا بە جانی من
تەبیبی حاڵ زانی من، نەخۆش بوو شەربەتی دایێ
ئیشارێکی بە چاوان کرد، برۆی هاوشانی موژگان کرد
دڵمیان تیرەباران کرد کەوانداران لە هەر لایێ
لە دەستم دا وەری[١] گوڵ بوو، نە دڵ بۆ گوڵشەنی دڵ بوو
هەموو نەسرین و سونبول بوو، قەرەنفڵ نەخلی تووبایێ
ئەمان شۆخی خەراباتی لەبۆ دین و دڵ ئافاتی
بفەرموو بۆچ کە تۆ هاتی لە من دەنگ و نەوا نایێ[٢]
بە لەهجەی دەنگ و ئاوازت بە نەغمەی زەخمەکەی سازت
مەداری ئاو و ئاور بووم، ئەمان موتریب مودارایێ
بە شەوقی ئاتەشی ڕووی تۆ بە بادەی چاوی جادووی تۆ
سەراپا بوومە کۆی ئاور، ئەمان ساقی سەراپایێ
سریشکم هاتە خوارێ دوور لە چاو و گەردنی ساقی
لەسەر حەوز و فەوارەی عاشقان ئاخ جام و مینایێ
لەبەر تاوی جەماڵی یارەکەم مومکین بوو ئارام بم[٣]
دەسووتام ئەز ئەگەر سایەی سەری زولفی نەبوو بایێ
لە جێگایێ تەجەللای دەم بەدەم بێ، (لن تراني) بێ
بە قوربانی دڵی عاشق هەزار وەك تووری سینایێ
وەرە بڕوانە مەیخانە چ مەعموورە چ وێرانە
لە هەر لایێ دڵارایێ، لە هەر گۆشێکی شەیدایێ

---

[١] گەورك (ل ١٣٣): کە دەستم دا دەری دڵ بوو.

[٢] گیو (ل ١١٨): ئەتۆ شۆخی... صدانایی.

[٣] قەرەداغی (ل ١٦٧): عالەمی... ئارامم.

موغغەنی کوانێ ئاهەنگی حیجاز و بەربەت و چەنگی
سەدای موتریب لەبەرچی کەوت و بۆچی دەنگی نەی نایێ
سەبا زولفی پەرێشان کرد، بە ڕوخساری عەرەقناکی
چ شیرینە لەگەڵ یەکدی مەه و پەروین کە شەو دایێ
جەماڵی موتریبم کەوتۆتە یاد، کوا نەغمەکەی تاری
هەوای بەرتاوی[٤] وا سووتاندمی ئاخ بۆ کزەی بایێ
بە گریانی دڵی من هاتە ڕوحم و پێکەنی فەرمووی:
محاڵە خەندەیی ساغەر[٥] ئەگەر مینا نەگریایێ
پەرێشان زولفی زونناری، درەخشان ڕوویی گوڵناری
لە زاری گوڵشەکەر باری، کە ئەی مەجنوونی لەیلایێ
بە ئاو و تاوی ڕوخسارت[٦] وەفایی وا مەسووتێنە
خودارا، ئەی چراغی دیدە، بۆ پەروانە پەروایێ
وەفایی ماوە دەس بەردان، لە دەوری تۆیە سەرگەردان[٧]
ئەمـــان یا قوتبی ڕەببانی، مەدەد یا شـــای بوخـــارایێ

---

[٤] ئەیوبیان (تەرانەی ١٣): خورشید.

[٥] مودەڕیسی (ل ٢٢): محال بوو خندەء ساغەر.

[٦] نووسەر: بەئاب و تاب و روخسارت.

[٧] نووسەر: لەدەوری نوقتە سەرگەردان.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

## (٣)

## نایێ

هەتا ڕۆژی قیامەت دێت و نایێ
لە دەوری نامە شەرحی ماجەرایێ

لە ئاه و ناڵەیی پەروانە خوێنی[١]
ئەتۆ بگری[٢] خودا ئیشم بە بایێ

دەمت دەرمان، تەبیب تۆ، من بریندار
دەسا بۆ حاڵی من تەدبیر و رایێ

لەسەر کونجی[٣] روخت، ڕەشماری زولفت
لەبۆم هاتن بە داو هەریەك لەلایێ

برینداری هەوای جیلوەت شەهیدە
ئەمان ساقی بە مەرگی من سەمایێ

هەموو دەم ڕوو لە میحرابی برۆتم
ئیلاهی کەی ئیجابەت کەی دوعایێ

بەیادی تاقی میحرابی برۆی تۆ
وەفایی کەوتە[٤] گۆشەی خانەقایێ

---

[١] نووسەر: پەروانە خونی.

[٢] قەرەداغی (ل ١٦٨): کە تۆ بگری.

[٣] قەرەداغی: لەسەر گەنجی.

[٤] قەرەداغی: وەفایی چوولە.

کێش: هەزەجی شەشی مەحزووف: (مفاعیلن مفاعیلن فعولن) × ٢.

## (٤)

## بولبولان

چەمەن یەکبارە خامۆشە، خرۆشی بولبولان با بێ

دڵ ئەوڕۆ مات و مەدهۆشە، خودا فەسڵی گوڵان با بێ

ئەگەر مەیلت لە سەرمانە، چ حاجەت ئاوی حەیوانە

لە لەعلی لێوی جانانە، حەیاتی جاویدان با بێ

نەماوە حاڵەتی ژینم، لەدەست چوو ڕووحی شیرینم

ڕەفیقان بێن بکەن شینم، سەدای گریە و فوغان با بێ

ئەسیری تاری گێسووتم، هیلاکی چاوی جادووتم

شەهیدی تیغی ئەبرووتم، دەسا عیسای زەمان با بێ

بیحەمدیللا گوڵی ڕەعنا، شکاندی ڕەونەقی لەیلا

بڵێن مەجنوونەکەی شەیدا، ڕەئیسی عاشقان با بێ

زەمانە بەزمی ڕەندانە، بدە ساقی بە پەیمانە

لەبەر تەعزیمی مەیخانە، بڵێن پیری موغان با بێ

لە باغان سەیری گوڵزارە، لە هەرجێ عاشقی زارە

خودا ئەو ئاهوو ڕوخسارە، وەکوو سەروی ڕەوان با بێ

وەفایی عاشقی مەدهۆش، وەکوو بولبول مەبە خامۆش[١]

لەبەر ســـــۆزی دڵی پڕجۆش، خرۆشی بولبولان با بێ

---

[١] ئەو دەستە هەڵبەستە کە زۆریش لەبار و سوواو و پاراو نییە، لە دیوانەکەی مامۆستا گیودا هاتووە، بەڵام لە هیچ یەك لە دەستنووسەکانی ئێمەدا نییە و قەرەداغیش لە دیوانەکەیدا نەیهێناوەتەوە. ئێمە تەنیا بە نێوی ئەمانەتەوە هێناومانەتەوە.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (٥)

## خوسرەوی خووبان

تا نێرگسی تۆ نازی هەبێ و غەمزەنوما بێ — شەرمەندە نەبێ چی هەیە ئاهوو بە خەتا بێ

هەی خوسرەوی خووبان بە دوو لێوی شەکەرینت — شیرین نییە فەرهادی بکووژێ[1] بە عیتا بێ

سەوزەی دەمتە وا بە شکاوی[2] خەتی ڕیحان — خەتتێکە غوباری کە بە یاقووتی کشا بێ

حەیرانی دەم و سەوزەی نەوخیزی لەبی تۆم — بێ نوکتە نییە قەت خەتی ئایاتی خودا بێ

سووتاوە دەروونم لە غەمی غەمزەیی جانان — موتریب بڵێ ساقی بەکەرەم بێنە شەرابێ

خوێنی دڵی ڕژتم بەهەوا، دڵ نەبوو خاڵی — عاشق بە خودا وایە وەکوو من بەوەفا بێ

حوسنت بە لەتیفی خەت و[3] شیرینیی زارت — لێم[4] باغی ئیرەم دارەگوڵێکە گوڵی نابێ

تــۆ هــەر بە جەفا مەیلی وەفـــــاییتە عەزیزم

مەعشووقە دەبێ هەم بە جەفا هەم بە وەفا بێ[5]

---

[1] قەرەداغی (ل ١٧٠): نی یی فەرهاد بکوژی تۆ.

[2] گەورك (ل ١١٢): سەبزەی دەمتە وا بە شکستی.

- خەتتی ڕیحانی: ڕێنووسی شکاو (خط شکستە) کە بە ڕەنگی سەوز نووسرابێ.

[3] قەرەداغی: لەتیفی قەدە.

[4] ئەیوبیان (تەرانەی ١٠٣): قط باغی ایرەم.

[5] قەرەداغی: هەم بە وەفا هەم بە جەفا بێ.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢.

**(٦)**

## یار

شەرحی دەردی ئارەزوومەندی لە کەس تەئسیری نابێ
ئەو کەسە دەردم دەزانێ گەر لە یاری خۆی جودا بێ

ئەی برادەر خانەوێرانی جودایی بوو وەفایی
وەك وەفایی ئەی جودایی یاخودا خانەت خرا بێ

غەیری دڵبەر دەردی دڵ ناڵێم بە هیچ کەس تا بمێنم
بەو کەسەی ڵێم چاکە دەردی دڵ بە دڵ ئەو ئاشنا بێ

ئاخر ئەی سوڵتانی خووبان تا بە کەی نامیهرەبانی
چاکە مەحروومم نەفەرمووی یا خیتابێ یا عیتابێ

ڕۆژ و شەو بۆ تۆیە[1] قوربان شیوەن و شینی دڵی من
کاری بولبول فەسڵی گوڵ ناڵینە تا ئاهێکی مابێ

مەنعی سووتانم مەفەرموو با وجوودی ئەو جەماڵت
عادەتی[2] پەروانە هەر سووتانە تا شۆقی چرا بێ

هەر کەسێکی گوڵفرۆشە، باغی پڕ جۆش و خرۆشە
با دەری گوڵزاری بگرێ تاکو بولبول[3] بێ سەدا بێ

هەرچی تۆ پێت خۆشە مەحزی ڕەحمەت و مەقسوودی دڵمە
گەر عیتابی "لن تراني" یا خیتابی "أو دنی" بێ

بۆیە سەرتاپا گوناهم، بۆیە عاسسی و ڕووسیاهم
تا گەدا شایانی ڕوحم و ئیلتیفاتی پادشا بێ

دوور لە ئەغیار و ڕەقیبان عومری دووسەت ساڵە دێنێ:
دەست لە دەستی یار و سەحنی باغ و گۆشەی ماهتابێ

ڕەنگ زەرد و لێو بەبار و ئەشکبار و بێ قەرارە
زۆر پەرێشانە وەفـایی، وەك لە یاران هەڵبڕابێ

---

[1] قەرەداغی (ل ١٧١): بوو بوویتە.

[2] قەرەداغی (ل ١٧١): پیشەیی

[3] گەورك (ل ١٣٢): با لە بولبول.

کێش: ڕەمەلی هەشتی تەواو: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) × ٢.

**(٧)**

## ئەی خودا بێ یا خودا وابێ

زەدەی[١] ڕووتم بە چاوی تۆ شیفام بێ لێوەکەت نابێ

بە حەقی ئابڕووی پیری موغان ساقی مەیی نابێ

ئەتۆش ئەی تارزەن سادەی سرووودێکی بە نەغمەی نەی

بلا تەی بێ غەم و نۆبەی سروور و جام[٢] و مینا بێ

ئەتۆ دەم دەم بە نەغمەی نەی، دەمێ خۆش خۆش بە جورعەی مەی

کزەی بایێکی ڕووحانی لە نەشئەی جام و یار با بێ

بە قوربانی سەداتم ها بلێ موتریب وەرە ساقی

نەیستان ئاوری تێبەربوو[٣] بلا تۆفان لەسەرڕا بێ

لە شەوقی یارە داگیراوە ساقی ڕووی عەرەقناکی

وەکوو شەبنەم لەسەر گوڵ کەوتبێ ڕۆژ عەکسی لێدابێ

وەرە بنوارە تاب و تابشی زولفی دڵاوێزی

ئەگەر نەتدیوە (عرش الله) چرای دەیر و کلیسا بێ

لەتاو ئاوری جەماڵت کەی دەزانی حاڵی دڵسۆزان

کەسێکی تاوەکوو زولفت نەشێوا بێ، نەسووتا بێ

کەناری چاوی مەردووم شانشینی عاشقی ڕووتە

بەڵێ وەك سورمە وایە هەرچی سووتاوی تەجەللا بێ

ئەتۆ بەو چاوە سەرمەستە، دەمێکی هەستە ڕاوەستە

ببینم چۆن قیامەت[٤] دێ، بزانم بۆ مەسیحا بێ

دەڵێن غەم لەشکری کێشاوە تۆش بەو خەت و خاڵانە[٥]

بفەرموو با شەبیخوونی لەلای چین و حەبەشڕا بێ

دەڵێن یار دێتەوە خۆ من بە دەردێکی گران کەوتووم

تەبیبی دەردەداران ئەی خودا بێ ئەی خودا وابێ

بە گۆشەی چاو و خاڵی لێو و خاکی کویی یار نادەم

ئەگەر سەت جامی جەم، ئابی خزر، ئەوڕەنگی دارا بێ

---

[١] قەرەداغی (ل ١٧٢): زەدەی ڕووتم.

[٢] قەرەداغی (ل ١٧٢): جامی مینابێ.

[٣] گەورك (ل ١٤٤): ئاوری بەربووتێ.

[٤] گەورك: کەی قیامەت.... بۆ چ مەسیحا بێ.

[٥] گەورك: زولف و خاڵانە.

دریَغا سەروبالاَی من گوڵێك بوو هات و بابردی

گوڵێکی وای بەهار نابێتەوە دنیا بە دنیا بیَ[٦]

لە ڕووم مەحرووم مەبە فەرمووی وەفایی عاشقی زارم

کەسیَ زەڕڕێکی ئیمان بیَ، بەهەشتی لیَ حـــەرام نابیَ

---

[٦] ئەیوبیان (تەرانەی ٢٩): دریَغا بۆ گوڵێکی وا هەتا دنیا بە دنیابیَ.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (٨)

## وا دێ

**نەخۆشم، کەوتووم بە بێ زبانم، دەناڵم لەبەر دەردی گرانم**

**شۆخی دیدەمەست هەر خۆم دەزانم، شیفای من نایەت سەت مەسیحا بێ[١]**

**نەخۆشم، کەوتووم دەردەدارم، وەك زولفی دڵبەر بێ قەرارم**

**ڕوح لەسەر لێوان چاوەڕێی یارم، یار دەڵێن وادێ تۆ بڵێی وابێ[٢]؟**

**تۆ غەمزەی چاوی زبان زانت، تۆو سەر و زولفی پەرێشانت**

**مەهێڵە نەمرم با لە هیجرانت، بلا مەجنوونیش بە لەیلای شا بێ**

**کە دەگرم زولفت دەڵێی کافر بووی، کە دەمت دێنی دەڵێی چاتر بووی**

**بە هەرحاڵ بۆ من ئەتۆ ئاور بووی، خودا مەرگم دەی گەر ژیان وابێ**

**یاخوا بە ناڵەی دڵی دڵڕێشان، یارەب بە یاهووی حاڵی دەروێشان**

**غەم و دەرد دڵمی کردووە پەرێشان، ڕووت لەنێو زولفان بۆ بڵاو نابێ**

**دەمێکی وابێ دڵ و جگەرم، بە دڵ دامانی زولفەکەت بگرم**

**هەتا کەی ئاخر هەر لەبۆت بمرم، تاوێك ناتاوێك سەلام لێ ڕابێ**

**کە یار دێتەوە لە گۆشەی قەسرێ، دیدەم ڕوون دڵەکەم ئارامی دەگرێ**

**بە دیدارێکی سەت جار نامرێ، دەڵێ وام ناوێ تووری سینا بێ**

**کە تۆ نابینم زۆر بێ قەرارم، بە تیری موژەت دڵ بریندارم**

**سەیرە شێواوە لێم سەروکارم، قوربانیم دەردم با بێ دەوا بێ**

**دەمێك ڕووت بێنە زولفەکەت لادەم، بەخۆشی هەردوو دنیایەی نادەم**

**ئەگەر تۆم بێ چم لە ڕەوزەی ئادەم، بەهەشت وا خۆشە کە تۆی تێدا بێ**

**چ خۆشە من و تۆ هەتا مردن، هەروەك زولفەکەت بین دەستوگەردن**

**تۆ گوڵ دەم خونچە، خونچە وا کردن، لە من قوربان بوون تا ڕووحم مابێ**

**مەگەر تۆ نەبووی وا هاتێ خەندە، دنیا وا پڕ بوو، پڕ لە گوڵقەندە**

**بە مەرگی من گوڵ هینەوی چەندە، دەڵێ دڵ هاتووە وەفایی با بێ**

**عەزیزم قوربان ڕووحی شیرینم، لە تماشای تۆدا چوو دڵ و دینم**

**وەفایی دەڵێ با تێر بتبینم، ئەگەر قیامەت بێ چا نەبێ چا بێ**

**دەڵێ کەژاڵم گەردن ئاسکم، وەنەوشەبسك و زیوین باسکم**

**با پێ نەزانێ نەرم و ناسکم، خۆی ڕانانوێنێ وەفایی با بێ**

---

[١] ئەیوبیان (تەرانەی ٤٧): گەر مەسیحا بێ.

[٢] مودەڕیسی (ل ٥٢٠): یاخودا وابێ.

فریشتەی کەژم گەردن ئاسکم، لە گەردنت وەرێن هەردوو باسکم

تا پێ بزانێ نەرم و ناســـــکم، خۆڕا نانوێنم وەفــــایی بابێ[1][*]

[1] (ئەو سترانە کە تەنیا لە یەك دوو پەڕی پەرپووت و یەك دوو دەستنووسدا نووسـراوەتەوە زۆر پـڕ هەڵە و نالـەبار و تێکەولێکەیـە، هـیچ بەنـدێکی یـەکێکیان ئـەوی دیـان بەتـەواوی ناخوێنێتـەوە. بـە گولبـژێرێکی چـڕژەی خـۆم ئـاوا نووسیمەوە).

[*] ئەم تێکستە لەگەڵ هیچ کام لە کێشەکانی عەرووزدا نایێتەوە، ئێمە لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا تەنیا چـەند تێکسـتێکی دەگمـەن و کـەم شـك دەبـەین کـە لەسـەر (بـەحری کامیـل)ی هەشـت هـەنگاوی هۆنراونەتـەوە، ئـەویش بـە ناتەواوی، واتە هەنگاوەکانی دوچاری (حەزف و ئیزمـار و وەقس) هـاتوون. کامیـل ئەگـەر هەشـت هـەنگاوی تـەواو بێـت هەنگاوەکانی بەم شێوەیە ڕیز دەبن:

متفاعلن متفاعلن، متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن

(٥ + ٥) + (٥ + ٥) (٥ + ٥) + (٥ + ٥)

واتە لە هەر لەتە دێرێکی (١٠) بڕگە و هەر نیوە دێرێکی (٢٠) بڕگە دەبێت، ئەم تێکسـتە ئەگـەر هـەنگاوە لـەنگ و نیـوە دێر و دێـرە ناتەواوەکانیشی دروسـت و هاوسـەنگ بکرێـت، هێشتا لەگـەڵ هـەنگاوەکانی کێشی کامیـل لـەباری کـورتی و درێژی و چۆنیەتی ڕیزبوونی بڕگەکانیەوە ڕێك ناکـەوێت. بۆیـە ئێمـە لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن تێکسـتەکە بـە شـێوەیەکی دیکە و هاوسەنگ بنووسینەوە:

نەخۆشم کەوتووم من بێ زبانم
دەناڵم لەبەر دەردی گرانم
شۆخی دیدەمەست هەر خۆم دەزانم
شیفای من نایەت سەت مەسیحا بێ

★ ★ ★

نەخۆش کەوتووم زۆر دەردەدارم
وەك زولفی دڵبەر من بێ قەرارم
ڕوح لەسەر لێوان چاوەڕێی یارم
یار دەڵێن وادێ تۆ بڵێی وابێ

★ ★ ★

تۆو غەمزە چاوی وا زبان زانت
تۆو سەری زولفی وا پەرێشانت
مەهێڵە نەمرم با لە هیجرانت
بڵا مەجنوونیش بە لەیلی شا بێ

★ ★ ★

کە دەگرم زولفت دەڵێی کافر بووی
کە دەمت دێنی دەڵێی چاتر بووی
بە هەر حاڵ بۆ من ئەتۆ ئاور بووی
خودا مەرگم دەی گەر ژیان وابێ

★ ★ ★

یاخوا بە نالەی دڵی دڵڕێشان
یاڕەب بە یاهووی حاڵی دەروێشان
غەم و دەرد دڵمی کردووە پەرێشان
ڕووت لەنێو زولفان بۆ بڵاو نابێ

★ ★ ★

دەمێکی وابێ دڵ و جگەرم
بەدڵ دامانی زولفەکەت بگرم
هەتاکەی ئاخر هەر لەبۆت بمرم
تاوێك ناتاوێك سەڵام لێ ڕابێ

★ ★ ★

کە یار دێتەوە لە گۆشەی قەسرێ
دیدەم ڕوون دڵم ئارامێ دەگرێ
بە دیدارێکی سەت جار نامرێ
دەڵێ وام ناوێ تووری سینا بێ

★ ★ ★

کە تۆ نابینم زۆر بێ قەرارم
بە تیری موژەت دڵ بریندارم
سەیرە شێواوە لێم سەروکارم
قوربانیم دەردم با بێ دەوا بێ

★ ★ ★

دەمێك ڕووت بێنە زولفەکەت لادەم
بە خۆشی هەردوو دنیایەی نادەم
ئەگەر تۆم هەبێ، چی لە ڕەوزەی ئادەم
بەهەشت وا خۆشە کە تۆی تێدا بێ

★ ★ ★

چ خۆشە من و تۆ هەتاکوو مردن
هەر وەك زولفەکەت بین دەستوگەردن
تۆ گوڵ دەم خونچە خونچە واکردن
لە من قوربان بوون تا ڕووحم مابێ

★ ★ ★

مەگەر تۆ نەبووی وا هاتییە خەندە
دونیا وا پڕ بوو لە گوڵ و گوڵقەندە
بە مەرگی من گوڵ قیمەتی چەندە
دەڵێ دڵ هاتووە وەفایی با بێ

★ ★ ★

عەزیزم قوربان ڕووحی شیرینم
لە تماشای تۆدا چوو دڵ و دینم
وەفایی دەڵێ با تێر بتبینم
گەر قیامەت بێ چا نەبێ چا بێ

★ ★ ★

دەڵێ کەژاڵم گەردن ئاسکم
وەنەوشەبسك و زیوین باسکم
با پێ نەزانێ نەرم و ناسکم
خۆی ڕانانوێنێ وەفایی با بێ

⋆ ⋆ ⋆

فریشتەی کەژم گەردن ئاسکم
لە گەردنت وەرێن هەردوو باسکم
تا پێ بزانی نەرم و ناسکم
خۆ ڕانانوێنم وەفایی با بێ

بەم شێوەیە دەشێ وەکوو کێشی خۆماڵی (١٠) بڕگەیی حیسابی بۆ بکەین، کە هەر دێڕێکی لە دوو هەنگاو پێك دێت و هەر هەنگاوێکیش لە پێنج بڕگە، کە وەستان لە ناوەڕاستی هەنگاوەکاندا دەبێت:

(٥ + ٥) ———— (٥ + ٥)

## (٩)
## شای گولان

ئەمان موتریب بێ ساقی وابێ، مەگەر مەی نابێ بۆخۆی نابێ
کەسێ بێهۆشی تەجەلا بێ، خەیاڵی نەشئەی بادەی نابێ
هەتا نەبییە خاکی مەیخانە، مەڵێ ساقی بێنە پەیمانە
محاڵە بگاتە شەم پەروانە، مەگەر سەر تا پێ ئەو سووتا بێ
لە تاتای زولفانی ڕووی تابانە، دەڵێی شەو شەوقی گوڵەباغانە
وەك دەڵێن ئەوشۆ خۆ چراغانە، بەڵکو شای گولان[1] وارا بێ
نەخۆشم کەوتووم دەردەدارم، وەك زولفی دلبەر بێ قەرارم
ڕووح لەسەر لێوم چاوەڕێی یارم، یار دەڵێن وادێ تۆ بڵێی وابێ
تۆو غەمزەی چاوی زبان زانت، تۆو سەری زولفی پەرێشانت
مەهێڵە بمرم لە هیجرانت، بڵا مەجنوون بێ بە لەیلی شابێ
گەر دەگرم زولفانت دەڵێی کافر بووی، کە دەستت بۆ دێنم دەڵێی چاتر بووی
لە هەرحاڵدا بۆ من ئاور بووی، فیدای من بێ ژیانێ وابێ
یاخوا بە ناڵەی دڵ ئێشان کەی، یاڕەب بە یاهووی دەروێشان کەی
غەمی جەرگی منی پەرێشان کەی، ڕووت لەنێو زولفتە بۆ بڵاو نابێ
دەمێکی وابێ ئەی مایەی سەبرم، بە دڵ دامانی زولفت بگرم
هەتاکەی ئاخر هەر بۆت بمرم، تاوێك ناتاوێك سەلام لێ ڕابێ
ئەگەر یار بێتە گۆشەی قەسرێ، دڵێکی دەم بەدەم ئاوری نەگرێ
بە دیدارێکی سەت جاران نەمرێ، دڵی وام ناوێ تووری سینا بێ
نە زولفی تۆم بۆ بێ قەرارم، نە چاوی تۆم بۆ وا بیمارم
عەجەب شێواوە سەروکارم، دیارە دەردی بێ دەوا بێ

---

[1] قەرەداغی (ل ١٧٤): شای گوڵزاران.

دەمێکی ڕووت بگرم زولفت لادەم، بەخۆشی هەردووك دنیات نادەم

که تۆم بێ چم له ڕەوزەی ئادەم، بەهەشت وا خۆشه تۆی تێدا بێ

چەند خۆشه ئەمن و تۆ هەتا مردن، وەك زولفی تۆبین دەستوگەردن

لەتۆ گوڵ گوڵ غونچەت وا کردن، له من قوربان بوون هەتا رووح مابێ

مەگەر تۆ بووی و هاتییه خەنده، کەوا دونیا پڕ له کەللەقەنده!

به مەرگی من بڵێ پێم بایه چەنده، دەڵێی دڵ هانێ دەڵێی رووح هانێ

دەڵێی گوڵی زارم گەردن ئاسکم، وەنەوشه بسکم، زیوین باسکم

بلا بزانێ چەند نەرم و ناسکم، ئەگەر ڕووح دێنێ وەفایی بابێ[1][*]

---

[1] (ئەو سترانه هەوایەکی ڕاوێژ (مەخسووسی) هەیه و به لای من چەندان پاراو و گران نییه، زاراوەی نالێك و ناپاراوی تێدایه).

[*] نەك هەر ئەوەی سەید ئەیوبیان دەڵێ، بەڵکو ئەم تێکستەش لەباری کێش و ئاهەنگەوە وێران و لەسەر دەستی ڕوونووسکەرانی دیوانی وەفاییدا به دەردی تێکستەکەی پێشووتر چووه و له زۆر شوێندا لەگەڵی یەکانگیر و تێکەڵاو بووه، هەرچەنده مامۆستا قەرەداغی قالبەکەی گۆڕیوه و هەر دێڕێکی له شێوەی چوارینەیەکدا ڕێکخستووه، بەڵام دەردەکانی تێکستەکەی بۆ دەرمان نەکراوه.

دکتۆر عەزیز گەردیش له (ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی)دا ئەم تێکستەی بواردووه، بەو مەعنایەی که ناچێته قالبی کێشی عەرووزییەوه. ئێمه تێکستەکەمان وەکوو خۆی ڕوونووس کردۆتەوه، به پێویستیشمان نەزانیوه وەکوو تێکستەکەی پێشوو دارشتنەوەی دروستی بۆ بکەین، چونکێ هەر دووبارەیەکی شێواوی تێکستەکەی پێشووه.

## (١٠)
## مەمکوژە

موتریب وەرە دەستی من و دامانی وەفات بێ
سووتاوم، بم هەسێنەوە، با دەنگی نەوات بێ
ساقی وەرە مەجلیس بە سەر و گەردنی جامت
بێ نەغمەیی نەی نامەوێ گەر ئابی حەیات بێ
تۆ گەنجی جەماڵت هەیە من عاشقی ڕووتم
یەك بووسە چ نابێ کە بفەرمووی حەسەنات بێ[1]
نایێتەوە ڕۆژ ئیدی سەباحی ئەمەلی من
بەو گەردنە هەر تا شکەنی زولفی دووتات بێ
دەگریم و لەگەڵ ئاهی دەروون سۆزی دڵم دێ
وەك بەرقی بەهاری کە لە عەینی زولومات بێ
قوربان کوتم: ئاخر بەسە بەو زولفە ئەسیری
فەرمووی: کە ئەتۆ[2] مورغی شەباویزی سەدات بێ
مەنعم مەکە مەستم کە بە تەفسیری جەماڵت
عاشق ئەوەتا بێ سیفەت و پەرتەوی زات بێ
من مەست و قەلەندەرسیفەت و ڕەند و خەرابم
تۆ پیری خەراباتی ئەگەر مەزهەبی وات بێ
نەمزانی هەتا پێنەکەنی گوڵ بە دڵی من
فینجانی لە مەرجانی دەبێ پڕ لە نەبات بێ
هەر چاوەنواڕی قەدەمی تۆم ئەگەر بێی[3]
زوو بێ، نەفەسی ئاخرە، ڕووحم بە فیدات بێ
هەستە وەرە لەو جامی ئەلەستی بدە دەستم
بەستەی دەری گوڵزارە ئەوی مەستی سەفات بێ
سەت جار بچم و بێم و بسووتێم حەقی تۆیە
هەرچەندە بە شەرعی شەم و پەروانە خەتات بێ
بۆ ماچێکی مەمکووژە، بەڕوحم و بەوەفا بە
هەرچەندە بە دینی گوڵ و بولبول بەزەکات بێ[4]
عەهدێکە لەگەڵ گوڵ کە بەبێ موتریب و ساقی
تا ئێرە نەچێ ئیدی وەفـــــایی بە حەیـات بێ

---

[1] قەرەداغی (ل ١٧٧): بە زەکات.

[2] قەرەداغی: فەرمووی ئەتۆ.

[3] گەورك (ل ١٢٠): تۆ و ئەو دەگری.

[4] قەرەداغی (ل ١٧٨): حەسەنات بێ.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢.

## (١١)

## بەهاران

وەفایی بوتپەرستی تۆبە سەت جار کوفری ئەزهەر بێ[١]
به دینی بولبولان[٢] سوجدە حەلاڵە گوڵ کە مەزهەر بێ
دەمێ[٣] با دەست و گەردن بم دەمێ با هەمدەمت من بم
نەخۆشی چاوی تۆم، بەڵکو شیفای من شیر و شەککەر بێ
قەسەم بەو لێوی خەندان[٤] هەر ئەتۆی بەو شکل و باڵایە
لە جەنەت دا ئەگەر هیچ نەخلی تووبا ئاوی کەوسەر بێ
لەتاوی تیرەبارانی نیگاهت بۆ[٥] نەناڵێم؟
دیارە حاڵی بیمارێکی جەرگی[٦] پڕ لە نەشتەر بێ
ڕوخ و گەردنی نیشان دام پێم دەڵێ: تۆ هەر بناڵێنە
چ خۆشە[٧] نەغمەیی بولبول، بەهاران وەك بەیان بەربێ
لە دوولا زولف و خاڵی عەمبەری[٨] کەوتۆتە ڕوخساری
وەکوو تابووری هیند و چین بە باغی دڵگوشا وەربێ
کە ڕووی خۆی خستە دەر هەستا لە هەر گۆشێکی غەوغایێ
جیهان پڕ بوو لە ناڵەی عاشقان وەك ڕۆژی مەحشەر بێ
قەراری دا بە ڕووح و دڵ بەری پێی ماچ بکەم تا سەر
ئیلاهی عەهد و پەیمانی حەبیبی من هەتا سەر بێ
بە هەویای خاڵی لێوت کەوتمە داوی زوڵمەتی زولفت
ئیلاهی ڕەهبەری ئابی بەقام خزری پەیەمبەر بێ
لەوێ ڕۆژێ کە دەستم دا لە ڕووی سیڕڕی دەمم زانی
بە قورئان سوێند دەخۆم کەوسەر ئەگەر وەك لەعلی دڵبەر بێ!

---

[١] گەورك (ل ١٣٩): کو ظاهر بی.

[٢] گیو (ل ١١٥): بەدینی عاشقان.

[٣] قەرەداغی (ل ١٧٨): دەمێك.

[٤] گەورك: لێوی خەندانت.

[٥] قەرەداغی: بۆچ.

[٦] گیو (ل ١١٥): کە قەلبی.

[٧] قەرەداغی: کە خۆشە.

[٨] قەرەداغی: عەنبەرین.

دەڵێ بگری بناڵێنە هەتا بێم دەستوگەردن بین

نیساری شای شەکەرلێوان دەبێ هەر لەعل و گەوهەر بێ

دەڵێ بمرە بسووتێ تا بەدڵ من بێمە سەر خووی تۆ

سلووکی عاشقان وایە کە دڵ دەربێ بە دڵبەر بێ

وەها مەحوی تەجەللای گەردن و ڕوخساری تۆم قوربان

لە خاکم ڕەنگە تا مەحشەر کە هەر نەسرین و گوڵ دەربێ

خۆشا بەو ڕۆژە گۆشەی چاوەکەی دامێ و بە ناز فەرمووی؛

وەفـــایی بـــــۆ درەنگ هاتی! خـــودا جەللادی کافەر بێ

## (١٢)

## بازەڵلا

سووتام لەتاوی[1] فیرقەتێ، ساقی کەرەم کە شەربەتێ

وەکوو قوقنووس ئاورم کەتێ، یا غەوسی سانی هیممەتێ

ڕیشەی دڵم بەس پارەکە، موتریب دەسێ لە[2] تارەکە

بە یادی زولفی یارەکە، یا غەوسی سانی هیممەتێ

تۆ مەزهەری نووری خودای، تۆ مەنبەعی سیدق و سەفای

سەرداری کوللی ئەولیای، یا غەوسی سانی هیممەتێ

ئەز[3] پەروانەیی بێ حاسڵم، ئەز بولبولی خوێنین دڵم

شەیدای چرای ڕوومەت گوڵم، یا غەوسی سانی هیممەتێ

من تینووی[4] چۆل و زوڵماتم، هەر تۆی کانیاوی حەیاتم

هەروا بە هەوای وەفاتم، یا غەوسی سانی هیممەتێ

من کوژەکەم[5] تۆ یاقووتی، من ناسووتی تۆ لاهووتی

وەك ڕۆژ[6] دێوانەیی ڕووتی، یاغەوسی سانی هیممەتێ

دلگیری[7] یاری سەرسەریم، ماران گەزتووی دێو و پەریم

شاییم بە تۆیە[8] و ڕەهبەریم، یا غەوسی سانی هیممەتێ

سەرگەشتەی چۆل و غوربەتم، شایانی ڕوحم و ڕەحمەتم

هەر چاوەڕێی یەك هیممەتم، یا غەوسی سانی هیممەتێ

نەفس و شەیتان دامەنکەشان، بۆ سەرکەشی ڕووی مەهوەشان

دەمان کێشن بە باوەشان، یا غەوسی سانی هیممەتێ

خاکی سەگانی دەرگەهم، دەروێشی بێ جێگا و ڕەهم

چاو لە دەستی شاهەنشەهم، یا غەوسی سانی هیممەتێ

تا نەبیە خاکی مەیخانە، لە ڕاستی[9] دۆست و بێگانە

حاشا تۆ و پیر و پەیمانە، یا غەوسی سانی هیممەتێ

گرتووی کەنار دەریای فەنام، سەوداسەری شێت و شەیدام

هەر چاوەڕێی کەشتی بەقام، یا غەوسی سانی هیممەتێ

---

[1] قەرەداغی (ل ١٧٩): بەنازی.

[2] قەرەداغی: دەستێ بۆ تارەکە.

[3] قەرەداغی: من پەروانەی.... من بولبولی.

[4] قەرەداغی (ل ١٨٠): من تەشنەی.

[5] قەرەداغی: من خەرموهرەم.

[6] قەرەداغی: تۆ ڕۆژ.

[7] قەرەداغی: دڵ خەستەی.

[8] قەرەداغی: شایەد پەریم (کەی)!

[9] قەرەداغی: نەبیەڕووی...

دەنگی یاهووی دەروێشان هات، ئاه و نالەی دڵڕیشان هات

ڕەگ و ڕووحم وەئێشان هات، یا غەوسی سانی هیممەتێ

دەستی من و دەشتی دڵان، چاوی من و باغی گوڵان

دڵ بێ گوڵ بێ بمرم بەڵان، یا غەوسی سانی هیممەتێ

بەزمێکی وا ئامادە بێ، هەم بادە بێ، هەم سادە بێ

قەت بێ وەفایی وادەبێ، یا غەوسی سانی هیممەتێ

دوو پیتی ئەمرە: کاف و نوون، زەحمەت نییە ڕۆژەوە بوون

ئەسبابی داناوە بێ چوون، یا غەوسی سانی هیممەتێ

موتریب تۆ و تاری ڕووحانی، ساقی تۆ و جامی سوبحانی

موغەننی نەوای عیرفانی[1]، یا غەوسی سانی هیممەتێ

وێڵی ڕوێلی بێهۆشی، گێژی گێژاوی سەرخۆشی

ماسی سەرئاوی سەرکەشی[2]، یا غەوسی سانی هیممەتێ

ئەورۆ بەیانی زوو سەحەر، ڕاوەستابووم دەستەونەزەر

دیم بە ناز دڵبەر هاتەدەر، یا غەوسی سانی هیممەتێ

زانی دڵم سەوداسەرە، تای وێنەی ساوی سێبەرە

ڕۆژ دایە سووچی پەنجەرە، یا غەوسی سانی هیممەتێ

ڕۆژ دایە قەلبی مینایی، دێوانە بوو سووفستایی

موشکیلە کار بێ پەنایی، یا غەوسی سانی هیممەتێ

مەوجی دەریای بێ جێ سکوون، کێشامیە گێژاوی پڕ خوون

(إنا الیه راجعون)، یا غەوسی سانی هیممەتێ

بەردی سەنا بەرقی نەبوو، غەربی نەبوو، شەرقی نەبوو

هەرچی هەبوو بەرقی نەبوو، یا غەوسی سانی هیممەتێ

شەوقی سەفای[3] زەڕڕاتی ڕۆژ، بوو بە گوڵی باغاتی ڕۆژ

ڕۆژ هاتی من، نەهاتی ڕۆژ، یا غەوسی سانی هیممەتێ

فەرمووی لەنێو بیرەخەوێ، من جەرگی سووتاوم دەوێ

وەفـــایی با نەنوێ شەوێ، یا غەوسی ســــانی هیممەتێ

---

[1] قەرەداغی (ل ١٨١): تۆ و بەربەطی تۆ و شەربەتێ.

[2] قەرەداغی: سەر ئاوی ئاتەشی.

[3] قەرەداغی: شەوقی سەمای.

کیش: ڕەجەزی هەشتی تەواو: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن) × ٢.

(*) ئـەم تێکسـتە موناجـات و پاڕانەوەیـە لەسـەر شـێوە و لـە ژێـر کاریگـەریی (مەهـدی نامـە) کـەی (ئیبنولحـاج)دا هۆنراوەتەوە، دەگونجێ لەسەر شێوەی تەرجیع بەندی چوارینەدا هەر دێرێکی وەکوو بەندێك ڕێك بخرێتەوە بەم جۆرە:

سووتام لەتاوی فیرقەتێ

ساقی کەرەم کە شەربەتێ

وەکوو قەقنووس ئاورم کەتێ

یا غەوسی سانی هیممەتێ

## (١٣)

## هەستە

هێند نەخۆشی دەردی دووریم[١] وەختە گیان و دڵ دەرێ

ئاخ نەسیمی سوبحدەم بێ[٢] عەرزی حاڵی من بەرێ

دەردەدارم، بێ زبانم، بێ دڵم سەوداسەرم

ئاخ لەبۆ دڵ میهرەبانێ، هاوزبانێ هاوسەرێ

کەس لە حاڵ و سۆز و گریانی من ئاگادار نییە

ئاخ لەبۆ یەك حاڵ زانێ، دڵ پڕ ئاو و ئاورێ

لەحزەیەك یادی خودا ناکا لەبەر عەیشی جیهان

نەفسی کافر وا دەزانێ قەت جیهان ڕانابرێ

من بە دڵ، زولفت بە سەر، کەوتووینە بەرپێی ڕەحمەتت

ئەی ئومێدی موئمین و کافر بە حاڵم نەززەرێ[٣]

بێ شەکەرخەندەی دەمت مومکین نییە وەسڵی ڕوخت

جەننەتم ناوێ هەتا نەمشۆن بە ئاوی کەوسەرێ

پێم بڵێ وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە

خۆ بە شەرعی موستەفا جەننەت بە گاور نادرێ[٤]

با بە ئاخر بێ جەفام، بەو چاوە کاڵانەت بڵێ[٥]

یا دەوای دەردم کەرەم کا، یا لە دەردم هەڵگرێ[٦]

کردمیە مەجنوونی دەر و دەشتان و فەرهادی زەمان

شۆخی سەلماڕەنگ و لەیلادەنگ و شیرین شەککەرێ

کردمیە ئەفسانەیی هەموو شاران و بازاڕ عاقیبەت

ڕووبەخاڵ، گەردن مەراڵ، چاوکاڵ و گێسوو عەمبەرێ

مەنعی ناڵێنم مەکەن یاران لە دەست موژگانی یار

زۆر بەئێش و دەردە، ڕێشە، جێیی[٧] نێشی نەشتەرێ

---

[١] ئەیوبیان (ل ٢٣): چەند نەخۆش و دەردارم.

[٢] گەورك (ل ١٤٤): کوا عەرزی حاڵی.

[٣] بە حاڵم نەزەرێ: ئەو بەندە سوار نییە، پاوەندی گرانایی و کێشی جوور نایێتەوە.

[٤] یاهوو (ل ٦): بە کافر دەرێ.

[٥] گەورك (ل ١٤٥): چاوە بیمارەت.

[٦] ئەیوبیان (ل ٣٤): لە دەردی من گەڕێ.

[٧] یاهوو: ڕێش جێگە.

- گیو: سا چبکەم,

زەحمەتی بێهوودە تا کەی ئەی تەبیبی میهرەبان

دەردی من دەردێکی بێ دەرمانە چارە ناکرێ

سۆزی نێو جەرگم بە گریان هەر لەتاوی خۆشترە

گەر هەزار تۆفانی نووح بێ، ئاوری من دانامرێ

دەستودامانی بووم گوڵێکی مەزهەری تۆم بوو کوتی:

عیززەتی[1] حوسن و جەماڵم، شیرکەتێ[2] هەڵناگرێ

دوودی ئاهم، سۆزی جەرگم وا کە هەر باڵا دەچێ

ئاسمان شەو نێ کە[3] نەگری، چاکە ئاور ناگرێ

ڕووی وەدەرنا، تابەتا زولفی دڵاوێزی بزووت

ئاه و ناڵەی عاشقان هات، بوو بە ڕۆژی مەحشەرێ

گەر سەراپەردەی دڵی زارم ئەتۆی تێدا نەبێ

سەیلی غەم یاڕەب بە دەردی شاری تەورێزێی بەرێ

هەر لە تفلی تا بە پیری قەت دڵم بێ غەم نەبوو[4]

گەردشی ئەو چەرخە کۆنەی دەس لە من هەڵناگرێ

ماچی سەرتاپای کە دا فەرمووی: وەفــایی هاودەمم[5]

ئەو دەمەت ماوە لە عومرت، هەستە با خۆش ڕابرێ

---

[1] گەورك (ل ١٤٥): غیرەتی.

[2] قەرەداغی (ل ١٩٠): غیرەتی.

[3] قەرەداغی: شەو نیە ئاسمان کە نەگرێ.

[4] گیو (ل ١٢١): قەت دڵم بێ غەم نەبوو.

- نووسەر: لە من غافل نەبوو.

- مودەڕیسی (ل ١٣٤): قط لە من غافل نابێ.

[5] قەرەداغی (ل ١٩٠): وەفایی من دەڕۆم.

- لە تـاتێکی یادگـاری ئـەو بەنـدەی وەفـایی لـە زبـان بـابۆی گـەورە و گرانمـان کاعـەولا (سـەید عەبـدوڵڵای ئـەیوبیان مەرکەزی)، بابی نووسەری ئەو دێرانەی کە ساڵی (١٣٤٥) لە تەمەنی (٩٥) ساڵیدا بـە نـەواری دەزگای ڕاگـرینگ (دەزگای ڕاگری دەنگ: ضبط صوت: مسجلة) لە مەهابادێ هەڵگیراوە و دە دەستمان دایە، ئەو بەندە بەو چەشنەی ژێرەوە هاتووە:

ماچـی سـەرتاپای کە دا فەرمووی: وەفایی من دەڕۆم

ئەو دەمەت ماوە لە عومری، هەستە با خۆش ڕابرێ

کێش: ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢.

## (١٤)

## شیرین تەشی دەڕێسێ

تاییَکی ڕیشەیی دڵ بە نووکی غەمزە دادا
دەستێکی بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا[١]
نافەی گوڵی عەیان بوو، عەتری بە دەم سەبا دا
باریك و لووس و ناسك، ئەو[٢] زولفی خاوی لادا
وەك لاسکی گوڵ[٣] بلادا، شیرین تەشی دەڕێسێ

نووکی تەشی بە گەردیش قوتبێکە چەرخی پێوە
موجەڕڕە بوو بە تاوی[٤] کە چەرخی کەوتە تێوە
وەك زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زێوە
ئەستێرە ماهی ڕاگرت سابت کرا بەپێوە
ئارەق بە ڕوو و بە ڕێوە، شیرین تەشی دەڕێسێ

لەبانی ئارەقی ڕژت لەپێکەنینی زاری
بە خەندە خونچەگوڵ بوو گوڵاوی لێ دەباری
کوتم بفەرموو هەی گوڵ سەر چاوی من بە یاری
بەچاوی من ببینن تەلیسم و سیحر کاری
کە سەروی جۆیباری، شیرین تەشی دەڕێسێ

کە دەستی برد و هێنا بە دڵبەری بە تا دا
وەچەرخی خست و گێڕای بە ڕانی ساق دادا
عەیان بوو پەنجەیی ڕۆژ بە خەتی ئیستیوادا
بە سوبحی سادق هەنگووت زەنەب لە نێو سەمادا
حیرەت لە ماسیوادا، شیرین تەشی دەڕێسێ

---

[١] گەورك: لە تاتی ئەو دەستنووسەدا کە بە شێوەی ڕێنووسی فارسی نووسراوە، لە بەندی پێشدا واژەی: "تاییَکی" ئەئاوا "تاییکە" نووسراوە، هەر لەو دێرەیدا واژەی "ماهی" ئەئاوا (ماه) نووسراوە و هەتا پایان ڕێکەوەندەکە ئاوا نووسراوەتەوە.

[٢] لەو ڕێکەوەند و پەڕەنگانەی کە لەلامە و دیتوومن ئەو ڕستە و واژانەی وا هاتوون:

أ. مامۆستا گیو موکریانی نووسیویە: دوو زولفی خاوی بادا.

ب ـ کاك سەید موحەممەدی ئەیوبیان مەرکەزی: وەك زولفی خاویە لادا.

[٣] لە زۆرتری تاتەکاندا: شاخی گوڵ.

[٤] مودەڕیسی و زۆر تاتی دیکە؛ مجرَه بو؟! بەتاوی؟

- هەروا بە هەڵە محەمەدی مامڵێ بە هەوا کووتویە و دەنگی بە (نەوار، کاسێتی) ڕاگیراوە و لە پەڕلانی ئەیوبیان هەڵگیراوە. (مجره بوو؟!).

که هاته چەرخ و گەردیش تەشی بە دەستی ڕەنگین
هەودای لە لێو و دەم دا خورشیدی سینەنەسرین
گرتی خەتی مەدارات شەفەق بە عەهدی پەروین
سەمای بە زەوزەنەب دا کەفی خەزیبی شیرین
سیحرێکە بۆ دڵ و دین، شیرین تەشی دەڕێسێ
دوو زولفی چین بەچین کرد کە نافەیی خەتایە
دوو مەمکی دامە دەستی هەناری دلگوشایە
بە خەندە ڕەقسی داگرت کە شەوقی نەشئە وایە
بە نوکتە پێی نیشان دام سەما لەسەر هەوایە
هەموو ئیشارە وایە، شیرین تەشی دەڕێسێ
بەخەندە[1] زولفی لادا لەسەر عوزار و زاری
کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوشە باری
دوگمەی کراسی بەربوو[2] بزووت هەوای بەهاری
سەڵای لە عاشقان دا باغی گوڵ و هەناری
دونیا بە ئینتیزاری، شیرین تەشی دەڕێسێ
کە زولفی کەوتە سەر ڕوو هەموو خەتای بەچیندا
خەرامی تاووسانەی بەسەروی نازەنیندا
شوعاعی[3] تاووساوی لە باغی یاسەمین دا
فەنایی پڕ بەقا بوو دەمی لە پێکەنین دا
سەت ئافەتی لە دین دا، شیرین تەشی دەڕێسێ
سمی غەزالی چینی لە نافەیدا عەیانە
دەڵێی لە نیوەشەودا سپێدەیی بەیانە
قەدی گوڵ و دەمی گوڵ ئەوەی کە قووتی جانە
لە باغی یاسەمین دا شکۆفەیی گوڵانە
بەهاری بێ خەزانە، شیرین تەشی دەڕێسێ

---
[1] قەرەداغی (ل ١٩٥): بە عیشوە.
[2] قەرەداغی: ترازا.
[3] قەرەداغی: سفیدەیی بەیانی/ سپێنە، گیو: شوعاعی، وە هەروەها لە تاتەکانی دیدا: شوعلە و ڕووناکی و ڕوونایی... هاتووە.

شکۆفه وا هەڵستێ له زێڕ و زێو حوبابێ
له کەوسەری بەهەشتی دەروونی پڕ کرابێ
خڕ و لەتیف و ناسك بلووری خودنوما بێ
به تەرزی دەرزی دەرزی لەخۆوه دەرزی دابێ
دیاره سەروێ وابێ، شیرین تەشی دەڕێسێ

قوتوویی لوئلوئه یان له زێوی داڕژاوه
لەباله‌بە بە حیکمەت له شەهدی هەڵگەڕاوه
لەبەر لەتافەتی خۆی[٤] ڕەواقی تێکراوه
وەکوو بلووری سافی له نێوی دەرزی داوه
به مەی عەیان کراوه، شیرین تەشی دەڕێسێ

شفای جەراحەتی دڵ، تەشی نەبوو که ڕستی
شەشپەڕی کاکی خۆی بوو پڕ ئاو پەڕی به مەستی
هەتیوی کەلله شەق بوو به داو و حیله بەستی
لەتاو و هات و چۆدا به لێوی خونچه گەستی
به ڕووح و دڵ له قەستی، شیرین تەشی دەڕێسێ

بەدڵ به دیده سووسەن به خونچه دڵ یەرەق بوو
شەشپەڕەکەی (وەفایی) کولفت و تیژ و ڕەق بوو
گوڵی بەرۆك و سینەی هەموو وەرەق وەرەق بوو
به ئارەقەی عرووقی که سەرخۆشی عەرەق بوو
به مەی چ موستەحەق بوو، شیرین تەشی دەڕێسێ

پەردەی کراسی لاچوو پڑکووت به هەردوو لێوان
گوڵ و شەکر دەباری له کووچەی باغی سێوان
زولف ڕژان و کوڵمی وەدەرکەوت له نێوان
شەمس و قەمەر هەڵاتن دوێنێ به نوێژی شێوان
(وەفایی) کەوته کێوان، شیرین تەشی دەڕێسێ

شەوێ له بیرەخەودا جەماڵی ویم به دڵ دی
دوو چاوی مەست و کاڵیم وەکوو کەژاڵی سڵ دی
ئەگەرچی نەوبەهارم به ڕەنگی باغی گوڵ دی
هەناری نەوڕەسی ویم شکاو و کاڵ و بڵ دی
گوڵم له خاك و گڵ دی، شیرین تەشی دەڕێسێ

---
[٤] قەرەداغی (ل ١٩٧): لەبەر نەزاکەتی ڕۆژ.

**کوتم چ بوو نەمامم بە خاڵ و خەت نەماوی**

**وەکوو بەهاری سونبول بڵاوو تێك شکاوی**

**کوتی گوڵاو وشك بوو شکۆفەو و گوڵاوی**

**بە گەردیش و سەماوە ستارەیی سەماوی**

**بەسەر چوو چاوڕاوی، شیرین تەشی دەڕێسێ**

**مەکەن مەنعی "وەفایی" کە کاڵ و دڵ بڵاوە**

**بەداوودڵ دڵی خۆی بە داوی زولفی داوە**

**سەرێکە مەستی یارە، دڵێکە بۆی نەماوە**

**دڵم حەقی بەدەستە، فتوایی سەرمی داوە**

**کە ئەو کەژاڵەچاوە، شیرین تەشی دەڕێسێ**[1](*)

---

(1) دەڵێن شێخ ڕەزای تاڵەبانی فەرموویەتی: "کاکە وەفایی تەشییەکەی جوان ڕستووە".

(*)ئەیوبیان لە پەراوێزێکی دەستنووسەکەیدا لە ئاستی ئەم تێکستەدا نووسیویە: (تازە تاتێکی ڕاسوەری "شیرین تەشی دەڕێسێ"م لەڕووی تەواوی تاتەکانی کۆنە دەستنووس و چاپییەکان بە چاکی ڕێکوپێك کردووە و پێوانێکی (شەرح و توخمێکی زانینم لەسەر کردووە). بەڵام بەداخەوە ئەم نوسخە ڕاستکراوەیە، یا خۆی گوتەنی (ئەو تاتە ڕاسوەرە)، نە لە دەستنووسە بنەڕەتییەکە و نە لە ڕەشنووسە بەراییەکەی کە لەبەر دەستی ئێمەدان شوێنەواری نییە و نابیندرێت.

لێرەدا دەمەوێ سەرنجێك لەمەڕ ئەم (شیرین)ەی کە وەکوو ناوێك بۆ (بووکی وەفایی)، یاخود وەکوو یار و دڵخوازێکی وەفایی ناسێندراوە بخەمە ڕوو، کە لە چاپەکانی مامۆستا گیو و سەیدیان و قەرەداغیشدا چەند و چۆنی زۆری لەبارەوە کراوە و تۆمار کراوە، تا بە مامۆستا هێمنیش ڕادەگات زۆر کەس لەسەر ئەو ڕایەن کە وەفایی؛ بووك، هاوسەر، یاخود یار و دڵخوازێکی بەناوی (شیرین) نەبووە، ئەنجا هەر مامۆستا هێمن ناوی (شیرین)ی وەکوو یاری وەفایی (با مەجازیش بووبێت) لە دێرە شیعرێکی خۆیدا بردووە کاتێ دەڵێ:

من تەشی ڕێسێکی وەك (شیرینی وەفاییم) بۆچییە

کیژی وریای، چاوکراوەی، فێرە زانینم دەوێ                    پاشەڕۆك: ٢١٨

سەرنجەکە ئەوەیە کەوا وەفایی (شیرین)ی وەکوو ئاوەڵناو (سیفەت) بۆ یارەکەی بە کار هێناوە بە واتای کارامەیی و دەستڕەنگینی لە تەشی ڕستندا، کە ڕەنگبێ پاشبەند یا تەرجیع بەندی پێنجینەکانیش لەگەڵ ئەو مەعنایە باشتر و گونجاوتر بێنەوە، بەتایبەتیش بەندی کۆتایی پێنجینی دوایی کە دەڵێ:

**کە ئەو کەژاڵەچاوە، شیرین تەشی دەڕێسێ**

دوای ئەوەش کە بێت و وەکوو ناوێکی مەجازی سەیری (شیرین) بکەین بۆ یار و دڵخوازەکەی شاعیر، ئەوا کێشەیی (بووکی وەفایی) بەجارێ حەل دەبێت. لە سۆنگەی ئەوەوەش کە ئەم تێکستە مشتومڕی زۆری لەبارەوە کراوە و دەکرێت، بۆیە بە پێویستمان زانی دەقی یەکەم و کۆنترینی قەسیدەکە کە لەبەر دەستدا هەیە، وەکو چۆن لە دەستنووسی میرزا عیسای گەورك دا هاتووە بخەینە پێش چاوان، لەگەڵ ئەوەیدا کە پێ دەچێ لە کەموکورتی بەدەر نەبێ!، بۆ ئەوەی خوێنەری قەدرگران خۆی ناوبژیوان و بەڕەوان بێت:

تایێکی ڕیشەیی دڵ بە نووکی غەمزە دادا

دەستی کە بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا

نافەی گوڵی عەیان بوو عەتری بە دەم سەبادا

باریك و لووس و نازك ئەو زولفی خاوی بادا

وەك شاخی گوڵ بەلادا شیرین تەشی دەڕێسێ

نووکی تەشی بە گەردیش قوتبێکە چەرخی پێوە
مجەڕڕە بوو بە داوی[٤] کە چەرخی کەوتە تێوە
وەك زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زێوە
ئەستێرە ماهی داگرت سابت کرا بە پێوە
ئارەق بە ڕوو و بەڕێوە شیرین تەشی دەڕێسێ
لەبانی ئارەقی ڕیت لەپێکە نینی زاری
بە خەندە غونچە گوڵ بوو گولاوی لێ دەباری
گوتم بفەرموو سەر دوو چاوی من بەیاری
بەچاوی من ببینن تەلیسم و سێحر کاری
کە سەروی جوێباری شیرین تەشی دەڕێسێ
کە دەستی برد و هێنای بە دڵبەری بەتادا
بەچەرخی خست و گێڕای بەڕانی ساق دادا
عەیان بوو پەنجەیی ڕۆژ بەخەتتی ئیستیوادا
بە سوبحی سادق ئەنگوت زەنەب لەنێوسەمادا
حیرەت لە ماسیوادا شیرین تەشی دەڕێسێ
کە هاتە چەرخ و گەردیش تەشی بەدەستی ڕەنگین
هەودای لە لێو و دەم دا خورشیدی سینە نەسرین
گرتی خەتتی مەدارات شەفەق بە عیقدی پەروین
سەمای بە زوزەنەب دا کەفولخەزیبی شیرین
سیحرێکە بۆ دڵ و دین شیرین تەشی دەڕێسێ
کە هاتە چەرخ و بازی تەشی بەڕانی لووسی
دەکەوتە پایبووسی دوو زولفی ئابنووسی
زەنەب لە مانگەشەودا دەهاتە جابلووسی
لەبەر بەیازی گەردن بەخەتتی خۆش نوویسی
مەه بێتە پایبووسی شیرین تەشی دەڕێسێ
پەردەی کراسی لاچو و پشکوت بە هەردوو لێوان
گوڵ و شەکەر دەباری لە کووچەی باغی سێوان
زولفی ڕژان و کولمەی وەدەرکەوت لەنێوان
شەمس و قەمەر هەلاتن دوێنێ بە نوێژی شێوان
وەفایی خستە کێوان شیرین تەشی دەڕێسێ
دوو زولفی چین بەچین کرت کە نافەیی خەتایە
دوو مەمکی دامە دەستی هەناری دڵ گوشایە
بە خەندە ڕەقسی داگرت کە شەوقی نەشئە وایە
بە نوکتە پێی نیشان دام سەما لەسەر هەوایە
هەموو ئیشارە وایە شیرین تەشی دەڕێسێ

به خەندە زولفی لادا لەسەر عیزاروزاری
کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوشە باری
دوگمەی کراسی بەربوو بزوت هەوای بەهاری
سەڵای بەعاشقان دا باغ و گوڵ و هەناری
دنیا بە ئینتیزاری شیرین تەشی دەڕێسێ
کە زولفی بەستە عاریز هەموو خەتای بەچین دا
خەرامی تاووسانەی بەسەروی نازەنین دا
شوعاعی تاووساوی لە باغ و یاسەمین دا
فەنایی پڕ بەقابوو دەمی لە پێکەنین دا
سەد ئافەتی لە دین دا شیرین تەشی دەڕێسێ
سمی غەزالی چینی لە نافەدا عەیانە
دەڵێی لەنیوە شەودا سفێدەیی بەیانە
قەدی گوڵ و دەمی گوڵ بەهی کە قووتی جانە
لە باغی یاسەمین دا شکۆفەیی گوڵانە
بەهاری بێ خەزانە شیرن تەشی دەڕێسێ
شکۆفە وا هەڵستێ لە زێڕوزێو حوبابێ
لە کەوسەری بەهەشتێ دەروونی پڕ کرابێ
خڕ و لەتیف و نازك بلووری خودنومابێ
بە تەرزی درزی دەرزی لەخۆوە درزی دابێ
دیارە سەروێ وابێ شیرین تەشی دەڕێسێ
قوتوویی لوئالییانە لە زێوە داڕژاوە
لەبالەبە بە حیکمەت لە شەهدێ هەڵگراوە
لەبەر لەتافەتی خۆی ڕەواقی تێ کراوە
وەکوو بلووری سافیی لە نێوی درزی داوە
بە مەی عەیان کراوە شیرین تەشی دەڕێسێ
شفای جەراحەتی دڵ تەشی نەبوو کە ڕستی
شەشپەڕی کاکی خۆی بوو پڕ ئاو و پڕ بەدەستی
هەتیوی کەللەشەق بوو بەداو و حیلە بەستی
لەتاوی هات و چۆدا بە لێوی غونچە گەستی
بە ڕووح و دڵ لە قەستی شیرین تەشی دەڕێسێ
بەدڵ بە دیدە سووسەن بە غونچە گوڵ یەرەق بوو
شەشپەڕەکەی وەفایی کولفت و تیژ و ڕەق بوو
گوڵی بەرۆك و سینەی هەموو وەرەق وەرەق بوو
بە ئارەقی عرووقی کە سەرخۆشی عەرەق بوو
بە مەی چە موستەحەق بوو شیرین تەشی دەڕێسێ

شەوێ لە بیرەخەودا جەمالی ویم بەدڵ دی
دوو چاوی مەست و کالم وەکوو غەزاڵی سڵ دی
ئەگەر چە نەوبەهارم بەڕەنگی باغی گوڵ دی
هەناری نەورەسی ویم شکاو و خاو و بڵ دی
گوڵم لە خاك و گڵ دی شیرین تەشی دەڕێسێ

کوتم چ بوو نەمامم بەخاڵ و خەت نەماوی
وەکوو بەهارە سونبول بڵاو و تێکشکاوی
کوتی گوڵاو وشك بوو شکۆفە گوڵ گوڵاوی
بەگەرتیشی سەماوە ستارەیی سەماوی
بەسەر چوو چاو و ڕاوی شیرین تەشی دەڕێسێ
مەکەن مەنعی وەفایی کە خاو و دڵ بڵاوە
بەداو و دڵ دڵی خۆی بەداوی زولفی داوە
سەرێکە مەستی نازی دڵێکە بۆی نماوە
دڵم حەقی بەدەستە فتوای سەری دراوە
کە ئەم غەزالەچاوە شیرین تەشی دەڕێسێ

کێش: موزاریعی هەشتی ئەخرەب: (مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن) × ٢.

## (١٥)

## بەبادا

ئەو عیشوە[١] کە چاوی بە شەهیدان دەفرۆشێ
چی زاهیدە ئەو زوو دڵ و ئیمان دەفرۆشێ

تا پێنەکەنی زولفی نەدا بەردەمی شانە
نەمزانی کە گوڵشەککەر و ڕیحان دەفرۆشێ

خاڵی لەبی تۆ[٢] زەنگییە کەوتۆتە بەدەخشان
یاخۆ خزرە چەشمەیی حەیوان دەفرۆشێ

ئەو خاڵە چ شیرینە بە لێوی شەکەرینت
هیندووبەچە گۆیا شەکەرستان دەفرۆشێ

چاوێکی بە گریانی دەوێ عاشقی خەندەی[٣]
مەعلوومە کە گوڵ خەندە بە باران دەفرۆشێ

شێخم لە هەوای زولفی دڵ و دینی بە با دا
وەجهی چییە بۆو کوفرە[٤] کە ئیمان دەفرۆشێ

بێچارە وەفایی لە خەمی پەرچەمی دەگری
سەودازەدە بەو ڕووتییە مەرجان دەفرۆشێ

---

[١] قەرەداغی (ل ٢٠٠): ئەو غەمزە.

[٢] قەرەداغی (ل ٢٠١): خاڵی دەمی تۆ.

[٣] گەورك (ل ١٠٤)، ئەیوبیان (ل ١١٣): طالب خندە.

[٤] قەرەداغی: بەو کوفرە.

- نووسەر: بەم کفرە.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢.

## (١٦)
## ڕەسەن

ئەو دڵبەرە وا بادە بە چاوان دەفرۆشێ
هەردەم بە تەبەسسوم لەبی خەندان دەفرۆشێ
بۆ شەهد و شەکەر حوققەیی مەرجان دەفرۆشێ
ئەو عیشوە کە چاوی بە شەهیدان دەفرۆشێ
چی زاهیدە ئەو زوو دڵ و ئیمان دەفرۆشێ

★ ★ ★ ★

یاقووتی لەبی لەعلی کە لێم[1] قووتی ڕەوانە
ڕوو باغی گوڵە، دەم گوڵە، قەد سەروی ڕەوانە
موژگانی کەژی قاتلێ سەت قافڵە جانە
تا پێنەکەنی زولفی نەدا بەردەمی شانە
نەمزانی کە گوڵشەککەر و ڕێحان دەفرۆشێ

★ ★ ★ ★

قەترەی عەرەقی نافە لەسەر لەعلی درەخشان
یا میسکە لە گۆشەی وەرەقی گوڵ بووە ئەفشان
داغی دڵە یاخۆ بە سەری زولفی پەرێشان
خاڵی لەبی تۆ زەنگییە کەوتۆتە بەدەخشان
یاخۆ خزرە چەشمەیی حەیوان دەفرۆشێ

★ ★ ★ ★

تاتا کە بە داو زولفی وەکوو سونبولی بادا
گوڵدەستەیی شەوبۆ بوو بە بەرگی گوڵی دادا
شەوبۆیی گوڵ و نافە لە دەم بادی سەبادا
شێخم لە هەوای زولفی دڵ و دینی بە با دا
وەجهی چییە بۆو کوفرە کە ئیمان دەفرۆشێ

★ ★ ★ ★

گەر تالیبی ماچێکی ئەتۆ لەو دەمە قەندەی
بەو زولفە دەبێ هەروەکوو من خۆت لە ڕەسەن دەی
شاهەنشەهی میسر و حەبەشە حەی[2] بوو بە بەندەی
چاوێکی بە گریانی دەوێ عاشقی خەندەی
مەعلوومە کە گوڵ خەندە بە باران دەفرۆشێ

---

[1] نووسەر: کەوا.

[2] قەرەداغی (ل ١٩٩): چی بووە.

★ ★ ★ ★

جیلوەی دەمی ئەو ساغەرە نەشئێکی نەدامێ
ساقی وەرە لەو لێوە بە ماچێ[٣] بدە جامێ
کوژتوومی[٤] خەت و خاڵی ڕوخی تازەنەمامێ
من عاشقم[٥] ئەی بادی سەبا بێنە پەیامێ
لەو لێوە کە ماچی بە دڵ و جان دەفرۆشێ

★ ★ ★ ★

تا دوێنێ ئەمن وەسڵی روخ و زولف و دەمم بوو
باغی ئیرەم و عومری خزر جامی جەمم بوو
ئەوڕۆکە جودابیم لە غەزالەی حەرەمم بوو
بەو سەعیە لەسەر قیبلە، سەفا[٦] عەینی غەمم بوو
چاوم بە دووجێ زەمزەمی گریان دەفرۆشێ

★ ★ ★ ★

کوژراوی خەدەنگی موژە هەر بۆ دەمی دەگری
گۆیا کە برینی نییە بۆ مەلحەمی دەگری
پەڕ سووتووە پەروانە لە دەوری شەمی دەگری
بێچارە وەفایی لە خەمی دڵبەری[٧] دەگری
سەرمایەتی بابردەڵە[٨] مەرجان دەفرۆشێ

★ ★ ★ ★

مادەر بە خەتا[٩] نافەیی چین موشکی خەتایی
دیم هاتە سەفی گوڵ بە هەوای عەترنومایی
تەفسیلی[١٠] گوڵم دا هەموو یەعنی بە ڕیایی
بۆ ماچی دەمی شاهیدی دڵبەر بوو وەفایی
شێخم کە بە هیچ و نەبوو ئیمان دەفرۆشێ[١١](*)

---

[٣] گەورك (ل ١٠٢): بەچاوت.

[٤] قەرەداغی (ل ٢٠٠): کوشتەم.

[٥] مودەڕیسی (ل ٩٧): من طالبم.

[٦] گیو (ل ١٠٥): بۆ سعی لەسەر مرو و صفا.

[٧] گیو: لە خەمی پەرچەمی.

[٨] گیو: سەرما زەدەیە ڕووتییە.

[٩] قەرەداغی: ماوەر بە خەطا.

[١٠] قەرەداغی: تەفضیلی.

[١١] ئەم نیوە دێرە واش هاتووە:

- شێخم دی کە هیچی نەبوو ئیمان دەفرۆشێ.

- شێخی مە کە هیچی نییە ئیمان دەفرۆشێ.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢.

(*) ئەمە یەکێکی دیکەیە لە هونەرەکانی شیعری وەفایی، شیعری خۆی هێناوەتەوە و سەرلەنوێ لە شێوەی پێنجینی نیمە تەرجیع بەنددا داڕشتووە. بۆ هەر دێڕێك (دوو نیوە دێر) لە پارچە لیریکەکەی پێشوویدا سێ نیوە دێری خستۆتە پاڵ و کردوویەتی بە پێنجین، پاتە کردنەوەی گرێی (دەفرۆشێ) لە کۆتایی بەندەکاندا سیمای تەرجیع بەندی پێ بەخشیون، لە پێشەوەشدا هونەرێکی دیکەی دەگمەن و ناوازەی وەفایی خرایە ڕوو، کە ئەویش دووبارە داڕشتنەوەی پارچە شیعرێکی خۆیەتی لە قالبێکی نوێدا و لە شێوەی پێنج خشتەکی، ئەم هونەرانە لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا تەنها لای وەفایی بەدی دەکرێت.

## (١٧)

## بنواڕە

یارم کە قەدی بەرزی، سەت نەخلی شەجەر دێنێ

پەروینی شەکەربەندی، سەت ڕشتە گوهەر دێنێ

دڵبەستەیی یارێکم، کوژراوی نیگارێکم

زاری لە تەبەسسومدا، خەندەی بە شەکەر دێنێ

ئەم ئاهووی تاتاری، بۆ نەخلی شەجەر داری

هەر نار و بیهە باری، هەر شەمس و قەمەر دێنێ

گەر خەستەوو دێوانەم، لەو نێرگسە کاڵانەم

ڕەمزی کە بە تاڵانم، ئەگریجە بە شەڕ دێنێ

ناچێتە دڵم غەمزەی، پەیوەستە کەچی دەمخا

ئەو لەشکرە بەرگەشتە، هەر فەتح و زەفەر دێنێ

سووتاوە دڵم ئەشکم، دایم لە دوو دیدەمدا[١]

مەیلی پدەری نانێ، لێ حوببی[٢] پسەر[٣] دێنێ

ئەی مەردومی بینایی، ئیدی بەسە ڕوسوایی

گریانی بەخۆڕایی هەر قەتعی بەسەر دێنێ

چی ڕوو ڕەشییە کاری، هەر سوبحە شەوی تاری

زولفێکی بە عەییاری، دەستی لە کەمەر دێنێ

سووتاوی جودایی بە، هاودەردی وەفـــایی بە

بنواڕە کە ئەو دەردە، هەر ئەهلی نەزەر دێنێ

---

[١] گەورك (ل ١١٠): دڵسۆزی ئەشکم کە دایم لە کەناری دام.

[٢] نووسەر: لێ حوببی ـ ئەو حوببی.

[٣] ئەیوبیان (تەرانەی ١٠): پسەری.

کێش: هەزەجی هەشتی ئەخرەب: (مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن) × ٢.

## (١٨)

## تاویٚ

ئەگەرچی میری نەورۆزی[١] نەویدی وەسڵی گوڵ[٢] دێنیٚ
هەتا گوڵ دیٚ بەناز بولبول لە حەسرەت[٣] عومری نامێنیٚ
بە ئوممێدە کە جارێك بێتە خەندە گوڵ، بلا بولبول
وەکوو هەوری بەهاری هەر بناڵیٚ هەر ببارێنیٚ
هەوای جیلوەی گوڵانە بولبول ئاوری گرت و نازانم
بەهار هات یا نە یار هات شەوقی ڕووی ڕووحم[٤] دەسووتێنیٚ
بەهارێکی چ شۆخی هیچ دە فکری بای خەزاندا نی
دەترسم ئاهی ڕەنگ زەردان وەکوو زولفت بشێوێنیٚ
لە شینی عاشقان ڕەسمی قەدیمە شایی مەعشووقان
بە لەیلی نەغمەیی عوششاقە گەر مەجنوون بناڵێنیٚ
دەزانی تاوی بارانەی شەرابی پێکەنینی گوڵ
دەمێك نابیٚ لەسەر خەندێکی سەت جارم نەگرییێنیٚ
کوتی ڕوو وا دەکەم تێری ببینی[٦]، چاوەڕێم داخۆ
لەلای قیبلەم کە کەی بای وەعدە بێنی نەستەرەن بێنیٚ
لە جەرگم تورفەتولعەینی هەزار نەشتەر چوو نەمزانی
نە تیر و تەرکەشی ترکە، نە ئەو چاوانی هەڵدێنیٚ
غەمی ئەو زولفە ناهێڵی دڵم یەك بیٚ لەگەڵ باڵات
بە ژەنگی کیسرەت ئەو ئاوێنە وەحدەت دوورە بنوێنیٚ
بە هەر شێوێکی بیٚ عاشق مرادی هەر ڕەزای یارە
بلا شیرین بە خوێنی کۆهکەن پەنجەی بڕەنگێنیٚ
قەزای چاوت لە ڕووحی من کەویٚ دەمرم ئەتۆ خۆش بی
وەفایی بۆ چییە؟ گەر خۆی لەبەر ئەو چاوە نەمرێنیٚ[٧]

---

[١] گەورك (ل ١٣٩): بادی نەورۆزی.

[٢] ئەیوبیان (تەرانەی ١١٣): فەسڵی گوڵ.

[٣] قەرەداغی (ل ٢٠٣): بە صەد یەك.

[٤] مودەڕیسی (ل ١١٠): ڕووی وامن.

[٦] قەرەداغی (ل ٢٠٤): ڕووم وا داەکەم تیرم ببینی.

[٧] گیو (ل ٦١): ئەو چاوە نەمرێنم.

کێش: هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

## (١٩)

## چریکە

نالەناڵی دڵ لە کونجی سینە دێ یاری دەوێ

یا چریکەی بولبولی مەحزوونە[١] گوڵزاری دەوێ

هاتە سەر خەندە بە ناڵین و کوڵی گریانی من

گوڵ سەدای بەرق و فەوارە و هەوری شەڕڕاڕی دەوێ

دڵ لەسەر ڕوخسار و زاری ئارەزووی زولفی دەکا

گوڵشەنی زاری هەیە ئەو تفڵە تۆماری دەوێ

من فریو ناخۆم بە حوسنی زولف و حاڵت تا ئەبەد

عاشقی ڕووت چی لە جەننەت داوە دیداری دەوێ

عیشقبازی، پاکبازی، دیدەکەم بازی نییە

عاشقی بە خوودا دڵی پاك و برینداری دەوێ

بێ فەنا ناگەی بە یار وریا بە تاکو نەبییە هیچ[٢]

یار گرفتاری میان و عاشقی زاری دەوێ

دڵ بە چاوت کەوتووە جارێ وەبیری بێنەوە

ئاخر ئەی بێ مروەت ئەو بیمارە غەمخاری دەوێ

شاهید و شەمع و شەرابە و ساقیی ڕووئافتاب

سایەیی سەروە و لەبی جۆ، دوور لە ئەغیاری دەوێ

با ڕەگ‌وڕیشەم لەبەر چاوی وەفـــایی بێتە جــۆش

مەجلیسی پیری موغان وا گەرمە[٣] هەر تاری دەوێ

---

[١] ئەیوبیان (ل ١٤٧): بولبولی مەحروومە.

[٢] مودەڕیسی (ل ١٣٢): ناکی؟ بەیار هوشیار بە هەر تا نەبیە هیچ.

[٣] نووسەر: هێند گەرمە.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢.

## (٢٠)

## دێوانە

دڵی دێوانە ویسالی لەبی جانانی[١] دەوێ

بولبولی شیفتە خەندەی گوڵی باغانی دەوێ

دڵ لەسەر پەرچەمی شێواوی[٢] ئەسیری زەنەخە

ئارێ ئارێ ئەوە دێوانەیە زیندانی دەوێ

بە کوڵی گریەیی من، بۆیە گوڵم پێدەکەنێ

شەکەر و گوڵ دەفرۆشێ، دوڕ و مەرجانی دەوێ

بەستەیی زولفییە، بۆ زاری دەناڵێ دڵەکەم

تووتییی گوڵشەنی هیندە شەکەرستانی دەوێ

دڵ بە سەت جێگە لە نێو زولفی دەسووتێ بە عوزار

پادشای حوسنە بە شەو حوکمە چراخانی دەوێ

غەزەلی شیرینی من[٣] قەت نییە بەو ناسکییە

بۆ بە هێندگرتنی زانایی قەدرزانی دەوێ[٤]

کوشتەیی چاوتە[٥] سووتاوە وەفایی ساقی

سەرخۆشی بادەیە مەستانە غەزەلخانی دەوێ

---

[١] گیو (ل ١١٩): یارانی.

[٢] قەرەداغی (ل ٢٠٥): شێواوە.

[٣] گەورك (ل ٩٧): غزل طرفهء من.

[٤] گەورك: بۆ لەبەرکردنی دانایی قەدرزانی دەوێ.

[٥] ئەیوبیان (تەرانەی ٧٤)، قەرەداغی (ل ٢٠٥): خەستەیی چاوتە.

کێش: ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف: (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن) × ٢.

# دیوان وفائی

## شامل:

## قصاید، غزلیات، رباعیات، مخمسات و ملمعات

## کردی و فارسی

**به اهتمام**

**سید عُبیدالله ایوبیان مرکزی**

# بخش فارسی

- آ -

(۱)

## حضرت سید عبیدالله غازی شاه شمزینان

عبیدالله رئیس مرشدان و قطب کامل ها
به‌بزم خاص از رحمت نگاهی کرد بر دل ها
به جوش آمد سپاه عشق و زد راه تحمل ها
الا یا أیها الساقي أدر کأساً و ناولها
که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکل ها
چوگل در پرده‌ی صورت سرمویی بیاراید
ز جان بلبل مسکین قرار و صبر برباید
قیامت خیزد آن ساعت جمال خویش بنماید
به‌بوی نافه‌ی کاخر صبا زان طره بگشاید
ز تاب جعد مشکینش چه خون افتاد در دل ها
بزن تیغی به راه خود شهیدم کن سرت گردم
اگر برگردم از تیغ جفاهای تو نامردم
اگر دل بود اگر دین هرد و قوربان سرت کردم
مرا در منزل جانان چه امن عیش چون هردم
جرس فریاد میدارد که بربندید محمل ها
چنان تیری ز مژگان توام بردل رسید آخر
ز چشم خون فشانم پاره‌های دل چکید آخر
طبیب من بجز دیوانگی درمان ندید آخر
همه کارم ز خودکامی به‌بد نامی کشید آخر
نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفل ها
دلا از جان و دل بگـذر چو جانان ترك جان گوید
سعادت کار فرما هرچه یار مهربان گوید
چو بلبل در فراق گل به‌صد آه و فغان گوید
به می سجاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید
که سالك بی خبر نبود ز راه و رسم منزل ها

در آن محراب ابرو بس که بردم سجده چون سایل
که تا بینم جمال یارخود بی پرده و حایل
صبا بر طوق غبغب کرده چین چین طره‌اش مایل
شب تاریك و بیم موج و گردابی چنین هایل
کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها
وفایی وار روزی تا در میخانه زو حافظ
بنه در جای جام می دل و جان در گرو حافظ
شراب بیخودی بستان ببر عمری زنو حافظ
حضوری گر همی خواهی از او غایب مشو حافظ
متی ماتلق من تهوی دع الدینا وأهملها

**(۲)**

## الطاف خدا را

تاريك مكن روز مرا باز نگارا
بر چهره مزن شانه دگر زلف دوتارا
ديوانه شدم در غم بالای تو از جان
هرچند بەجان دوست ندارند بلا را
داد از ستم چشم تو ای پادشه ناز
زاندازه بەدر ميبرد اين ترك جفا را
بزمی خوش و می بيغش و دلدار كريم است
ساقی تو بزن ساغەر و مطرب تو سەتا را
نوميد ز عفو و كرم حق نشود كس
جائی كه فروشست سيه نامەی ما را
يك قطره ز بحر كرم اوست دوعالم
باكی نبود غرقەی الطاف خدا را
شيطان چه كند با دل هوشــيار وفايی
سگ را به حريم حرم كعبه چه يارا

(۳)

## مینا

بتم بر طلعت خود شانه زد زلف چلیپا را
پریشان بر صباح عید دارد شام یلدا را
هلاکم کرده بی پروا فرنگی زاده ترسایی
که گر دستش رسد یکباره خون ریزد مسیحا را
من از رخسار و گیسوی[۱] تو حیرانم نمی دانم
که دخلش[۲] چیست این کافر یدبیضای موسا را
اگر محراب ابروی ترا از گریه می بیند
به فرق خویشتن ویران کند راهب کلیسا را
خیال قد جانان در دل سوزان و حیرانم
که ترسم آتش دوزخ بسوزد نخل طوبا را
بهار آمد بیا ساقی به رغم چرخ مینایی
وبال گردن[۳] زاهد بریزان خون مینا را
به یك خنده دل و دین وفایی برده حیرانم
مگر برق یمـــان زد خرمن جـــان تمَنا را

[۱] من از رخسار گیسوی... آمده.

[۲] در بعض متون، کلیات وفایی: وضعش چیست؟ حالش چیست.

[۳] کلیات وفایی: بر گردن زاهد.

## (٤)

## سلام مرا

ای صفابخش جان نسیم صبا		حرکات تو جمله روح افزا
ای تبه‌کار[٢] دامن آلوده		کای سیه‌نامه‌ی هزار[٣] خطا
چند با زلف و روی مغ بچگان		چند مخمور و مست صبح و مسا
چند از کار خویش غافل و مست		با خدا باش و یك زمان به‌خود آ
شد جوانی، گـذشت وقت طرب		پیر گشتی به کنج[٤] میکدها
خرقه زهد و سبحه‌ی تقوی		دام مکرند از پی دنیا
حقه‌بازی[٥] به‌کار ما ناید		خرقه‌بازی است پیشه‌ی زهدا
نتوان شد به خرقه خرقانی		پاك آینه شو ز زنگ هوا
کفر محض است در طریقت عشق		پر بیاض خیال حرف[٦] ریا
چشم خونبار تست چشمه‌ی [٧] خون		رستخیزی به هم رسان ز دعا
در خرابات شاهباز[٨] مغان		لوح دل پاك کن ز ماسوا
دست در گردن صراحی زن		روی بر خاك پای جام بسا
باز شهباز باش سدره‌نشین		بگسل این رشته‌ی علایق[٩] را
جنبش آر تا ریاض بهشت		باز شو نکته‌سنج و نغمه‌سرا
عشق جو، عشق باز، عشق طلب		عشق ورزند عاشقان خدا
به مه[١٠] برج قاب قوسینت		به شهنشاه افسر لولا

---

(١) این قصیده در بعض دفاتر در دوقسمت جدا آمده است و در هر قسمتی چند بیت تغیر جا داده شده، واغلاط فراوانی نیز به آن راه یافته است، در جهت شکل و وزن و عروض و قافیه، وهم چنین غایه و موضوع نیز، هردو بخش یکی به نظر میرسد و بعید نیست که هدف شاعر نیز سرودن قصیده‌ای بوده است، شاید به چه جهاتی بعداً دو قسمت از هم تفریق شده است، علی ایحال ما هردورا با دقت و توجه به رعایت ردیف و ترتیب سنتی ابیات دریك جا جمع و نقل کردیم.

[٢] گورگ (ص ٦٥): کای تبه‌کار.

[٣] کلیات وفایی: پراز خطا؟.

[٤] کلیات وفایی: به چه گشتی به کنج.

[٥] گلیات وفایی: سبحه بازی.

[٦] قرداغی (ص ٢١٦): حرف ایا.

[٧] گورگ (ص ٦٥): چشم خودرا بکن دو چشمه‌ی خون.

[٨] گورك (ص ٦٦): در خرابات تو به آب مغان.

[٩] قرداغی (ص ٢١٧): رشتهء علایق ها.

یارب یارب بسوز سینه‌ی پاك
یارب یارب به صدق اهل صفا

یارب یارب به آه شبخیزان
یارب یارب به گریه‌ی صلحا

یارب یارب سگم خطاکارم
زار و شرمنده‌ام به جرم[1] و خطا

یارب یارب فتاده از راهم
دستگیرم به لطف و راه‌نما

مستم و رند و دامن آلوده
شست شویم بکن به آب[2] طها

قلم عفو بر گناهم کش
عاصیم زردروی و روی سیا

ساقی ای مظهر تجلی نور
نور انوار و نور عشق[3] هدا

جرعه‌ای بر دل وفایی ریز
گره از کار بسته‌اش بگشا

بگــذری چون به شهر بی خبران
به وفــایی رســـان ســـلام مرا

---

[10] قرداغی (ص ٢١٦): بمه‌و.

[1] قرداغی (ص ٢١٦): برجرم.

[2] منبع فوق: آب طهور.

[3] منبع فوق: ای همه جلوهء تو عیش و سرور.

## (٥)

## مکتب ما

ای ترك خطا، ماه ختن، سرو خودآرا

بر سوختەی خویش ببخشای خدا را[١]

در هر شکن افتاده هزاران چو دل ما

مشکن دل ما، شانه مزن زلف دوتا را

سودازدەی زلف توام مرحمتی کن

صد نیش به جان است از این مار تو ما را[٢]

از باد غبار در تو صد گله دارم

کاین سرمه سلامی نکند دیدەی ما را

چشمان تو خوش ساخته با ابرو و مژگان

کافر عجب از کف ندهد قبلەنما را

حال دل صدپاره به جانان که رساند

کاندر حرمش ره نبود باد صبا را

در مکتب ما درس جفا خوانده نمی شد

چشم تو مگر درس نمی داد[٣] وفا را

من خود به کجا، یار کجا، این چه وفایی است

با پادشهان کی ســـــروکــار اســـت گدا را

---

[١] بەو هەڵاتەی سەرەوە: ای ترك خطا... دوو تەرانە لە دەسنووسەکەی میرزا عیسای گەورکی دا هاتووە، بەڵا لەو پاتەی دا چەند بەندێك گۆڕاوە:

- بڕوانە: دیوان وفایی، میرزا عیسا گەورك پارستان، ١٣٢٢، پەڕی ٢٢، ٤٢. ئێمە هەر دووك تەرانەکان دەهێنینەوە. بڕوانە: قەرەداغی، ل ٢١٨، ٣١٩.

[٢] قەرەداغی (ل ٢١٩): مار دوتارا.

[٣] لە قەرەداغیدا ئەو بەندە نەهاتووە.

(٦)

## در مکتب

ای ترك خطا، ماه ختن، سرو خودآرا — بر سوختەی خویش ببخشای خدا را[(١)]
ما تشنه لبانیم و تو خود آب بقایی — بر تشنه یکی جرعه ببخش آب بقا را
در هر شکن افتاده هزاران چو دل ما — مشکن دل ما شانه مزن زلف دوتا را
آرایش روی تو صلا زد بەقیامت — یارا دگر این روی دلارای میارا
در مکتب ما حرف وفا خوانده نمی شد — چشم تو مگر درس نمی داد؟ وفا را
از ناکسی من همه ملت گله دارند — در خانقه و دیر[(٢)] مسلمان و نصارا

لطفی کن و برحال وفایی نظری کن
ای خواجەی احـرار، تو ای شـــاه بخارا

---

[(١)] با مطلع فوق دوغزل آمده است، در متون مختلفه جای ابیات تغییر کرده است[(*)].

نگ: دیوان وفایی، میرزا عیسا گورك پاراستان، ١٣٢٢، صفحات، ٢٢ و ٤٣.

-: دیوان وفائی، نسخهء ریحانی، ١٣١٢، مهاباد، صفحات، ٣٦ و ٦١.

-: دیوان وفائی، محمد علی قرداغی، بغداد، ١٩٧٨، صفحات، ٢١٨ و ٢١٩، ٢٢٠.

[(٢)] گورك (ص ٤٣): در صومعه.

[(*)] وەکوو دەبیندرێت، له نووسینی پەراوێزەکاندا، نووسەر هەر جارەی بلای زمانێکدا بای داوەتەوە، جارێك به کوردی و جارێك به فارسی پەراوێزەکانی تۆمار کردووە، واش هەیە بە هەردوو زمان و بە تێکەلاوی تۆماری کردوون.

## (۷)

## صاحبدلان

ای شوخ سرکش من، ای تندخو نگارا
تا کی کنی خرابم، دهی جور وجفا را
ترحمی بفرما با این دل فگارا
دل میرود ز دستم صاحبدلان خدا را
دردا که راز پنهان خواهد شد آشکارا

دلبر دلم ربودی بهر خدا بپرهیز
تا کی زنی تو تیرم[۱] به غمزهای خون ریز
تا کی کنی جفایم[۲] ای شوخ لعبت آمیز
کشتی نشستگانیم ای باد شرطه برخیز
باشد که باز بینم دیدار آشنا را

دنیای بی وفا را پر است ز مکر و افسون
چندان جوان نازك با دلبران موزون
رفتند و میروند و باقی است حیَ بیچون
ده روزه مهر گردون افسانه است و افسون
نیکی به جای یاران فرصت شمار یارا

ای خادم پیمبر ای قطب با کرامت
از نسل پاك طاها دلیر و باشجاعت
ای پیشوای عالم غوث صاحب امامت
ای صاحب کرامت شکرانه‌ی سلامت
روزی تفقدی کن درویش بی نوا را

ای دل به یاد باری به حال خویش بنگر
تا کی شوی تو غافل از ذکر حی داور
قلب خود را صفا ده بگو الله اکبر
آئینه‌ی سکندر جامی جم است بنگر
تا بر تو عرضه دارد احوال ملك دارا

---

[۱] کلیات وفایی: تاکی دهی.

[۲] کلیات وفایی: زنی تیرم.

عاشق همیشه باید از دیده اشك ریزد
پروانەوار دایم[٣] بر دور شمع سوزد
اگر هزار طعنه زنند برنخیزد
سرکش مشو که چون شمع از غیرتت بسوزد
دلبر که در کف او موم است سنگ خارا
در روز خلق ارواح نام و نشان نهادند
هرکس به ظرف درخور[١] ناموس و ننگ دادند
رزق و معاش هرکس به قدر خویش دادند
در کوی نیك نامی ما را گـذر ندادند
گر تو نمی پسندی تغییر ده قضا را
مطرب بزن نوائی به شادمانی گل
ساقی بده شرابی زین شیشەهای غلغل
تا کی شوی تو غمگین مسرور باش ای دل
در حلقه گل و مل خوش خواند دوش بلبل
هات الصبوح و هبوا یا ایها السکارا
شعله رخ تو[٢] جانا از شرق تا به غرب است
تیر مژه به قلاب[٣] بَراق هم چو برق است
